# پەیکەری فەرهاد

ڕۆمان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری
*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

عەباس مەعرووفی

# پەیکەری فەرهاد

ڕۆمان

وەرگێڕانی: توانا ئەمین

ئەم وەرگێڕانە پێشکێشە بە:

– تۆ.. "تۆیەک کە ئیتر هی ئەم دنیا نزم و دڕندەیە نیت.. نــا.. ناتوانم ناوت بلکێنم بەشتەکانی سەر ئەم زەمینەوە"

ناوی کتێب: پەیکەری فەرهاد – ڕۆمان
نووسینی: عەباس مەعرووفی
وەرگێڕانی: توانا ئەمین
پێداچوونەوەی: مەسعوود ئەحمەد– عەتا نەهایی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٦٨
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: لالۆ
چاپی یەکەم: ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٢٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# قسەیەکی پێویست بەر لە ڕۆمانەکە

ساڵی ١٩٩٨ کە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی کاک بەختیار علی دەرچوو، دۆستێک پێی وتم کە کەسێک لە زانکۆی سلێمانی خەریکی نووسینەوەی ئەو ڕۆمانەیە! بەڵام ئەمجارە لە زمانی خەندانی بچکۆلەوە نا، بەڵکو لە زمانی فەتانەوە.. پێکەنیم "خۆ خەیاڵ قاتیی نەبووە..!" وا بزانم شتێکی لەو شێوەیەم وت، کەچی دوای هەشت ساڵ و لە کاتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا؛ تێگەیشتم کە دەکرێ و نوێکارییەکی تەکنیکیشە، تۆ هەمان ڕۆمان لە چاوی کاراکتەرێکی ترەوە بگێڕیتەوە، «ئەم ئەزموونە نموونەی لە دنیای چیرۆک و ڕۆمانی جیهانیدا کەم نییە». هەڵبەتە لەو شێوە نووسینەوەیەدا مادام چاوەکانمان شوێنگۆڕکێ پێ کردووە، کەواتە ماجەرا و ڕووداوەکان هەمان ماجەرا و ڕووداو نابن، کە کەسی پێشوو گێڕاوێتییەوە! با شوێنکات و بابەتیش یەکێک بن.

ئەم ڕۆمانەی بەردەستت کارێکی لەو شێوەیەیە و ڕۆمانە لە ناو ڕۆماندا، کە دایکە ڕاستەقینەکەی "کوونەپەپووی کوێر"ی سادق هیدایەتە. واتا بۆ خوێنەرێک کە ئەو ڕۆمانەی سەرەوەی نەخوێندبێتەوە، زەحمەتە پەی بە ڕوحی ئەم ڕۆمانە ببات. من هاوڕا لەگەڵ کاک عەتا نەهاییدا، وای دادەنێم کە خوێندنەوەی کوونەپەپووی کوێر، پێش مەرجی تێگەیشتنە لەم ڕۆمانە، کەچی ڕەخنەگرێکی ئێرانی وەک سەید ڕەزای شکرئیلاهی، پێیی وایە "ئێستا ناکرێت بە بێ پەیکەری فەرهاد، کوونەپەپووی کوێر بخوێنرێتەوە" بەم شێوەیە بەیەکداچوون و

تەقلەقبوونێکی چڕ و قژقژ لە نێوان ئەم دوو رۆمانەدا هەیە. نووسەر خۆی دەڵێت: «لە رۆمانی پەیکەری فەرهاددا ویستومە فروغی فەروخزاد رووبەڕوو سادقی هیدایەت بکەمەوە، رۆمانێک یەکێکیان دەیچنی و یەکی تریان دەیکردەوە».

عەباس مەعروفی، شانۆنامەنووس و چیرۆکنووس و رۆماننووس، لە ناوە هەرە دیارەکانی ئەدەبیات و رۆژنامەگەریی هاوچەرخی ئێرانییە و بەخۆشحاڵیشەوە لەلای خوێنەری کورد ناوێکی نامۆ نییە، ئەو لەساڵی١٩٥٧ لە تاران لە دایک بووە و دەرچووی بەشی درامایە لە زانستگەی هونەرەجوانەکان، یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی بەناوی "بەرامبەر خۆر" لە ساڵی ١٩٨٠دا بڵاو کردووەتەوە.

عەباس مەعروفی بە بڵاوکردنەوەی یەکەمین رۆمانی "سەمفۆنیای مردووەکان" ناوی خۆی وەکو رۆماننووسێک تۆمار کرد. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٩٠دا کۆواری "گەردوون" دەردەکات و بەشێوەیەکی جدی روو دەکاتە رۆژنامەگەریی ئەدەبیی، دواتریش هەر بەهۆی جیابیری و شێوازی کارکردنییەوە کۆواری "گەردوون" دادەخرێت و ناچار دەکرێت ئێران بەجێ هێڵێت. لە تاراوگە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەگیرسێتەوە و بۆ ماوەیەک لە خانەی "هاینریش بێل"دا کار دەکات، پاش ماوەیەک لە کاری قورس و دژوار "ماڵی هونەر و ئەدەبیاتی هیدایەت" لە بەرلین بنیات دەنێت و ئێستاش هەر لەوێ دەژی.

عەباس مەعروفی جگە لە ٤ دەقی شانۆیی و ٥ کۆمەڵە چیرۆک، تا ئێستا ٥ رۆمانیشی بە ناوەکانی:

١- سەمفۆنیای مردووەکان.

٢- ساڵی ئاشوب.

٣- پەیکەری فەرهاد.

٤- فەرەیدون سێ کوڕی بوو. «کە تا ئێستا بڵاوکردنەوی لە ئێراندا قەدەغەیە»

٥- تەواو تایبەت. «کە نوێترین کارێتی و هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە»

چاپ و بڵاو کردووەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠١دا خەڵاتی «دەزگای چاپ و پەخشی ئەدەبی- فەلسەفیی سورکامپ»ی وەرگرتووە و ئێستا سەرۆکی ماڵی هیدایەتە لە بەرلین.

عەباس مەعروفی بەدانپێدانانی خۆی؛ پەیکەری فەرهادی لە ژێر کاریگەرییەکی توندی ئەو رۆمانەی سادق هیدیەتدا نووسیووە، بەڵام ناشکرێت وەک رۆمانێکی سەربەخۆ تەماشا نەکرێ، واتا لە یەک کاتدا ئەم رۆمانە بەشێکە لە کوونەپەپووی کوێر و لە هەمان کاتیشدا رۆمانێکی سەربەخۆیە. لەبارەی نووسینییەوە نووسەر دەڵێت: «من قەت بۆ هیچ رۆمانێک، بەرنامەیەکی پێشوەخت ئامادەکراو و داڕێژراوم نەبووە، ئەم رۆمانەش لە شێتتیەکی یەک رۆژەدا، کە سەرتاسەری جوگرافیای زەینمی داگیر کرد و بۆ ماوەی چواردە مانگ لە ژێر رکێفیدابووم، نووسراوە».

ئەم رۆمانە بە ستایلێکی مێژووگەرانەی مۆدێرن نووسراوە و خوێنەر دەخاتە جیهانێکی تار و لێڵ و سامناکەوە، دروست ئەو جیهانەی ئەمڕۆ ئێمە تێیدا دەژین. ساڵانی نووسینی رۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ ١٩٩١- ١٩٩٢، وە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٥ لە ئێران چاپ دەکرێت، بەڵام لە سەرووبەندی چاپکردنی ئەم وەرگێڕانەیدا و لە سەرەتای مانگی پێنجی

۲۰۰۹ و دوای چوارده ساڵ لە دەرچوونی، "بەڕێوەبەرایەتی کتێب" لە تاران، مۆڵەتی چاپکردنی لەم ڕۆمانە و چەند شانۆنامەیەکی لۆرکا و هەندێک کتێبی تر، سەندەوە.

ئەم کارە لەلای من هێجگار جوان و جێگەی چێژبوو، دوو ساڵ و نیوە لەگەڵیدا دەژیم، بەشێوەیەک مرۆڤ زۆر جار لەگەڵ کارەکتەری ڕۆمانێکدا پێوەندی دروست دەکات و دەبێتە دۆست یا هاوڕێی، لێ من زیاتر ڕۆشتبووم و بووبوومە عاشقی.. ڕۆمانووسیش لەبارەی پێوەندییەکی وەهاوە هەر لەگەڵ ئەم ڕۆمانەدا، دەنووسێت: «بووبووم بە پردێک لە نێوان عاشق و مەعشوقدا، بڕوا بکەن گوێم لە دەنگی ئەو ژنە بووە. دەنگی هەناسەکانیشیم دەبیست، دەنگی ئازارەکانی، حەپەحەپی سەگەکان لە بێدەنگی شەودا، ئەگەر ئێستا لێم بپرسن لە نێوان هەموو دەنگەکاندا دەنگی دەناسێتەوە؟ بەڵێ تۆنی دەنگی دەناسمەوە کە پاش ئەو هەموو ئازار و گریانە دەیگوت: «ئایا دەتوانم سەرم بخەمە سەر شانەکانت و......».

پەیکەری فەرهاد لە ساڵی ۲۰۰۲ خەڵاتی "ئەرنۆڵد تسوایگ"ی وەرگرتووە و بۆ سەرزمانی ئەڵمانیش وەرگێڕراوە. ڕەخنەگرانی ئێرانی خۆیان کتێبەکە بەیەکێک لە باشترین ڕۆمانەکانی دەیەی نەوەدەکانی ئەدەبیاتی ئێران دەژمێرن. لەم ڕۆمانەدا بنیاتی گێڕانەوە لە هەموو ڕەگەزەکانی تر پتر ئاڵۆزترە؛ راوی جارێک کچەکەیە و جارێک نیگارکێشەکە و چەندان جاریش راوی بێ شوناس و نەناسرا و دێت و پاژێک دەگێڕێتەوە و دەڕوات، ئەمە جگە لە ڕاوی گەورەی هەمووشتزان، کە بەردەوام سێبەری لەسەر دەقەکە ئامادەیە، نووسەر لەبارەی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا، دەڵێت: «گێڕەرەوە دەتوانێت بەناو خەیاڵی

بەرامبەرەکەیدا بڕوات بۆ ژووانی دولبەرەکەی، لەم کارەدا دەمویست بەشێوەیەکی روونتر بکەومە جەنگی ئەوانەی کە دەڵێن تەنیا هەشت گۆشەی بینین بوونی هەیە. لە سەمفۆنیای مردووەکاندا گۆشەنیگای کامێرا؛ جووت زەینی یان تێکەڵاوی هەبوو. بەڵام لە پەیکەری فەرهاددا کامێراکە بوو بەچوار زەینی؛ (١- گێڕەرەوە)، (٢- تۆ)، (٣- ئەو) کە دێنە ناو خەونی بەرامبەرەکەتانەوە و (٤- بەرامبەرەکەت)، دەمویست بزانم چۆن دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەو شێوەکارییە کۆنە، وەڵامی زەینی مرۆڤە ئاڵۆزەکانی ئەمرۆ بدرێتەوە؟ ئامانجم شکاندنی سەهۆڵی حەوزەکە بوو».

زمانی ئەم رۆمانە شیعرییەتێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، هەمیشە کاک عەتا نەهایی بۆی دەنووسیم «وەرگێڕانی ئەم رۆمانە ریسکە.. ریسک!» وا بزانم جارێک وتبووی کە خۆشیان دەستیان داوەتێ وەری بگێڕن، دیسان لەبەر ئەم هۆیە دەستیان لێ هەڵگرتووە. هەڵبەت روونە کە جەنابیان ئەزموونیان لە ئێمە زیاتر و فراوانترە و خۆشیان کارێکی لەم شێوە "ریسک ئاسا"یان هەیە، کە وەرگێڕانی "شازادەی ئیحتیجاب"ی هۆشەنگی گوڵشیرییە. هەر ئەو خوێندنەوە بەراوردکارییەی ئەوان بۆ ئەم رۆمانەیان کردووە و لە کۆتاییی ئەم کتێبەدا چاپ بووە، دەلیلێکی باشی خوێنەرە بۆ بەرچاوڕوونی و چونە ناو ئەم رۆمانە و تێگەیشتن لەو پێوەندییە تۆخ و سەمیمییەی پەیکەری فەرهاد لەگەڵ کوونەپەپووی کوێردا هەیەتی.

ئێمە لێرە، دوای دوو ساڵ و نیو توانیمان ئەم کتێبە بکەینە کوردی، من بۆ خۆم هەمیشە رقم لەو رۆمان و چیرۆکانەیە کە پێشەکی و پەراوێزیان هەیە، لەوێوە دەستکورتی و نارەنگینی نووسەرەکەیم بۆ

روون دەبێتەوە، کەچی لێرەدا ناچار بەهەردووکیان بووم، لەبەرئەوەی:

١– ئەمە وەرگێڕانە نەک نووسین.

٢– کارەکە سادە نییە و تا رادەیەکیش قورسە.

وە هەروەها بۆ روونکردنەوەی هەندێک وشە و دەستەواژەی نامۆ یان کەم بیستراو، لە کوێدا زانیبێتم پێویستی کردووە، پەراوێزم داناوە. ئەم پێشەکییە هیچ نیازێکی لەبارەی گێڕانەوە یان باسکردنی چیرۆکی رۆمانەکەوە نییە، بۆیە ئێرە خاڵی لێک جیابوونەوەی ئێمە و ویستگەی پێوەندی گرتنتانە لەگەڵ پەیکەری فەرهاد، لە کەموکووڕیی، کە بێبەشنین لێی، ئومێدمان هەر عەفووە.

توانا ئەمین

سلێمانی–٢٠٠٩

نازانم ئایا دەتوانم سەربخەمە سەرشانەکانت و فرمێسک برێژم؟

بەدوو دەستی شل و شۆڕ و ماندوێتییەکی خەوهێنەرەوە، کە پاش ئەو هەموو هیلاکییە دێنە سۆراخی مرۆڤ، بۆ تۆ پەنا بهێنم. لە کاتێکدا توند باوەشت پێدا کردووم و گەرمایی لەشی خۆتم پێ دەبەخشیت، جارێک بە دوو پەنجەی ناوەڕاستی هەردوو دەستەکانت بملاوێنێتەوە و پەراسووەکانم بژمێریت تا بزانیت کامەیاکەیان کەمە و جارێکیش کە دێتەوە هۆش خۆت بەئارامی بەبەری دەستت بە پشتمدا بکێشیت. بێ ئەوەی قسەیەک بکەیت، یان بەزەینتدا ختورە بکات کە من بۆ دەگریم و چ مەرگمە؟ بێ ئەوەی بپرسی من کێم و لە کوێوە هاتووم و بۆ وەک چۆلەکەیەکی خووساوی ژێر باران، بێقەرار و دڕدۆنگم؟

نا ئیتر نەمدەتوانی.

دوای ئەم هەموو سەفەرە دوورودرێژە، پاش ئەم هەموو ساڵە تەنیایی

و دووری له چاوانێکی رەش و درەخـــشـــان، کـــە بـە نیگایەکی ئـەودیو دەلاقـەی مـاڵەکـەیەوە ئاگـری له ژیانی من بـەردابوو. ئیـتـر نەمـدەتوانی سەرگەردان بمێنمەوە.

ئەوەی کە دەبوو لەدەستم بدایە لەدەستم دابوو، خۆم فەنای چاوانێک کـردبوو کـــە لەوەدەچـوو لەوەپێـــشـــیش ژیانـی من ژەهـراوی کـردبێت، هەروەک ئەوەی هاتبـێـتـمـە دنیـاوە تا لە هـیـجـری چاوانێکی رەش و درەخـشـانـدا بسـوتێم. بەدوای ئەو چاوانەدا کـەوتمە گـەرداوێکەوە و باجێکی وام دا، کە رەنگە لە توانای مندا نەبووبێت.

بێ ئەوەی بەدەست خۆم بێت لە کـاروانێک لە قـەڵەم و رەنگدا، لە ناو تەپوتۆزی گڵی ئۆخرا و سەوزینە و لاجەوەرد(*) و رەنگی هەناردا شار بەشار دەرۆیشتم، تا وێنەم لەسەر بەرگی قەڵەمدانێک بکێشێت.

سـەرەنجام لە شـوێنێک کە هەر بیرم لێ نەدەکردەوە، گیرۆدەی نیگای وەحشی و بێگوناهانەی پیاوێک بووم کە لەوەدەچوو پێشـتر نەمدیبێت. ئەمە ئیتر خراپ بووبێت یان نا، رووداوێک بوو کە دەبوو روو بدات.

جلێکی ئاودامەنی رەشم لەبەردابوو، چرچ و لۆچ وەک هێڵی مینیاتۆر. ئەو پیرە قەمبوورەش کەوا شـۆڕ لەسەر شان، مێزەری بەستبوو و وەک مـەهاراتا هیندییـەکـان پێـیـەکـانی لە یەکـتـر گرێ دابوو، دانیـشـتـبـوو بەجـۆرێک خـۆی کـووڕ کردبووەوە کـە وێنەکێـشـەکـە زۆر مـاتڵ نـەکات. پەنجــەی شـــایەتومـــانی دەســـتی چـەپی بەحـــاڵی لـە فکرڕۆچوون نـابووە سەرلێوی و چاوی بڕیبووە عەردەکە، ئێستا ئیتر خەیاڵی رۆیشتبوو.

---

(*) لاجەوەرد- لاجورد: بەردێکی رەنگ شینە کە دەکرێت بە نقێمی مستیلە، لەگەڵ "پیرۆزەدا" جیاوازی هەیە. و

من بەگوڵی نیلۆفەری شینەوە بەلای ئەودا چەمیبوومەوە. وێنەکێشەکە خەریکبوو لە ژێر سێبەری دیواری ئەو ماڵە کۆنەدا، نیگاری ئێمەی لەسەر قەڵەمدان دەکێشا. بەرامبەرمان ماڵێکی گڵی بچووک هەبوو دوور لە شار، تەریک و غەریب. ئەو ساتەی کە من ئەمپێ و ئەوپێم دەکرد کە گوڵە نیلۆفەرەکە بدەمە پیرەمێردە قەمبوورەکە، لە ناکاو چاوم بە پیاوێک کەوت کە لە دەلاقەی بچووکی ئەو خانووە گڵەوە لێم ڕامابوو. لێڕامان نا، حەپەساو و باوەڕنەکردە، زاری داچەقابوو، وەها کە دەترسام بەجۆرێ نیگامی تێ بگرمەوە.

دڵم کەوتە تەپەتەپ، شتێک لە ناخمەوە بڵێسەی سەند و قیژە کێش لە سەرمەوە دەرچوو، دەتگوت روحمە و بەرەو ئاسمان دەفرێت. دڵم داکەوت، هەستم کرد ئەگەر جڵەوی خۆم نەگرم ئەوا بەسەردا دەکەومە جۆگە ئاوەکەوە، لەبەرئەوە بەخۆمدا هاتمەوە و هەرتاوناتاوێک نیگایەکم تێ دەگرد، بێ ئەوەی سەیرم کردبێت.

کێ بوو؟ لە کوێوە ئەمناسی و لە کوێ ونم کردبوو؟ ئایا ئەویش منی دەناسی یان بیری دەکەوتەوە؟ ئایا ساڵانێک بەدوامدا رای کردبوو، خۆی بەئاو و ئاگردا دابوو، کە چی ئێستا بڕوای نەدەکرد؟ یان ئەوەی لەخۆوە چاوی ئەمەی بەسەرهێنابوو و نەیدەزانی چی بکات؟ رەنگە ئەویش وەک من بیر بکاتەوە. خوایە چەند ئاشنایە لە پێش چاوم!

لە خۆشیدا چاوەکانم بریسکانەوە و بریقەی دەهات. ئیتر چ جیاوازبوو کە دەیناسم یان نا، گرینگ ئەوەبوو ئەو بیر لە من بکاتەوە و ئێستاش خەریکبوو بیری لێ دەکردمەوە. بە جلی رەشی چینداری کۆنمەوە، بە سەروقژی نارێکمەوە کە هەروا بەسەر سەرمەوە گرمۆڵەبووە و چەند تاڵێکی بەناوچەوانمەوە نووساوە، بە گوڵی نیلۆفەر

شینەوە کە لە دەستی راستمدا بوو یان چەپ، ئەسڵەن چ جیاوازییەکی هەبوو؟ هەوڵم دا بەر بە لەرزینی دەستەکانم بگرم و ئەو هەموو توانای لە چاوەکانیدا کۆکردبووەوە تا تێر سەیری من بکات. وەک سوژن منی بەجێگەیەکەوە لە هەوادا دادوریبوو کە نەتوانم جووڵەیەک بکەم، ئیتر تەنانەت توانای پێلۆو trووکاندنیشم نەبوو.

دەبویست بەچاوەکانی بەجارێک قوتم بدات و هەناسەی ئاسوودەیی هەڵکێشێت، بیری کردەوە؛ رەنگە من کەوتبێتمە یادی کەسێکی غایبەوە. بەباشی کە وردبووەوە زانی لە تابلۆیەک دەڕوانێت، لەوانەیە بە رەنگی پەڕیو و ژاکاومدا هەستی کردبێت زۆر خەمگینم، تەنانەت خەندە مەدهۆشانەکەم "ئەو واتەنی" ئەوەندە خەمگین لە پێش چاویدا جیلوەی کرد، کە تەواو دڵنیا بوو وێنەی بەرامبەری تابلۆی سەر پەردەیەکی کۆنە ساڵە.

جارێکی تر بە باڵامدا هەڵی ڕوانی و کە نیگامان گرێی خوارد، دڵم دەستی پێ کرد، رەنگم پەڕی و دەمم سەهۆڵی گرت، هەستم کرد خەریکم ساتمە دەدەم، خۆمم گرتەوە و لێ نەگەڕام چاوم بکەوێتە هەڵخولان، وەلێ کار لە کار ترازابوو.

قاچی راستم پێشخست تا بەسەردا نەکەومە جۆگەئاوەکە، تابلۆکە تێکچوو بەسەریەکدا. ئەو کاتە پیرەمێردە قەمبوورەکە کەوتە پێکەنین، پێکەنینێکی سارد و ئازاردەر کە تەنانەت قەلەڕەشەکانی سەر لقی درختە دوورە دەستەکانیشی هەڵفڕاند. من لە زەینی ئەودا وتم پێکەنینێکی سارد و ئازاردەر، بەڵام ئەو وتی پێکەنینێکی وشک و قێزەون کە مووی بونیام گرژ دەکات، پێکەنینێکی گڕ و رەقی گاڵتەجاڕانەی کرد، بێ ئەوەی دەموچاوی بگۆڕێت.

قنج بوومەوە تا روونتر ببینم، بەڵام دەلاقەکەی داخستبوو و ڕۆیشتبوو. پیرەمێردەکە هێشتا پێ دەکەنی، نیگارکێشەکە فڵچەکەی دانا و وتی مەسخەرەیە، من هەوڵم دا بۆ حاڵەتی یەکەم جارم بگەڕێمەوە، بەڵام گوڵی نیلۆفەر لە دەستم کەوتبووە ئاوەکە و ڕۆیشتبوو. هەراسان بووم، نازانم بۆ دەلەرزیم، دەتگوت لە خەوێکی دوورودرێژ راپەڕیوم و هیچم بیر نەدەهات.

پیرەمێردە قەمبوورەکە چاوەکانی دەرتۆقیبوون و قژمی لە نێو پەنجەکانیدا دەگووشی، نازانم چەند ئاوا مامەوە؟ تەنیا لە یادمە دنیا تاریک بوو، من هێشتا لە یادی ئەو دابووم. بەوچاوە رەش و کاریگەرانەی کە خەمۆکی و ماندوویەتی تێیاندا شەپۆلی دەدا، نیشانی دەدا کە ئەو لە هەموو کەسێک جیاوازترە. روانینەکانی ئەو چاوتێبڕین نەبوو، بەڵکو وای دەگەیاند بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە ڕەنگە لە بوونی مندا هەبێت.

یارمەتی لێ دەخواستم، بە بەرگ، بە قژ، بە چاو و هەموو ئەندامی من موحتاج بوو. وەک ئەوەی بیەوێت بۆ جحێڵی، منداڵی، ساوایەتی بگەڕێتەوە. من لە میهری دایکانەی خۆمەوە لە پێویستی ئەو تێ دەگەیشتم، وەک ئەوەی بیەوێت بگەڕێتەوە ناوسکم، ناو ناخی من، بۆ گەرمایی رەحمم... جێیەک کە مرۆڤ تێیدا گرمۆڵە دەبێت و لە خوێنی خۆیدا بازنەیی دەخولێتەوە، ئەم سوڕانەوە بێ سەرئەنجامەی ژیان لەم خواستەی ئەودا کورت دەبووەوە.

بەهەردوو دەست مشتوماڵی دەکرد تا وێنەکە روونتر ببینێت، کەچی هەرچرکەیەک کە تێ دەپەڕی وێنەکە تاریکتر دەبوو، ئەویش سەختگیر و بێ تواناتر زێدەتر رادەما. من دەمتوانی چی بکەم؟

له شارێکدا دەژیاین کە خانووەکانی گڵبوون، بەدیواری نزمی کورتەوە کــە دەشــیــا لەم ســـەربانـەوە بچی بۆ ئەو ســـەربـان. بەیارییــەکــانی منداڵیـمـانەوە کە یەکێک دەبووە پاشـا و یەکێک بە منداڵی بەرگـدروو، منیش کـچی پاشـا بووم و منداڵی بەرگـدروو دەیویست کـچی پاشـا بەدەست بهێنێت. هەوسـاری جوانووەکەی لە دەسـتـە بچووکەکانییەوە ئاڵاندبوو، جوانووەکەش سرەوتی نەبوو.

پاشا وتی "مناڵی بەرگدروو، ئەستێرەکانی ئاسمان چەندن؟"

مناڵی بەرگدروو وتی "قیبلەی عالەم، مووەکانی ئەسپی من چەندن؟"

پاشـا پەنجـەی شـایەتومـانی ئاراسـتـەی ئەو کـرد و وتی "مناڵی بەرگدروو، ناوەڕاستی عەرد کوێیە؟"

کـوڕە بەدوای بەردێکدا گـەڕا، من بەردێکم لەودیو تەخـتی پاشـاوە هەڵگرت و دامـێ، ئەو هـەوسـاری جـوانووەکـەی بـەزەویدا داکـوتی، شـەرواڵەکەی هەڵکێشـا و ڕێک و راست لە بەردەم پاشـادا وەسـتـا، لێ جـوانووەکـە هـەڵی دەخـسـتـەوە و سـرەوتی نەبـوو. لەلایەکی تری ئەو مـەیدانـەی ئێمـەی لێـبـووین؛ نیگارکـێـشـێک نیگاری پیرەمـێـردێکی قـەمـبـووری دەکـێـشـا، فلـچـەکـەی لـە ڕەنگ هەڵدەکـێـشـاو گـەڵای وشکهـەڵاتووی سـەرووەکـەی سـەوز دەکـرد. خـۆر ئەوەندە گەرم بوو کـە ئێمە عارەق بەسەر و ڕووماندا دەتکا.

جـوانوو هەڵبـەز و دابەزی دەکـرد و دەنگێک لـە دڵی زەوییـەوە هـەواڵی ڕووداوێکی شـومی دەدا، کـە نەمـاندەزانـی چییـە. پاشـا وتی "ئافـەرین مناڵی بەرگـدروو، لە مـەشـریقـەوە تا مـەغـریب کـەسـێکم بەزانایی تۆ نەدیووە.. ئافـەرین ئەوا نیـوەی تەخت و تاجم بەتۆ بـەخشی، قەڵـمرەوی خۆمـ..."

لەپڕ کۆمەڵێک شمشێر بەدەست مەیدانەکەیان گرت و چی بەڵابوو بەسەر خەڵکیاندا هێنا، من کە گەورەتربووم هەڵهاتم، کۆڵان بەکۆڵان رام دەکرد و ئەو تینوانە بەشوێنمەوە بوون، بەدەست مەمکەکانم گرتبوو تا نەکەون، هەرچەندم کرد نەمتوانی هێڵێک لە غوبار لە دوای خۆمەوە جێ بهێڵم، ئەوە ئاسک چۆن لە دەشتا ئەو هێڵە خواروخێچانە لە دوای خۆی جێ دەهێڵێت؟

بیرم نییە چەند رام کرد، بەڵام دەزانم کاتێک پێم خستەوە مەیدانە چکۆلەکە ئیتر هێزی رۆیشتنم نەبوو. کەس لەوێ نەبوو، من نەمدەزانی چی بکەم، بەکام کۆڵانا دەبوو بڕۆیشتمایە و لووتم نەتەقیبایە بەیەکێک لەواندا؟ ئایا دەبوو شادیە منداڵانەکانم فەرامۆش بکردایە و لەو ساڵانی پێگەین و گەنجێتییەدا بەپرتاو خۆم بکەم بەدنیای وەحشی گەورەکاندا و بەردەوام دەستەکانم بەشێوەی زەربێک لەسەر سینەم دابنێم و قاچەکانم کۆ بکەمەوە و خۆم گرمۆڵە بکەم؟ بۆ من چەندم کات هەیە؟

بۆ عەرد شەقی نەدەبرد، تا من قووت بدات؟

زەمەن وەستا و خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندا مێخ کوتبوو. نەمدەویست دڵم بووەستێت، لە ساتێکدا بڕیاری خۆم دا، پێم نایە ناو نیگارەکە و گوڵی نیلۆفەری شینم لە قەراخ جۆگەکە چنی و لە بەردەم پیرەمێردە قەمبوورەکەدا چەمامەوە تا گوڵەکەی پێشکێش بکەم.

سەرم هەڵبڕی لەوێ هەتاو کەوتبووە لایەک، جار جار نەسیمێکی فێنک هەڵی دەکرد، قەلەڕەشەکان خەریکبوون بۆ هێلانەکانیان دەگەڕانەوە. لەو کاتەدا تینوەکان گەیشتن، هانکەهانک و پەرێشان بەدوای کچی پاشاوە بوون. شمشێرەکانیان چەقاندە زەوییەکە و تیاماو و دەستەوەستان بەچۆکداهاتن.

له ژێر چاوەوە سـەیرم کـردن سێ کـەسـبـوون، بەبەرگی خـوری و سەربەندەوە کە درێژ بووبووەوە بۆ یەخەیان، نازانم چۆن لە و گەرمایەدا حەوسەڵەی بەرگی رەنگ تۆخی خـورییان هەبوو؟ بەدەرەدامـانی زیرەی رەنگەوە بێ ئەوەی هیچیان لە پێدا بێت، هەناسەبڕکێیان بوو، بۆنی تیـژی عارەقی لەشیـان عـەزیەتی دەدام، بەڵام نەمـدەتوانی جـوڵە بکەم. منداڵی بەگدروو و پاشا بۆ کوێ چووبوون؟ کامیان زیاتر منیان خۆش دەویست؟ وە کامیان ئێستا زیندوو بوو؟ ئەو پیرەمێردە قەمبوورە چۆن هەڵهاتبوو؟ بۆ نیگارکێشەکە نیگارە نیوەناچڵەکەی لەگەڵ خۆی نەبردبوو؟

پۆلێک قـەلەڕەش بە قـیـغـەقـیـغ لە دووری دووری ناو تابلۆکـەوە تێ پەڕین، وەک ئەوەی بیانەوێت من ئاشکرا بکەن، ئەو سێ پیاوە سەیرێکی سـەر سـەربانەکانیـان کرد، هەتاو وەکو رم لە چاویان دەچەقی و زیکە زیکی سیسرکەکان لە هەوادا شەپۆلی دەدا.

نیگارکێشەکە رۆیشتـبوو پیـرەمـێردە قـەمبـوورەکەش دەسـتی لە کوتەککاریم هەڵگرتبوو. هەر لەوێدا دانیشتم و لە دەلاقەی بچووکی ئەو خـانووەگـڵـەم رووانی، ئایا جـارێکی تر ئەو دەهات؟ ئایا دەلاقـەکـەی دەکـردەوە و سـەرنجی دەدام؟ هـەرئەوەندەی دەلاقـەکـەی بکردایەتەوە سەحـەری بەسەر شەوی تارمدا دەهێنا. چەند دنیا تاریک دەبوو، هێندە دیوارەکـە زیاتر لە زوڵمـەتدا رۆدەچوو. چەند دڵم حـەزی دەکـرد ئەو دەموچاوە ئێسقانی و نەحیفە بخەمە کۆشم و لە باوەشـمدا دایکانە بیـلاوێنم، بێ ئەوەی کـە خـۆم چاولێکنێم، لێگەڕێم تا سـوبحی ئەبەد بنوێت. دڵنیـابووم دەلاقـەکـە دەکرایەوە و من جـارێکی تر ئەو چاوانە دەبینم.

وەک ئەوەی ئەو قەمبوورە بیرمی خوێندبێتەوە هات بۆم و پەنجەکانی خستە قژمەوە، منی بەدوای خۆیدا کێش کرد ناچار هەستامەوە و بەدوایدا ڕێکەوتم. لەو زەمـــانەوە نە ڕۆژێک و نە دووان، بەڵکو سێ مانگ.. نا ڕێک دوو مانگ و چوار ڕۆژ، من وەک مریشکی سەربڕاو لە فیراقی ئەودا هەڵدەپەڕیم و لە تایەکی سەیردا دەسوتام. دوومانگ و چوار ڕۆژ ئێمە لەم جێوە بۆ ئەو جێ دەڕۆیشتین، لەسەر ئەم قەڵەمدانەوە بۆ سەر ئەو قەڵەمدان.

ئیتر نەمدەتوانی.

دەمویست هەڵبێم، بەڵام تا ئەو ڕۆژە بیرم لەمە نەکردبووەوە، ڕەنگە هیچ کوێم شک نەبردبێت یان پاڵنەرێ لە ئارادا نەبووبێت. ئێستا ئایا دەمتوانی؟ ئایا کەسێک بڕوا دەکات؟ هەمـوو دەردەکە ئەوەبوو کە دەیانویست مرۆڤ داپۆشن و بیشارنەوە یان هەوڵیان دەدا جلەکانی لەبەر دادڕن، ئێمە فێربووین کە ڕابکەین بەڵام بۆ کوێ؟ سنووری نێوان ئەم دووانە کوێ بوو؟ دەبوو لە کـوێدا بوەسـتاینایە کـە نە دیلی چارچێیەکانی ئەخلاق بین و نە پەڕپەڕی دەستی دڕندە بێ ئەخلاقەکان. منێک کە تا ئەو ڕۆژە جگە لە کاری دووبارەی بەوێنەبوون لەسەر بەرگی قەڵەمدان بەهیچ کارێکی تر ئاشنا نەبووم، ئێستا فێربووبووم لە پەردەی تابلۆ یان بەرگی قەڵەمدان بێمە دەرێ و سەرم سوڕ بمێنێ لە کاری دنیا، بۆ گەڕان بەدوای چاوانێکدا ڕێبکەم کە مانایان دابووبە ژیانی من.

کەس هەواڵێکی ئەوی نەدەزانی، هیچ ناوونیشانێکی نەبوو، دیوارێک نەبوو، پەنجەرەیەک نەبوو، چاوێک نەبوو. دارسەروێک هەبوو، جۆگە ئاوێک، پیرەمێردێکی قەمبوور و من هەبووم. تەنانەت گوڵەنیلۆفەرەکشم ئاو بردبووی، بەهەرلایەکدا دەمڕوانی زەوی شەقار شەقار و تینوم

دەهاتە پێش چاو، کە ئاماژەیەکی ژیان یان جێگە پێیەکی مرۆڤی تێدا نەدەکەوتە بەرچاو. خۆزگا کەسێک لەودیو پەنجەرەیەکەوە سەیری دەکردم، ئایا ئەمە ئارەزوویەکی مەحاڵ بوو؟

هێندە شەوان چاوم بڕییە ئەستێرەکان، کە ڕەنگە ئەویش ئەگەرچی کورت و تێپەڕ بووبێت، لە ئاسمانی روانیبێ. هێندە سەیری باڵندەکانم کرد بەو خەیاڵەی بەسەر ماڵی ئەودا فڕیبێتن، هێندە سڵاوم لە نەسیم کرد بەشکم دەنگم بگەیەنێتە گوێی، کە چی بچووکترین سەرەداوێکم لەبارەی ئەوەوە چنگ نەکەوت. ئەو ڕەنگە هەمان ئەو ماسییە ئاڵتوونییە ئەفسانەییەیە بێت، کە یەک جار.. تەنیا یەک جار بووبوو بەتۆڕی کوڕەبچووکی پاشاوە. ئەگەر بەرببوایە پاشا دەمرد و ئەگەر لە داوا بمابایەوە ماسیانی دەریا دەمردن.

پاشا تووشی نەخۆشییەکی خراپ بووبوو، حەکیمەکان گوتبوویان ماسی ئاڵتوونی راو بکەن، ڕۆنی مێشکی ئەم ماسییە هەتوانێکی بەپەلەی دەردی پاشایە. کوڕەگەورەی پاشا لەشکری کۆ کردەوە و نیوەی خەزێنەی داوا کرد، کەشتیگەلی دروست کردوو چارۆکەی هەڵدا، ئاوی دەریای تەی کرد و سەرو ژێر گەڕا بەڵام ماسی ئاڵتوونی چنگ نەکەوت، ماندوو و بێ ئومێد گەڕایەوە.

کوڕەناوەنجی پاشا وتی با من بڕۆم، نیوەکەی تری خەزێنەی داوا کرد و بەتۆڕ و کەشتیگەل و بەیداخ و ئالاوە چووە دەریا، دەریای ژێرە و ژوور کرد و ماسی ئاڵتوونی نەدۆزییەوە. کوڕەبچووکی پاشا وتی بامنیش بڕۆم ڕەنگە بەخت یاوەرم بێت، وتیان پێویست ناکات، براگەورەکانت هەموو خەزێنەکەیان برد و نەیاندۆزییەوە ئیتر تۆ دەڵێی چی؟ کوڕەبچووک هەندێک پارەی پەیدا کرد و تۆڕی هەڵگرت و لەگەڵ

چەند کەسێکدا چووە دەریاوە، تۆڕی فڕێ دا و هەر یەکەم جار ماسییە ئاڵتونییەکەی ڕاو کرد، هەموو ماسییەکانی دەریا بە شین و شەپۆڕ لە ئاو هاتنە دەر و کەوتن بەسەر پێی کوڕەبچووکی پاشادا، وتیان کوڕکە باش گوێ بگرە! ئەگەر شامان ببەیت ئەوە هەمووومان لە دەریا دێینەدەر و لە وشکانیدا هەڵدەبەزینەوە، ئەوکات دەریا لە ماسی خاڵی دەبێت. یاری بەچارەنووسی خۆت و ئێمەش مەکە. ئەی نەتبیستووە کاتێک ماسی ئاڵتوونی دەریای ئورمییەیان ڕاو کرد، ماسییەکان پەڕینە سەر وشکانی و هیچ گیانەوەرێک لە دەریادا نەما و ئاوەکەی تاڵ بوو.

کوڕە تیامابوو، ئەگەر ماسییە ئاڵتوونییەکەی بەرەڵا بکردایەتەوە پاشا دەمرد و ئەگەر لەگەڵ خۆشی بیهێنایە ماسییەکانی دەریا دەمردن. ماسییەکەی هەڵدایەوە ناو ئاوەکە و چاوەڕێی کرد تا هەموو ماسییەکان گەڕانەوە دەریا.

دەریای ئاسمان پڕ ئەستێرە بوو، من چاوم دەخستە سەر هەریەکێکیان ئەو نەبوو. ئایا ڕاویان کردبوو یان من دیلی پەردەی تابلۆ بووم؟ بۆ دیلی قەمبوور بووم؟ خۆشم نازانم.. ڕەنگەچارەنووسی من لە خەونی تۆدا دیاری کرابێت و ئەم شتانە پێوەندییان بەو خەوەوە هەبێ کە تۆ دیوتە. ڕێک لەو شەوە یان ڕۆژەدا کە من بووم بەژنی متەوەلی(*) ئیمامزادەیەکی گومناو.

تۆ لە پێش دەرگەی ماڵی ئێمە وەستابوویت و لە ژوورەکەی ئێمەت دەڕوانی، ماڵی ئێمە تاکە هۆدەیەک و حەوزێکی ئاو و حەوشەیەک بوو،

(*) متەوەلی: ئەو کەسەیە کە سەرپەرشتی و خزمەتی مەرقەدێک یان مزگەوتێک یان جێگەیەکی ئاینی دەکات، نزیک لە مجێوەر یان خادیم. و

من له کەناری حەوزەکەدا جلم دەشۆرد و هەوڵم دەدا سەیری تۆ نەکەم، بەڵام دەمبینی کە چاوم لێ ناترووکێنی. خێراخێرا جلم دەشت و دەمگوشی و هەڵم دەخست بەتەنافەکەدا. چراکە پرتەپرتی دەکرد و قەمبوور قسەی دەکرد، ئەوەندەی وتبوو دەمی کەفی کردبوو، بەسەروقژێکی ئاڵۆسکاو و جلێکی کۆن و دەنگێکی زەنگداری گڕەوە قسەگەلێکی دەکرد، هیچ کەسێک لە واتاکەی تێ نەدەگەیشت، رەنگبوو بەزمانێکی تر قسە بکات.

دەڵێن لە دار و نەداری دنیا هەر ئەم قنگە گورگەی هەیە؛ هۆدەیەک و حەوشەیەک، نە میراتییە و نە پارەشی پێ داوە، بەڵام چونکە نەوەی متەوەلی ئیمامزادە بوو، هەروا ملی کەچ کردووە و وەری گرتووە. برایەکیشی هەبوو وەک منداڵێکی چەقاوەسوو لەسەر عەرزەکە پان بووبووەوە و دەگریا، نیوەی ئەم موڵک وماڵەی دەویست، هەر لەبەر ئەمەیە خۆی شین و مۆر کردووەتەوە. تۆ کە سەیرت کرد من چووم بۆی و دوو شەپازلەی مزرم سرەواندە بناگوێی، کە چی هەر بێدەنگ نەبوو.

ئەو شەوە یان ئەو رۆژە دنیا هەور و هەڵا و سارد بوو، من خۆمم گەیاندە تۆ، یان رەنگە تۆ خۆتت گەیاندبێتە من و وتت ئەمەبوو؟ وتم ئیتر ناکرێ هیچ بکەین، من شوم کردووە و پابەندبووم، وتت ئەمە هەمووی بوو؟ عەشق هەر ئەمەبوو؟ وتم لێگەڕێ با هەر لە یادگاریدا بمێنێتەوە. تۆ گەڕایتەوە، دەڵێن پاسەکانی ئەو تەنیا گەراژەی ئەم کوێرەدێیە رۆیشتبوون و تۆ ناچاربوویت بە پێ بۆ شار بگەڕێیتەوە. وێنەی شار لە دوورەوە لە تاریک و روونیدا ون دەبوو پەیدا دەبووەوە.

تۆ کە لە خەو راپەڕیت نیگارکێشەکە تابلۆکەی کۆ کردبووەوە و ئێمە شار بەشار دەرۆیشتین، لەسەر ئەم قەڵەمدانەوە بۆ سەر ئەو قەڵەمدان.

دەنگی پێکەنینی پیرەمێرد ئازاردەر بوو، من لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە گوڵی نیلۆفەری شینم پێشکێش بەئەو دەکرد، بیرم لەوە دەکردەوە؛ ئایا کەسێک لەودیو پەنجەرەیەکەوە لە من دەڕوانێت؟ ئایا دووبارە دەیبینمەوە؟ سێ مانگ، نا.. دوو مانگ و چوار رۆژ لە حەسرەت دیداری ئەودا سووتام، سەیری هەرشتێکم دەکرد بەئومێدی دیداری ئەو سەیرمدەکرد. سەرەنجام تێگەیشتم کە دیداری ئەو مەحاڵە و هەوڵی من بێهوودە، هەڵبەتە خەونێک، خەیاڵێک بووە و رۆیشتووە. ئاخر بۆ نابێت کچێک لە ناو تابلۆیەکەوە عاشقی پیاوێک بووبێت، کە شەو تا سەحەر نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدان دەکێشێت؟ مەگەر نابێت بونیام ئەسیری تابلۆیەک بێت کە خۆی کێشاویەتی و هێندە بەکچی ناو تابلۆکە دڵ بدات تا ئەویش عاشقی خۆی دەکات؟ مەگەر خوا عاشقی مەخلوقەکانی خۆی نییە و دواجار ئەوان بۆ ستایشی خۆی هەڵنانێ؟ بەڵام خۆ کەس بڕوا دەکات؟

ئێمە یەکترمان ون کردبوو، وەک ئەوەی کەسێک دیوارێکی لە نێوانماندا هەڵچنیبێت تا یەکتر نەبینین. من لە تای دووری ئەودا دەسوتام و ئەو لە تای دووری مندا، چونکە نیگا ئاگرینەکانی ئەوەیان نیشاندەدا؛ کە ئەو هۆگری من نییە، بەڵکو شێتی منە، وەمن ئەم خواستەم لەو چاوانەدا دەخوێندەوە. هێندە لە سەیرکردنی مندا کاتی بەسەر بردبوو کە زەمەنی ون کردبوو، سەعاتێک، ساڵێک، چەند ساڵ؟

کاتێ من لە شوێنی خۆم جوڵامەوە تابلۆکە تێکچوو بەسەر یەکدا، لەو کاتەوە پێکەنینە وشک و ترسناکەکەی قەمبوور خەویان لەو حەرام کرد، دیوارێک لە نێوان ئێمەدا هەڵچنراو ئێمە یەکتریمان ون کرد، بەڵام خۆ من دەمزانی ئەو بیر لە من دەکاتەوە، لە گوڵی نیلۆفەری شین کە ئێستا

ئاوی جۆگەکە بردبووی، لە قژی رەشی شانە نەکراوم، لە زەردەخەنەیەک کـە لەســەر لێـوم نەخـشی بەسـتبـوو، لە ڕەنگی تریفـە ئـاسـام، لـە جلی رەشی چیندارم کە ئێسـتـا وا بەلەشـمەوە نووسـاوە، لە عـەشق، عـەشق، عـەشق.. کـە لەدەسـتـی ئەو دەرچووبوو، لە زەمـەنـی لەدەسـتـچـووی، لە قەدەرێک کە فرسەتی نەدابوو.

لەبڕی مـەشـروب و تریاکـەکـەی خـۆی زیاد دەکـرد، لە بەیانیـیـەوە تا ئێـوارێ نیگـاری لەسـەر بەرگی قـەڵەمدان دەکێشـا و هـەروا منیش شـار بەشـار دەڕۆیشـتم، لەم قـەڵەمـدانـەوە بۆ ئـەو قەڵـەمـدان. هەرچەند زیاتری دەکێشـا، من دوورتر دەکەوتمەوە، خـۆم دوور دەکـەوتمەوە، بەڵام خـەیاڵم خـۆی دەسەپاند بەسـەریدا. بۆ هـەرجێیـەک دەچوو، لە خەو، لە بێداریدا، من لـە زەینـیــدا بووم. لـە کــونجی ژورەکــەیدا، لە کــوچە و کــۆڵان، لە کەلاوەکاندا، لە هـەموو جێیەک بووم و نەبووم.

لە هـەرجێیـەک ژنێکی دەبینی وای دەزانی منم، دەوەسـتـا، لێیی ورد دەبووەوە، نا ئەمـە نییە. ژنێکی تری دەبینی، گومانی دەکرد منم، دوای دەکـەوت، بەهەناسـەبڕکـێـوە پێـشی لێ دەگـرت، تێـی دەڕوانی، نا ئەمـە نـیـە. هـەمیشـە لە بەرچاویا بـووم، بەڵام ئەو نەیدەتوانی بمبـینێت، منیش نەمدەتوانی.

بەڵام ئیتر نەمدەتوانی.

لە زەینیدا وتم ئـارامم لێ هـەڵگیـراوە، ئەو وتی ئارامم لـێ هـەڵگیـراوە، چۆن دەتوانم ئارام بگرم؟

جـارێکیــان لە ســەرتاشـخـانەیەکدا هـەروا کـە لە ئاوێنەکـەوە چاوی بڕیبووە شەقامەکە و چاودێری گالیسکە و رێبوارەکانی دەکرد، لە ناکاو منـی بینی، لـە شـوێنی خـۆی هەسـتـا و بـەروانکەکـەی فـڕێدایە ســەر

کــورســیــیــەکــە و پەڕییــە دەرەوە. هـەتا هـێــزی تێــدا بـوو بەدوای گالیسکەیەکدا رای کرد و پێیدا هەڵزنا، سەیری منی کرد، نا ئەمە نییە. خــەجــاڵەت و پەشــیــمــان لە گــالیــسکەکـە هـاتە خــوارێ و گــەڕایەوە سـەرتاشـخـانەکە، سـەرتاشـەکە تیغ بەدەست و سـەراسـیـمـە لەو کارەی ئەو، لە بەردەم دووکانەکەیدا وەستابوو، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و دووبارە چووەوە شـوێنی خـۆی دانیشت، بەرکـۆشـەکـەی بەسـتـەوە و چاوی بڕییـە سـەرتاشەکە کە تیغەکەی بەسـەر پارچە چەرمێکدا بۆ پێشـەوە و دواوە ئەوەندە بـەخـێـرایی دەهێـناو دەبرد، کـە نـەدەزانرا تیغ کـامــەیە و چەرم کامە، پاشان تیغەکەی بەسەر ئاگری ئیسـپەرتۆکەدا گرت و بەرەو رووی ئەو هات و وتی دەموچاوت وەک دوگ لێ دەکەم.

لەرزگرتی بەڵام دانی بەخۆدا گرت، تفی قوت دا و بێدەنگ مایەوە، کە روانییـە خـۆی لە ئاوێنەکەدا کـچێکی رەشپـۆش لەوێدا دانیشـتبوو، من بووم بەلێـوی خـونچـە ئاسـا و زەردەخــەنەیەک کە لە تەواوی سـیـمـامـدا نەخـشـی بەسـتـبـوو، بـەقژێکی ئاڵۆسکاوی رەشــەوە، لەودیو پـەردەیەکی شـینەوە سـەرم کێشـابووە دەر و چاوم لێ هـەڵنەدەگرت.. وتم ئەمـە منم. بەجۆرێک هەستی پێ نەکرێ، سەری بۆ لەقاندم.

ئەو کـە تا ئەوکـاتـە بەپەنجـەی شــایەتومــان و پەنجـەگـەورەی یاریی بەنوکی سـمێڵی دەکـرد، ئاگای لەخـۆی نەمـابوو، لەپڕ بەخـۆدا هاتەوە، کـڵاوەکـەی لـە سـەری داکـەند و کـەمـێک لە شـوێنی خـۆی بەرزبووەوە و رێزی بەرامـەر خـۆی نواند لە ئاوێنەکەدا. کابرای سـەرتاش پاشـەوپاش چووە دواوە و وتی"تۆ حاڵت باش نییـە" لە هەمان کاتدا گالیسکەیەک لە بەردەم دووکـانەکـەدا وەسـتـا، گـالیـسکـەچی واتە هەمـان پیـرەمـێـردی قــەمــبــوور، هاتـە دووکــانەکــە و بەرامــبــەر ئەو تەعــزیمی نـواند و

وتی"ئەمرێکتان هەبوو.. قوربان؟"

ئاماژەی بۆ خۆی کرد و سەراسیمە وتی" من؟"

"بەڵی قوربان.. ئەگەر ئافرەتت دەوێت خۆ ئەوە من لە خزمەتتدام.. ئەو ژنەی لە گالیسکەکەدا دانیشتووە و جەنابت بینیت، تازەکارە خۆ"

ئاوڕێکی دایەوە و سەیرێکی ژنی ناو گالیسکەکەی کرد و سەیرێکی من، دەموچاوی داگیرسا، لە نێوان هێزی راکێشانی دوو جەمسەردا گرفتاربوو، سووک و هەڵواسراو مابووەوە. هەرچەندی کرد نەیتوانی منی بیر بکەوێتەوە، دووبارە سەیرێکی ژنی ناو گالیسکەکەی کردەوە، سەیری چاوە رەشەکانی کە زۆر لە چاوەکانی من دەچوون، لێوی خونچە ئاسا و قژی رەشی شانەنەکراوی کە حاڵێتێکی قەرەج ئاسای بەو دەدا. لە زەینیدا وتم چەند لە من دەچێت و ئەو لە دڵیا قسەکەی منی پشتڕاست کردەوە و درودی نارد بۆ خالقی هەردووکمان.

پیرەمێردە قەمبوورەکە وتی "دوودڵ مەبە.. دڵەکەت بخۆم.."

من لە ئاوێنەکەدا دەموچاوم دا بەیەکدا، ئەو بەویقارێکی تایبەتەوە لەسەر کورسییەکە هەستا و پشت لە من وا وەستا کە من لە ئاوێنەکەدا نەبینرێم، رووەو گالیسکەچییەکە وتی "نەخێر.. هەڵە لێکتێگەیشتنێک بوو"

سەرتاشەکە پێکەنی و قاقای لێ دا، گالیسکەچی وتی "تەماشاکە خۆ.." بەدەست پەردە مووروینەکەی لادا و ئاماژەی بۆ ژنی ناو گالیسکەکە کرد "چۆنت حەز لێ بێت لەخزمەتتدایە عەرزم کردی خۆ.. دووقران و چوار عەباسی حەقەکەیەتی، دەزانیت باخی سەلاحەدینی ئەیوبی لە کوێدایە؟ موتریبیشی لێیە خۆ.. مەشروب و تریاکیش هەیە ئەگەر حەزتان لێ بێت"

سەرتاشەکە کە حایرمابوو پێکەنییەوە، بەدەنگێکی ژنانەی وا پێ دەکەنی کە وا دەهاتە بەرگوێ پیرێژنێک بگری. وەلێ ئەو هەوڵی دەدا لەسەرخۆی بێت، سەیرێکی ئاوێنەکەی کرد داخۆ بزانێ من لەوێم؟ من سەرم داخستبوو، بەناوچەوانی ترشاوەوە دەمڕوانییە جۆگە ئاوەکە. ئاوڕی لێدایەوە و بە پێداگرییەکی پیاوانەوە وتی "نەخێر". چاوی بەو ژنە کەوتەوە و دڵی لەرزی، ژنێک لە گالیسکەکەدا سەری داخستبوو، بەناوچەوانی ترشاوەوە دەیڕوانییە جۆگە ئاوەکە و پێی بەیەک ریتم دەکوتا بەگالیسکەکەدا.

بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە خەون نابینێت، بە هەردوو دەست بەرکۆشەکەی راکێشا و لێی کردەوە، بەتوندی پێی کوتا بەعەردەکەدا و وتی" هیچ وەختێک نەمتوانیوە تێ بگەم حەقیقەت لە کوێیە" پیشی خواردبووەوە، دەتگوت خەریکە لێوی دەکرۆژێت.

گالیسکەچی شاڵەکەی سەری رێک کردەوە و عەبا خوری وشترییەکەی دایەوە بەشانیا، بەزمانە لووسەکەی وتی "راستیەکەی.. خۆ لەو کاتەوەی شوێن گالسکەکەم کەوتی و سەیری ئەم شتە نازەنینەت کرد، گومانی ئێوە تێگەیشتم.. قوربان جەنابتان دیارە بەحەیا و حورمەتن، بەڵام هەموو حەیا و مەیا و بیر دەچیتەوە.. دوودڵمەبە، من خۆ خۆم شەخسییەن دەتبەم و دەتهێنمەوە"

بەبیانووی بەرکۆشەکەوە رووە و کورسییەکە گەڕایەوە و لە ژێر چاوەوە نیگایەکی گرتە ئاوێنەکە، من سەرم راوەشاند، یانی بەداخەوەم، بەڕاستی بەداخەوەم . بەهەمان ویقارەوە هەوڵی دا بەسەر دوودڵییەکەی دا زاڵ بێت، لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە و وتی "نەخێر من ئەهلی ئەو شتانە نیم"

گـالیـسکەچی چاوی دەرتۆقـاند "پیـاوی حـسـابی! کـە ئەهلـی ئەو شتانەنیت، زۆر بێجێیت کرد شوێن گالیسکەکە کەوتیت.. کە پیاونیت بۆچی حاشی لێ دەکەیت، هیچ لەبارا نەبوو".

سەرتاشەکە پێکەنییەوە و ئەو لە ئاوێنەکەوە سەیری کرد "ئەگەر چاکم ناکەیت دەڕۆم" سـەرتاشـەکـە یەکسـەر بەخـۆیدا هاتـەوە و وتی "بەڵی؟" خێرا خـۆی گەیاندە کورسـییـەکەی ئەو و بەروانکەکەی لە گەردنییـەوە ئاڵاندەوە و دەستی بەکارەکەی کرد. گالیسکەچی بڵمەبڵمێکی کرد و چووە دەرەوە، دەنگی قامچییەکەی لە هەوادا هات "هێیی".

"هێی.. ئەمـلا و لای سـمێڵمت بیـر نەچێ" سەیرێکی خـۆی کرد، من بەزەردەخەنەیەکەوە لەو سەری دنیام دەڕوانی، یانی خـۆ هەقناس نیم... بەڵام من ژنم و نازم هەیە، خۆ ناز عەیب نییە.

وتی "هێـی.. رۆنێکیش بدە لە قـژم" و کـڵاوەکـەی لـە سـەری داکـەند، قـژێکی رەشی بریقـەداری هەبوو، کـە سـەرتاشـەکە رۆنـی لێ دا زێدەتر بریقەی دەدا، من سـەیرێکی خێرا و راگوزەری قژیم کرد، بەڵام لە چاویم نەڕوانـی. یانی چـی؟ هەرچەنـدە بیـری کـردەوە نەیزانی، هەسـتـا پارە وردەیەکی لەسـەر مێزەکە دانا و سـەرتاشـخـانـەکەی بەجێ هێشت، کە پەردە مـــوورویـنـەکـــەی بەدەست لادا، گـــەڕایـەوە و بۆ دوایـەمین جـــار، ســـەیرێکی ئـاوێنەکـەی کـرد، مـن لە ژێر چاوەوە لێم دەڕوانی و دەسـتـم بەهێـواشـی راوەشـاند.. یانـی خـوات لەگـەڵ. ئەو جـارێکی تـر لە بەردەم ئاوێنەکەدا رێزی بۆ خۆی نواند و چووە دەرەوە.

من لە کوێ بووم؟ ئەو لەکوێ بوو؟ ئایا دەکرا ئاوێنەکە بشکێنرێ و پێ بخـرێتـە نـاو سـەرتـاشـخـانـەکـەوە؟ ئایا دەبوو پـەردەی تابلۆ و بـەرگـی قـەڵەمدان بقڵیشایە و بێیتـە دەرەوە؟ بۆچی دەنگی من، دەنگی یارمـەتی

خواستنی من، فریادی یەکبەدوایەکی من، لە پشت ئەم هەموو زەمانەوە نەدەگەیشتە گوێی ئەو، کە من ناچاربووم پەنا بۆ پەردەی تابلۆ ببەم و خۆم بەم شێوەیە دیل بکەم؟ بۆ نەیتوانی من لە دەستی ئەم تینووە پەرێشان و سمێڵ بابڕانە رزگار بکات، کە هانکەهانکیان بوو شمشێریان لە دژی من لە خاک دەچەقاند؟ چ کارێک لەدەست دەهات؟ ئایا دەبوو زەمەن بەسەر یەکدا تێک بدرێت و مرۆڤەکان بە دڵی خۆیان لە چەند جێگەیەکەی تردا دابنرێن؟

من لە ناچاریدا لە پەردەیەکدا دەکێشرام و ئەو هەرچییەکی دەکێشا نەیتوانی من بەدەست بهێنێت، بەیانی تا ئێوارە فڵچەی لە رەنگ هەڵدەکێشێت و بەرگی قەڵەمدان دەنەخشێنێت. من لەم دووبارە و دووبارە و دووبارەوەکردنەوەیەدا، دەست بەدەست و شار بەشار دەڕۆیشتم و لەو دوور دەکەوتمەوە.

حەزی دەکرد هەموو جارێک گوارەیەک لە سەدەف یا پیرۆزە بەگوێمدا هەڵبواسێت، بەڵام ئەوەی نەدەکرد، حەزی دەکرد لەسەر یەکێک لەو قەڵەمدانانە نیشانەیەک جێ بهێڵێ و دوای بکەوێت تا بزانێت من دەکەومە دەست کێ، بەڵام ئەوەی نەدەکرد، حەزی دەکرد یەک جار لانی کەم جارێک، لەبری ئەوەی گوڵی نیلۆفەر بخاتە دەستمەوە، دەست بەدامێنی کراسەکەمەوە بگرێت و بەتوندی هەڵی داتەوە تا پوز و رانم ببینێت، بەڵام ئەوەی نەدەکرد. وا راهاتبوو جلێکی رەشی ئاودامەنیم لەبەر بکات و لێوم سوور بکات، وا راهاتبوو هەرخۆر بگەیبایە زەردەپەڕ دەچووە سوڕانەوە.

کە لە نیگارکێشانی سەربەرگی قەڵەمدانەکان تەواو دەبوو، کڵاوەکەی دەکردە سەری و ملپێچەکەی لە ملییەوە دەئاڵاند و دەکەوتە رێ.

شـوێنهایەکی خـۆش دەویست کـە جۆگـەی ئاو، درەخـتـی سـەروو و، گـوڵی نیلـۆفـەری هـەبـوایە، بەڵام ئایـا لە هـەر شـوێـنێک ئەوانـە هـەبوایە، مـنیش هـەبووم؟ مەگـەر شـوێنێکی وەها ئەسڵەن پەیدا دەبوو؟

بەخـەیاڵی ئەوەی سـەرووە، لە ژێـر درەخـتـێکدا دادەنیـشـت، بەخـەیاڵی خـۆی مـەحـووی ناو چەمـەنزارێـک دەبوو لە گـوڵ و گـوڵزار، بـەڵام جگە لە خـاشـاک و لمی گـەرم و پەراسـووی ئەسپ کـە وەک سـەبـەتەیەکە بەیەکـدا شـکاوی حـەسـیـری چـووبـوون بەیەکـدا و سـەگـە خـوێرییـەکـان بەسـەر زبڵەکانەوە لمۆزیان تێ نابوو، هیچی تری نەدەبینی.

بەدوای منـدا وێـڵ بوو و چـنگـی نەدەخـــســـتم، وەمـن ئەوم دەویست و نەمدەتـوانی. بۆ بەم شـێوەیە بوو؟ ئایا ئێمـە یەکترمـان دەناسـی؟ یان بەر لەم ژیانە یەکـترمـان دیبـوو؟ رەنگە ئێـوە لـە خـەونتـاندا منتـان بینیـبێت، بـەڵام ئەی ئـەو چـی؟ ئـەویش مـنـی دەنـاسـی یـان تـەنیـــا بـەدزییـــەوە و بەپـەنـهــانی لە کــونێکەوە، لە کــڵاورۆژنەی ســـەرو تاقــێکەوە ســـەیری کـردبووم؟ ئەم هـەمـوو بگرە و بەردەیە، ئـەم هـەمـوو ترس و ئـومـێـدە، ئەم هەمـوو حـەسـرەتکێـشـانە، دوو مـانگ و چوار رۆژ درێژەی کـێـشـا، تـا سـەرەنجام رۆژێک کـە ئەو سەرقـاڵی نیگاری بەرگـی سـەر قەڵەمـدان بوو، من وتم بارانە، برۆ ئەفکاری تاریکت بشۆرەوە.

وەک هـەرشـەوێکی تر خۆی گـۆڕی، پاڵتۆکەی کردە بەری و ملپێـچەکەی ئالاّند لە ملییەوە و کڵاوەکەی لەسـەر نا، چوو بۆ گەڕان. دەنگگەلی سەیر و غـەریب دەهـات، مـەلێکی نەناس لەجێگەیەکەوە دەیخـوێند و سـەگەکـان حـەپـەحـەپیـان دەکـرد، دنیـا تـەم و تاربوو، تار نـا، غـەمگین. ئـەو لەهـەر شوێنێکی دەڕوانی، من بۆی پێدەکەنیم.

تەم بـەڕوویدا هـەڵدەگــڕا و ئەو وای دەزانـی من دەمـــەوێت شـــەونم لە

تەوێڵی بسرم. دەخولایەوە و لە بێدەنگیدا بیری لە من دەکردەوە، لە قسەکردنم، لە پێکەنینم، لە پەنجە شمشاڵی و باریکەکانم کە دەیاننوقێنم دەڵێی خونچە گوڵن، لە ڕێ ڕۆیشتنم، من چۆن بەڕێگەدا دەڕۆم؟ نەیدەزانی. تەنیا وێنەیەکی بێ جووڵە و مردوو لە زەینیدا نەخشی بەستبوو، بەزەردەخەنەیەکی لاڵەوە لە تەواوی ڕوخسارمدا، لێوێکی خونچە ئاسا کە ئەو وای خەیاڵ دەکرد هەر ئێستا لە ماچێکی گەرم هەڵگیراوە و هێشتا تێر نەبووە، بەگەردنی بەرز و گوڵی نیلۆفەری دەستم و چەماوە لە بەردەم پیرەمێردێکی قەمبووردا.

سەرەنجام گوڵم کەوتە جۆگە و ئاو بردی، ئێستا من تەنیا دەمتوانی قامکەکانم بەرەو سەر بنوقێنم و خونچەیی بکەم، ڕێک وەک نیگاری سەر قەڵمدان.

شەو لە نیوە تێ پەڕیبوو، تەم نیشتبووە سەر هەموو شتێک، وەک ئەوەی کەسێک بەهەردوو دەست چاوی گرتبێت تا بەتەواوی بەرپێی خۆی نەبینێت، بەڵام هەرچۆنێکبوو لە رووی حیس و غەریزەوە خۆی گەیاندەوە بەردەرگەکەی و ڕێک لەو کاتەدا کە دەیویست کلیلەکەی دەربهێنێت، بەبینینی من داچڵەکی، وەک چۆن منیشی داچڵەکاند.

لەوەی لەپڕ قیافەیەکی ڕەشپۆش بەکڵاو و ملپێچەوە لە ناوجەرگەی تەمەکەوە هەڵتۆقی داچاڵەکیم، وەک ئەوەی ئەسڵەن چاوەڕێی نەبووبم و لەسەر پلیکانەکانی ماڵەکەی دانەنیشتبێتم. ددانەکانم توند لەسەر یەک گیرکرد و بۆساتێک چاوەکانم داخست.

شقارتەی لێ دا تا شوێنی کلیلەکە لەسەر دەرگەکە بدۆزێتەوە، لە رووناکی کزی شقارتەکەدا بەدوای دەموچاوی مندا دەگەڕا و دۆزییەوە، وەک مرۆڤێک ڕووبەڕووی جەستەی پارچە پارچەکراوی خۆی بووبێتەوە،

وەها تێم ڕاما کە بۆ ساتێک وام زانی هیچم لەبەردا نییە، دەستم بەشێوەی زەرب خستە سەر مەمکەکانم، ئەژنۆکانم جووت کرد و کەمێک چومەوە خۆم. وەها لە شوێنی خۆیدا وشکبوو کە وام زانی لە خەونی تۆدا نیگارێک لەو دەبینم.

شقارتەکە تا کۆتایی سووتا و ئەو بەخۆیدا هاتەوە، دەستەکلیلەکەی لە دەستیا هەڵسوڕاند و بێ ئەوەی سەیری بکات، بەهەستی بەرکەوتن کلیلەکەی دۆزییەوە و دەرگەکەی کردەوە. بەڕێزێکی بێ گەردەوە وەک شازادەیەک یان پیاوە ئەفسانەییەکان، بەڕیزانە خۆی بۆ من خستە لاوە و کڵاوەکەی لە سەری داگرت و بەدەستەکەی تری ئاماژەی کرد کە بفەرمووم.

منیش بە خۆشحاڵییەکی تەواوەوە وەک ژنێکی زەحمەتدیدە، کە پەنای دەستکەوتبێت، پێشکەوتم و لە دالانە تاریکەکەوە تێپەڕیم، دەرگەی ژوورەکەیم کردەوە و وەک ئەوەی پێشتر ئەم شوێنەم بینیبێت، لە تاریکایی ژوورەکەدا تا داگیرسانی شقارتەیەک راوەستام. پاشان لە ڕووناکی نووری چراکەدا، بەخێرایی چاوێکم بە ژوورەکەدا گێڕا، لە هەموو ڕەنگێک و تۆزێک، چەند فلچەیەک و چەند قەڵەمدانێکی تەواو نەکراو لە ژێر تاقێکی بەرزدا پەڕاگەندا کەوتبوون.

مێزێکی بچووک و کورسییەک لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بوو، هەزارپیشەیەکی(*) کۆن لە سووچێکی ترەوە بوو کە دوو مۆمدانی لەسەر

(*) هەزارپیشە: سندووقێکی دارینی تاقتاقە، کە بۆ هەڵگرتنی قۆری و پیاڵە و هەندێک وەردەواڵەی ماڵ سوودی لێ وەردەگیرێ، تا ئێستاش لە هەورامان بەکار دێت و هەمان ناوی هەیە. و

بوو، له تەنیشت هەزارپیشەکەوە چرپایەک بە پێخەفێکی چڵکەسووەوە منی بۆ لای خۆی رادەکێشا. له ماندوویێتیدا خۆم گەیاندە چرپاکە و راکشام. سالآنێک بەپێوە بووم، چەماوە بەگوڵی نیلۆفەرەوە، بەو شێوەیە مابوومەوە، تا ئەو لەسەر قەڵەمدان نەخشم بکات.

پێویستییەکی زۆرم بەراکشان هەبوو، حەزم دەکرد بنووم، چاوەکانم دابخەم و خەوێکی ئەبەدیی بنوم. هەموو زەرەی وجودم لە ئازاردا هاواری دەکرد و ژوورەکەی، بەتایبەت بە ئامادەبوونی ئەوەوە، ئارامییەکی سەیری پێ دەدام، گەرمایی چرپاکەی ئەفسوناوی بوو.. ئاه.. خوای من چەند ماندوو بووم.

سەیرێکی ئەوم کرد کە لە ناو خەرمانەیەک لە نووری چراکەدا، لەسەر کورسییە تەختەکە دانیشتبوو و چاوی بڕیبووە من، ئایا بڕوای نەدەکرد کە من ئێستا لە بەرامبەری، لەدەستیا، لەسەر چرپاکەی درێژ راکشاوم، وا سەراسیمە و حایر ماوە؟ ئایا هەموو ئیرادەی لەدەست دابوو؟ لە زەینیا وتم لە ناخۆشییا پەنام بۆ تۆ هێناوە، نا رێم ون کردووە، دەزانی من خەوگەڕم؟ شەوان لە خەودا رێ دەکەم، بۆ لایەک دەڕۆم، ئەمشەوم هی تۆیە.

ناوچەوانی گرژ کرد و ددانەکانی لێک گیر کرد، وتم نا ئازیزم.. من لە ئاسمانەوە هاتووم، لەبەر تۆ هاتووم، مەگەر هەر ئەمەت نەدەویست؟ باوەڕ بکە نەخەوە و نەخەیاڵ، بڕوانە؛ سێبەری تاقەکەتان لەسەر ناوچەوانم بەڵگەی ئەوەیە کە من لە خەودا بۆ لای تۆ نەهاتووم، ئەی حەپەی ئەو سەگانە نابیستیت؟ ئەو مەلە سەرگەردانە گومناوانە چی دەخوێنن؟ هیچ لە زمانیان ناگەیت؟ کێ بانگ دەکەن؟ پێت خۆشە هەستم

و سـەمـات بۆ بکەم؟ یەک سـەمـای ئاینیی سـاسـانی؟ یان بەلانی کـەمـەوە پێم دانێم و چـەند هـەنگاوێک بڕۆم.. بجـوڵێم؟.. دەتەوێت؟.. نـا ئـەمـەم لێ داوا مــەکــە.. هێندە مــاندووم کــە ئـامــادەم بۆ ســەلماندنـی خــۆم و عەشقەکەم.. تەنیا بمرم.. داوام لێ مەکە بجوڵێم.

له زەینیـدا بەخـۆمم وت، ئەمـە یانـی ژیانی ئەبەدیی، تۆ ئـارام بنویت و من لێت بڕوانم. مـن نووســتم و جــەســتــەم دووری بـە چرپاکـەیدا و لە قـوولایی بۆنی پیـاوانەیدا نوقـوم بووم، هێندە رۆچووم کـە ئەو ناچار بوو داوای کـۆمـەک لە بینایی بکات لە پشت کـاســەی چاوەکـانیـەوە و وەکـو سـوژن جـەسـتـەم بەچرپاکەوە بدورێت، لە دڵمـا وتم ئـازیزی دڵم بەنیگات دام دورە، بـەهـەر شـــوێنێک دڵت دەیخـــوازێ، بـە ژیـان.. بەمـــەرگ.. بەعـەشق.. بە هـەرچییـەک خـۆشت دەوێت.. لە بەرامـبـەر نیگاتدا دەبمە هـەور.. دەبمە دووکـەڵ.. تـابتـوانیت وەک بـا یاریم پێ بکەیت، هـەناسـەی گەرمت بکە بەسـەر جەستەمدا سـەیر بکە چۆن ون دەبم.

لەپـی دەسـتــەکـانم نووســاندبوو بـەیەکـەوە و لـە ژێر رووومـەتم نـابوو، بەقــاچی تێکەڵوپێکەڵ و قـژی بـەردراوەوە بەســەر بالیــفی ســپــیـدا، نەمدەزانی دەمویست چ شێوەیەک بۆ ئەو بنوێنم. تەنیا بەخاتری بینینی دەمـوچاوی، حـاڵەتی شـەیتـانـی و بێگوناهانـەی چاوەکـانـی، هـەوڵم دەدا پێڵوەکانم دانەخرێت، کە چی نەدەکرا. دڵم دەیویست قسەیەک بکات، لێ نازانم بۆچی بێـدەنگ بوو؟ دەیویست تـا کـەی بێدەنگ بمێنێـتـەوە؟ چی ئەوی دەهێنایە قسە؟

تەوێڵی عارەقی کردبووەوە، بەسەرقۆڵی کراسەکەی سڕیی و بۆ ئەوەی شــتــێکی لـەدەست دەرنـەچـێ بەردوام بوو لە نـیگاکــردن. نـەمـدەزانـی لە

شتێک نارەحەت بوو یان بێدەنگ چووبووە ناو مالیخولیاکەی(*)؟ چاوی لە من هەڵنەدەگرت نەکا رابکەم یان بەجارێک وەک تەم لە بەرامبەریدا بڕەوێمەوە. ئایا شێوەی مەرگ بوو؟ شێوەی ژیان؟ یان تێکەڵەیەک لە هەردووکیان؟ بەچاوانی ڕەش و گەورە و لووتی تیر ئاسا و برۆی هێمن و لێوی بچووک و ئەو دەموچاوە سێگۆشەیەی کە بڕیاربوو شتێکی گرینگ، وەک قەترەیەک ئاو لە چەناگەی باریکییەوە بتکێ و پێگەی مرۆڤایەتی دیاری بکات، شێوەی باڵندەیەک بوو نزیک لە مرۆڤ. نەمەرگ بوو، نەژیان، پیاوێک بوو وەک خەیاڵ ناسک، هەم هەبوو، هەم نەبوو. وەک جیوە، وەک تەم، یان هەڵم کە لە دەمی بونیامەوە لە ڕۆژی ساردا دێتە دەرێ و نامێنێ، نامێنێ و هەر کە دەمت ترازان دێتەوە.

بەهەرحاڵ هەڵهاتوویەک بوو کە هیچ کات نەتدەتوانی خۆتی لەگەڵ یەکلایی بکەیتەوە، من لە ماوەی داخستنی چەندجارەی چاوەکانم، هەروا کە سەیرم دەکرد هێور هێور ماندوێتی سەختی ساڵان وەک داروپەردوو ڕژا بەسەر پێڵووەکانمدا.

قاچەکانم بەتەواوی راکێشا، پەنجەی شایەتومانی دەستی چەپم خستە ژێر ددانم و دەستم کرد بەجوینی. دەمویست لە بەرامبەر خەونێکدا کە وەک سێلاوێک رای دەماڵێم بەرگری بکەم، دەمزانی کە

---

(*) مالیخولیا-Melancholia : مالیخۆلیا یان ماخۆلیا جۆرێک نەخۆشیی دەروونییە، کە خاوەنەکەی خۆی لە شێوەی خوا یان پێغەمبەر یان ئاژەڵێک یان هەر شتێکی نائاسایدا دەبینێت. زۆرتر ئەم نەخۆشییە لای خەڵکانێک سەرهەڵدەدات کە زۆر بیر دەکەنەوە وەک پیاوانی زانست و ئەهلی تەسەوف، یەکێک لە نیشانەکانی ئەوەیە کەسەکە هەمیشە حەز بەتەنیایی دەکات، وەک ئەم نیگارکێشەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە. و

نیگا ئاگراوییەکانی بەمنەوە دەدورێ، بە هەموو جەستەمدا دەیگێڕێ، لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، لە تاڵەموویەکەوە بۆ تاڵێکی تر، لە نینۆکی پەنجەیەکمەوە بەرەو بازووەکانم وەک ئەوەی شتێکی گرانبەهای زۆر بچووک لە جەستەمدا ونبووبێت و ئەو دەبێت بیدۆزێتەوە.

ئەو کاتەی کە دەچەمایەوە و چاوی لە روخسارم دەبڕێت، چاوەکانی دەهێنێتەوە یەک و دەیکاتەوە، سەری دەهێنێتە پێش و دەیبردە دواوە، بۆنی بەلەشمەوە دەکرد، هەناسەی لە سنگیا حەپس دەکرد. باش دەمزانی ئێستا کە چاوەکانم داخرابوو، دەیتوانی لە نێوان دوودڵی و دڵنیاییدا؛ لە شوێنێکی ناشوێندا هەڵی واسێ، ئا؟ یان نا؟ لە نەشئەیەکی روحانی پڕ ئاسایشدا کە دوایەمین خاڵی سکی دایکانەی من بوو، یان باوەشی ژنانەم، کامیان؟ گەرمایی لەشی وەک هەناسەی ئەژدیها شێی جلەکان و قژمی هەڵدەمژی و جەستەمی گەرم دەکردەوە، هەناسەی دەلەرزی و دڵی وەک تەپڵ لێی دەدا، تەپڵگەلێکی گەورە و بچووک.. ناهاوڕیتم..

دواتر گوێم لێ بوو تەپڵەکان ورده ورده بێدەنگ دەبوون.. لەنگەری سەعاتەکە جیا دەبووەوە و زایەڵەی گەورەی زەمان لە مۆسیقای دووبارەوە دەهاتە دەرێ و بەهەموو پێچەکاندا تێ دەپەڕی.

دەمبینی کە کوڕە بچووکی پاشا ماسی ئاڵتونیی دەدایەوە بەدەریا، بێ ئەوی بیر لە ئەنجامی خراپی ئەو کارەی بکاتەوە. هەرچی خواردن و شمەکی ناو هەمبانەکانی هەبوو بەسەر ماسیگر و هاوەڵەکانیا دابەش کرد، بەڵام کەسێک سکەیەکی کە متری بەردەکەوت. بەزمەکە لێرەوە دەستی پێ کرد، هەمیشە هەر وادەبوو، کاتی دابەشکردن نوتفەکانیش کۆ دەبوونەوە و لە رەحمێکی گەرمدا گرمۆڵە دەبوون. ئەو شوێنە خاڵی

دەسپێک بوو کە یەکێک بەردێکی هەڵدەگرت و ئەوەندە دەیکوتا بەکەلەی ئەوی تردا، کە ئەستێرەیەک دەکشاو دەسووتا، لە یاری دەچووە دەرێ.

من روون دەمبینی کە کەسێک سکەیەکی کەمتری بەردەکەوت، سەربوردەکەیان گەیاندەوە گوێی پاشا و پاشای نەخۆش لەسەر جێگە بڕیاری مەرگی کوڕەکەی دەرکرد و دەستوری دا کوڕە ببەنە هەمان جێ و لەوێ بیکوژن. دەستەیەک لاوچاک و شۆڕەسواران کوڕەیان هەڵگرت و بردیان بۆ کەنار دەریا، بەڵام نەیانتوانی یان نەیانویست بیکوژن، فیتنەکەیان لەبری ئەو کوشت و کوڕەیان سپارد بەخوا و ئازادیان کرد.

کوڕە کەناری دەریای گرت و ئەوەندە رێی کرد و رۆیشت، کە لە ماندوویێتیدا لە سێبەری گابەردێکدا خەو بردییەوە، لە خەویدا بینی لاوچاک و شۆڕەسوارەکان گیرفانی فیتنە کوژراوەکە خاڵی دەکەن و شاباشەکەی بەسەر خۆیاندا دابەش کرد، بەڵام روون نەبوو کە ئایا جارێکی تر کەسێک سکەیەکی کەمتری بەردەکەوت یان نا؟ وە ئایا کەسێک بۆ سکەیەک دەمرد؟

نازانم چەندێک لە خەودا بوو، کە وا خەواوخەو بووبووم. بۆ ساتێک هەستم کرد کە تەڕاییەکی مزر و شیرین لە دەممدایە و بەگەروومدا تێپەڕی، بۆنی مناڵییەکانم لە "بەیهەق"(*)ەوە کرد. شەراب بوو، بەڵام شەرابی چەند ساڵە کە هێندە مزر و شیرین بوو تا نوکی پێمی گەرم کردەوە، ژیانمییەوە. تۆ تا ئێستا نۆشیوتە؟ خوێن لە دەماردا فوارە پێ دەکات، دەیفڕێنێ، وەک شەمەنەفەرێک کە لە تونێلێکی تاریک و

(*) بەیهەق: لە شارە هەرە دێرینەکانی ئێرانە و پێگەی جوگرافیای دەکەوێتە تەنیشت شاری نیشابور و ئێستا شارەکە ناونراوە سەبزەوار، دانیشتووانی زیاد لە شەسەد هەزار کەسن. و

نەناسراودا دەم بەدەم خێرا دەبێت و دواتر دنیا لە چەرخانە شێتانەکەی خۆی دەخات، ئارام.. ئارام.. چەند سووڕانەوەیەکی دڵگیرە.

نازانم کێ ئەو شەرابەی رژاندبووە زارمەوە؟ ئایا کەسێک لە خەودا مەستی دەکردم؟ یان لە خەونی تۆدا لەگەڵ کەسێکدا هاوپێک بووم؟ یان تەنانەت لەگەڵ تۆدا؟ ئایا کەسێک لە دوایەمین چرکەی ژیانمدا ویستبووی ئەم هەنگویناوە ئەرخەوانییە بە من بنۆشێت؟ تا بەڵکە پەشیمان ببمەوە و بمەوێ دووبارە بۆ دنیا بگەڕێمەوە؟ نازانم کی دابینی کردبوو، بەڵام من، بۆ خالقی ئەو کەسە دروودم نارد.

لە دڵەوە حەزم کرد پاکوتەمیز خۆم بەم فەرامۆشییە رەهاییە بسپێرم، رابردوو لە بیر خۆم ببەمەوە و جۆلانە لە نێوان رۆژگاری نەخش و نیگاراندا بکەم. نا ئەمە مەستییەکی ئاسایی نەبوو، ئەمە وەک ئەوە وابوو کەسێک فڵچەی لە شەراب هەڵکێشابێ و منی کێشابێت.

دەنگی نامۆ دەهاتە گوێم، دەنگی تایە و گالیسکە و زەنگ، دەنگی پێی مەردومانێک کە بەخێرایی دەڕۆیشتن، دەنگی ژنان و کچانێکی گوڵفرۆش، کە زەمیلەی پڕ لە گوڵیان لە قۆڵیان کردووە و لە نێوان خەڵکانی شارێکی دووردا، لە ناو ئەو هەموو هەراوهوریایەدا.. ئارام.. ئارام.. بۆ دڵی خۆیان گۆرانییەکیان دەگوت، کە من بەڕوونی دەمبیست، بەڵام لە زمانیان نەدەگەیشتم. دەنگی ئاسنکوتین.. غەڵبەغەڵبی خەڵک.. لە نێو ئەو هەموو هەراهەرایەدا دەتگوت کەسێک، کەسێک بانگ دەکات، ئایا کەس منی دەخوێندەوە؟ ئەی ئەمانەم لە کوێوە گوێ لێ دەبوو؟ بۆچی هەمیشە هەست دەکەم کاروان رۆیشتووە و من جێماوم؟

دەنگی پیاوانەی پیاوێک دەبیستم کە لە ناخی دڵیەوە قسەی دەکرد و هەوڵ دەدات ژنێک بۆ ژیان بگێڕێتەوە کە دوو مانگ و چوار رۆژ لەگەڵی

ژیابوو. ژنێک بە چاوانی ڕەشی ئەفسونگەرەوە هەموو وجودی پیاوەکەی بۆ خۆی ڕادەکێشا. بە لێوێکی خونچە ئاسای نیوەکراوەی، کە دەتگوت ئێستا لە ماچێکی گەرم و درێژ لێ بووەتەوە و هێشتا تێر نەبووە. بەقژی ڕەش و ئاڵۆزاو کە دەوری ڕوخسارە مانگ ئاساکەی دابوو، بەگەزێیەکەوە کە لە ناوچەوانییەوە هاتووەتە خوارێ، بەکراسێکی ئاودامەنی ڕەشەوە، بەرۆشتنێکی قورس و سەنگین بە لێواری پردی ڕووبارێکەوە ڕێ دەکات.

پیاوێک ڕووەو ڕووبارەکە بەسەر پردەکەدا چەمابووەوە و لەو کورێژکەیەی دەڕوانی کە هەرچەند سەوڵی لێ دەدا قەیاخەکەی نەدەبزوا. دنیا تەم بوو، پیاوەکە بەتەواوی ئیحساسییەوە قسەی دەکرد، لێ ژنەکە گوێی نەدەدایە و من دەنگی دوورکەوتنەوەی پێیم لە پردەکە هاتە گوێ.

دەنگی ئاه.. ی پیاوەکەم گوێ لێ بوو، دوای دەنگی کەوتنە ناو ئاوێکەوە. ئەو کاتە بوو بەگەڕەلاوژێ، نەمتوانی بزانم چی بووە، ئەم شتانە.. ئەم دەنگانە من بێ تاقەت دەکات، دەمگەیەنێتە سەر ڕازی ئەفسانەیەک کە لە پەی پێ بردنیا داماوم.

لە کاروانێ لە ڕەنگ و قەڵەمدا، لە نێوان نیگار و نیگارخانەکاندا دەست بەدەست و شار بەشار دەگەڕام، لە شوێنێک؛ پیاوێک تابلۆکانی یەک یەک هەڵدەگرت و لەولاتر دەیخستنە سەر یەکتر، ئەو پیاوە باوکم بوو. دەمزانی ئەوە باوکی من نییە، لێ باوەڕم هێنابوو باوکم بێت. وەڕەوەڕی سەگێک دەبیستم.

پیرەمێردە قەمبوورەکە قاچەکانی کۆ کردووەتەوە و لە عەبا خورییە وشترییەکەیدا گرمۆڵە بووە، شاڵێکی لەسەری ئاڵاندووە و بیبەر

دەخوات. بەچاوی حیزەوە سەیری نیگارەکان دەکات و بەئاماژەی دەست ڕەتی دەکات. من لە ژێر درەختێکی سەروو، لە کەناری جۆگە ئاوێکدا وەستابووم و باقلّم نینۆکی پەنجەی شایەتومانم دەگەست.. بیرم نایات.

ئەم جارە قەمبوورەکە تابلۆکەی ڕەت نەکردەوە و وەستا.. سەری هێنایە پێشێ و هێنایە پێشێ و بەهەمان شێوە چاوی بڕییە من. ئەو پیاوەی کە باوکم بوو، نیگارەکەی بەرز کردەوە، عارەقی کردبووە و بە ڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە، چاوەکانی دەرتۆقیبوون و ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد. قەمبوورەکە دەستی بەرز کردەوە تا تابلۆکە ڕەت کاتەوە، کەچی وەک ئەوەی پەشیمان بووبێتەوە دەستی هێنایە خوارێ، باوکم مۆڕەیەکی لێ کردم و وتی "گوڵێ بچنە و پێشکێشی جەنابی ئاغای بکە"

من دەمەوچاوم لە قەمبوور دابووبەیەکدا، باوکم داگیرسابوو دانەکیرەی دەکرد، دەتگوت ددانی لە زمانی گیر دەکا، دڵۆپی گەورەی عارەق لەملا و لای دەمەوچاوییە سەریان دەردەهێنا و سەرەوژێر دەخلیسکان. لە ترسا چەمیمەوە و نیلۆفەرێکی شینم چنی و دامە قەمبوور، ئەو پەنجەی حیرەتی لە زار نابوو، نەیدەتوانی چاو لە من هەڵگرێت، شەپۆلێک لە هەستی ڕازیبوون لە ڕوخساریدا نەخشی بەست، دەستی بەباخەڵی داکرد و چەند سکەیەکی سەردەمی دەقیانووسی دەرهێنا و دای بەباوکم.

باوکم تەعزیمی کرد، پیرەمێرد بێ ئەوەی شتێک بڵێ تابلۆکەی ڕاپسکاند و پێکەنی، پێکەنینێکی وەحشەتناک کە خەونی لە بونیام حەرام دەکرد، وەلێ من گوێم نەدەدایە، بەڕێکەوتین و بۆ ناو خەونی تۆ هاتین. ئەو شەوە یان ئەو ڕۆژە تەم و بارانییە، لەو هۆدە و هەیوانەدا بووینە ژن و مێرد، چرپامان ڕووی عەردی ژوورێکی کۆنبوو. برای

قەمبوور پێی لە عەرد دەکوتا و هاواری دەکرد، کە تۆ سەیرت کرد، من دەچووم بۆی و دوو شەپازلەم سرەواندە بناگوێی، بەڵام خۆ بێدەنگ نەبوو. ئێمە چەندێک شتی چڵکنمان هەبوو، هەرچەند دەمشۆرد تەواو نەدەبوون، دەمشۆرد و دەمچۆڕاندەوە.

پاشتر کە تۆ لە خەو رابوویت، کەسێک فلچەی لە شەراب هەڵکێشا و منی کێشا، چاوەکانمی رەشتر کرد، وەها لە هەرچییەک بڕوانم ئاگری تێ بەردەم، پێڵووەکانم قورستر و وەک داروپەردوویەکی ژێر باران داچەکی بوو. دواتر دەستێ هێنرا بەقژمدا و بەهێواشی ئەگریجەمی نەوازش کرد، پەنجەگەلێکی لەرزیو بەقژمدا رۆیشت و خەونمی قوڵتر کرد، تەنیا بۆ ساتێک توانیم تێ بگەم کە زەمەن رۆیشتووە.

زەمەن رۆیشتووە و من هێشتا لە ژوورەکەیدا، لە هێجگار ماندوویێتیمدا بەناو جێگە گەرمەکەیدا دادووراوم. دەنگی هەناسەیم هەست پێ دەکرد، دەمزانی کە بەسەرمدا چەمیوەتەوە، وەک ئەوەی بەنیگای جەستەم بکاتە خۆڵەمێش و بە هەناسەکانی روحم بداتێ.

هەموو توانامی لێ زەوت کردبووم و منی بەچرپاکەوە دادووری بوو، دەستی بردە یەخەمەوە، پەنجەکانی سەیر گەرمبوون و من دەسووتام، بێ ئەوەی هەستی کاردانەوەیەکم هەبێت، تەنیا دەنگی هەناسە لەرزیوەکانیم دەژنەفت، خۆم دابوو بەدەستەوە، بەڵام بۆ ئارامی زەینم بەدوای دەنگێکی ئاشنا لە ساڵانی دواتردا دەگەڕام، دەنگێک کە بتوانێت خەیاڵم لە جێگەیەکەوە هەڵبگرێت و بیبات بۆ جێگەیەکی تر، کوڕێک بڵێ: پەروانە! و من لە شەقەی باڵ بدەم و بەرەو رووی بفڕم.

هەمیشە عاشقی دەنگی گارمانی(*) روسی بووم، ئێوارەیەک

(*) گارمان: ئامێرێکی مۆسیقییە لە شێوەی ئۆکۆردیۆندایە. و

زەردەپەڕ، چوومە بەهارستان، لە ڕێگە لەودیوو شـووشـەکانی قاوەخانەی "لەقـانتـە" چاوێکم گـێـڕا، دەمـوچاوی ئاشـنایەکم تێـدا نەبینـی، بەڕێی خـۆمـدا ڕۆیشـتم، لە بەردەم چایخـانەیەکدا کە کورسـییـەکانـی لەسـەر شۆستەکە دانابوو وەستام، چایچییەکە قـەڵایەک پیاڵەی لەسـەر دەستی هەڵچنی بوو، بـەنێـوان مێـزەکاندا دەسـووڕایەوە و یەک یەک دای دەنان، هـەزار پیاڵە وەک پەڕی تاوسی مەست.

لە دڵی خـۆمـدا وتم ئەگـەر هەڵنوتا؟ بـەڵام ئەو چایچـییـە یەک چاوە لە کـاتێکدا بنێشـتی کـوردی دەجـوو، کـەمـەری کـەمێ قـەوس کردبووەوە و خـۆی وەک پیـاڵەی کـەمـەر باریک خـوار دەکردەوە و بەنێـوان مـێـزەکـاندا دەهات و دەچوو. ویستم دانیشـم و چایەک بخۆمەوە جێ نەبوو، ڕۆشتم.. بەدەوری مـەیدانەکەدا سـووڕامەوە و چاوێکـم بە گوزەری "شـادومـانی"دا گـێـڕا. چـەرداغی دووکـانەکـان پەردەی ڕەنگاوڕەنگ بوو. لـە بەردەم نووسـینگەی "شـادومـانی چـەشم ئازەر"دا وەسـتـام، لە دوای خـەڵکەکـەوە سەرێکم کێشا تا بۆ ژەنیارانی ئەو ئاوازە خەمگینە درود بنێرم.

دوو ژەنیـار بەجلی نوێوە، کـە دیاربوو تازە کـڕیبـوویان و لەبـەریاندا هـاواری دەکـرد، لە بەردەم دووکـانەکـەدا وەسـتـابوون و ئـەو ئاوازە شـادەیان دەژەند، کـە زۆر خـەمگین بوو. یەکێکیـان گـارمـانی دەژەنی و جـارجـاریش بەویقـارەوە کـەمـەری بۆ بادەدا و ئـەوی تریشـیـان بـاڵەبانی فوو دەدا.

نەوایەک بوو داڵغـەی قووڵ دەبردم، هەسـتم دەکرد پێشـتر بیسـتبێتم، ئایا ئەوە وەک لایلایەکانی دایکم بوو؟ یان لە عـاشـقـە ڕاگوزەرەکـانەوە بیسـتبووم؟ ئـایا ئەوە هەمان ئاوازێ بوو کـە لە ڕۆژی زەمـاوەندەکەمـاندا لێیـان دەدا؟ لەپڕ هـەسـتم کـرد ساڵانێک دواتر پیاوێکی نابینا لە بەردەم

قـاوەخـانـەی "فـیـردەوسـی" ئەم ئاوازە دەژەنێت؛ ئەی ڕۆژگـاری نەخش و نیگاران!

ئارامـبـووم و گـوێم شل کـرد، حـەزم دەکـرد دانیـشم کـەچـی ئەوەندە بەپێـوە وەسـتـام شـەو داهات. ناچاربووم بگـەڕێمـەوە و خـۆم تەسلیـمی هەناسە لەرزیوەکانی ئەو بکەم.

لە باخـەڵـمـدا نوسـتـبـوو، دەیویست لـە وجـودی مندا پەنـای دەست بکەوێت.. ڕەفتاری ناشیـیانە بوو ڕەنگە سـەری لێ شێوابێت، لە خۆیدا گرمـۆڵە بووبوو، بۆنی قژی دەکردم، دەسـتی دەخـسـتـە ناو دەسـتمـەوە و دیسـانەوە دەسـتـی بەرەڵڵا دەکـرد، نەیدەزانی چی بکات. دەمی تـامی سکەی سـەردەمـی دەقـیـانووسـی دەدا، تامی وەک کـافـور سـارد بوو، هەرچـەندی دەکـرد نـەیدەتوانی بـەر بەو لەرزینـە مـەسـخـەرە ئامـێـزەی بگرێت.

لەرزنەبوو، گرژبوونێک بوو لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سـەری گرتبوو، نازانم بۆ نـەیدەتوانی بەسـەرخـۆیدا زاڵ بێت. وەک کـەسـێک کـە نیـازی نابوودکردنی خـۆی هەبێت، وەک ئەو فـیـداییـیانەی خـۆیان لە قـەڵاکانەوە بۆ بنکی هەڵدێرەکـان فـڕێ دەدەن، وەک پێـشـمـەرگـەیەک کـە ئەڵقـەی نارنجـۆکـەکـەی ڕادەکـێـشـێت و کـورکـورِ خـۆی هەڵدەداتە بـاوەشـی قـوربانیـیـەکـەی، وەک هەنگێک کـە جـزو دەوەشـێنێت و خـۆی دەمـرێت. تەواوی خوێنی ڕەگەکانی لە یەک خاڵدا فوارەی کرد و مرد.

بەڵێ مرد.

ئیـتـر درۆ نەبوو، ئەوەی کـە فـلـچـەی لە شـەراب هەڵدەکـێشـا و منی دەکێشـا، ئەوەی منی لەم قـەڵەمدانەوە بۆ ئەو قـەڵەمـدان کۆچ پێ دەکرد،

ئەوەی کـە دیلی تـابلۆیەکی خـۆی بـووبوو، ئێـسـتـا منی عـاشـقی خـۆی کردبوو خۆی مردبوو، لە باوەشی مندا مردبوو.

دەسـتم لـە روخـسـاری دا، تا ئەو کـاتـە کـەسم وەها سـارد نـەدیبـوو، دەتگوت لە تەرزە دروسـتـیـان کـردووە، وێرانکەر و سـارد و بێـڕەحم. دەمتوانی چی بکەم؟ دەستی کە بەسینەی رووتییەوە بوو، بەرزم کردەوە و بەرمـدا، دووبارە کـەوتەوە سـەر سـنگی. خـۆم خسـتـە لاوە و لە دڵەوە قـیـژاندم، بەڵام دەنگێکم لێـوە دەرنەهـات، لە چرپاکـە هاتمە خـوارێ و سـەیرێکی دەوروبەرم کـرد، شـتـێک کـە بەمن ئاشـنابێ، نەبوو، جگە لە چەند قەڵمـدانێک کە نیگاری شێـواوبوون و نەخشی سەربەرگەکانیان بە نیوە ناچڵی مابووەوە.

چراکـەم خـسـتـە سـەر کـورسی تەنیـشـت چرپاکـە و لـەوم روانی، مردوویەک لە رووناکی چراکەدا پەرش دەبووەوە و من نەمدەتوانی بەر بە رۆیشتنی کـات بگرم. ئەو رۆیشـتبوو من مـابوومەوە؛ مرۆڤێکی بەدبەخت و سـەرگەردان کـە نەیدەزانی دەبێت چی بکات.. بەدبەخت.. بەدبەخت.. بەدبەختیـەیە. ئایا ئەگەر من عـاشقی نیگارکێشێکی تربامـایە رۆژم بەم رۆژە دەگـەیشت؟ بۆ ئەنجـامی عـەشق ئەم هـەمـوو نەگـبـەتی و وێرانی و بەدبەختییە؟ دەبوو پەنام بۆ کوێ بردبا؟ بەکێ بڵێم؟ خۆ من کەسم نییە.

شـەویش لە نیـوە تێ پەڕیبـوو، جگە لە حـەپەحـەپی دووری سـەگەکان، هیـچ دەنگێکی تر نـەدەهات، سـەرگـەردان لـە ناوەڕاسـتـی ئەو ژوورە نەناسـراوەدا وەسـتـابووم، رێک بەو جـۆرەی کـە منت لە خـەونـتـا دی. هەمووان سـەرگەردان بوون، نە تریشقـەیەک، نە ئەسپێک، نە مـاشێنێک، هیـچ.. هیچ.. خـەڵکێکی نەنـاس، ئاپۆرەیەکی مـەزن، سـەرگـەردان روو بەلایەک کە نەیاندەزانی کوێیە، حەیران بووبوون.

ئەو کــاتە یـەکـێک لـە مــامــەکــانـی من کـــە ســاڵانێک لەوەوبـەر لە جەنگەڵەکانی هیندستاندا بەتیری ژەهراوی خێڵەکییەکان بەدرەختێکدا هەڵواسـرابوو، گـەنجـانـە و گـوسـتـاغ بەرەو رووم هـات و منی بەســەر پردەکـەدا پـەڕاندەوە کـە هەردوو لای ســەر شــار بوو لـە مـردووەکـانی مێژوو. منی قەڵادۆشکان کردبوو، وەکو بـا بەنێوان مردووەکاندا بازی دەدا، دواتر چووینە گۆڕستانێکی پڕ گوڵ و درەختەوە. لە هەموو جێیەک گوڵێک، درەختێک، گیایەک خۆڕسکانە روابوون و رووی گۆڕەکـانیـان داپۆشی بوو، شوێنێک بوو کە ئەسڵەن لە گۆڕستانی نەدەکرد، زۆرتر لە مەرقەدی ئیمامزادەیەکی پیرۆز دەچوو.

چووینە ژێرخانێکەوە کە پەیکەرێکیان لە ناوەڕاستدا لەسەر تەختی بەردێ دانابوو، شـمشێرێکیان کردبوو بەسکیدا و پەردەیەکیان پێدا دابوو، وتم "ئێمە سەردەمێک پەیکەریشمان هەبوو؟" دەنگی لەرزیوم لەو ژێرخانەدا شەپۆلی دا و گەڕایەوە بۆ خۆم، سەرم خستە ناو دەستەکانم و لە لەرزی دەنگی خـۆم کـەوتمە لەرزین. دەنگی سـامناکی پێکەنینی قەمبوور بوو، دواتر کە پێکەنینەکە نەما دەنگی من وتی "ئەمە پەیکەر نییە، ئەمە لاوێتی تۆیە" دیسانەوە دەنگدانەوەی دەنگی خۆم گەڕایەوە لام و قەمبوور پێکەنی.. وا پێ دەکەنی کە من ددانەکانم هەڵوەرین، دەستم بەدەممەوە گرت و ددانەکانم هەڵڕشتە دەرەوە.

سەرم هەڵبڕی، تۆ لە بەردەم پەنجەرەکەدا وەستا بووی، من هەوڵم دا وەها لێت بڕوانم وەک ئەوەی نەمــــدیبی، ئاوڕم دایەوە دەرگــــەیەک جــیــڕەیەکی وشکی لێ هاتوو کـرایەوە، چەند کـەسـێک لەوێ بوون، هەستام و رام کرد، ژێرخانێکی تربوو هەڵمی ئاوی گەرم تێیدا شەپۆلی دەدا. لەسـەر تەختی بەردێک لە ناوەڕاستی ژێرخانەکەدا، ژنێکی گەزی

ڕەش نوستبوو، لە خەوی تۆدا هەمووان ناوی ئەو ژنەمان دەزانی، بەڵام کەس ئەمەی بە ئێمە نەوتبوو، دەمێکبوو دەمانزانی.

چاوانێکی گەورە، لێوانێکی گۆشتن و خونچەیی، دوو گۆنای دەرپەڕیوی هەبوو. چ گەنج و تازە بوو، دەتگوت ئەسڵەن ئەمە نەمردووە، خەوتووە. ژنێکی لوسیان لەسەر ئەو بەردە خەواندبوو دەیانشۆری، تەڕ و تازە و نەرم. هیچ کەسێکم لەوێ نەدەناسی، سەرگەردان بووم، ڕێک لەو کاتەدا تۆ شێتانە لە خەو ڕاپەڕیت و وتت "سەرمامە" و زارڕەترەک و تۆقیو لە چواردەوری خۆت ڕوانی. من سەیرم کرد ئەو لە ژێر ڕووناکی چراکەدا بەخەونی هەزاران ساڵەی مەرگدا ڕۆچووبوو، ژوورەکە بۆنی ورگێکی غەرقبووی ئاوساوی لێ دەهات. لە چرپاکەوە سەرمای مەرگ بەرز دەبووەوە، سەرمایەک کە هی هەوا نەبوو، سەرمایەک بوو لە ڕوحی ئەم ژوورەدا هێلانەی کردبوو، دەیویست بۆ دەرەوە تەشەنە بکات، وەک ئەوەی هێزێک منی هێشتبێتەوە کە لە ناوەڕاستی ئەو ژوورەدا بووەستم و گەردگەرد سەهۆڵ بکەم.

باوەشم بەخۆمدا کرد و لە ڕووناکی چراکە ڕامام، تۆ تینوت بوو.. ئاو.. ئاو.. لێوەکان وشک بوو، بەڵام لە ترسا نەتدەتوانی جووڵەبکەیت.. ترسێک زیاتر لە هەراسانی لە مەرگ، یان لە لەتبوون. گڵۆپێک پرتە پرتی دەکرد، گڵۆپێکی سووروەنگی نیۆن، شار لە نیۆنی پڕوپاگەندەکاندا هەڵدەبوو دەکوژایەوە، لە دوورەدەستیش سەگێ دەوەڕی، ئەمانە ڕەنگە نیشانەیەکی باش نەبووبێ، لەرز کەوتە جەستەت و هەناسە لە سنگتا حەپس بوو. بەزەینتا هات "من سەرمامە" ئیتر هیچی ترت بیر نەکەوتەوە، دەستت برد بۆ تاقە بچووکی تەنیشت چرپاکە، پەرداخێکی نیوە مەشروبت هەڵگرت، لە بۆنی تیژی ئەلکهول

سڵمیتەوە، لێ بەسەرتەوە نا و لەرز گرتیتی.. سارد و تاڵ بوو.. تامی گۆشتی مردوویەک لە زارتدا مایەوە کە یەک جار کەسێک لە خەودا خستبوییە زارتەوە.

بەکۆڵانی ئاواییەکدا دەڕۆشتی کە دووکاندارەکانی مردووەکانیان وەک جل بەتەنیشت یەکەوە بەقولابدا کردبوو، پارچەیەکی سپییان دابوو بەسەریاندا و بەهەریەکەیانەوە ژمارەیەکیان چەسپ کردبوو، سەیری هەر دووکانێکت دەکرد، دووکاندارەکان لە پشتی مێزەکانیانەوە لە چاوەڕوانی کڕیاردا دانیشتبوون.

گەیشتیتە دووکانێکی گەورە و دڵگیری دوو دەرگە کە هی مامت بوو، هەمان ئەو مامەی لە بیست و یەکساڵیدا جوانەمەرگ بووبوو، هەنوکە پیرتر دەهاتە پێش چاو، بێ بازاڕی برستی لێ بڕیبوو، چوویتە دووکانەکەوە و خەریکبووی سەیری ژمارەی سەر مردووەکانت دەکرد، کە کەسێک بەکێردێکی گەورە پارچەیەک گۆشتی لە بازووی مردوویەک لێ کردەوە و خستییە دەمتەوە.

دەستت کرد بەجووینی پلەگۆشتەکە و لەوێ هاتیتە دەرێ، گەیشتیتە مەیدانێک کە گۆڕێ لە ناوەڕاستیابوو، گۆڕێکی هەڵتۆقیو لە زەوی، گۆڕێک کە دەرگەیەکی ئاسن لەلای راستییەوە بوو چەند قفڵێکی پێوە هەڵواسرابوو، کە لێوەی دەتوانرا کۆنترۆڵی هاتوچۆ بکرێت.

لە گۆڕەکەوە دووکەڵ هەڵدەستا و کەس لەو ناوە نەبوو، سەگێک لە دوورەدەست دەوەڕی، دەنگی ئاسنگەری دەهات، وەک ئەوەی کەسێک بەیەک ریتم ئاسنێک بەسندانێکدا بکوتێت، لە خەوەکەدا ئەو شارە ناوی "بەیهەق" بوو، شارێک کە نەتدەزانی لەکوێی نەخشەی جوگرافیایە.

گۆشـتە تاڵەکەت دەجـووی و قـوتت دا، بۆی گـەنین چووبووە سـەرتەوە، نەتدەزانی چی بکـەیت، نـاچار لە خـــەو ڕاپەڕیت و تا چـەند رۆژێک ئەم تامـە تـاڵ و بۆگەنە لە دەمـتـا بـوو. دووبارە پەرداخـەکـەت بەرز کـردەوە و دوا قـەترەیت خـسـتـە سـەر زمـانت، زمـانێکت هێنا بـەلێـوتا و خـۆت هەڵخوراند.

لە پەنجەرەوە رووناکییەکی کز دەهات و گڵۆپە نیۆنەکان بەشێوەیەکی نارێک هەڵدەبوون و دەکوژانـەوە، ئاوڕت دایەوە روخسـاری ژنەت لەسـەر چرپاکـەی تەنیـشت خـۆتـەوە بینی، چاوانی چەمـاوە و هـەڵئـاوسـابوو، برژانگی درێژ، گۆناکانی پڕ و ناوچەوانی بەرز، برۆی پێوەست و باریک، لێـوی گـۆشتن و نیـوەباز، قـژی رەشی ئاڵۆزاوی دەوری رووی بەسـەر سـەرینەکـەدا پەخش بووبوو، سـەرچەفـێکی سـپی دابوو بەخـۆیدا و دەتگوت لەسـەر زەمـینی جـەمـسـەرەوە هـاتووە و هیـچ سـەرمـایەک کـاریگەری تێ ناکـات، ئارام نوسـتبـوو، بەحـاڵەتێکی خـەمگین و شـاد، شـادییـەکی خـەم ئەنگێـز، تێکەڵەیەک لە خـۆشـیـیـەکی سـەرکـەشـانە و دڵتەنگییەکی پڕ لە گەمژەیی.

بە حەوت قەڵەم ئارایشی کرد و بێ ئەوەی هیچ گرینگییەکت پێ بدات، دەهات بۆ سۆراخت. ئایا فریشتەیەک بوو رەفتاری قەحبەکانی دەنواند یان قـەحبـەیەک بوو کـە جـارجـار دەبووە فریشـتـە؟ وەخـتـێک لەسـور ستاندەکە سەرقاڵی نیگارکێشان بوویت، دەهات بەسەرتەوە دەوەستا و ئەملا و لای دەکرد، سـەرەنجام دەیگوت "باش فێری فێـڵەکەی بووی.. هەر من دێمە ئێرە، تۆ نیگارکێشان دەکەیتە بەهانەیەک و خۆتی پێوە سەرقاڵ دەکەیت.. ئاخر ئەم نەگبەتە چی هەیە و من نیمە؟"

وێنـەکـەی منی دەوت، وێنەکـەمی لەسـەرو گـۆشـەی سـتـاندەکـەوە

هەڵپڕوچاند و دڕاندی "نەگبەت.. ئەمە ئەگەر زیندووبووایە ئێستا لە تەمەنی نەنکما دەبوو.. ئەم هەموو توحفانەت کێشا چی و کرد بەچی؟!"

وتت "لاچۆ.. سەر مەخەرە سەرم، تۆ نە دەبیت بەمۆدیل دانیشیت تابلۆیەکت بکێشم و نە لێش دەگەڕێی تابلۆی خەڵکی تر بکێشم.. ئەرێ من چی بکەم؟". لە لێواری چرپاکە دانیشت، سەری بەلای شانی چەپیدا لار کردەوە "باش.. وەرە من بکێشە"

تۆش ئەوەت لە خوا دەویست، بەڵام وەک هەمیشە تا تۆ هاتی قەڵەم بەپەردەدا بخشێنیت، ئەو ملی نابوو رۆشتبوو.

لە بەرچاوی بێگانەکان، لە پێش چاوی ئەوانی تر وەها رەفتاری دەکرد، کەوایان دەزانی یەکێک لە فیداییەکانی تۆیە کە ئامادەیە گیانی لە رێتا ببەخشێت، بێ ئەوەی خۆی بەلاوە گرینگ بێت. کەسێکە رێزی تۆ و بەهای هونەرەکەت دەزانێ، هاتووە تا لێ نەگەڕێ تۆ خۆت بیربچێتەوە، چی دەخۆیت؟ چی دەخوێنیتەوە؟ چی دەپۆشی؟ ئایا کەس خەمی تۆی هەیە؟ بەڵام ئەو فریشتە قەشەنگە دەبەنگێکی تەواو عەیار بوو، دەبەنگێک کە هیچ بەهایەکی بۆ خۆتان و هونەرەکەتان دانەدەنا؛ قەشمەریی پێ دەکردی، ئازاری دەدایت و کاتێکیش تۆ لە ئازاردا لوول دەبوویت و لە گۆشەیەکدا دادەکەوتی، ئەو گوڵ گوڵ شکۆفەی دەکرد و بەخۆشحاڵییەوە جێی دەهێشتی. وەک موعتادێک کە لەوپەڕی پێویستیدا بەدوای تلیاکدا رادەکات و لە کاتی نەشئەو کەیفیشدا، پاش مژی قووڵ و درێژ لێی هەموو نەفرەتە کۆنەکانی دەمرن و ئنجا نەفرەت دەنێرێت بۆ دنیای کەیف و نەشئەش.

رەنگە هەموو شتەکان بگەڕێتەوە بۆ ئەو واقیعە تاڵەی کە قەمبوورەکان تلیاکیی بوون و ئێمەی قەڵمدانی هەموو عارەقخۆر. بەڵام

زۆری نەخـایاند کە ئێـمەش تەزریقیـی(*) بووین، رووممـان کردە هێـرۆین و مۆرفین و وەک یەکمان لێ هاتەوە.

پرسیم: "ئەو بێدەنگییە چەند ساڵەیەی تۆ، جوڵەیەکی سیاسی بوو؟"

لە خـەونتـا وتت "چەندین تابلۆی تەواونـەکراوم هەیە، ئەگـەر ئەوەندە بوارم..."

نەمدەزانی چۆن دەتوانی بەرگەی ئەو حاڵە بگریت، ئەو هەمـوو نیگارە تەواونەکراو، ئەو هەمـوو سوکایەتییە، ئەو هەمـوو گۆشەگیرییە.. تەنانەت بیـرت چـووبـووەوە سـەرێک لە کـۆڕ و کـۆمـەڵێک بدەیت و قسـانێکیـان بۆ بکەیت، کـە هەندێکیـان لە تاو ئازار پێچ بخـۆن. گاهێ لە ماڵ دەچـویتـە دەر، چەن تابلۆیەکی کۆپیت دەخستە ژێر باڵت و رادەستی دووکانێکت دەکرد لە شـەقامی "مـەنوچەهری" پارەیەکی نانەسکیـانەت وەردەگرت و بەهەمان رێگەدا دەگەڕایتەوە.

شـتهایـەکت کۆپی دەکرد کە تاقـەتی دووبارە سـەیرکردنی ئەوانیشت نەمـابوو؛ پۆترێتـێک، چەمـەنزارێک، گـوڵێک، ئەسـپـێک. لەم کـۆپی کارییەدابوو کە من تۆم بینی. کاتێک پۆترێتی منت دەکێشـا، لە تەواوی ئەو کاتـەدا بیرت لەوە دەکردەوە کە ئێمـە یەکتریمان لە شوێنێک بینیوە، رەنگە پێش ئەم ژیانە ئێمە یادەوەرییـەکمان لەگەڵ یەک هەبێت و ئێسـتا کـەسمـان بیـرمـان نەمابێت.. خوایە لە کام چەرخی مێژوودا یەکترمـان خۆش ویستووە کە هەرچەند سەیرت دەکەم تێر نابم.

وتم"هەمـووان وا دەزانن تۆ مـردوویت، مـنیش هەندێ جـار وا گـومـان

(*) تەزریق: بەمـانای دەرزی لێدان دێت، تـەزریقییش بەو کـەسـە ئاڵودەبووانە دەوترێت کە لە رێگەی دەرزییەوە مادە هۆشبەرەکان بەکار دەهێنن. و

دەکەم.. بەڕاست تۆ مردوویت؟"

وتت "ئێمە قەدری خۆمان لەدەست داوە.. ئێمە کەوتوین"

"دەنگۆی ئەوە بڵاوە لەسێدارە دراویت.."

"ناوی ئەم شەقامانە گۆڕاوە.. لەوەدەچێت شەڕ بووبێت.. چووزانم"

سەروقژت سپی بووبوو، چەند تاڵێکیش کەوتبووە ئەو سمێڵە قینجەتەوە، ئیتر شەکەت بووبوویت و مەرگی ئەوت بە ئاوات دەخواست، من بیرم لە ژیانی پیاوێک دەکردەوە کە لە باوەشما گیانی سپاردبوو، تۆش لەمەرگی ژنێک کە بووبووە فیگەری کارەکانت، بەهەمان شێوە من عاشقی هەنگێک بووبووم و تۆ عاشقی قەحبەیەک؛ ژنێک کە دەهاتە بەردەم ستاندەکەت و دادەنیشت، کە چی بواری وێنەکێشانی نەدەدایت. سێوێکت دەدایە دەستی و بەشۆڕ و شەوقە منداڵانەکەتەوە دەستت پێ دەکرد، کەچی پاش چەند چرکەیەک دەتبینی سێوەکەی خواردووە و خەوتووە.

"ئەی من چی بکێشم؟"

"زۆر باشە.. بکێشە؛ سێوێکی خوراو و ژنێکی جوان، کە خەریکە پشوو دەدا"

"بڕوانە؛ تکا دەکەم ئەزێتم مەدە، پێنج دەقیقە بەو شێوەیەی کە وتم لەسەر لێواری چرپاکە دانیشە، تا من سکێچە گشتییەکەت بکێشم دوایی پشوو بدە، وەرە ئەم سێوە بگرە، بەس مەیخۆ"

ئەو سێوەی کە دابووتە دەستی فڕێی دا و بەنیگایەکی خەمگینانەوە جێی هێشتیت: "بەغیل.. تۆ حەقت چییە من سێو دەخۆم.. حەز دەکەم خڕوخۆڵ بم. چاوەبۆقەکانتم لێ دەکەیت بە بەچوار چاو؟"

"باشە بیخۆ، بەس دوایی.. ئێستا بهێڵە ئەم تابلۆیە بکێشم"

نەیهێشت. وتت بێت لە تەنیشت پەنجەرەکەوە بووەستێت و بەدەست پەردەکە بگرێت بەشێوەیەک کە وادەرکەوێت خەریکە زۆر بەتامەزرۆییەوە لە دەرەوە دەڕوانێ، شانی هەڵتەکاند، لچێکی هەڵقورچاند و بەبێ مەیلییەوە چووە قەراغ پەنجەرەکە.. تیامابویت لە کوێوە دەست پێ بکەیت، بۆ سێبەر و رووناکی دەمووچاوی لە چ رەنگێک سوود وەربگریت.

قەڵەمت لە رەنگ هەڵکێشا و هێڵی بناگوێیت کێشا، قژی رەش و پڕ، برژانگی درێژ و هەڵگەڕاوە، بوەستە.. بوەستە.. نەیهێشت. ساتی دواتر پەنجەرەکەی کردبووەوە و لەگەڵ رێبوارێکدا سوعبەتی دەکرد "هێی خاڵە.. ئەستێرەکانی ئاسمان چەند دانەن؟"

ئەو خۆی شۆڕ کردبووەوە و تۆش لەسەر کورسییەکی بچووک بەخۆتدا رۆچووبوویت و بیرت لەو چەندهێڵە بێ مانایەی سەر تابلۆکە دەکردەوە. دواتر کە ماندووبوو گەڕایەوە سەر تەختەکە و راکشا و وتی "بمبەخشە، هۆشم نەبوو.. وەرە هەرجۆرێک دەتەوێت بکێشە"

بەڵام تۆ ئیتر تاقەت و حەوسەڵت نەمابوو، رەنگەکان لە ناو رەنگدانەکەدا وشک بوونەوە و سەرت زۆر دەئێشا، لەسەر عەردەکە دانیشتی و سەرت خستە ناو دەستەکانتەوە، چای بۆ هێنایت و هەوڵی دا ئاشتت بکاتەوە، وەلێ نەیتوانی، وتی "پیاو دەبێت جۆش و خرۆشێکی هەبێت، یانی چی دانیشێ و بگری؟ بەتۆش دەڵێن پیاو؟ هەستە قایشەکەت بکەرەوە و بکەوەرە گیانم، شین و مۆرم بکەرەوە.. لێم دە و لێم دە.. جوانم کە"

بۆ ئەوەندە سوربوو کە لێی بدەیت؟ ریشەی ئەم خۆئازاردانە لە کوێوە هاتبوو کە بەر قایشت دەدا قاقای دەکێشا و دواتر وردەوردە ئارام و دەستەمۆ دەبوو؟ چی وای دەکرد روحت ئەشکەنجە بدات و ناخۆشترین قسە لە زاری بێتە دەرەوە و کاتێکیش کە زۆر ماندووی کردی، کوتەککارییەکی باش بەخۆی بگەیەنێت و سزای رۆژێکی تاڵ و رەش وەربگرێت، ئەلحەقیش وەری دەگرت. هەر کە دەستت بۆ قایشەکەت دەبرد، ئاهی دەکێشا و وەکو مار تێتەوە دەئالا، ئەژدیهایەکی سووتێنەر و خۆڵەمێشکەر بوو.

ئەوەندە تابلۆی تەواونەکراوت هەبوو کە نەتدەزانی چییان لێ بکەیت، وەک خواردنە نیوە خوراوەکان، جارجار بیرت دەکردەوە هەموویان فڕێ بدەیت و خواردنی نوێ دروست بکەیت، نا ئەسڵەن هەر دروستی نەکەیت. یەک نان و پەنیر و سەوزەی سادە، هەموو ئەو خواردنە تەواونەکراوانەی دەهێنا.

ئایا دەشیا تۆ بەدوای کەسێکەوەبیت، کچێکی سادە و لادێی کە تەنیا بڵێت: بەسەرچاو؟

"سەیرکە ئازیزم.. ئیتر حەز ناکەم بێیتەوە ئێرە، ئەمەش حەقی مانگانەکەت و بڕۆ "

"تۆ بڕۆ.. من کوێم هەیە بۆی بڕۆم؟ حاڵم لە ماڵی خۆمان شێواوە.. من ئێرەم زۆر خۆش دەوێت"

"ئەی کەواتە بۆ چەند دەقیقەیەک دانانیشی، تا کارێکی هونەریت لێ بسازێنم"

"نیگارکێشی مەکە.. مەگەر ئەو هەموو خەڵکەی نیگارکێشی ناکەن

مـردوون؟ مـەگـەر ئەوانەی هونەرمـەند نین ناژین؟" قـایش، قیـژە، قـاقـا، ئاه... دەسبـازییەکی ئاگرین، دوایی خـەوێکی قوووڵ بۆ ئەو و کـابوسێکی پچڕپچڕیش بۆ تۆ.

مانگانەکەی وەردەگرت، ماکیاژێکی تۆخی دەکرد و ملی ڕێی دەگرت، لە سـوچێکی مـەیدانـی "فـیـردەوسـیی"دا دەوەسـتـا، هێندە لەمـلا و لای دەڕوانی تـا مــاشــێنەکـان لە بەردەمــیــیـدا ریزیان دەبەست و ئـەویش یەکـێکیـانی هەڵدەبژارد و لەگـەڵی دەڕۆی، داخی خـۆی دەکـرد بـە دڵی ئەوانی تردا، یان نا داخـی دەکـــرد بـەدڵی تۆدا کـــە لە پشت دیواری کەلاوەیەکەوە چاودێریت دەکرد و دەست و پێت کەوتبووە لەرزە.

ئایا جـادووی لێ کـردبوویت وا هـەرکـاتێک دەتبـینی هـەم لـە دڵتـەنگی هەم لە ترسدا گیانت دەکەوتە لەرزین و دڵت وەک تەپڵی گەورە و بچووک لێی دەدا؟ ڕەنگە کــەســێک لەم حــاڵە تێ نـەگـات و باوەڕ نـەکـات؛ کــە پارچەیـەکی سـپـیت بـەســەر سـتـاندەکـەوە دادەنا، ڕەنگەکـانت بەســەر شــووشــەکــاندا پان دەکـردەوە، فـلــچـەکــانت ریز دەکـرد و لـەودیو پەنجـەرەکـەوە سـەرەتاتکێت دەکـرد و چەندین سـەعـات چاوەڕوانیت دەکـێـشــا تا بێت. بەڵام هـەر ئەوەندەی دەهـات داری دەدا بەروحــتــا و کـارتی تەواو دەکرد و جگە لە چەند پەڵەیەکی پیـسـی سـەرپەردەی سپی ستاندەکەی تۆ، هیچ نەدەمایەوە.

وتی "دێیت پێکەوە زەماوەند بکەین"

وتت "تـا ئێستا یەک تابلۆی تەواوم نەکێشاوی، تۆ ئەسڵەن بوار بەمن نادەی کە."

برۆی هێنایەوەیەک، لێوە گۆشـتنە بچووکەکەی بۆ شێتکردنی تۆ ورد

ورد دەجـولاند، نیگایـەکی عـاشـق کـوژانەی دەکـرد و دەیگوت "بـۆ دەبێ بێمە ئێرە؟ خوا بەنەفرەتت بکات کە وا منت گرفتار کرد"

"بەڵام من زۆرم خۆشدەوێیت"

"درۆ دەکەیت وەک سەگ"

ئاخ.. تۆ چ سـەبرێکی عـەجـیـبت هەبوو؟ چۆن دەتـوانی بەرگـەی ئەوە بگریت؛ کەسێک بێت روحی ناسکت بگوشێت و فڕێتداتە گۆشەیەکەوە، دواییش لـە رووی بـەزەییـــیـــەوە چایەکت بۆ بێنـێ تـا دەرخـــواردی جـەنازەکـەتی بدات؟ چۆن بـەرگـەت دەگـرت کـە هەرزەیەکی دەبـەنگ وا بزانێت خـۆی هەموو دنـیایە و ئەوەی ئەو بیـری لێ دەکاتەوە راستـە و تۆ دەبێت ملکەچی بیـرە کـەرانەکـانی ئەو بیت؟ ئەگـەر قـایش نەبـایە چی؟ چۆن دات دەمرکاندەوە؟

وتی "دەتـوانیت بەداریش لێم بـدەیت، بەڵام هـێـواش نەکـا جـێـیـەکم بشکێنی"

رای دەبوارد، جـوێنی پێ دەدای، تۆمـەتی دەدایە پاڵت، بۆ ئەوەی بۆی هەسـتی، حـەزی دەکـرد کـاتێک قـایش دەکـێشـێت بەگـیـانیـا سـەری لە هەوادا راوەشێنێت و رەها ببێت، بەجۆرێک بە هەر لێدانێک قژە ڕەش و درێژەکەی بەسەر چاویدا پەرش ببێتەوە، بەڵام خۆ هەمیشە چیرۆکەکە بەم شێوەیە کۆتایی نەدەهات!

جارێکیان بۆیاخە رۆنییەکانی تۆی خستبووە سەر مێزەکە و جـەختی لەســـەر ئەوە دەکـــرد کـــە تۆ دەبێت دیواری مـــاڵەکـــە رەنگ بکەیت، هەرچیـتکرد دەست لەو دەبـەنگیــیـە هەڵگرێت هـەڵی نەگـرت. وتی "وا دەزانی نیگارکێشـێکی زۆر گەورەی! هیچ لەبارا نەبوو، چوار دیوارت پێ

بۆیە ناکرێت.. گوو خوارد خۆت بەهونەرمەند بزانی"

بەو سادەییەوە ناشرینترین وشەی خۆی بەکار دەهێنا، بەهەمان ئەو سادەییەوە تۆی دەکوشت. رەنگە خەڵکی بڵێن چ تاوانبارێکی گەورە بوویت کە زەردەخەنەکانت بۆ دەسەندەوە و هەموو گوناهەکانیت دەبەخشی. وەلێ من لە بیری ئەفسانەیەکدابووم کە کچی پاشا نەخۆشبوو، ئەژدیهایەک لە سکی دابوو، هەموو کازیوە و زەردەپەڕێک دەهاتە دەرێ و هەمووانی ئازار دەدا، تەنانەت رەحمی بەخاوەنەکەی خۆشی نەدەکرد، پاشا بۆ بەشوودانی کچەکەی بیری لە پەرجوویەک دەکردەوە، بەڵام رەنگە ئەو پەرجووە نەبووبێت تا پاشا بتوانێت بەئاسوودەیی خواستەکەی بەجێ بهێنێت.

هەر کاتێک سەیری ئەو تابلۆیەم دەکرد دەکەوتمە بیری ئەوەی چۆن دەکرێت مرۆڤێک ئەژدیهایەکی خواردبێت؟ کچێکی جوان کە لەدەست ئەژدیهاکەی ناوخۆی گیری خواردووە. تابلۆکە زۆرتر بەتابلۆی سەحرای مەحشەر دەچوو، بەماری جەهەنەم، رۆژی سەد هەزار ساڵی، خۆرگەلێکی سوتێنەر کە گڕ پەخش دەکەن و سێبەرێک کە نییە.

وتی"لەدەست خۆم ماندووبووم"

چووە چێشتخانەکە، قاپەکانی چەند رۆژ لەمەوپێشی شت، کاشییەکانی زۆر جوان سڕییەوە، ژوورەکانی میوان و نووستنی کرد بەگوڵ، چایەکی بۆ تۆ هێنا، سێوێکی گرت بەدەستییەوە و لەسەر لێواری چرپاکە دانیشت، وتی "بکێشە"

زەردەخەنەیەکی گاڵتەجاڕانەت کرد، یەک لە دوای یەک فلتەری جگەرەکەت بەزەوییەکەدا پان دەکردەوە.

وتی "کێشە نییە، دوای گسکی دەدەم.. بکێشە ئازیزم"

سەرت خستە ناو دەستەکانت و هەوڵت دا بەر بە و تەقینەوەیەی کەللەسەری گەرمداگەڕاوت بگریت کە بەدەوری زەویدا دەخولایەوە، دەتگوت مسی تواوە دەڕێژنە ناو سنگتەوە هەرچی لەوێدابوو، دەبوو بە هەڵم، جارێکی تر ئەو هەڵمە گەرمە لەکاسەی سەرتدا دەسووڕایەوە و قەتیس دەما، بێ ئەوی توانای ناڕازیبوونێکت هەبێت، دڵت بەوە خۆشبوو کە دووبارە، ئەو دەبینیتەوە.. ماچی دەکەیت.. دواجار رازی دەکەیت چێژی بەرهەمێکی بێ گەرد بچێژێت و بەلایەنی کەمەوە بۆ جارێک پێ بخاتە پەردەی تابلۆیەکەوە.

رەنگە ئەوان بەگەمژەت بزانن، بەڵام من کە بوونی خۆم دابوو بەنیگایەک، دەمتوانی چی بڵێم؟ وەک ئەو شاعیرەی عاشق بووبوو، لە شوێنی خۆی نەدەبزوا و هەندێ جاریش لەبەر خۆیەوە شتێکی دەچڕی، هەمووان دەیانزانی دەبوو دوو جووت پێڵاوی ژنانە لە بەردەرگەی ژوورەکەیدا لە پێش چاویدا بێت، تا بکەوێتە داد و بێدادکردن، ئەویش شێت دەبوو، ماهوری دەخوێند، شۆڕی دەخوێند، هەرچاوی دەکەوت بەو پێڵاوە ژنانە چ شینێکی دەگێڕا.

لە پەنجەرەکەوە رووناکییەکی کز دەهات و گڵۆپە نیۆنەکان بەشێوەیەکی ناڕێک هەڵدەبوون و دەکوژانەوە، ئاوڕت بۆ دواوە دایەوە و سەیرت کرد، لەدڵی خۆتا وتت "شتەپیس.. شتەپیسی هەرزە.. خۆشم دەوێیت" ویستت هەڵیسێنیت و بەسەریدا هاوار بکەیت، هاوارێکی درێژی بێ وەستان کە وەک دەمی ئەژدیها بیسووتێنێ و خۆڵەمێشی بکات و دووبارە دروستی بکاتەوە، وەک جگەری ئەو مرۆڤە زیندانییانەی کێوەکانی قەفقاز.

چ دەستـێکی جـوانی هەبوو، پەنجـەی ڕێک و باریک، ئەنگوسـتـیلەی نقـێـمـدار، دەسـتـانێکی بێ ئازار، ناسک، مـیـهـرەبان، تەنانەت ئەو کـاتانەشی ناجنسی دەکـرد و دەیویست چاوت لە کـالانە دەربهـێنێت، ئەگـەر سـەرتی لە تەنیـشت خـۆتەوە بدیبـا نەوازشی دەکـرد. نە شـتی دەشکاند، نە شـتی دەدڕی. لـە خـۆشـی مـاندوو بووبـوو، بەرگـەی ئەو ئەخلاقە سـەگانەیەی خۆی نەدەگرت، دەسـتی دەدایەوە مـیهرەبانی، ئەو دەستـە دەستـەمۆ و ئارامانەی گوارەیەکی نەشازبوو بەجەستـەیەکی بێ قـەرارەوە، کـە بـۆ کـەس ڕام نـەدەبوو، تـەنیـا سـەرگـەرمی بیـرۆکـە پڕوپووچەکـانی خـۆی بوو، دڵێک و زەینێک کـە کـوڕنوشـیـان بۆ خـۆی دەبرد، بەئاسانی پێی لە هەموو شتێک دەنا.

ئەو دەسـتـانە.. چەند جـار ئەو دەسـتـانەت مـاچ کـردبوو، چەند جـار گوناهەکانیت بەخـشـیـبووەوە بەدەسـتـەکانی، جارێکی تریش؟ ویستت دووبارە بنویت، لێ هەستێکی ئاوێتە لە عەشق و نەفرەت تەپە تەپی دڵتی خێرا کردبوو، خـەمـێکی ئەزەلی و ئەبەدی دڵتی لە مـشـتـیدا دەگوشی، وەها کـە فـرمـێـسکی لە چاوتـەوە دەخلیـسکاند، ڕق هـەناسـەتی قـەپات کـردبوو، حـەزت لە جگەرە دەکرد، لەسەر ڕەفەکە بوو. دانەیەکت گرتا و بیرت لە من کردەوە؛ کاتێک پێ دەکەنم گۆنای چەپم چاڵ دەبێت و سەرم دەخـەم بەپێشـدا و دەنوشـتـێـمـەوە، بیرت لـەو قژە ڕەشـەم کـردەوە، کـە هـەرچەندێک ڕێکی دەخـەم تێک دەچێـتـەوە، یەک دەسـتـە لـەسـەر سـەرم تۆپەڵ بووبوو، لەملا و لاوە تاڵەکانی دەرژانە خوارەوە.

وەک هـەڵمی دەم یا وەک دووکەڵی جگەرە؟ من مەحوبووم و ئەو نەهات، مـەیدانی "فیـردەوسی" دروست بوو، تاکوتەرا ماشـێنێک کە تێ دەپەڕی، ڕووناکی زەردی فسـفـۆڕ ئەوقـاو ئەوقـی مـەیدانەکەی ڕۆشن کـردبووەوە،

فـوارەكـان خـوڕەخـوڕیان دەكـرد و "فـیـردەوسـی" هەڵبـەت لـەسـەر ئەو تاشـەبەردە گەورەیە بووبوو بە بەرد، مـاشـێـنـێكی پۆلیسـیش بەهێـواشـی دوور دەكـەوتەوە، دڵت وەک تەپڵ زرمـەی دەهات، نەتدەویست بیـر لەم شتانەبكەیتەوە.

بەڵام من ڕۆشـتـبـووم و ئەو هـاتبـووە زەینـتـەوە، لـە سـووچێكی مـەیدانی فیردەوسییدا وەستابوو، قایشە گەورەی جانتاكەی لە شانی دا و بەلەپی دەست و كەڵەپەنجـەی گرتبـووی، مـڵـچـە مـڵـچ بنێـشـتـی دەجـوو، سـەیری مـاشـێـنـەكـانی دەكـرد، نیگاكـانـی حـاڵەتی چاوەڕوانیـیـان هـەبوو، مـاشێنـەكان لە بەردەمـیدا ڕیزیان بەسـتبـوو، یەک یەک چاوێكی خێرا و سەرپێی پێیاندا دەخشاند، سـەرەنجام سـواری یەكێكیـان بوو ڕۆیی، بۆ كوێ ڕۆیی؟

تۆ لە پشت دیواری كەلاوەی ئـەو تەلارە بەرزەی بە بۆمب تەقیـبـووەوە، لـە بۆسـەدا بووی، چـاوت لە دیمـەنێكی تاڵ بـوو، كـە دەبـوو دەسـتـت بەدیـوارەكـەوە بگری تـا نەكـەویت، یـان وەكـو من هـەڵـنەنوتی و گـوڵی نیلۆفەرت ئاو نەیبا.

وەک چۆلـەكـەی دەسـتـی منداڵێكی بـێ رەحم، زارەترەک و تۆقـیـو نەتدەتـوانی هیچ شـتـێک بكەیت. ئەگـەر شـەهامـەتت خـەرج بدایە و لە نێوان ئەو هـەمـوو مـاشـێنەدا بچـوویتـایەتـە بەردەمی، تا بەخـەیاڵی خـۆت لەدەست دێـوی پۆلاین ڕزگـاری بكەیت. ئـەوا خـۆت لـە قـەڵای بـەردبـاراندا سەنگەسـار دەبوویت و دێوەكە دەینەڕاند "چیت دەوێت موزاحیم؟"

یەک دانەت كێشا بە دەموچاویدا "تۆ دەزانی چی لە من دەكەیت؟"

"تۆ كێـیت؟ ناتناسم" بە بنێـشـتـەكەی مـڵـچـە مـڵـچی دەكـرد "لێگەڕێ

خـەریکی کـاسـبـییـەکـەمـان بین" قـۆڵیت گـرت کـە بیگەڕێنیـتـەوە سـەر شـۆسـتـەکـە، مـاشـێنەکـان دەسـتـیـان کـرد بەهۆڕین لێـدان، ئەو خـۆی لەدەسـتت راپسکاند و بەرەو ئەوبەری جادەکە ملی نـا، باخـچەی نێوان هەردوو شەقامەکەی پێشێل کرد و لە سایدی پێچەوانەی تۆ، دەستی لە ماشێنێکی سپۆرت راگرت و لەگەڵیدا رۆیی.

تۆ قـاچەکانت دەلەرزی و ئێستا لەودیو دیوارێکی رووخاوەوە دەسـتت گرتبوو بە جێگەیەکەوە تا نەکەویت. نا ئیتر گومانت نەما کە قەحبەیەکی سـووکـە، لەو شـەوە بەدواوە ئیـتـر نەتوێرا بچـیـتـە سـەر رێی. بەڵام بۆ بەدزییـەوە دەهـاتیت بـۆ ئەم شـوێنـە؟ ئایا ئەو دەیزانی خـەریکی سـەیری دەکەیت.

جگەرەکەت خـامۆش کرد، بۆنی توندی تەپڵـەک ئازارهێن بوو، خستتە ژێر چرپاکە و خەوتی، بەڵام خـەوت نەدەهـات، دەستە میـهرەبانەکانی ئەو بەتـانیـیـەکـەی پێـدا دایت، تا سـەر کـەمـەرتی هێنـا، شـانـی راست و گـەردنتی داپۆشـی، لـەسـەر بەتـانیـیـەکـەوە دەسـتی بەسنگتـا دەهـێنا، راپەڕیت ئاوڕت دایەوە، سـەیرت کـرد خـەوبوو. برژانگە کلرێژەکـانی بەیەکدا نووسابوون، هەتا بەیانی هەزار جار بەتانییەکەی پێدا دایتـەوە نەبادا سـەرمـات بێت، بەیانی بـەسـینییـەک نانی بەیـانیـیـەوە دەهات و هەڵیـدەسـانـی، کـەی هـەڵدەسـتـا وا دەوری چاوەکانی، برژانگ و گـۆنا و لێوەکانی بەم شێوەیە دەنەخشاند؟

مـیناتۆری دەکـێـشـا و بەبزەوە لـە بەردەمـتـدا دادەنیـشت، کـە چاوت هەڵبـڕی بینیت؛ بـووک.. هیچ شـتـێک بەقـەد خـۆڕازاندنەوە چێـژی بەو نەدەدا و لە هیچ کـارێکدا ئەوەندە وردبوونەوەی نەبوو، چ حـەوسـەڵەیەکی هەبوو! بریا بیـتـوانیـبـا فکریشی بەو شـێـوەیە ئارایشت بدابا، خـۆزیا

لەجێی ئەوەی خامە و هەنگوین بساوێت بەناندا و لەسەر سینی بیخاتە بەردەمی تۆ، ببوایە بە بنیادەمێک کە بیزانیایە چی لە ژیان دەوێت و مرۆڤەکان چ بەهایەکیان هەیە.

جارێکی تر من هاتمەوە ناو زەینت، راوەستاو لە نێوان ژوور و سەرگەردانیدا، پیاوێک لەسەر چرپاکە مردبوو و چراکە پرتە پرتی دەکرد. وتم سەرمامە. کورسییەکەم لە رەفەکە نزیک کردەوە و چوومە سەری، لەوێدا بتڵێک شەراب لە پارچەیەک مقەبادا لە توێژاڵێک تەپوتۆزدا بەفەرامۆشی سپێردرابوو. پارچە مقەباکەم دڕی و بتڵەشەرابەکەم هەڵگرت، هەر کە ویستم بێمە خوارێ، چاوم بەدەلاقەیەک کەوت، سەیربوو، لە بەرچاومدا غەریب نەبوو، هێزێکی نادیار لەدیوو ئەو دەلاقەیەوە منی بۆ لای خۆی کێش دەکرد.

دەستم بەرەو دەلاقەکە رۆیشت و کردمەوە، بیابانێک بوو تریفەی مانگ وەک کەف، هەموو شوێنەکانی شین و سپی کردبوو، بێ ئەوەی نیشانەی مرۆڤ یا ژیانی تێدا بێت. تەنیا حەپە حەپی سەگێک لە دوورەدەست دەهات، یان نا پیرەمێردێکی قەمبوور قاقای دەکێشا، چ جیاوازییەکی هەبوو؟

دەنگەکە هێندە دووربوو کە دیاری نەدەکرا، دەبا زیاتر دیقەتم کردبا، یا چاوەڕوانی سپێدە بمامایەوە تا لە رووناکیدا بزانم کوێ بەکوێیە؟ هەرچۆنێک بوو دەلاقەکەم داخست و لەسەر کورسییەکە هاتمە خوارێ، بەڵام هێشتا پەشۆکابووم، نەمدەزانی بۆ لەوێ بووم. بتڵەشەرابەکەم بە پارچە پەڕۆیەک کە لای فلچەکانەوە کەوتبوو سڕی و دەرچەکەیم راکێشا. چ بۆنێکی ئارامبەخشی هەبوو، بۆنی بێستانەکانی "نیشاپور" بوو لە وەرزی بەهاردا، یان بۆنی نانی گەرم لە کۆڵانەکانی منداڵیم دا،

نەمزانی.. ڕەنگە بۆنی شەرابخانەکانی بەیهەق بێت.. ڕەنگە.. ڕەنگە.

وەک بڵێیت پەرستگا دروست بکەن، عەردیان شەق دەکرد، ژوورێکی هێلکەییان دروست دەکرد و بەگڵی ڕوس دیوارەکانیان سواخ دەدا، پاشان کۆتەرەی وشکیان تێ دەهاوی و گڕیان دەدا، دەبووە دۆزەخێک کە نەمدەتوانی لێی نزیک ببمەوە. دوای چەند ڕۆژێک چل پلەیان لە تەنیشتییەوە دروست دەکرد، لە ژێر پلەی چلهەم بەلوعەی ئەم پەرستگایەیان خستە کار، مەراسیمێکی هەبوو. جۆگەی سازگاری "بەیهەق" چەندین ڕۆژ دەڕژایە ناو پەرستگاکە و ئاوی ڕەش بەبەلوعەکەدا دەهات، ئەوەندە دەڕۆیشت تا ئاوەکە سازگار دەبوو، ئینجا ئاوەکەیان دەشکانەوە و ترێی ڕەزەکانیان هەڵدەڕشتە ناو پەرستگاکەوە بۆ ئەوەی هەتاوی هاوین بیترشێنێ.

یەکەمین بەفرێک کە دەباری، باوکم گۆزەیەکی پێ دەدام و من لەو سەرمایەدا بەپێی پیادە، کۆڵانەکانم تەی دەکرد و چل پلە دەچوومە خوارەوە و گۆزەم پڕ دەکرد، لە ڕێگە لە هەر کوێیەک ماندوو دەبووم، گۆزەکەم دادەنا و دەمنا بەسەرمەوە، بۆنی شیری دایکمی لێ دەهات، یان نا، بۆنی بارانی جەژنی نەورۆز.. نەمدەزانی.

لێوی شووشەکەم بەلەپی دەست پاک کردەوە و یەک بینە نام بەسەرمەوە، ئاگرێکی تواوەی ڕژاندە سینەم و دەمارە سەهۆڵکردووەکانی مێشکمی خستە سووڕانەوە، چراکەم کز کرد و دوو مۆمی ناو مۆمدانە کۆنەکەی سەرچرپاکەم داگیرساند، پیاڵەیەک شەرابم لە درزی ددانە داخراوەکانی ئەوەوە ڕۆکردە خوارێ و چاوەڕێم کرد. وەک بڵێی پێڵوی چاوی چەپی بەئەستەم جووڵا و دووبارە ئارامی گرت، هێڵێکی وەک خوێن لە گۆشەی لێوییەوە ڕژایە دەرەوە و بەسەر

دەموچاویدا خلیسکا.

لەســەر لێـواری چرپاکـە دانیـشـتم و سـەیرم کـرد، نـا، بەهـەڵەدا نـەچـووبـووم، ئـەو مــــردبـوو و بـۆنـی ســــاردی مـــــەرگ لـە مــــووە راسـتـەوەبـووەکـانـیـیـەوە بەرز دەبـووەوە، وەک ئـەوەی چەند رۆژێک بێت مــردبێت.. یان رەنگە چەند ســاڵێک. هـەتا زیندووبوو ئارامی لـێ بڕی بووم، ئێستاش کە مردووە سەرمی کردووە بەسەهۆڵ، سەرمایەک کە لە بەرامبەر ئاگری ئەم شەرابە کۆنەدا، لە پرتەی کزی رووناکی مۆمەکەدا حاڵێتێکی نهێنی ئامێز لەخۆ دەگرێت.

وا دەهاتە پێش چاو کە کەسێک لە مەرگدا، لە دنیای خەودا رێ بکا.. ئێستا لە مردوو نەدەچوو.. نـا.. ئەو نەمردبوو بەڵکو چووبووە خەوێکی شـیـرینەوە.. وەک هـەر شـەوێکی دوای نیگارکـردنی قـەڵـمـدان کـە لە کەنەفتیدا خۆی دەخزاندە چرپاکەوە و تا سەری دەڕۆی، دەڕۆشت. وەک روح قیژەکێشانە سەری لە دنیای خەون دەدا، دنیای خەون؛ ئەو جێیەی کە من تێیدا بۆ دیداری تۆ دەهاتم.

لە سـوچێکەوە دادەنیـشت کـڵاوە شـاپـواکـەی تـا لێـواری برۆکـانی دادەکـێشـایە خـوارێ و بەپەنجـە گـەورە و پەنجـەی شـایەتومـانی یاری بەسـوچی سمێڵی دەکرد، چاوەڕەشـەکانی دەبڕییە من و لەودیو پەردەی ناسکی خـەوەوە بـۆ دیدارم دەهات. دەتگوت کـەسـێکیـان لە خـۆکـوشتن رزگار کردووە و دووبارە چاوی ئەویان بەڕووی ژیاندا کردووەتەوە.

دەنگی سـەوڵ لێـدانی کـوڕێکی دەژنەفت کـە لە جـێگەیەکی ترەوە دەڕۆیشت، ژنێک لـە زەینیدا دەیقیـژاند، ئایا ئەو ژنە من بووم؟ خـیشی کـردبوو، قـەشـمـەریی بەژیان دەهات، بێ ئەوەی هیـوایەک لە سـەری دابێت، دەچوو بڕی تلیـاک و مـەشـروبەکـەی زیاد بکات، هەرچەندە

نەتلیاک و نەمەشروب هیچیان ئۆخژنێکیان بەو نەدەدا . ژیان بێ مانا بووبوو، ئەم کولەمەرگییە دووبارە بوو.. ژیان وەک دەسمالّی دەستی کاروانێک، بووبووە بەمەسخەرەی شەو و رۆژێک، زنجیکراو و دوابەدوای یەک دەرۆشت و دەرۆشت، بەلاّم هیچ کاتێک تەواو نەدەبوو.

رانێک گاگەل و مێگەلیان دەبردە قەسابخانەیەک و جۆگەی خوێن، یان نا، رووباری خوێنیان دەرشتە خاکەوە، تا زەوی گیانی تێبێت. هەموو ئەمە لەبەر ئەوەبوو کە کەسێک کەمێک زیاتر بژی، تا بەڵکو لە باقی تەمەنیدا گایەک زیاتر بخوات.

مەرگ چەند دەستنەکەوتە و دوور و غەریب دەهات.

رۆژانێکیش بوو بیری هەتاو و سێبەری کەنار شەقامەکانی دەکرد، رەنگی هەموو شتێک لە جێی خۆیدا بوو، سەوزی گەلاّ، شینی ئاسمان، قاوەیی قاوە. ئەرک نەبێت قاوەیەک، شەیتانکاریی دەکرد، بێ زەحمەت چەند دڵۆپێک عارەقی تێ بکە، ئێمە لێرە عارەقمان نییە، باشە دروستی بکە، پارەیەکی وردەی خستە ژێر قاپەکە و لە ژێر لێوەوە وتی سەگخۆر.. چەند دڵۆپ؟ دڵۆپ نا جورعە، چەند جورعە؟ ئێستا بشبێ بەدوو سێ جورعە بابێت. قاوەخانەی "فیردەوسی" بوو یان جێگەیەکی تر چ جیاوازییەکی هەیە؟ تەنیا بەسەلامێک دەچەمایەوە و کلاّوە شاپواکەی لە سەری دادەکەند و رێزی دەنواند، ئەوەندە دەوەستا تا بزانێت من لە بەردەم دەرگە هەواییەکەوە بۆ کاملا دەرۆم. دەست و پێی خۆمم ون دەکرد، لە حالّی خۆم نەدەگەیشتم، بێ ئەوی بتوانم چاوی لەسەر هەڵبگرم، لە دڵەوە وتم بۆنی قاوەیی چاکەت و پانتۆڵکەت حالێک بەحالّم دەکات نەبێتەوە..! دەسکردی فەرەنگییە، باوەڕ ناکەم کە دەسکردی لای خۆمان بێت. دیسانەوە زەردەخەنەیەکی کرد و دانیشت، ئەم جارەش

درەنگ جوولابووم، پێویستبوو ئەوەندە باوەڕم بەخۆم هەبێت کە هەلی دانیشتنی نەدۆزێتەوە، یان نا روخسەت نەدەم چاوم لەسەر هەڵگرێ.

رۆژی دواتر یارییەکەم بردەوە، هەر کە چوومە ژوورێ سلاوم کرد و یەکراست بەرە و مێزەکەی چووم، بەرزە پێ لەبەرم هەڵسا، قوپچەی چاکەتەکەی داخست، بۆنی قاوە نەدەهات.. خۆڵەمێشی پۆشیبوو، لە ژێر ئەو چاکەت و پانتۆڵە شیک و ئوتوکراوەیەوە گوللەیەکی گڕدار پێکابووی، کە دەبوو خۆڵمێشی بەسەردا بکات تا هوروژمی ئەو ئاگرە بداتە دەرەوە. وتم بۆ نەفرەت لە چاوی پیس، لە زەینمدا ئەسپەندم(*) بۆ دووکەڵ داوی، کنێر و گوڵپەڕیشم تێ کردووە، بۆنێکی خۆشی هەیە، چ دووکەڵێک!

سێ پیاو لە دەوری مێزەکەی دانیشتبوون، هەرسێکیان جگەرەیان دەکێشا، دووبارە سلاوم لێ کرد و دەستم خستە نێو دەستییەوە، بێ خەیاڵ و رەها وەک ئەوەی تەواوی وجودم خستبێتە دەستییەوە.. ئێستا حەزم دەکرد لە نێو دەستیدا بنووم، نووستم.. ئەو بەدەستەکەی تری بەژنمی پۆشی و یەک دوو جار کێشای بەپشتی دەستم دا، چاوەکانی دووکەلاوی بوو، رەگە هەڵگەڕاوەکانی لاجانگی ئەو جنێوە سوورەیان دووبارە دەکردەوە "سلاو"

"سلاو"

وتم "دەتوانم دواتر بێمەوە خزمەت جەنابت؟" و بەچاو ئاماژەم بۆ سێ پیاوەکە کرد، یانی با ئەوانی لێ نەبن.

---

(*) ئەسپەند: دانەی گیایەکە کە دەسووتێنرێت بۆ خۆپارێزی لە چاوی پیس. و.

وتی "بۆ ناتوانی؟"

وتم "کەی؟"

وتی "کەی کاری شەیتانە"

خۆشم لێ هات، بەتەواوی وجودم پێکەنیم و بەچاو دەمویست بیخۆم. دەستمی گوشی و بەری نەدا، من تەپەی دڵیم لەدەستی دا دەژنەفت، تێپەڕینی زەمەنم ون کردبوو، نەمدەزانی چی بکەم. چوومە لای پەنجەرەکەوە لە پشت مێزە هەمیشەییەکەمەوە دانیشتم. وەختێک هاتمەوە سەرخۆم هەستم کرد هەروا بەپێوەیە، بەسەر سوپاسم کرد، دانیشت، چەمییەوە و دووبارە دانیشت، فنجانی قاوەکەی بەئاماژەی پێشکێشکردن بەرەو رووم گرت و یەک قوم سەری پێوەنا.. رەنگە وتبێتی بەخۆشیت.

ئەی خاک بەسەرم، بۆ بەرۆژێک گەیشتبووم کە حاڵی خۆمم نەدەزانی، لەخۆوە هەموو هێزی جوانی خۆمم لەدەست دابوو، نەمدەزانی زەمەن بۆ دواوە دەگەڕێتەوە یان بۆ پێشەوە دەڕوات، جەستەم هاواری دەکرد، کوترابووم، برووسکە بە ئێسقانەکانمدا دەهات و کوناودەری دەکرد و ئەوەندەم چەنەدابوو لێوەکانم گرێی خواردبوو، سەرم قورس دەبوو، دەتگوت بەردییان خستووەتە سەر، دەیویست دابکەوێ. من هەموو هەوڵم کۆ دەکەمەوە کە بەلای ئەوەوە ئاسایی بنوێنم، حەزم دەکرد بەقادرمەکاندا بچمە خوارێ و خۆم لەو فەلاکەتە رزگار بکەم، دڵم دەیویست تێ بگەم کە سەیری دەکەم، بەوپەڕی ئاگاییەوە، بەوپەڕی حەواسەوە کە هەموو گەردیلەیەکی وجوودم ئەو بێت.. حەزم دەکرد، بەڵام پێش ئەوەی گارسۆنەکە بێت و بزانێت چی دەخۆم.

مـەگـەر دەکـرا چـووبێـتـە دەسـشـویی؟ چاوەڕێـم کـرد، نـاوچەوان و سـەرلێـوم عـارەقی کـردبووەوە، دەسـرێکم لـە جـانتـاکـەم دەرهێنا و دەمـوچاوم سڕی. گـارسـۆنەکە لـە تەنیشت مێزەکەمـەوە وەسـتـابوو، من نەمدەویست بزانم شێوەی چۆنە، دەترسـام دەمـوچاوی ئـەوم لە بەرچاو بڕوات.

وتم قاوە، کە قاوەی خستە سەرمێزەکەم، جانتاکەم هەڵگرت و چوومە دەسشویی، کەسـی لێ نەبوو. سـرنجم دەرهێنـا و پڕم کرد و بەدەمـاری قۆڵممدا چەقاند، خوێنێکی نوێ لە لەشمـا دەسـتی بەگەڕان کـرد، بۆنی شـیـرینـی دەهات، ڕەنگی چیـمـەنتـۆی دیوار و ڕەنگی کـایی دەرگـەی دەسشوییـیەکـەم ناسـی، بۆ سـاتێک هـەسـتـم کرد کـەسێـک دەرگـەکـەی کردەوە.. پیاوێکی چوارشانە.. بێ ئەوەی فرەبڵەیی بکات یان ڕێگە بدات من قسە بکەم، وتی "ئێمەش لێرەین"

"یانی چی ئاغا؟"

لە تـوڕەییـیـدا دەلەرزیم، ئـەویش دەلەرزی و ڕەنگی پـەڕیبـوو، ویسـتـم دەرگەکە دابخەم، بەڵام نەمتوانی، دەستی بەلێواری دەرگەکەوە گرتبوو سـەری هـێنابـووە ئەمـدیو، عـارەق لە لـووتیـیـەوە دەچـۆڕا و پێـسـتـی دەمـوچاوی مـێـرووڵەی دەکـرد، ئـیـسـتـێکی کـرد و وتی "یـانـی ئەوەی.. یەکێکیش لەوانە لە ئێمە بدە"

"ئەوە هیچ نییە"

"سەیرکـە کچێ.. دەڵێی ئێسقـانەکانم لەیەک جیا دەبنەوە.. یەکێکیش لەمن بدە.. حەقم نییە بەسەرتەوە"

نیـوەی سـرنجم لە قـۆڵم ڕاکـێـشـایەوە و بەرەو ڕووی ڕۆیشـتـم، قـۆڵی

هەڵمـــاڵی بوو، چاوەڕێ بوو، بەیەک جـــار ئەوەی مـــابووەوە ڕۆم کـــردە دەماری هەڵماسیوی و تیاما خاڵی کرد. هەناسەیەکی نوێی هەڵکێشا و قۆڵی کراسەکەی دادایەوە.

وتی "مەمنوون"

وتم "شایەنی نییە"

دەرگەی دەسشـویم داخـست، دەموچاوم خسـتە نێـو دەسـمەوە و بۆ سـاتێکی کـورت هەلم هەبوو بگریم و بەو هەسـتـە جـوانە بگەم کـە ئەو پیاوە کڵاو شاپوا بەڕێزە، ئەو پیاوە مۆنە قەڵەمدانییەم خۆش دەوێت، دڵم بـۆی تـەنگ بوو، بـەڵام مـن بـۆ ئـەوەنـدە بـەدبەخـــتـــبـــووم؟ ئـایـا مـن بەدبەختبووم؟

دەمم وشک بووبوو، هـەرچەند ئاوی بەلوعەکـەم دەخـواردەوە، تونێـتـیم نەدەشکا. بۆنی شـیـرینـی دەهـات، حـەزم لەکانادا(*)بوو، ڕەنگە چاوەڕێی باوکیشم بووبێتم، پیاوێک کە سـەعات پێنجی عـەسـر دەهاتەوە. دایکم عـــەبایەکی دەدا بـەخـــۆیدا و لـە بـەردەم پـانکەکـــەدا دەنـووست، من چاوەڕوانیم دەکێشا، دەرگەی دەرەوەم دەکردەوە و لە سێبەری ئـەو تاقە خشـتـیـانەدا لەسـەر یەکەم قـادرمـە دادەنیشتم، حـەزم دەکرد لە سـوچی هەرچوار پلەیەکدا گوڵدانێکی مۆمدانی دابنێم بۆ جـوانی، باوکم وتبووی دز دەیبات، ڕۆژنامەنووس بوو، چاویلکە لە چاو، سەبیل بەدەست.

پەپوولەی ســـەردیواری پڕگـوڵی مـاڵەکـانی بەرامـبـەر دەفـڕین و دەنیشـتنەوە، دەنگی ڕادیۆ لە جێگەیەکی دوورەوە دەگەییە گوێ، کۆڵان لە گـەرمـای کـۆتاییی بەهاردا درێژتر دەبوو، من تیـشکی سـەماکردووی

---

(*) کانادا: جۆرێک خواردنەوەی گازییە وەک پیبسی. و

هەتاوم دەدی لە عەردی کۆلانا بێ ڕەنگ و شووشەیی سەرەوژوور دەچوو، دواتر سەروسەکوتی هاودەمی تەنیاییم دەردەکەوت، "باسی"..
ئەو کوڕە سەر ڕەشەی بەرامبەرم دەوەستا و تەنیا لێمی دەڕوانی، چووزانێت من چ حاڵێکم هەیە و لە کوێوە هاتووم. بەدڵنیاییەوە وای خەیاڵ دەکرد کە پێش ئەم ژیانە یەکترمان ناسیوە، یان من زوو هاتووم و هێشتا نەڕۆشتووم، یان ڕەنگە ڕۆشتبێتم و تەنیا خەیاڵم مابێتەوە.

بێدەنگ و بێ سەنگ لە سێبەردا دادەنیشتم و درزی خشتەکانم دەژمارد، حەزم نەدەکرد ماڵم هەبێت، بەڵام ئایا دەمتوانی هەمیشە لەسەر قادرمەکان دانیشم و حەسرەت بۆ کانادا هەڵبکێشم؟ دەمویست ئەوەندە بخۆمەوە کە زمانم قاژ قاژ ببێت و چاوم ئاو بکات، دایکم پرسی "ئەمە چەندەم بوو؟"

نۆبەرەبووم، ڕەنگە پاشەبەرەش بووبێتم. هیچ خواردنێکم نەدەخوارد، تیکەم نەدەجووی، ئەوەندە کانادام دەمژی و لە خاڵێک رادەمام کە باوکمم دەخستە گریان، نە بەخاتری هەتاو، نە بەخاتری هیچ شتێک، دایکم سەری لە باوکم نزیک دەکردەوە و دەیوت "ئەی بەخاتری چی؟"

"بەخاتری دەستە بچووکەکانی"

هەمان شەو، عانی خەو لە هەیوان، وەختێک سەیری ئەستێرەکانی ئاسمانی دەکرد، وتی "چاوی دادەچەقێنێت بەسوچێکی ژوورەکەدا و بیر لە شتێک دەکاتەوە.. بیر لەبەدبەختی من؟ ئەویش دەزانێت ئێمە خەساربووین؟! لوقمەیەک نان وەک زەهری مار دەخاتە زاری و ناتوانێت قوتی بدات.. "

من مەیلم لە خواردن نەبوو، پاروو لە قوڕگم نەدەچووە خوارەوە، حەزم

له کـانادا بوو، کـه بەهـەر تیکەیەکـەوە قـومـێک بخـۆم، حـەزم له بۆنه پرتەقـاڵیـیـەکـەی بـوو، جـارێک باوکم کـڕی و من چاوەڕوانـی هاتنیم دەکـێـشـا، هـەتا دوای مـەرگـیش هەر چاوەڕێیم.. چاوەڕوانی شـتـێکی خـراپ نیـیـە؛ کـڵاورۆژنـەی ئومـێـدێکه لـه نائومـێـدییـەکی رەهادا.. من چاوەڕوانیم له هەواڵی بەد پێ باشترە.

که هـەوا گەرم دەبوو، دایکم لـەبەر پانکەکەدا رادەکـشـا و من لـەسـەر قـادرمـه خـشـتـەکـانی بەردەرگه دادەنیـشـتم و حـەزم له کانـادا دەکرد، حـەسـرەتم بۆ دەخـوارد، رەنگه چاوەڕێی باوکـه بەدبەخـتـەکـەشم بووبم، هیچم نەدەزانی.

دایکم وتی "رۆژنامەنووسبوو.. نایان بەسینەی دیوارەوە"

له بەردەم ئاوێنەکەدا سەروقژم چاک کرد، بەقادرمەکاندا سەرکەوتم و دووبارە لەسـەر مێزەکەم دانیشـتمەوە، دەمـویست کاتێک شـەکرم کردە ناو قـاوەکـەمـەوە، نیگایەکی تونـدی تێ بگرم، تا بزانم بەهـەمـان تاسـەوە هەر سەیرم دەکات. که سەرم بەرز کردەوە بینیم شوێنەکەی خاڵییە، ئەو حسـابی مـێـزەکەی نابووە ژێر قـاپـەکەیەوە و رۆیشـتبـوو. من له دەنگی ئۆکـۆردیۆنی ژەنیـارە نـابیناکـەی بـەردەرگەوە هەسـتم کـرد دنیـا هەورە، دیسان پەشۆکام؛ چەند نەفەرێ چاویان تێ بڕی بووم.

نا، ئیتر نەمدەویست.

هیـچ یەکــێک لەو چاوانـەم ناوێت؛ چاوانـێک کــه وەک چاوی مـــەڕی بەردەم سەروپێخـانەکان دەرپەڕیبوون و بونیامیـان له ژیان بێزار دەکرد، چاوانێک کـه خـاڵی بوون له مـانـا و تەنیـا وەک شـووشـەیەکی خـراپ بریقــەیان دەدایەوە، هـەریـەکـەیان بە رەنگێ، وەک گـڵـۆپەکـانـی شـار له

شـەودا کـە نازانی کامـە ڕووناکی هی کامـە ماڵە، لە کامیـاندا عەشق دەکـرێ و لە کامـیـاندا بونیـام دەکوژن؟ نەمـدەزانی بۆ لـەوێ بووم؟ ئایا پێشتر دەمزانی کە ئەو دەبینم؟ ئایا ئەسڵەن ئەوم دەناسی؟

تـەنیـــا دەزانم لـەبـەر خـــاتری ئـەو لـەوێ بووم و هـیـچ نیـگـایـەکی تـر نەیدەخستمە وەجدەوە، ئیتر حەز ناکەم هیچ کەسێک بەچاوی جوانییەوە بمکاتـە نیـشـانـە، دڵم تەنیـا ئەوی دەویست، ئەو کـە هێندە دڵنـاسک بوو بچـووکـتـرین جـوڵەی منی بەهەنـد وەردەگـرت. حـەزم دەکـرد لە دنیـای خــەوندا بـۆ ســۆراخی مـن بهـاتایـە، ئەوەش کـاتێک کـە مـن دەهـاتم بۆ دیداری تـۆ، ئەو بێـتـە خـەونی تۆ لە گـۆشـەیەکـدا دانیـشێ و کـڵاوە شـاپـواکـەی تـا لێـواری برۆکـانی بهـێنێـتـە خـوارێ، بەهەردوو پەنجـەی گەورە و شـایەتومـانی یاری بەنـووکی سـمێڵی بکات، یان دەسـتـیـان تێ بخــات و چاوەڕەشـکانی بـەمندا دادورێت و لەودیو پەردە ناسـکەکـانی خەونەوە بۆ تەماشاکردنی من بوەستێت.

کـە زەنگی ماڵی ئێـوەم لێ دا، بێ وەسـتـان دەرگـەکە کرایەوە و وەژوور کەوتم، بەرلەوەی دەرگەکە دابخەمـەوە لەسەر پلیکانەکان قـاچم تەکاند و بەفری پێڵاوەکـانم لێ کـردەوە، قـاچـەکانم لە سـەرمـادا لەگـۆ کـەوتبـوون، پێڵاوەکانم دڕابوون و نەمدەویست تۆ بەوە بزانی، بلوزێکی خوری سوور و تەنوورەیەکی مۆرم لەبەردا بوو، بۆ فـریوی تۆ قژی ڕەشم لەسـەر تەوقی سەرم بەگیرەیەکی سوور کۆ کردبووەوە.

"سڵاو"

سـەرم بەرز کـردەوە و لەشـوێـنی خـۆم وەسـتـام کـە دوو سـێ پلە بێیـتـە خـوارەوە و دەسـتم بگریت، بەخـێرایی پلەکـانم ژمـارد، حـەڤـدە پلەبوو، جانتـاکەم دانا و خۆم بەدیوارەکەوە نووساند، کە یانی ئای.. ئەو هەموو

قادرمەیە چییە لە ماڵی ئێودا!

"سەرمامە"

چووینە لای زۆپاکەوە، بیرتە؟ پەرداخە چاکەم لە دەستمدا هەڵدەسوڕاند و کەیفم بەهەڵمەکەی دەهات، تەنیا لەبەر خاتری رەنگە پرتەقاڵییەکەی حەزم لێی بوو.

تۆ وتت "ئەم "ساردی"یە بێ لەزەتە دەڵێی؟"

"کۆنەکانیت لە بیرە؟ زۆر خۆش بوو.. باوکمت بیر دێ؟"

"من خۆ عەرزم کردی.. تۆ میناتۆری.."

"باوەڕ بفەرموون نامەوێت باسی خۆم کەم.. لە ساڵانی منداڵیما لەو گەرمایەی هەموو شتێکی دەکشاند و هەوای پانکە بونیامی نەخۆش دەخست، لەسەر قادرمەکانی بەردەرگە هەمیشە لەبیری ئەوەدابووم کە هەموویان درۆ دەکەن، هەر ئێستا باوکم دێتەوە بەدوو شووشە کانادا و زەردەخەنەیەکی کەمێک لارەوە کە بەلایەکی دەموچاوییەوە دەمایەوە. جارێک لێی پرسیم منت زیاتر خۆش دەوێت یان کانادا؟ وتم هەردووکتان. باوەڕ بکە درۆم نەدەکرد، من شێتی کانادام، رەنگە هەر لەبەرئەوە بێ بیری باوکم دەکەم"

"ئەی هاوار!.. لێگەڕێ ببینم"

چوویتە چێشحانەکە و پەرداخێکی پڕ کانادا و سەهۆڵت بۆ هێنام، لە بەردەممدا لەسەر ئەژنۆ دانیشتی و بەشەوقێکی بێ سنوورەوە وتت "روخسەت دەدەیت ماچێکت بکەم؟" وتم بەڵێ و ماچت کردم. پەردەکەت لادا و پاڵت دایەوە بەدیواری نێوان هەردوو پەنجەرەکەوە و روو بەمن وەستایت، ناوچاوت هێنابووەوە یەک و زەردەت دەهاتێ، یانی جوانی من

حاشا هەڵنەگرە، باشە دەتوانم چی بکەم؟ خەجاڵەتیم دەکێشا و لە ژێر نیگای گەرمتا خەریکبووم وەک سەهۆڵ دەتوامەوە. لەو رابردووەوە رووناکییەکی بەهێز پەخش دەبوو، بەفری سەر لقەکان خۆیان نمایش دەکرد و ساماڵێک لە نێوان گەواڵە هەورەکاندا دەرکەوت، خۆریش خۆی نیشان دەدا.. چوزانم.

پەردەیەکی سپی بەستاندەکەوە بوو، رەنگەکانت لەسەر مێزەکەی بەردەستت بەریز و فلچەکانت سەربەهەوا لە پەرداخێکی سەوزی سیرامیکدا دانابوو، پۆترێتێکی منت بەدیواری بەرامبەرەوە هەڵواسیبوو، تابلۆیەک کە لە وێنەیەکی کۆنی منەوە دروست کرابوو، بیرتە؟ وتم "ئەو وێنەیەم بۆ ناوەندی گرتووە، بیرتە؟ لە "ژندارک" دەمخوێند، رووپۆشێکی سورمەیم دەپۆشی بەیەخەی سپی موشەبەکەوە، قردێلەیەکی ئەرخەوانیم لە پشتەوە دەدا لە قژم، چ رۆژانێک بوو! ماڵی ئێمە لە شەقامی "کاشفل سەڵتەنە" بوو، پیاوێک کە نازانم بۆچی چووبوو بۆ هیندستان، لەو سەرەوە شەتڵێک چای کردبووە چارۆکەکەی و هەڵی واسیبوو بەگۆچانەکەیدا و لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە بۆ ئێران، شەقامێکی جەنجاڵ و قەرەباڵەغ بوو، هیچ شەقامێک لە تاران بازنەیی نییە وا نییە؟"

ئایا بڕیاربوو تۆ بێدەنگ بووەستیت و لە من بڕوانیت؟ من چیم دەزانی؟.. هەر قسەیەکم دەکرد بۆ ئەوەبوو بێدەنگی بشکێنم، بەڵام ئێستا هیچ تێ نەگەیشتم چەند پیربووم.. من چەند ساڵم؟ چەند گۆڕاوم لەچاو جارانا؟ ماندووبووم، دەزانی دەڵێی هەزار ساڵ ژیاوم و تاقەتی خۆمم نەماوە، لە رێگە کە دەهاتم ژنێک پێشی لێ گرتم و وتی سەرت داپۆشە، وتم خۆ من نیم، ویستم بۆ رۆژگاریکی تر بگەڕێمەوە، بەڵام

نەمتوانی لە چاوەڕوانیدا رات گرم.

تۆ وتت "ئێستا سەرپۆشەکەت لادە و لەویا دانیشە.. تا من دەست بەئیشەکەم بکەم"

لەسەر کورسی بەرامبەر دانیشتم و قاچم لەسەر قاچ دانا، بەلێوە خونچەییەکانم کە وەک ئەوە وابوو بمەوێت فیکە بکێشم، واقم بەگۆشەیەکی ژوورەکەدا راما و لە زەینی تۆدا جێگیر بووم. جار جار قومێکم لەو خواردنەوە خۆشە دەخوارد و بەدەستی چەپم یاریم بەگوارەی گوێی راستم دەکرد، هەمان ئەو گوارەیەی کە سالانێک دواتر لە تابلۆکەدا کرتبووتە گوێم. رەنگیشە بەستەیەک لە قژم گرتبێت و دابێتمە بەرهەوا تا بگاتە کۆتایی و جارێکی تر سەرلەنوێ.. بیرم نییە. بلوزێکی خوری سوور و تەنوورەی مۆرم لەبەر کردبوو لەگەڵ پێلاوی رەشدا، کەچی تۆ ئەرخەیان بوویت کە کراسێکی رەشی ئاودامانیم لەبەردایە، کاتێک دادەنیشتم قاچ لەسەر قاچ، تۆ ئەژنۆ سپییەکانم دەبینی، کتێبێکیش لەسەر کۆشم کراوەتەوە و پەنجەم لەسەر لاپەڕەیەک وەک نیشانە داناوە، رەنگی جلوبەگ و جۆری دانیشتن و ئەم شتانە گرینگ نەبوو، تەنانەت ئەو ئەنگوستیلە خاچییە جوانەش کە نقێمێکی سەوزی بەسەرەوە بوو تۆ سالانێک دواتر لە تابلۆکەتدا کردتە دەستم.

هەستام رووەو تابلۆکە وەستام و لە نیگاری خۆمم دەڕوانی، سەیربوو تا ئەمڕۆ نەمزانیبوو چاویلکە هێڵە رەشەکانی چاوم بەرجەستەتر دەکات، بۆ تا ئێستا نەچووبووم چاویلکەیەک بۆ خۆم بەدروستکردن بدەم؟ لەسەر گۆنای راستم خاڵێکی رەشی بچووک خۆی نمایش دەکرد، لە بەردەم ئاوێنەکەدا وەستام، پەنجەم دا لە زمانمەوە و بەخاڵەکەمدا هێنا، سڕایەوە، تۆ سەرت هێنایە پێشەوە و پرسیت "ئالێرەدا خاڵێک

نەبوو؟.. وەک شتێ هەبوو"

وتم "با.. دەزانی تاکێک لە گوارەکەم ون کردووە"

قژم بەلایەکی شانمدا هاتبووە خوارێ و لێوە سوورەکانم تەڕتەڕ بوو.

"ئەوە منم؟"

لە تابلۆی دواتردا نیمچە رووت لەسەر چرپاکە راکشام، قاچەکانم کۆ کردەوە و دەستەکانم بەسەر لێفە سپییەکەوە رەهابوو، تۆ دەستی راستمت لە تەنیشت خۆمەوە درێژ کرد و دەستی چەپیشمت لە بازووەوە هێنایە لێواری چرپاکە، نەمزانی کێشات یان نا؟ شەیتانی بوون.. شەیتانی بوون.. شەیتانی بوون.. ئاوڕم دایەوە و لە پەنجەرەی تەنیشت چرپاکەوە لە قەلەڕەشەکانی سەر لقی درختەکەم دەڕوانی، کە هێشتا رەنگیان نەگۆڕابوو، بە زستانان دەگەڕانەوە، زستانانێک کە خاوەن ماڵەکەی ئێمە دەیوست خانووەکە بڕووخێنێ و بیکاتە سێ نهۆم.

دایکم هێندە نەخۆشبوو وەک ئەوەی بڵێی پێستیان بەئێسقانەکانییەوە نوساندووە بەس بۆ ئەوەی بلەرزێت، تووشی لەرز بووبوو.. من چووم بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەمان پێی بڵێم تا بەهار چاوەڕێ بکات و خانووەکە نەڕووخێنێ، وەلێ ئەو پێی لەکلاش نابوو لێمان کە هیچ چارەیەکی تری نییە. بیری کوڵەفڕ(*) و وەرزێرم کەوتەوە، ئەو رۆژانە لە ناوەندی "ژاندارک" دەمخوێند، رووپۆشێکی سورمەیم دەپۆشی بەیەخەی سپی موشەبەک و تەسریحەیەکی ئەرخەوانییەوە، قردێلەیەکیشم دەدا لە قژم کە خۆم چنیبووم. وەک شتێک دەستێکیشم

(*) کوڵەفڕ: باڵندەیەکی دەنووک کورتی باڵ خڕی دەنگ بەرزە، لە ناو گەنم و جۆدا هێلانە دەکات و لە کاتی دوورێنەدا ئەو هێلکە دادەنێت. و

بەدەوروبەری چاوما هێنابوو، لە فۆتۆ "تهامی" شەشە وێنەم گرت بۆ خوێندنگە، تا یەکێکیان بدەن لە بروانامەی دەرچوونم لەو ناوەندییە و ئەوانی تریشی بمێنێت بۆ دۆسییەکەم. لە ڕێگە چووم بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەمان پێی بڵێم تا بەهار چاوەڕێ بکات و خانووەکە نەڕووخێنێ.

وتی "ئەی چی لە پرۆژەکەم بکەم؟"

ژوورەکەی بۆنی نەعنای سووتاوی لێ دەهات، رەنگە ئەم بۆنە هی پاشماوەی جگەرەکەشی بووبێت، نەمزانی.

وتم "یەک ساڵ.. خۆ هەزار ساڵ ناڵێم"

وتی "باش.. ئەوەش قسە" پێکەنی و چاوەکانی درەوشانەوە بەچینەکانی دەوری چەناگە و رووومەتیشییەوە.

وتم "باوەڕ بکە حاڵی دایکم زۆر خراپە، ئێمە..."

وتی "کە ئێستا لەو ڕێگە دوورەوە هاتووی.. دانیشە"

وتم "پەلەمە.. زۆریش درەنگ کەوتووم" لە بەردەم دەرگەی ژوورەکەدا ڕێک و ڕاست وەستام، دوای ماوەیەکی درێژ چاوی بڕییە چاوم و دیسانەوە پێکەنی، من لە زەینمدا یادی دەنگی پێکەنینی وشک و ترسناکی پیرەمێردێکم کەوتەوە کە ڕۆژگارێک لە شوێنێک بیستبووم، لە کوێ بیستبووم؟ لەرز کەوتە گیانم و خۆنەویستانە هەردوو دەستم گرت بەگوێچکەمەوە، کتێبەکانی باوەشم کەوتنە خوارەوە و من سووربوومەوە، ئەوکات لەودیو مێزەکەیەوە هەستا و بەرەو ڕووم هات، لە تەنیشتمەوە لەسەر عەردەکە چیچکەی کرد، پیرەمێردێکی قەڵەوبوو، دەنگی هەناسە و هانکەهانکیم بەڕوونی دەبیست، وتم "مەمنونم ئاغا.. خۆم کۆیان دەکەمەوە"

وتی "چەند ساڵیت، کچە گیان؟" و دەستی هێنا بەقژمدا، هەرچەندێکبم.. لە ژێر چاوەوە سەیرم کرد، دڵم لە سینەمدا دەیویست بێتەدەر، کە دوایەمین کتێبم هەڵگرتەوە دەستی گرتم و جارێکی تر بەپێکەنینێکی بێ ماناوە وتی "باشە.. ئەمەش قسەیە" من خێرا هەستام و ویستم برۆمە دەرەوە کە بینیم هێشتا دەستمی بەرنەداوە وتم "هەر ئەمرۆ خانووەکە چۆڵ دەکەین.. هەر ئەمرۆ خانووەکە چۆڵ دەکەین .. هەر ئەمرۆ خانووەکە چۆڵ دەکەین"

"کەس زۆرتان لێ ناکات.. ئێستا دەتوانن بمێننەوە، ئێمە بیرێک لە خۆمان دەکەینەوە" نەمتوانی بەر بەو خۆشحاڵییەم بگرم، لەسەر پاژنە پێ سوڕامەوە و پێکەنیم، وتی "هەڵبەت تا یەک مانگ" و توند منی بۆ لای خۆی راکێشا و ماچی کردم، هەمان کات بیرم لە ساڵانی دواتر دەکردەوە کە تۆ کانادات بۆ من هێنا و ماچت کردم، بیرتە؟

بیرمە تا چاومان لێکنا و چاومان کردەوە مانگێک رۆیشتبوو، من جارێکی تر بۆ لای خاوەن ماڵەکە رۆیشتمەوە، هەر جگەرەی دەکێشا، وتی ئیتر ناکرێت، دەیویست سێ نهۆمی لێ دروست بکات، من بێ نەوابووم، بیرم دەکردەوە ئەگەر ئەوێ چۆڵ بکەین دەبێ بکەوینە سەر جادە، دایکم دەلەرزی و بەردەوام لاواز دەبوو، بەفر هەموو شوێنێکی سپی کردبوو، سەرما حەشری دەکرد.

وتم "ئەی ئێمە چی بکەین؟"

وتی "هەڵبەت تا مانگێکی تر مۆڵەتتان دەدەمێ" و توند منی بۆ لای خۆی راکێشا و ماچی کردم. مانگێک وەکو بەرق دەرۆشت، کە چی ئەو سەعاتەی من لە ژوورەکەی ئەودا وەستابووم و ئەم پێ و ئەو پێم دەکرد ساڵانێک درێژەی دەکێشا. پارەکەم دەخستە سەر مێزەکەی و دەمگوت

"روخسەت دەدەیت ئێمە بمێنینەوە؟"

قسەی دەکرد.. قسەی دەکرد.. قسەی دەکرد.. باسی خۆی دەکرد.. پرسیاری لە من کرد.. کە کێ قژی بۆ کردووم بەپرچ، چ قژێکی رەش و پڕم هەیە، چ بەژنێک، لەچاو هاوساڵەکانی خۆمدا زۆر بالآبەرزترم، کراسی رەشم زۆر لێ دێت، ویقارم دەداتێ، رەش رەنگی سالارییە، هەڵبەتە رووپۆشی سورمەیی خوێندنگە...

زەمەن بەهێواشی دەهات و من بەیادی رابردوومەوە بەتەواوی مێژوودا تێ دەپەڕم، تونیم بوو، بیری باوکم دەکەوتەوە، دووبارە دەچوومەوە بۆ ئەوێ تا لەبەر دەرگەی ژوورەکەیدا قنج و قیت بوەستم و گوێ بۆ قسەکانی بگرم، تەنانەت هەلم هەبوو بیر لە سالآنی دواتریش بکەمەوە، ئەو هەر قسەی دەکرد، ئەوەندە کە من هەستم کرد مانگێک تێپەڕیوە و من وەکو خەیاڵێک لە مانگێکی تردام.

سەری مانگ پێش ئەوەی ئەو کەسێک بنێرێتە سەرمان، خۆم دەچووم بۆ ئەوێ و لێ دەگەڕام ماچم بکات، ئەمە دووبارە و دووبارە دەبووەوە و تا ساڵێک بەردەوام بوو، بەڵام لە دەنگی هانکەهانک و سیخە سیخی بێزاربووم، رقم لە بۆنی توونی جگەرەکەی دەبووەوە.. رقم لە خۆم دەبووەوە.. رقم لەو دەبووەوە.. نازانم چۆن ئەم بارە نەدەگۆڕا!

رۆژێک خاوەن ماڵەکە وتی "بەم شێوەیە نابێت.. بارەکە دەبێت بگۆڕێت"

بەفردەباری و ئێمە بۆ نانی شێومان موحتاج بووین، بێ ئەوەی بشتوانین سواڵ بکەین، مووچەی مامۆستایەتییەکەی دایکم تەنانەت کاتێکیش کە دەیتوانی بچێتە سەرکار بەشی بژێوی خۆمانی نەدەکرد،

خاوەن ماڵ سەرتاپامی بەچاو پشکنی و وتی "ماشەڵڵا.. هەزار ماشەڵڵا بۆ خۆت پێگەیوی..ها؟.. لەگەڵ ئەوەدا کە نامەوێت ماڵەکە بڕووخێنم، بەڵام چارە نییە"

کۆشم هەڵدایەوە و بەهەمان شێوە لەسەر قەنەفەکە راکشابووم و سەیری کلوی گەورەی بەفرم دەکرد کە لەودیو پەنجەرەکەوە لە هەڵمدا ون دەبوو، سەرما حەشری دەکرد و ئاسمان بەفرێکی وای دەکردە سەر زەوی کە هیچ دەنکە تۆوێک لە دڵی زەویدا بەزیندووی نەمێنێتەوە، رەگەکان وشک بن و سپێتی بێ کۆتایی تەواوی دنیا داپۆشێت.

دواتر کە جلەکانم کردەوەبەرم، روانیم شەوە و من لە ژوورەکەی تۆدا وەستاوم، چراکانم رۆشن کرد و کۆمەڵێک خەڵکم لەوێ دی، کۆمەڵێک خەڵک کە نەمدەناسین، لە کوێوە هاتبوون؟ ئایا تەواوی ئەو دیمەنەیان بینیبوو؟ چۆن تەسەورێکیان لەسەر من هەبوو، ئایا من ژنێکی بەدکاربووم؟ ئایا قژم زۆر تێک چووبوو؟

خۆم لەبەر ئاوێنەکەدا چاک کرد و قۆپچەکانم داخست و هاتمەپێش، پیرەمێردێک دەکۆکی و هیچ دەنگی لێوە نەدەهات، کوڕێکی گەنج لە سەرتاپامی هەڵدەڕوانی و چاوی لەسەرم هەڵنەدەگرت، گڕم گرتبوو دەتگوت دەموچاوم ئاگری لێ دەبێتەوە، وتم "کوڕە گیان.. چەند ساڵیت؟"

وتی "چواردە ساڵی تەواوم"

پیرێژنێکی پاکوتەمیز لەسەر مۆبیلێک دانیشتبوو، دەیانگوت پوری باوکمە، بەڵام من لە خەوی تۆوە دەمزانی کە باوکم پوری نییە، بەهەرحاڵ ئەو پوری باوکم بوو، لە ژێر لێوەوە شتێکی دەگوت کە تێی نەدەگەیشتم، رەنگە وێردی خوێندبێ، چوومە بەردەمی و وتم "پورێ

گیان.. ئەوە دوعا دەکەیت؟"

وتـی "نا پـورێ گـــیـــان.. مـن لـە بەیـانـیــــیـــــەوە تـا ئێـــــوارە دەڵێم دینبەلەدینبۆ..دینبەلەدینبۆ، ئەگەر تۆش حەزت کرد بیڵێ"

وتم "دینیبەلەدینبۆ"

وتی "جارێکی تریش بیڵێ.. بەیانی کە لە خەو هەستایت هەتا ئێوارە ئەوە بڵێ، عەیبی نییە"

تۆ تریقـایتـەوە و لـە پێکەنینی خـۆت خــەبەرت بووەوە، بەڵام ئـەو هیچ جووڵەیەکی نەکرد، من دەنگی پێکەنینـی ترسناکی قـەمبوورم دەبیست، سـەرم لە ناو دەستـەکانما گرت و لە تاو ئازار گرمـۆڵە بووم، ئایا خـەونم دەدی؟ ئایا ئەسـڵـەن هـەبووم؟ بۆ سـاتێک بیـرم کـردەوە کـە من ئـەسـڵـەن وجـودم نیـیـە و ئـەوە خـەیاڵی منە لە ڕووی فـزوڵیـیـەوە پیـاسـە دەکـات، دەستدەهێنێت بە شتەکاندا، لە مرۆڤەکان دەڕوانێ و بەڵام نییە و خەیاڵ دەکات کە هەیە. دەستم هێنا بەدەموچاومدا، بالیفەکانم دەست دەدا و تەنانەت جۆری قوماشەکەم دەناسییەوە، قەمیس بوو. پیاوێک کە ژیانی منی ژەهـراوی کـردبوو، یان نـا، جـەسـتــەیەک کـە دارونەداری خــۆی لە قـومـاردا دۆڕاندبوو، لە بەرامبەر منـدا ئارام نوستبـوو. بۆ ئەوەچووم کە ئەو نەمـردووە و بـۆ راوی من ئەم داوەی ناوەتەوە، ســەرم خـســتــە ســەر دڵی، هـەوڵم دا لێـدانەکـانی بژمــێـرم، بەڵام هیـچ تەپەیەک نـەهات، وەک ئەوەی هەزار ساڵبێت مردبێت و منیان هێنابێت تا بیرێک لە تەرمەکەی بکەمــەوە. لەوەها تـاقــیکردنەوانەیـەکـدا مــرۆڤ چی لە جــەســتــەی مـەعـشـوقـەکـەی دەکـات؟ ئایا دەیخـوات؟ یان دای دەنێ؟ یـان بەخـاکـی دەسپێرێت؟ یان رەنگە رێگەی تر هەبێت.. چوزانم!

بەڵام من خوادای مردووەکان نەبووم، من هاتبووم پیاوان فریو بدەم و پەنجەی حیرەتی ژێر ددانە برسییەکانیان بجووم، دەمویست ئەگەر کرا پەنجەکانی تریشیان دەرخواردی خۆیان بدەم و نەمدەتوانی.

نەمدەزانی سەعات چەندی شەوبوو، ئەسڵەن من لە کوێ بووم؟ لە تەنیشت جەستەیەکەوە دانیشتبووم، وەک بڵێیت سەعاتێک پێش یان چەند دەقیقەیەک پێش ئێستا سەختترین کاری دنیای ئەنجام دابێ و لە ماندوویێتیدا بێ هۆش بووبێت، یا کەسێک کە قورسترین باری بەشان کێشابێ.. بۆ لەپڕ دەموچاوی ژاکاو و ئەو چاوە رەش و بریقەدارانەی وەک دوو مۆمی بەر با، کوژانەوە؟ بۆ لەوێ بووم؟ ئایا لەوێ بووم بۆ ئەوەی فیشەکی بەزەیی بنێم بەناوچەوانی لەخاچدراوێک یا ستەملێکراوێکەوە و وەکو پەپوولەیەکی وشک، کەپسی بکەم بەدیوارەوە؟ کەسێک کە تەنانەت نازانم ناویشی چییە؟ ئایا کەس بڕوا دەکات؟!

لە نێوان لێوە نیوە کراوەکانییەوە ددانەکانی دەرکەوتن، وەک ئەوەی ئەو سەرما سامناکە لە هەمان جێوە هەڵی کردبێت، لەرزی دەخستە ئێسقانەکانمەوە. دەنگی هاوار و پێکەنینی خۆمم لە سالآنی تردا دەبیست، کە نازانم هی سالآنی رابردووە یان هی سالآنی داهاتوو؟

دەنگی گریان و فیغانی ژنانێکم دەبیست کە لە کۆشکی کۆڵەکەداری بەردینی گەورە و گومەزە بەرزەکانەوە دەئاڵا، ئەم دەنگە مووی بەیەنمی راست دەکردەوە، دڵمی هەڵدەقرچاند. رق قورگمی گرتبوو، لە پەشۆکاویمدا بە وەحشەت کەوتبووم، مردوویەک لەسەر دەستم بوو کە دەرئەنجامی رووداوێک بوو، لێ من نەمدەتوانی لە هیچ دادگایەکدا بیسەلمێنم کە من کەسم نەکوشتووە. بۆ قەفەزەی سنگم نەدەشکا و دڵم نەدەفڕی و ئاسودەم کا؟

چاوێکم بەددانەکانی، دەموچاوی لاوازی، ئەو برۆ ئارامانەیدا گێڕا و لە ترسا قیژاندم، کەچی هیچ دەنگێکم لێوە نەهاتەدەر، دەنگەکە لە پێچاوپێچەکانی کەللەمدا پێچی خوارد و سوڕایەوە، ئینجا چین چین بەستی و بوو بەسەهۆڵ، سەرم لە لاشەم گەورەتر بووبوو، ئیتر من توانای هەڵگرتنی ئەم بارە قورسەم نەمابوو، دەنگەهایەکم دەبیست کە هیچیانم نەدەناسی، دەنگەهایەک کە وەک شەپۆل هەڵدەکشان و لەپڕ دادەکشانەوە، چەند کەسێک هاوکات قسەیان دەکرد و نەدەتوانرا تێ بگەی چی دەڵێن. پەنجەی دۆشاومژەی دەستی راستم تا ئاستی روخسارم بەرز کردەوە و وتم "وس!.. بێدەنگ بن"

بەسەر دەموچاویدا چەمامەوە تا بزانم کامە دەنگیان هی ئەوە، سەرگەردان و گێژ لە چواردەوری خۆمم روانی و وتم "وس!.. بوەستن" گوێم هەڵخست، نا دەنگ لەوەوە نەدەهات، لە کۆشکەکانی کەللەمدا کۆمەڵێک دەرۆشتن و دەگەڕان و بێ ئۆقرەبوون، کۆمەڵێک کە لە ژیان و مەرگ تەنیا راکردن و هاوارکردیان بەمیرات بۆ مابووەوە، بەدەست منیان نیشانی یەکتر دەدا، من ئەوانم بەڕوونی دەبینی. بەلام هیچ کەسێک لەو ژوورەدا نەبوو، بەرامبەرم مردوویەک لەسەر چرپایەک لە ساتی لەتبوندا بوو، کە نەمدەزانی دەبوو من چی بکەم؟ بۆ کەسێک نەبوو کە خەممی پێ بڵێم؟ خوایا بۆ منت وا جێ هێشت؟ نازانم ئایا ئێوە تا ئێستا بەم رۆژە گەیشتوون کە جەستەی مەعشوقەکەتان لەسەر دەستتان مابێتەوە؟

گریان ئارامی لێ بڕیبووم، رق هەناسەمی دەگرت و فرمێسک هەروا دەهاتە خوارێ، من هەرگیز کەسم نەکوشتبوو، بەلام پیاوێک کە خۆشم دەویست و لە ئارەزووی دیداریدا دەسووتام، لە باوەشی مندا مردبوو،

سەیری دەستە لەرزیوەکانم کرد، ئایا نیشانەیەکی لە کوشتن تێدابوو کە من ئاگام لێ نەبووبێت؟

هەستام و پاشەوپاش تا نزیک قەڵەمدان و ڕەنگەکانم ڕۆیشتم، نیگارەکان نیوەکارە بوون و ئێستا تابلۆیەک لە ئارادا نەبوو کە بتوانم پێ بخەمە ناوییەوە، نەپیرەمێردی قەمبوور، نە درەختی سەروو، نە جۆگە ئاو. ژوورەکەم تەقا وتەقدا، لێ هیچ شتێکی تێدا نەبوو بونیام خوی پێوە بگرێ، دووبارە چاوم کەوتەوە سەر مردووەکە و مووی جەستەم ڕاست بووەوە، خێرا خۆم گەیاندە دالانەکە و بەخێراییەکی باوەڕنەکردە دەرگەی ماڵەکەم کردەوە ویستم هەموو ترسم بەجارێ بقیژێنم.

تروسکایی ماڵەکانی بەرامبەر سەرنجمی بۆ خۆی ڕادەکێشا، تەمێکی ناسک لە هەوادا دادەکشا، هەوا پاک و سارد بوو، لەسەر قادرمەی یەکەم وەستام و لەپڕ چاوم بەعەرەبانەیەکی تریشقەکەوت، ڕێک لە بەردەم دەرگەکەدا وەستابوو، لە لووتی ئەسپەکانییەوە هەڵم دەهاتە دەرێ، دەتگوت بۆ ئەوە هەناسە دەدەن، تا دنیا بکەنە تەم. پیرەمێردێکی قەمبوور لەسەر عەردەکە دانیشتبوو پاڵی دابوو بەپێچکەی عەرەبانەکەیەوە، قاچێکی درێژ کردبوو، قاچەکەی تری کردبوو بەستونی ئەنیشکی بۆ ئەوەی سەری لەسەر دانێ، کە منی بینی ڕاست هەستایە سەرپێ، خۆی تەکاند و ڕێزی نواند، وتی "کاتی زۆرت نییە.. هاا.. شەمەنەفەرەکە تا سەعاتێکی تر دەڕوات.. نەکا خوانەخواستە بەجێ بمێنی، ئەگەر پەشێمان نەبوویتەتەوە بجوڵێ.. هاا؟.. خۆ تا ویسگەکە هەر دەتبەم" ویستم بڵێم من موسافیر نیم، تۆ هەڵە هاتووی، ئەسڵەن نازانم تۆ کێیت و لێرە چی دەکەیت، بەڵام ئەو فرسەتی نەدامێ قسە بکەم و وتی "ئیشەکەتان تەواو کردووە؟ هاا.. ئەگەر تەواو نەبووە.. ئەوە

من له خزمەتتان دام.. ئێوە ئەسڵەن زەحمەت مەکێشن، چەمەدانییەکە بهێننە ئێرە، ئەوی تری لەسەر من، خۆم بۆت دەبەم تا ناو شەمەنەفەرەکە.. بەس بیرتان نەچێ کە درەنگە..هاا!؟"

هاوڕا لەگەڵ تەمەکەدا، جارجار لە هەوادا بۆنێکی کەسکونی سووتاویی خەست دەهات، کە حاڵی لێ تێک دابووم و دەماری لێ پڕ کردبووم، بۆنی گۆشت و چەوری سووتاو بوو، وەک بڵێی لەو نزیکانە قاورمە دروست بکەن. من لە یادمە کە لە شوێنێک لە ساڵانی زوودا، کەی بوو؟ لە کوێ بوو؟ هیچم یاد نییە، تەنیا یادمە کە مەڕێکی لاواز و نەخۆشیان سەردەبڕی و بۆ ئەوەی لە گەرمادا بۆگەن نەکات، لەت لەتیان کرد و کوڵاندیان و لە مەنجەڵی مسیان هاوی، بۆنی قاورمە و بۆنی گۆشت و چەوری سووتاو دەهات. ئێستاش ئەو بۆنە دێت، دوو سێ جار هەناسەی قووڵم هەڵکێشا و سەیری دەوروبەرم کرد، پیرەمێردە قەمبوورەکە پێکەنینێکی وشک پێکەنی کە مووی لە جەستەمدا راست کردەوە، ددانەکانم خستە سەریەک و زۆرم لە خۆم کرد کە دەنگی نەبیستم، یان هەوڵ بدەم بەرگەی بگرم، بەڵام لەپڕ پێکەنینەکەی بڕی و وتی "دەڵێی حەزتان لە بۆنی گۆشت نییە؟.. هاا!؟ دەزانی لەم نزیکانە.. لەم نزیکانە نا.. رێک لە ژێر ئەو شاخە جێیەک هەیە، بونیامی لێ دەکوڵێنن" موچڕکەیەکەم پێدا هات و شتێ لە مێشکمدا چەکەرەی کرد، پیرەمێردەکە وتی "هەڵبەتە لەخۆوە و بێ هۆ ئەم کارە ناکەن..هاا!.. لە چەوریی بونیام، سابوون دروست دەکەن.. چ سابوونێک!.. هەر ئەوەندەی دات لە دەست و دەموچاوت کەف دەکات وەکو چی؟.. وەکو ئەوەی پێستێکت فڕێ دابێت.. ئەوە من سابوونێکی وام هەیە، حەز دەکەیت بتدەمێ دەست و دەموچاوی پێ بشۆی؟"

دەستی بەگیرفانی چاکەتەکەیدا کرد و هەنگاوێک هاتە پێشێ، من دەستم بەگرێژنەی دەرگەکەوە گرتبوو تا نەکەوم و حەواسم بوو کە ئاگام لە دەرگـەکە بێت، تا ئەگـەر شـتێک رووی دا خـێرا دەرگـەکە داخـەم و پشـتی پێـوەبنێم و هەناسـەبڕکێ بکەم. بەڵام ئەو نەهاتە پێـشـتـر، لە هەمـان جێ کـە وەسـتـابوو، لە گـیـرفـانـی هێلەکـەکـەیدا سـەعـاتێکی زنجـیـرداری دەرهـێنا و سـەرقـاپەکـەی هەڵدایەوە و وتـی "مـاتڵی چین؟.هاا؟.. من هەمـوو رۆژێک مـردووەکان دەبەمـە شـاعـەبدولعـەزیم(*) یان ویستگەی شـەمـەنەفەر، لەخۆڕی خۆڕایی لە من دەترسیت.. هاا.. ئەگەر یارمەتیشت دەوێت ئەوە من لە خزمەتتدام.. هاا؟"

هەنگاوێکی تر هاتە پێشەوە، مـن لە ترسا وەختەبوو بزریکێنم، خۆمم گرت و بەنیوە هاوارێکەوە گوتم "نا" توونـد دەرگەکەم داخست و چوومـە ژوورەوە، کە چاوم بەجەستەکە کەوت لە سەرسوڕماندا قیژاندم و وشک بووم، مـەگـەر دەبێت مـردوویەک چاکـەت و پانتـۆڵ بکاتە بەری و بۆینباخ ببەستێ؟! بەو کڵاوە شاپوا و پێڵاوانەوە حاڵەتی پیاوێکی وەرگرتبێت کە دوو سێ دەقـیـقـە راکـشـابێ، تا بێن بەدوایدا و بیـبـەن بۆ مـیـوانی؟ چەمـەدانیـیـەکی گـەورەش لەسـەر چرپاکە بوو، وەک بڵێی کـەسێک هەر ئێستا ئەوەی هێنابێت و لەوێدا دای نابێت. مەگەر دەبوو؟

ئـەم شـــتـــانـە لە بێـــداریدا روو نادەن، یان ئـەگـــەر رووش بدەن، سەروبەریان بەئاسانی لێک نادرێنەوە، تەنیا لە خەوندا زنجیرەی رووداو و بەنەزمـێکی نەزانراو، بونیـام یەخـسـیـری خـۆی دەکـات و لـە دنیـای بێـداری دووری دەخـاتەوە. بەڵام خـۆ من نـەخـەوتبـووم، هەمــوو ئەو

(*) شـاعـەبدولعـەزیم: ناوی مـەرقـەد و گـۆڕسـتـانێکە لە شـاری "رەی" لە باشووری تاران. و

ڕووداوانە لە بێداریدا دەگوزەران؛ من بەڕێکەوتێک گەیشتبووم کە نەدەبا دەست و پێ بجووڵێنم، بەڕێکەوتێک.. کە هەرچی هەوڵم دەدا قوتارببم زیاتر تێوەی دەگلام، دیلی گێژەڵوکەیەک بووم کە دەبوو خۆمی بدەم بەدەستەوە پێش ئەوەی ئازار بکێشم. دەبووا خۆمم گرمۆڵە بکردایە تا لەم گێژەڵوکەیەدا بخولێمەوە، دیلیی لەم چەرخی قەدەرەدا، بەو بیرۆکەیەی گەیاندم کە دەبێت ئەم جەستەیە لەو ناوە هەڵبگرم تا بزانم چی دەبێت.

چوومە پەستوی ژوورەکەوە، کێردێکی گەورە لەسەر تاقەکە بوو هەڵم گرت و گەڕامەوە ژوورەکە، لە لێواری چرپاکە دانیشم و بۆ دوایەمین جار چاوم بڕییە روخساری، ژێر چاوەکانی بەتەواوی چاڵ بووبوون، بەڵام پێڵوەکانی بەبرژانگە درێژ و رەشەکانییەوە هێشتا وەکو جاران وابوون، کە ئەگەر هەڵی بهێنانایە دوو چاوی رەشی بریقەدار لە بونیامیان دەڕوانی، بێ ئەوەی هیچ بڵێن لۆمەیان دەکردم کە من هەمیشە دەستوپیێم ون دەکەم و سەرم دادەخەم. قژی زۆر چاک شانەکرابوو، کڵاوی شاپوای تاسەر ناوچەوانی هاتبووە خوارێ.

ئیتر نەمدەتوانی.

بۆینباخەکەیم کردەوە، چاکەتەکەیم لەبەر داکەند، قوپچەکانی کراسەکەیم یەک یەک کردەوە، بەڵام ئاوزوونەی قایشەکەی نەدەکرایەوە، بەکێردەکە قایشەکەیم پچڕاند و پانتۆڵەکەیم لەپێی داکەند، تەنانەت گۆرەوییەکانیشیم لەپێ داکەند، بەڵام نەمتوانی یان نەمویست دەرپێکورتەکەی دابکەنم. پاشان ئارام و لەسەرخۆ وەک یەکێک بیەوێت گۆشتی قوربانی بەش بکات، کێردەکەم خستە سەر ملی و سەریم لە لەشی جیا کردەوە، چەند قەترەخوێنێکی مەیو رژایە سەر سەرچەفەکە.

دەسـتـەکـانیم لـە شـانی جـیـا کـردەوە، دواتر قـاچەکـانیـم کـرد بە سێ کـەرتەوە، هـەمـوو جـەسـتـەیم لەت لەت کـرد و لە چەمـەدانیم نـا.. چەند لەڕولاواز بوو، مشتێک ئێسقان بوو بۆخۆی، چەرچەفە خوێناوییەکەم کۆ کردەوە و لە چەمەدانییەکەدا لەسەر لاشەکە دام نا، قفڵم دا و کلیلەکەیم خستە بەینی مەمکمەوە، کەمێک لەسـەر کورسییەکە دانیشتم و عارەقی ناوچەوانم بـەسـەرقـۆڵی کـراسـەکـەم سـڕی و هـەسـتـام بڕۆم، بـەڵام جلە هەڵڕژاوەکـانی سـەر چرپاکە شـێـوەیەکی ناشـرینیـان هـەبوو، دانە دانە کردمن بەعەلاگەوە، خەتی ئوتوی پانتۆڵەکەم لەسـەر یەک دانا و قوپچەی کـراس و چاکـەتەکـەیم داخـست و بۆینبـاخـەکـەیم کـرد بـەسـەریدا، بەبزمارێکی گەورەی چەقیو لە دیواری سەرو چرپاکەوە هەڵمواسین.

کـڵاوەکـەشم کـرد بەسـەری بزمـارەکـەدا، قـەدەرێک لێم روانی، یەک پیـاوی تەواو سـەلار، سـەری داخـسـتـبوو کـتـێـبی دەخـوێندەوە، هـەمـان شێوەی کە سـاڵانی دواتر لە خـەیاڵمدا ئەوم لە قـاوەخـانەی فیـردەوسی بینیـبـوو، تەنانەت سـەری هەڵنەبڕی سـەیرێکی من بکات.. چەند لە تۆ دەچوو؟

من لەسـەر مێـزێک دانیـشـتـم و قـاوەم بانگ کـرد، ئەو لەسـەر مێـزی بەرامبـەرم بەسـەری پەنجـە یاری بەسـمێڵی دەکرد و چاودێری هەمـوو شـتـێکی دەکـرد، وەک سـیـخـوڕێکی وریا بەئـاگـا بوو، بێ ئەوەی کـەس بزانێت کـێیـە و پەیامی چییـە.. بیرتە؟ لە تەواوی ئەو کـاتـانەدا سـەیری یەکترمـان دەکرد و لەیەکترمان دەڕوانی. ئایا هیچ کـاتێک هـاتبـوو قسـە لەگەڵ مندا بکات؟ بۆ نموونە بێتە سەر مێزەکەم و شتێکم لێ بپرسێت؟ یان بەدەست ئامـاژەم بۆ بکات و بانگێـشـتـم بکاتە سـەرمـێـزەکـەی و بیـیـەوێت بزانێت کـە من کـێم و تـەمـەنم چەندە؟ ئایـا ئەسـڵـەن هـەم؟

نەیدەوێرا یان بەڵکو ڕێک نەکەوتبوو؟ ناشێ منی خۆشنەویستبێت؟ ئەی بۆ وا لێی دەڕوانیم؟ ئاخ لەدەست تۆ.

جارێکیان بەلای مێزەکەیدا تێپەڕیم و وتم "سلاو" ئەو وەک هەمیشە کلاوەکەی بەرز کردەوە و خۆی نوشتانەوە، بێ ئەوی تەنانەت بڵێت "سلاو". سەرەڕای ئەوەی تا رادەیەک حاڵم باشبوو خۆم گەیاندە مێزەکەم و دەواو سرنجم لە جانتاکەم دەرهێنا و لەگەڵ خۆمدا بردم، خستمە لاستیکی دامەنەکەمەوە، پێش ئەوەی قاوە داوا بکەم بەقادرمەکاندا چوومە خوارەوە، خۆم خستە نا و دەسشوییەکان و سرنجم پڕ کرد و و چەقاندم بەدەمارمدا.. نەفرەتی خوای لێ بێت.

سەرم بەرز کردەوە و لە ئاوێنەکەدا چاوێکم کرد لە روخسارم، بۆ پیر نەدەبووم بۆ پێستم چرچ و لۆچ و قژم سپی نەدەبوو؟ من چەند ساڵ بووم، تۆ لە بیرتە؟ ئەسپەکان دەیانحیلاند و من دەبوو خێرا بکەم، چەمەدانییکەم هەڵگرت، هەستم کرد زۆر قورسە، کەسێک کە لە باوەشی مندا وەک چۆلەکەی خوساو دەلەرزی و وەک کا سووک بوو، ئێستا ئەوەندە قورسبووە کە باوەڕ ناکەم بتوانم بە ئاسانی هەڵی بگرم، ویستم داوای یارمەتی لە قەمبوور بکەم، بەڵام ترسام بێتە ژوورەوە و ڕێ و جێی ماڵەکە هەڵگرێ و بۆنی شتێک بکات، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێت کە غەریبەبوو حەزم نەدەکرد بێتە ژوورەوە، بەهەر زەحمەتێک بوو چەمەدانییەکەم گەیاندە بەردەرگەکە و دەرگەکەم کردەوە، بەرلەوەی هیچ بڵێم، پیرەمێردەکە بەرەو رووم هات، چەمەدانییەکەم تا سەر قادرمەی یەکەم پێش خۆم دا و دەرگەکەم داخست، لەپڕ هەستم کرد کلیلی ماڵەکەم پێ نییە، بیرم چووبوو لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دەری بهێنم، وتم ئاخ و پەنجەی خۆمم گەست، قەمبوور وتی "ئەسڵەن گوێشی

مەدەرێ..هااا.. گرینگ نییە.. من کلیلی ماڵەکەم پێیە، ئەوەتا.." دەستی کرد بەگیرفانی چاکەتەکەیدا و دایمێ، کرابوو بە زنجیرێکی ژەنگاوییەوە.

چەمەدانییەکەی هەڵگرت و بەخێرایی گەیاندییە لای گالیسکەکە و بەجووڵەیەک هەڵی دایە ناو عەرەبانەکە، سەرم سوڕمابوو کە ئەم قەمبوورە دووچڵ ئێسقانە ئەم هێزەی لە کوێ بوو؟ دەتگوت هێزێکی شاراوەی هەیە، وەها دەجولایەوە کە دەوروبەری وەستابێت و ئەو لە جووڵەدا بێت، هەوڵم دا بەسەر خۆمدا زاڵ ببم و سەیری چواردەورم بکەم، دنیا هێشتا تەم بوو، بارانێ بەڕێوە بوو. قوپچەکانی مانتۆکەم، کە سالانێک دواتر لە خەونی تۆدا پۆشیبووم، داخست سەرپۆشە ماشی رەنگەکە کە تۆ دواتر لە تابلۆیەکدا کردبووتە سەرم، لە ژێر چەناگەمەوە گرێم دا و سواری گالیسکە بووم.

دەنگی قامچی هات و ئەسپەکان لە شوێنی خۆیان جولان، گالیسکەکە وەک لەلوێی(*) منداڵان دەکەوت بەمدیو و بەودیودا، پێچکەکانی جیڕەجیڕیان دەکرد، وەک ئەوەی یەکێک لە پێچەکەکانی گوپی دابێت، لە هەر سوڕانەوەیەکدا جارێک ئێمەی هەڵدەتەکاند، لێگەڕام کە لە هەموو سوڕانەوەیەکدا جارێک هەڵتەکێکمان پێ بکات، ئەسڵەن ئەمە کەی گرینگ بوو؟ گرینگ ئەوەبوو کە ئایا دەڕۆشتم لە ژێرباری قورسی ئەم تەرمەدا نابوود ببم؟ یان ئەم تەرمە چارەنووسی منی بەجێیەک دەگەیاند کە بتوانم ئەم خەمە بەسەر دڵمەوە لاببەم؟ رێگەکە خۆڵ و خراپ بوو، لێ بەهەرگیانکێشانێک بوو بە کەناری رووبار

(*) لەلوێ: بەو جۆلانە هەڵواسراوە دەوترێت کە هەر سەرێکی بە درەختێکەوە دەبەسترێت و مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاسۆی تێیدا ڕادەکشێت. و

و شاخ و دەشتا دەڕۆی. قوقە قوقی کەڵەشێرەکان دەهات کە نیشانەی بەیان بوو، بەڵام من هەستم پێ نەدەکرد، ڕەنگە کەڵەشێرە ناوەختەکانی شەو بووبن، گاهێ ئەستێرەیەک لە جێگەیەکی دوورەوە دەکشا و نەدەما، گاهێ مەلێک بەدەنگێکی غەریب دەیخوێند و دڵمی دەهێنایە لەرزە. دواتر گالیسکەکە گەیشتە جادەیەکی ساف و خۆش، دڵنیابووم کە پێچکەی لای چەپ گوپی داوە.

تاکوتەرا ڕێبوارانێکی کڵاو بەسەر یان بێ کڵاو تێ دەپڕین، کۆمەڵێک سەرباز لە بەرامبەر ئێمەدا سێ هەنگاویان هەڵدەهێنایەوە و چوارەمیان بەتوندی دەدا بەعەرددا، دەنگی پێکەوەیی مانۆڕی سەربازەکان ناخی دڵمی دەخستە لەرزە، تەمێکی زۆر ناسک لە هەوادا شەپۆلی دەدا و بارانیش نم نم دەستی پێ کردبوو.

گالیسکەکە لە سوچی مەیدانێکی چوارگۆشەدا لە ژێر دارتێلی گڵۆپە کارەباییەکاندا وەستا، گالیسکەچی وتی "ئێرە ویستگەی شەمەنەفەرە.. ئەمەش بلیتەکەی تۆیە، ئەگەر خاوەخاو بکەیت بەجێ دەمێنیت و دوایی ئەم چەمەدانییەمان لێ دەبێت بەتەوق.. هاا!؟" دابەزیم، گالیسکەچی خێرا خۆی فڕێ دا، چەمەدانییەکەی هەڵگرت و پێشم کەوت، منیش دوای کەوتم، چوینە ساڵۆنێکی زۆر گەورەوە کە هەمووی کاشی گەورەی چوارگۆشەیی بوو، بەچەند دەرگەیەکی هەوایی بەرز گەیشتین کە دەکرانەوە و دادەخرا، کەسێک دەهات یان کەسێک دەڕۆیشت، ژنێک بەخێرایی بەرەو ڕووم هات و وتی "خوشکێ.. خۆت داپۆشە"

وتم "من؟"

وتی "بەڵێ، تۆ"

وتم " خـۆ من.. نیم!" و سـەرپۆشـە مـاشی ڕەنگەکـەم هەندێک هێنایە پێـشێ، بەڵام تۆ پێت خۆش نـەبوو، بەنووکی قـەڵم تاڵەکانی پـەرچەممت دەرهێنا. قـەمبوور بەئاماژەی دەست دەرگە گەورەکەی کردەوە و بەسەر ئاماژەی کرد دوای بکەوم، قادرمـەیەکی بێ کۆتایی لە بەردەممماندا بوو کە دەبوو پێیدا بچینە خوارێ، من لە دڵی خۆمدا ژماردم، هەزار پلەبوو، کاتێک دوایەمین پلەم ژمارد، قەمبوور وتی "هەڵەت کرد.. نۆ سەد و نەوە و نۆ پلەیە"

ویسـتم بگەڕیمـەوە دووبارە بییـان ژمێـرمـەوە، نەمـزانی بۆ بەلامـەوە هێندە جێی گرینگیم بوو، بەڵام هەوڵم دا بـەدوای قەمبووردا بڕۆم و ونی نەکەم، لەوە دەترسام چەمـەدانییـەکە ون بکەم، نەمدەزانی بۆ وا هەسـتم کرد هەمـوو سەروەت و سامـانی من لەم چەمەدانییـەدایە. فیکەی ئاژێری شـەمـەنەفـەر هات، هـەوا سـارد بوو، چەند گـەدایەک لەملا ولا کـزەڵەیان کردبوو وەکو مەهارا هیندییەکان چووبوونە ناو خۆیان، مشکی بەسەر، عەبا بەشان کە دەسـتێکیان لێوە هێنابووە دەر. کە نزیک شـەمەنەفەرەکە بوومەوە خەڵکەکە زیاتر بوون، تـا ئەو کاتە ئەو هەموو بونیامەم نەدیبوو، خـەڵکانێک کە زۆرتریان گەدابوون و وا دەهاتنە پێش چاو لە ژێر لێوەوە وێرد بخـوێنن، وێردێکی جـادویی کـە ئـەگەر پارەیان پـێ نەدەیت دەبیـتە بەرد، یان لاڵ یان کوێر دەبیت. پاشـتر زانیم کە هەمـوویان بەیەک دەنگ شــتـێک دەخـوێـنن کــە من ڕەوانە دەکــەن، لێ جگە لـە دەنگی هـاتن و ڕۆشـتنـی خـەڵک و عـەرەبـانەکـان و هاوڕیتـمی ویسـگەیەکی قــەرەباڵغ، دەنگی تر نەدەهات.

من لە کاتێکدا چاوێکم لەسەر چەمەدانییەکە بوو بەناو حەشاماتەکەدا تێ دەپەڕیم، قـەمـبـوور بەپلەکـانی شـەمـەنەفـەرەکـەدا سـەرکـەوت و بۆ

ساتێک هەڵوێستەیەکی کرد، گەڕایەوە بەدەست ئاماژەیەکی بۆ کردم و مەسخەرە ئامێزانە چاوێکی لێ داگرتم کە دوای بکەوم.

سەرپۆشەکەم توند گرێدا و سەرکەوتم، بەچەند ڕاڕەوێکدا ڕۆیشتین تا لە فارگۆنێکدا گەیشتین بە کابینەی ژمارە بیست و چوار. قەمبوور چەمەدانییەکەی خستە سەرکورسییەکان و عارەقی دەموچاوی بەسەرقۆڵی کراسەکەی سڕی، بەبزەیەکی بێ ماناوە وتی "خواحافیز" دەستم کرد بەگیرفانی کراسەکەمدا، دوو قڕانی و یەک عەباسی زیاتری تێدا نەبوو، ئەوەم بەرەو ڕووی قەمبوور درێژ کرد، خۆی کێشایە دواوە و وتی "شایەنی نییە.. هااا.. لێگەڕێ دواتر حساب دەکەین"

وتم "ڕەنگە من ئیتر ئێوە نەبینمەوە"

وتی "مەیلی خۆتە.. ئەگەر لە ئایندەشدا یەکتر نەبینینەوە من شوێنی ئێوە باش دەزانم"

کام ئایندە؟ کام شوێن؟ مەگەر دەڕۆم کە بگەڕێمەوە؟ مەبەستم کوێ بوو؟ بۆ دڵم نەیدەویست بزانم؟ وتم "واز لە موجامەلە بێنە"

سەری دانەواند و بەبچووککردنەوەی چاوەکانی حاڵەتێکی پێکەنیناوی گرت، وەک ئەوەی بڵێی دەگری، وتی "شایەنی نییە.. کە هاتم پێکەوە حساب دەکەین" ڕێزی نواند و بەخێرایی لە کابینەکە چووە دەرەوە.

کورسی و دیواری کابینەکە داربوو، جێگەی سێ نەفەر لەمبەر بوو، جێگەی سێ نەفەر لەوبەر، بەلای سەرووی هەرنەفەرێکەوە ژمارەیەکی ئینگلیزی لەسەر پلێیتێکی شین نووسرابوو، من لای پەنجەرەکەوە لە ژێر ژمارە پانزە دانیشتم و چەمەدانییەکەش ڕێک بەژوور سەرمەوە بوو. زۆرم حەز دەکرد کە ببینم لە کابینەکانی پێشتردا کێ لەسەر کورسی ژمارە یەک دانیشتووە، وتم کە دوایی شەمەنەفەرەکە کەوتە ڕێ دەچم

بزانم کێ لەوێیە، بلیتەکەم لە نێوان پەنجەکانمدا گرت و چاوم بڕییە دەرەوە.

ویستگەکە پڕبوو مەهارای شاڵ بەسەر و عەبا بەشان، کە هەریەکەیان لە شوێنێکدا مژۆڵی سواڵکردن بوو، خەڵکەکە لەوان دوور دەکەوتنەوە، بەڵام هەموو شوێنێک دەستی پانکراوە و درێژبوو؛ سواڵکەرانێک بوون بەسەر و ڕووی پیس و زمانێک کە دەم و لێویان پێ دەلیستەوە و چاوەحیزەکانیان کە بەملا ولادا دەیانگێڕا. لەولاترەوە مەڕێک سەری نابووە تەنەکە خۆڵێکەوە و مانگایەکیش لەو ناوە دەخولایەوە، لە ژێر هەر گلۆپێکدا کەسێک سەرقاڵی کاسبی خۆی بوو، کۆمەڵێک دەوریان لێ دابوو، پاقلە.. جگەرە.. چا.. حاڵم باش نەبوو و سەرم قورسبوو، ناوچەوانم بەشووشەکەوە نوساند و سەیری خەڵکەکەم دەکرد.

سێ پیاو لە دەوری قاپێک خڕبووبوونەوە و شتێکیان دەخوارد، وەک ئەوەی لە دەستەوسانیدا شمشێریان چەقاندبێتە عەرد و هیلاک و ماندوو بیر لە کچێک بکەنەوە؛ کە ئاسان خۆی نادات بەدەستەوە و دەتوانێت لە حاڵەتی چەمینەوەدا هەزار ساڵ، گوڵێکی نیلۆفەری شین پێشکێش بە پیرەمێردێکی قەمبوور بکات، کچێک کە لە ناچاریدا یان لە بەخت ڕەشیدا سرنج پڕ دەکات و دەیچەقێنێت بەدەمارە تونییەکانیدا، قاچە لەرزیوەکانی لە کاتی ڕۆکردنی دەرزیدا دەجوڵێ و دڵۆپە خوێن دەکەوێتە سەر دەستشۆری دەستشوییەکەی قاوەخانەی فیردەوسی؟

چاوەکانم جارێکی تر لە جوڵەجوڵ وەستا، سەرم بەرز کردەوە، جارێکی تر ئەو پیاوەم لە بەردەرگەی دەسشوییەکەدا بینی، بەدەموچاوی عارەقاوی و چاوی ماندوو و پەرێشانییەوە دەلەرزی، تەنانەت هەناسەشی دەلەرزی، وتی "بیدە لە منیش"

وتم "دیسانەوە تۆ؟!"

وتی "دەڵێی ئیسقانەکانمیان لەیەک جیا کردووەتەوە.. تکا دەکەم.. دەزانی؟ من شاعیرم.. نازانم دەمناسیت یان نا؟.. هەرچۆنێک بێت شاعیرێکی باشیشم.."

وتم " نەخێر ناتناسم"

بزەیەکی سارد و ماناداری کرد و وتی "زۆر سەیرە!" لە کاتێکدا کە قۆڵی هەڵکردبوو، هەوڵی دەدا بێتە ژوورەوە، من نەمدەهێشت، قاچی راستم نا بەدەرگەکەوە و خۆمم نوساند بەدەستشۆرەکانەوە، سرنجەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە، دەرگەکەم بەردا و بەرقێکەوە کە هەموو وجودمی دەلەرزاند، سەرتاپای ئەوم چەند جارێک لە تەوقی سەرییەوە تا نووکی پێی و لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری بەوردی سەرنج دا، بەڵام ئەو زۆر میهرەبان بوو.

وتی "عەیبی نییە.. بەشی من کەوتووەتە سەر عەردەکە"

وتم "تەواو؟"

وتی "مەزەی شەلاتی، خۆڵە"

وتم تازە پیس بووە، نوشتامەوە و سرنجەکەم هەڵگرت، ویستم فرێی بدەمە تەنەکە خۆڵەکەی پشت دەستشۆرەکانەوە، بەڵام ئەو مەچەکی لە ئاسماندا گرتمەوە و وتی "بیدەڵێم" دەستی چەپی هێنایە پێش و دەرگەی دەسشوییەکەی بەردا، نازانم بۆ نەمتوانی؟ هیچ جارێک لە هیچ کارێکدا ئەوەندە دوودڵ نەبووم. بونیامانێک کە لەجومجومەی مندا دەرۆشتن، دەستیان کردەوە بە دەرسخوێندن، بیرم کەوتەوە کە لە شەمەنەفەرەکەشدا تووشی هەمان حاڵەت بووم، کەی بوو؟ چەند ساڵ پێش ئێستا؟ خوایە، بۆ ناتوام.

کەمێک سەری هێنایەپێش و بەپێکەنینەوە لە کاتێکدا عارەق لە چەناگەی دەتکا وتی "لێمی بدە.. گوڵم" سرنج پیس بوو، دەمدەزانی ئەگەر لێی بدەم، هیچ بەکار نایەت و فێڵی لێ دەکەم، ئەوەشم دەزانی ئەگەر لێشی نەدەم ئەوە دەبوو تا قەرەی قیامەت لەوێدا بووەستم، سرنجم چەقاندە دەمارە هەڵماوساوەکانی و تا دواچۆڕیم تیا خاڵی کرد، وتم "من ئەهلی شیعر نیم.. ئەهلی سەربەرگی قەڵەمدانم" و لە چاوەکانیم روانی کە هێواش هێواش رۆشن دەبووە و نووری تێ دەکەوت.

لە ژێر لێوەوە وتی "دەزانم"

کە تەواو بووم وتم "زۆر باشە.. بەڵام تکا دەکەم کە ئیتر موزاحیمم نەبیت"

وتی "بەڵێ.. مەمنونم"

بەخێرایی بەقادرمەکاندا سەرکەوت، چاودێریم کرد تا دڵنیابووم کە رۆیشتووە، دەمویست دەرگەکە لە ناوەوە دابخەم و بەحاڵی خۆم پێ بکەنم، یان قژم تاڵ تاڵ بکەم، یان بۆن لەخۆم بدەم، یان بۆ نموونە ماکیاژەکەم تۆخ بکەمەوە، یان پشت چاوم تەریب بە پێڵووەکانم رەشتر بکەم.

نازانم بۆ هەمیشە بیرم دەچوو دەرگەی دەسشوی لە ناوەوە دابخەم؟ بۆ ئەوەندە گێژبووم؟ هێندە دەزانم کە کەسێکی چارە رەشبووم، هەر لە چارە رەشیمەوە بوو کە لەپڕ چاوم بەو کەوت، لەسەر قادرمەکان وەستابوو، یەک لەدوای یەک مژی لە جگەرەکەی دەدا، لە ژێر چاوەوە هەم چاودێری منی کردبوو هەم ئەو شاعیرە بالآبەرزە.

فلتەری جگەرەکەی بەژێر پێی پان کردەوە و بەهەمان شکۆی هەمیشەییەوە بەچاوانێک کە بونیام لە شوێنی خۆی وشک دەکات،

ئێستا ئیتر بیرم نایەت کە دەستی لە گیرفانیدا بوو یان یاری بەسمێڵی دەکرد، وتی "زەکی سە" و ناوچاوی دابەیەکدا و رۆیشت.

دەنگی ئۆکۆردیۆنی نابینا بەویقارەکەی بەردەم دەرگەی قاوەخانەکە، کە ئاهەنگی رۆژگاری نەخش و نیگارانی دەژەند، لەگەڵ بادا دەهات و دەچوو، کە دەنگەکەم بیست تێگەیشتم دەرگەی قاوەخانەکە کراوەتەوە، کەسێک هات یان کەسێک رۆیشت، خوایە ئەو نەڕۆشتبێ. خێرا دەستێکم هێنا بەسەر و قژمدا و بەقادرمەکاندا سەرکەوتم، بەو خەیاڵەی یەک راست بۆ لای ئەو برۆم، کورسییەک لەسەر مێزەکەی رابکێشم و کاتێک دانیشتم بڵێم بەیارمەتی خۆت و سەری قسە دامەزرێنم و بێ پێشەکی، بێ ئەوە کە غروری ژنانەم لە بەرچاو بگرم، یەک راست بچمە سەر ئەسڵی مەسەلەکە و بڵێم موعجیبم بەتۆ، یان نا، رەنگیشە عاشقت بووبێتم، خۆ عەیب نییە؟ بۆ ئەوەندە بێ ئارامی، چی تۆی نارەحەت کردووە، بۆ بەردەوام تووڕەیت؟ حەز دەکەیت کرمە ئاوریشمینەکانی من ببینی؟ دەبێت بچینەوە سالانی منداڵیم، سالانێک کە من تێیدا حەزم لە کانادا بوو، لە بەهارا ئەهلی کرمی ئاوریشم بووم، وەلێ ئێستا ئەهلی نیگاری سەربەرگی قەڵمدانم. حەز دەکەیت بچینە سەر جادە و پیاسەیەک بکەین، ئەوەندە برۆین تا دەگەینە پردی "رۆمی" سلا و لە سەربازە کانزاییەکان بکەین، بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵام بین؟ دەتوانین بچینە باخێکەوە، ئێستا باخیش نەبوو.. نەبوو.

باخچەی کولانەکانی ئەو ناوە جوانن، لەسەری هەرگوزەرێکدا سەربازێکی کانزایی ئێشک دەگرێت، دۆستێکم هەیە لەوێ -من باش شارەزانیم- باخی پەروانەی هەیە، باخی پەروانە نا، باخێک پڕ لە پەروانەی رەنگاوڕەنگ، شازادە خانمێکە لە سی ساڵیدا بێوەژن کەوت و

ئێستا لە تەنیا باخەکەیدا پەروانە بەخێو دەکات، وشکیان دەکات و دەیاننوسێنێت بەئاوێنەوە، خەڵکی خۆی هەیە، دوو ماشێنی مۆدێل کۆنی هەیە کە خستوونییەتە ژێر کەپری مێوەکەیەوە. ئەم ژنە عاشقی گۆرانیبێژێک بوو، قورگێکی ئاڵتوونی هەبوو، گۆرانیبێژێک کە خۆی عاشقی کچی حاجییەکی دەوار رەشی بووبوو، هەرچی کرد نەیتوانی پێی بگات، ئاخرییەکەی دیقی کرد و مرد، مەرگ شتێکی خەمگینە، وا نییە؟

کە گەیشتمە سالۆنەکە سەیرم کرد لەوێ نییە، بەسەرخۆممدا نەهێنا، چوومە سەرمێزەکەی خۆم دانیشتم، بەڵام کە ویستم قاوە ساردەوەبووەکەم بخۆمەوە لە پەنجەرەکەوە بینیم، بەپێچەوانەی عادەتی خۆیەوە چاکەتەکەی دەرهێنابوو، خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی دەدا، چەند کەسێک بەلایدا تێپەڕین و سڵاویان لێ کرد، بەڵام ئەو دەتگوت ئاگای لە دەوربەری خۆی نییە، وەک چاوەڕێ بێت جگەرەکەی تەواو بکات و بەگوڕ بڕوات سەربنێت بەلایەکی بازاڕەکەوە. من لەسەر لا دەمبینی و هەستم دەکرد ئیتر بەرگە ناگرێت، لە تووڕەیدا لە حاڵی تەقینەوەدا بوو، بەڵام تیامابوو، هیچی لەدەست نەدەهات، کەسێک کە دەیویست تەکانێک بەکۆمەڵگە بدات، بەڵام بۆی نەدەکرا، دەیویست حەقیقەت بڵێ، بەڵام گوێیەک نەبوو ئەمە ببیستێت، هەموو رێگەکانی لێ بەسترابوو، کەچی وەک قومارچییەکی دۆڕاو یان مەردێکی کوتەک خواردووش نەیدەتوانی باوەڕ بەخۆی بهێنێ کە لێ بووەتەوە.

لە هەمان کاتدا گەنجێکی پۆشتەوپەرداخ کە چاکەت و پانتۆڵێکی سورمەیی پۆشیبوو، بەڕوویەکی سوور هەڵگەڕاوەوە لە بەرامبەریدا وەستا، سەری کەمێک دانەواند و بەڕێزێ کە سەربازێک بۆ سەرو خۆی

دای بنێ، ڕێک لە بەردەمیدا وەستا، پاشان چەند کتێبێکی کە لە ڕۆژنامەوە پێچابوو دایە دەستی و دووبارە پتەو و خۆڕاگر وەستایەوە. چاوێکی گەورە و برۆیەکی هیلالی جوانی هەبوو، ریشێکی تەراشکراو بەسمێڵی باریک و ڕێکەوە، قژی بەلای چەپدا داهێنابوو، مووە لوولەکانی سەرناوچەوانی بەدەم باوە یارییان دەکرد، بۆ ساتێک تێگەیشتم کە ئەم گەنجە هەر پۆشتەوپەرداخ نییە، ئینسانێکی چاکیشە، لە چاکێتی ئەو هیچ گومانم نەما، بەڵام لە ژێر گوشاری ئەو هەموو نیگایەدا هەستم دەکرد رووتم و نەمدەتوانی خۆم لەوێ رزگار بکەم، پەشۆکا بووم.. فیکەی ئاژوانی شەمەنەفەر هات.

کارمەندا شینپۆشەکانی هێڵی ئاسن دەرکەوتن، دەرگەکانیان بەدەنگێکی وشک داخزان و شەمەنەفەر کەوتە ڕێ، خەڵکەکانی دەرەوە بۆ شەمەنەفەرەکە دەستیان رادەوەشاند، کڵاو بەسەر و بێ کڵا و، پاڵتۆ لەبەر و عەبا بەشان، خەندەیەک لەسەر روویان نەخشی بەستبوو، زۆر گاڵتەبازارانە دەینواند. کارمەندەکانی ڕێگەی ئاسن پاڵیان پێوە دەنان و شەمەنەفەر لە بەرامبەر دیوارێک لە بونیامدا تێ دەپەڕی. چاوم کەوت بەپیرەمێردی گالیسکەچی لە ژێر دوایەمین گڵۆپدا وەستابوو و بۆ من دەستی رادەوەشاند، حەزم کرد بۆی پێ بکەنم کەچی نەمتوانی، شەمەنەفەرەکە لە تاریکیدا دەڕۆی و من بەشوێنهایەکی نەزانراودا. لە تڕووسکایی ناو دڵی تەمەکەم روانی، دواتر هێور هێور تڕووسکاییەکان ڕەوینەوە و شەمەنەفەرەکە وەک ئەوەی بەتونێلێکی رەشی بێ کۆتاییدا بڕوا، بەرەو پێش دەیئاژۆ.

من کە هەبووم بۆ کوێ دەڕۆیشتم؟ بۆ کەس بەمنی نەدەوت؟ بۆ ساتێک بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە لە تابلۆیەکی تۆدا من سواری

شـەمـەنەفـەر بوویێـتم بەمـەبەسـتـێکی نـەزانراو، تابلۆی ژنێک کـە لـەپەنجـەرەوە سـەیری تـاریکی دەکـات و هیـچ حـاڵـەتێک جگە لـە سـەرگەردانی لە دەمـوچاویدا نییـە، بەلێوێکی خـونچـەییـیەوە کـە دەتگوت ئێسـتا لە مـاچێکی درێژ هەڵگیـراوە و هێشـتـا تێر نەبووە، قـژی رەش و ئاڵۆزکا و، کراسی ئاودامانی رەش، کە لە تابلۆکەی تۆدا مانتۆی رەش و سەرپۆشی مـاشی رەنگیشی بەسـەرەوەبوو. گـرێی سـەرپۆشـەکەم کـەمێک شل کـردەوە، یان نـا، من لە خـەوی تۆدا مـوسـافـیـربووم و بەسـواری شـەمـەنەفـەرێکی سـەوز کـە بزوێنـەرەکـەی دەدەرەوشـایەوە و ئەو ئەژدیـها زللـەی بەدوای خـۆیدا رادەکـێـشـا. ئایا ئەگـەر بتـوانیـبـا پێـشت بەو شەمەنەفەرە دەگرت؟.. بۆ کوێ دەچوو؟

دایکم گوتی "دەچووە رۆژنامـە.. بەیانی بەشـەوقـەوە دەچووە رۆژنامە و عـەسرەکـەی دەگەڕایەوە لە مـاندوویێـتیدا رەنـگ بەڕوویەوە نەبوو، بزەیەک بەحاڵ و نەحاڵ لەسـەر لێوی بوو، بریقەیەکی لە چاوییەوە دەهاوی، بەڵام حەیف.. نەک بەخاتری ئەوەی مێردم بوو.. نا.. بەخاتری یادەوەرییەکانم، بەخـاتری ئینسـانییـەتی لە بارەی ئـەوەوە قـسـە دەکـەم.. رۆژێک نایان بەسـینـەی دیوارەوە، دواتر چەنـدین شـاعـیـری ناسـرا و شـیـعـریان بۆ نووسی. ئاخر شـەو لە زیندان ویسـتبـووی یەک دووانێک لەو نووسـەرانە ببینێت، بەیەکێکیـانی وتبوو «ئێـمـە ژیانمان لەدەست چوو، ئێوە قـەدری بزانن، هەوڵ بدەن نەچنە ناو یارییـەکانی سیاسـەتەوە، چونکە...» ئیـتر نەیان هێشـتبـوو قسـەکەی تەواو بکات، چونکە کاتەکەی تەواو بووبوو، ئەو کـاتە ئەویاندەبرد دوایەمین وێنـەی بگرن.. بڕوانە تـەنیـا چاوەکـانی لەخۆی دەچێت.."

ئەم شـتـانەم پێشتـر دەزانی هەربۆیە هـەمیشـە بەرگی سـەرتاپا رەشم

دەپۆشی، بیرم لە تۆ دەکردەوە کە سالآنی دواتر، تابلۆیەکت لە من دەکێشا؛ مانتۆییەکت لەبەر دەکردم و سەرپۆشێکی سەوزت دەدا بەسەرمدا، تورەییەک بەسەر ناوچەوانمەوە هاتبووە خوارەوە.

ژنێک وتی "خوشکێ.. قژت داپۆشە"

وتم "من؟"

وتی "ئا.. تۆ"

وتم "من.. خۆ نیم"

بەلآم هەبووم، دەهاتم تۆ ببینم، سەربخەمە سەرشانەکانت و فرمێسکەکانم بشارمەوە، بەدەستە شل و شەوێرەکانم... دەمویست بەپەنجەکانت پەراسووەکانم بژمێریت، تا بزانیت کامیان کەمە.

شەمەنەفەر بەخێرایی دەڕوێ و من لە تاریکی بێ کۆتایی شەودا سەراسیمەبووم، گرینگ نەبوو کە لە دیواری تونێلی دووسەرە دەڕوانم یان لە دنیایەک کە نەمدەزانی عەردی کامەیە و ئاسمانی کامە، رووەو رۆژهەلآت دەڕوات یان رووە و رۆژئاوا؟ گرینگ ئەوەبوو لە زەینی تۆدا بۆ سەفەرێکی درێژ دەرۆیشتم. لەخۆوە حەزت دەکرد بۆ جێیەک بڕۆم کە پیرەچناری لێ بێت، قەلەرەشگەلێک بەسەرلقەکانیانەوە قیغە قیغ بکەن، هاوڕێ لەگەڵ گەلآی زەرد و نارنجی ئەو ناوەدا، وەختێک لە ناخی دڵەوە ئاه بکێشی هەناسەت لە هەوادا نیگار ببێت بۆ مێژوو!

ماوەیەک بوو شتێک وەک خۆرە روحتی دەخوارد، ئەوە ئازاری دەدایت کە دەبوو پشت بەکێ ببەستیت، دەستی چ کەسێک بەخاتری ئینسانبوون دەکرا ماچ بکرێ؟ دەتوانرا بۆ کوێ پەناببرێ؟ ئایا رەسەنایەتی دەوری کاریگەری دەگێڕا؟ یان پێش ئەوەی بونیام لەگەڵ کەسێک قسە بکات، دەکرێ لەو بپرسی ئەسڵ و نەسەبی کێیە؟ بەتایبەت

له بابەتێکی نیگارکێشیدا کە ڕەنگە گۆزە یان گوڵدان یان قاپێک سێو بێت؟

چەند ماندووبوویت، خۆزگا پەنجەرەکەت بکردایەتەوە و سەرت ببردایە دەرەوە و هاوارت بکردایە؛ لە هەموو شتێک ماندووبوویت.. یان دەردە دڵی خۆتت بکردایە تا دڵت ڕەحەت دەبوو، خۆ هیچ نەبێ من گوێم لێ دەبوو.

بونیامانێکی بێ شوناس چ بابەتی نیگارکێشان، ژنانی بێ شایان چ بەژنبوون. ژنبوون خۆی لەخۆیدا شانازییە، دەبێت پیاو دروست بکەن، تا جلی پاسەوانییان لەبەر دەکرد یان شاپوایان دەکردە سەر و لەسەری کۆڵانەکاندا باج و سەرانەیان دەسەند، یان نا، دەبنە قەساب و مەڕێک دەکەن بەقولابی بەردەم دووکانەکەیاندا و چرایەک لەسەر دوگەکەی دادەگیرسێنن. چاویان بەملاو لادا دەگێڕن لە ژێر عەبای ئەم ژنەوە بۆ سنگی ئەو ژن، یان دەیانتوانی خەنەبگرنە ریشیان و بەڕەمل و ئوصتورلاب(*) و قاپ و کاسە و ئاو و ئێسقانەوە، لە گۆشەیەکدا دادەنیشتن نوشتە نووسی بکەن، کتێبی دوعاکەیان لەسەر بەرماڵێکی یەزدانی بکەنەوە و تاڵعی گەڕاوەکان ببینن. چ گاڵتەجاڕییەکە بونیام لە بەختڕەشی ئەوانی ترەوە نان بخوات و هیچیشی لەدەست نەیەت بۆیان،

(*) ئوصتورلاب: ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا یۆنانییە و بەمانای تەرازووی ئەستێرەکان دێت، بەو ئامێرە دەوترێت کە لە سەدەکانی پێشوو و سەرەتای فەلەکناسیدا بۆ پێوانی دووری هەسارەکان و دیاریکردنی دەمی سپێدە و خۆرئاوابوون و دەیان کاری تری ئەستێرەناسی بەکار دەهات، دواتر بە هاوکاری هەندێک کەرەستەی تر جادووگەر و نوشتەنووسەکان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاریان دەهێنا. و

نا ئەوان نەیاندەتوانی کەسی تر بن جگە لەوەی کە هەن، مرۆڤگەلێکی بێ نرخ کە بۆ هەر هاوجێگەییەک تاوانێکیان لەدەست دێت.

وەک ئەوەی عەشقت لەگەڵ مردوویەکدا کردبێت، یان تاوانێکت کردبێت، سزایەکی سەختی دەدایتەوە، دیلی بوویت، دڵت خەریکبوو پەڕی دەردەکرد بۆی، هەر کە بیرت دەکەوتەوە، مەرگیت ئارەزوو دەکرد.

وتت " چ سەرپۆشێکی ناسکە.. جوان بووی"

"جوان؟ مەگەر جوان نیم؟ گێلە پیاو نازانیت قسە بکەیت"

"من خۆ هیچم نەوتووە.. ویستم بڵێم....."

"زۆر باشە.. کە نازانی قسە بکەیت، دەمت مەکەرەوە.. بڵێ منداڵتر دیاری.."

"داوای لێبووردن دەکەم"

"بۆ ئینسان شتی قۆڕ دەڵێت و دوایی داوای لێبووردن دەکات؟"

"حەوسەڵەتم نییە.. هەستە بڕۆ دەرەوە"

"تۆ بڕۆرە دەرەوە، من حەوسەڵتم نییە.. ئێستا میوانم دێت، شوێن نییە دەمەوێت بیهێنمە ئێرە"

"مەبەستت پیاوی ترە؟"

"ئا.. لەسەری مەڕۆ"

دەستیت گرت بەزۆر هەڵیسێنیت و بیکەیتە دەرەوە، بەڵام بێ سوود بوو، سەیرێکی کردیت و ئەوەندە جوێن و قسەی ناخۆشی پێ وتی کە بەرتدا.

وتت "تۆ چیت لە گیانی من دەوێت؟"

"هیچ"

"کەواتە بڕۆ"

"شوێنم نییە"

"بچۆ بۆ گۆڕستانێکی تر.. چوزانم.. بڕۆ بۆ جەهەنەم"

"کەس وەک تۆ میهرەبان نییە، بۆ هەرکوێ دەڕۆم، دڵم مەیلی تۆ دەکات، ڕێ دەگرم و دێمەوە لای تۆ، بەڵام هیچ کاتێک خۆشم نەویستوویت، ئەمەم بەڕاستییە و بیر دەکەمەوە کە ....."

"بەڵام من خۆشم دەوێیت"

"دەبمهێنە.. بەڵێن دەدەم هەرچی بڵێی بەگوێت دەکەم، قاچەکانت لە تەشتێک ئاوی گەرم دەنێم و مەساژییان دەکەم.. دەتشۆرم و وشکت دەکەمەوە، چێشتت بۆ لێ دەنێم.. دەبم بەمۆدێل کە هەرچۆنێک حەز دەکەیت وێنەم بکێشی، تەنانەت ئامادەم بەیانی هەتا ئێواریێ وەک پەیکەرێک لە بەردەمتدا بکەومە سەرچۆک، بەس لەم دەربەدەرییە رزگارم بکە، ماندووبووم ئەوەندە لە باوەشی پیاوی جۆراوجۆردا کێنگڵم دا، هەریەکەیان بۆنێکیان هەیە، هەریەکەیان ئەخلاقێکی سەیری هەیە، بەڵام تۆ میهرەبانی، لە هەموویان جیاوازی. حەز دەکەم مێردم هەبێت، منداڵم ببێت، ئەوجا مەمکم لە دەمی بنێم و بەدەستەکانم هێواش هێواش نەوازشی بکەم تا دەنوێت و پاشان بێم بۆ لای تۆ"

بەپەنجە میهرەبانەکانی بناگوێی تۆی نەوازش دەکرد، سەرتی دەخستە سەر ڕانی و هێندە ناوچەوان و ژێر چاوتی نەوازش دەکرد، کە بیرت چووەوە چرچی کەوتووەتە ناوچەوان و ژێر چاو و دەوری لێوانت.. لاجانگ و چەند تاڵێک لە سمێڵت سپی بووبوو ئیتر کارت تەواو.. هەموو

ڕۆژێک بڕی تلیاک و مەشروبەکەی خۆت زیاد دەکەیت، ئەو کۆپیکارییەی کە دەیکەیت هەر بەشی تلیاک و مەشروبەکەت دەکات. هێور هێور دەچیتە خەو و کاتێک چاوت کردەوە شەو بوو من ڕۆیشتبووم، لەسەر ڕانی ئەو نوستبوویت و سەیری چاوە ڕەشە بریقەدارەکانیت دەکرد منت لە بیر چووبووەوە؟

نا ... من چووبوومە سواری شەمەندەفەر، سەرم بە جامەکەیەوە نوساندبوو لە زوڵمەتی بێ کۆتاییم دەڕوانی، چەمەدانییەک بەلای سەرمەوە بوو کە دڵمی دەگوشی.. پیاوێک؛ کاتێک کە من خۆمم تەسلیم کردبوو، ئەو دارونەداری خۆی دۆڕاندبوو، بەڵام ئایا ئەمە قومار بوو؟ ئایا ئەو قومارچیی بوو؟ وە من براوەی ئەم یارییە بووم؟ بونیامێکی بەخترەش کە تەرمی پارچە پارچەکراوی مەعشوقەکەی لە چەمەدانیی نابێت و بێ ئەوەی کە خۆی بیەوێت یان بزانێت، بۆ شوێنێکی نادیاری دەبرد، ئەمەش تەنیا لەبەرئەوەی کە شەهامەتی خۆکوشتنی نەبوو، خۆی دابووە دەست ئەم حاڵە. تۆ ئەمە ناو دەنێی ژیان؟ کە هەریەکە لە ئێمە تەرمی کەسێکمان ناوە بەشانمانەوە و بە شەمەنەفەرێک بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆین کە نە سەرەتای دەزانین و نە کۆتایی...؟ دڵمان بەوە خۆشە کە زیندووین.

چەند پەرییەک کە لە بەرچاومدا ئازادانە سەما دەکەن بێ خەیاڵم و وا هەست دەکەم کە هەر نایان بینم، چەند بەلای شتهایەکی گرینگدا تێ دەپەڕم و وا دەزانم هەر هیچ نەبووە، چەند لە تیشکە ئاڵتوونییەکانی خۆر نیگا دەکەم کەچی وا بیر دەکەمەوە کە خۆر هەرگیز تیشکی ئاڵتوونی پەخش نەکردووە. چەند بە بوون بێ باکم، ئێمە توانای دیاریکردنمان نییە، نازانین هەڵبژێرین.. نا ئێمە هەڵنابژێرین، ئێمە

هەڵبژێراوین، هەڵبژێراوین کە تەرمی ئازیزێک بنێین بە شانمانەوە و لە پرسەیدا ئارەق و فرمێسک بڕێژین، ئەگەرنا بۆ کاتێک پەنام بۆ ماڵی ئەو بردوو لە بەرامبەریدا، لە حزوریدا لەسەر چرپاکەی راکشام، دیواری سەنگین و سیای خەو نەیدەهێشت ئەو ببینم؟ بۆ کاتێک لە باوەشمدا بوو جەستەی لەرزیوی بەگەڕانێکی منداڵانە، بە گەڕانێکی سۆزاوی دایکانەی من، خۆی لە مندا گرمۆڵە دەکردوو دەیویست بۆ رەحمی من، بۆ سکی من؛ شوێنێک کە لێوەی هاتبوو بگەڕێتەوە. دڵی لە لێدان وەستا؟ ئایا ئەو منداڵی من بوو؟ ئایا دەیویست لە خوێنی رەحمی مندا دابمرکێتەوە و لە پەنای ئارامی مندا خۆی لە سەختی و زبری رۆژگار بشارێتەوە؟

هەموو دڵتەنگی و مەیلەکانی من بۆ ئەو تازە بوو، وەکو دایکێک کە هەنگوینی خوێنی خۆی بە کۆرپەلەکەی بدات، وەکو مەرگ کە بە هەموو توانایەوە دەچێتە وێزەی ئینسان و فاتیحانە هەموو کلاورۆژنەکانی ئومێد دادەخات، وەکو عەشقەی مەرگ لە منەوە ئاڵابوو. رەنگە لەبەرئەوە بووبێ کە لەدەست سەختی و زبری ژیان خۆی بشارێتەوە، نازانم.

تەنیا ئەوە دەزانم کە ئەو نیازە ئەزەلی و ئەبەدییە هەمووانی جادوو کردبوو، ئەو خۆشی جادوو کرابوو، چ رەنجێکی دەکێشا! دوو مانگ و چوار رۆژ بێ منی، بەمنەوە گوزەراندبوو. لە هیجرانێکی شادی هێنەر و ویساڵێکی خەمئەنگێزدا، لە تەنیایی خۆیدا، لەگەڵ ئازیزێک کە من بووم، گاهێ بووم و گاهێ نەبووم.

تۆش ئاشق بووبوویت و من باش دەمزانی، خۆت دەتویست کە ئەمە وا نیشان نەدەیت، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو، هەموو گەردیلەی وجودت ئەوی بانگ دەکرد، هەمیشە شتێکت لێ کەم بوو، خەیاڵت دەکرد

کـە دەبێ بڕی تلیـاک و مــەشـروبەکـەت زیـاد بکەیت، چ بـێ سـوود بوو، هەرچەند زیاتر ئەم ئەفیونە دەچووە گیانتەوە ئەوەندەش نەشئەی کەیف هێنەر، لۆچی زەحمەتی لە سیاما و دەرونتا زیاتر نمایش دەکرد.

لـە دوڕیانـێکدا تـیــا مـــابـوویت، نـەدەتـتـــوانی بـەرگـــەی بگری، نـە عەشقیشیت بیر دەچووەوە. تێکەڵەیەک بوو لە عەشق و نەفرەت، هەرچی لە تۆدا هـەبوو وەک بەرق و با هەڵهـاتبـوو، بەڵام دڵیشـتی لەگـەڵ خـۆی بردبـوو، ونکـردویەکت هـەبوو، ئـەوت چنگ نەدەخـست. ئەوکـاتـەی کــە دەتدۆزییەوە پەشیمان و گۆڵ خواردوو لـە جووڵەی کیسەڵ ئاسای خۆرت دەڕوانی و رۆژ ئاوا نەدەبوو، شـەوان چاوت لەسـەر مانگ بـوو، کە لەودیو پەنجەرەوە لە شوێنی خۆی نەدەجما بەیان بدات. هەر رێیەک دەڕۆیشتی بەو کـۆتایی دەهات، لەگـەڵ ئەوەی کـە بەبیـرت بـێ ئەگـەر بەدرێژاییی ژیانت سـووکایـەتییـەکت بیسـتبـێ، لەوت بیسـتـووە، ئەگەر گریـابێتیت هەڵبـەت هەر ئەو گریانـویتی، ئەگەر سـاڵهـایەک کـۆپیکاریت کـردبێت و نەتتـوانیـبێت کارێکی هونەری دروست بکەیت، رەنگە لەبەرئەوە بووبێت؛ کـە روخـسـاری مــەعـشـوق لـەلات تـەجــەللا نـەبـوو، هـەرچیت دەکـرد نەتدەتوانی تابلۆیەکی بکێشی.

ئازاری هـەبـوو، ئارامی نـەبوو، لـە رێوە کـە دەگـەیی وەکـو کـاغـەزێکی سپـی گرمـۆڵـەی دەکردیت و پاشـان دەڕۆشت، هێندە لە گـێلێتـی خـۆت بەردەوام بـوویت کـــە ناچار بـوویت ئـەو بکـوژیت، بـەڵکو خـــۆتی لـێ پاک بکەیتەوە، سەرئەنجام بەو کۆتاییە گەیشتیت کە پارچە پارچەی بکەیت و لە دەسـتی رزگـارت ببێ. بەڵام تێگەیشـتیت لـە راسـتـیـدا زنجـیـری گەردنت توندتر کردووەتەوە. کە سەریت لێ کردەوە، برۆ تێکەڵاوەکانی و چاوە کراوەکانی دەیانخواست هەڵێکی تریان بدەیتێ، بە لێوانێک کە لە

نێوان گریان و پێکەنیندا تیامابوو وەک بڵێی دەیویست قسە بکات، یان بە گوناهەکانی خۆی پێ بکەنێت، وەک ئەوەی خۆشی لەو ژیانە بێ مانایەی خۆی ماندوو بووبێت، بەمەرگ پێ دەکەنی، بەڵام لە ترس و ئازاردا بەهەناسەبڕکێوە دەلالایەوە و هەموو چەکە ژنانەکانی خۆی خستبووە کار تا پێش بەم کوشتنە بگرێت.

تۆ ئیتر نەتدەبینی، تەنیا دەنگی سووکایەتی پێکردنیت دەبیست، لە دڵتا وتت "لەبەرئەوەی خۆشم دەوێیت، دەتکوژم" بەڵام سەیر دوچاری دوودڵییەکی فەلسەفی بوویت، کە دەبوو رستەکەی خۆتی تێدا راست بکەیتەوە کە؛ "نا.. لەبەر ئەوە دەتکوژم، خۆشم دەوێیت" ئیتر جیاوازی چی بوو؟ رێی ئاشتی نەکرابووەوە تا دەست لە کوشتنی ئەو هەڵگریت، رۆژی سەد جار هیوای دەخواست کە بریا تۆ بمردیتایە و ئەو بەئاسانی بتوانێ میوانەکانی بەرێتە ئەوێ.

لە دڵی خۆتا وتت "بیرتە؟" کێردی تیژی چێشتخانەکەت بەگوشاری زیاتر لەسەر دەمار و پێستی ژێر ملیت دانا و خوێن فیچقەی کرد و پەڕییە سەر شووشەی چاویلکەکەت، دیسانەوە بەردەوام بوویتەوە لە کارەکەت، ئەوەندە کێردەکەت هێنا و برد تا سەریت لە لاشەی جیا کردەوە و خوێن فوارەی کرد، دەموچاوە شینەکەی سپی هەڵگەڕاو دەتووت دەگەڕێتەوە بۆ خەونی پاکی منالّی.. سیمای ئارام بووبووەوە و کە فەڵەی ناوچاوانی و گۆناکانی نیشتنەوە.

ئاه .. لەودیو ئەم دەموچاوە ترسناکەوە وێنەی فریشتەیەک بوو تا ئەوکاتەی نەتزانی بوو؟ چەند جوان بوو، ئایا دەبوو دووبارە زیندووی بکەیتەوە؟ بۆ ساتێک هەرچی نەفرەتت بەرامبەری هەبوو، وەک با رۆیی، بریا کار بەمە نەگەیشتایە، بریا ئەوت دروست بکردایەتەوە، ئایا درۆیە

کە دەتوانرێ مرۆڤ بە رەهەندی مرۆڤی شارستانی نزیک بکرێتەوە؟ ئایا راستە کە کاتێک ئادەم مرد، رەزالەتەکانی شەیتان بردی و روحیشی خوا؟ باری تەعالا.. هیچ ناخۆشییەک لە ڕوخساری فریشتە ئاسای ئەودا نەدەبینرا، رەگەکانی ناوچاوانی کە بەهەر لێدانێک دەبەنگی و گەمژەییيان دووبارە دەکردەوە، ئێستا ئیتر ئارام بووبوون، قژی پێچ پێچی رەشی لە چەرچەف و خوێندا مانایەکی تازەیان دەدا، چاو بریقەدارەکانی بە بنمیچەکەوە هەڵواسیبوو بێ ئەوەی کە مۆڕە بکەن یا پزیسکێکیان لێوەبێت، لێوەکانی .. ئەو لێوە گۆشتنە نیوەکراوانەی کە دەتگوت تازە لە ماچێکی گەرم و درێژ هەڵگیراوە و هێشتا تێر نەبووە، وەک خۆیان مابوونەوە، نوشتایتەوە و لێوەکانت نایە سەر لێوەکانی، بۆ یەکەم جار سەرمای تەزوو هێنەری ئەو گۆشتە نەرمە خستیتیە لەرزە. نەتزانی چەند چرکە یان چەند سەعات بەسەر لێوەکانی ئەوەوە مایتەوە و هەستت بە سەرمایەکی سەیر دەکرد، کە لەرزێکی وای لێ هێنابوویت، کە هیچ پێوەندی بە سەرمای ئەم تەرمە سەهۆڵ کردووەوە نەبوو. بۆ ساتێک پێڵوی چاوی چەپی لەرەیەکی کردوو وەستایەوە. سەیری دەستەکانیت کرد کە چنگی کردبوو بە سەرچەفەکەدا، هەردووکیانت لە ئەنیشکەوە لێ کردەوە و دات بە دیوارەکەدا، نینۆکە تیژەکانی دیوارەکەیان رووشاند و وەستان. پەنجە شادەی دەستی راستی بەتەواوی نوشتابووە و پەنجەی ناوەڕاستی دەستی چەپی کە ئەنگوستیلەیەکی خاچی تێدا بوو رێک و درێژ مابوو، قاچەکانیشت لێک جیا کردەوە، چەند جوان بوو دەتوت پەنجە گەورەی لە خەجاڵەتییەوە بووە بە ئاو، سەری کەمێک چەماندبووەوە. رانە گەورەکانی کە پێچرابوون لە سەرچەفە سپییەکەوە بڕیت و جیات

کردەوە. نیوەی لاشە بێ سەرەکەت کە وەک پەیکەرێکی بەردین دڵۆپی خوێن لە دەمارەکانییەوە دەڕژا، لە تابلۆیەکی تردا نیگار کرد. قەڵەمەکەت دانا، جگەرەیەکت پێ کرد، پێنج تابلۆشت خستبووە لاوە و بۆ تەماشای جەستەی پارچە پارچەیان دانیشتی. ئایا بەڕاست شێوەیەکی وەهای هەبوو یان تۆ بەم شێوەیە ئەوت کێشابوو؟ ئایا لەو کاتەدا منت بیر کەوتەوە؟ ئیرەیی نابەم، بەڵام ئایا مانای جوانیت زانی؟

مژێکی قوڵت لە جگەرەکەت دا و هەستت کرد هێزێک تۆ بۆ لای هەزارپیشەکە راکێشا، چەکمەجەکانت یەک لە دوای یەک راکێشا، شتەکانی ناویانت ئەمدیواودیو کرد تا سەرەنجام ئەوەی دەتویست دۆزیتەوە، قەڵەمدانێک بوو کە بەرگی نیگارێکی نهێنی ئامێزی لەسەر بوو؛ لە بیابانێکی بێ کۆتاییدا پیرەمێردێکی قەمبوور لە ژێر درەختێکی سەرووڕدا دانیشتبوو، کچێکی جوانیش لە بەردەمیدا چەمیبووە و بەدەستی راست گوڵێکی نیلۆفەری شینی پێشکێش دەکرد. بە پێکەنینێنە مەدهۆشانە و بێ ئرادەکەی کە بەسوچێکی لێویەوە وەک پەڵەیەکی گەورەیی خوێن وشک بووبوو، بە لێوە خونچە ئاسا نیوە کراوەکانییەوە، بەقژی رەش و ئاڵۆزاوی هەمان شێوەوە کە لەسەر سەری تۆپەڵی بەستبوو، برۆی پێوەست، چاوی رەش، کە لە هەر کەسێکی بڕوانیبایە مەگەر خوا بیزانیایە چی بەسەر دەهات. هەموو ئەوانە نیشانەی کچێکی ساسانی بوو کە دەیگوت لە دەستی پێپەتییەکان هەڵهاتووە و بۆ پەردەی تابلۆ پەنای بردووە تا لە ئەماندا بمێنێ. ئەو دوو قومرییە هەراسان و بچووکەی سینەشی ئامادەی هەڵهاتن بوون بێئەوەی باڵێکیان هەبێت بۆ فڕین، پۆلێ شمشێر بەدەست بەشوێن ئەودا لە کۆلانە چۆڵەکانی نیوەڕۆدا، سمیڵ بابڕ،

راوشکارانە بەچاوی کونپشکیانەوە دەتگوت عەرد کون دەکەن و ئاسمان دەجەڕێنن.

ئەی بۆ کوێ چوو؟ هیچ کەس لەو کۆڵانە نەبوو، دیوار و بانیژەکان لەو سوورەی هەتاوەدا بە هێواشی رەنگەکانیان ئارام ئارام بۆ سوور دەگۆڕا، دەنگگەلێکی دووری تر و خەڵکی شار بەگوێ دەگەیی، بەڵام کەس دیارنەبوو. دەنگێک وتی "منالّی بەرگدروو، ئەستێرەکانی ئاسمان چەندن؟"

"تاڵەکانی ئەسپی من چەندن؟"

"منالّی بەرگدروو، ناوەڕاستی زەمین کوێیە؟"

کەس وەڵامی نەدایەوە، تەنیا دەنگی داکوتینی مێخ بەزەویدا دەهاتە گوێ، ئەو پێپەتییە شپرزانە عارەقیان دەڕشت و تینو بە دوای کچێکدا کە ئاسان خۆی نەدەدا بەدەستەوە کەوتبونەڕێ و نەفرەتیان لەو رۆژگاری گەڕان و سۆراخە دەکرد، بێ ئەوەی زمانی کەس بزانن..

ئەی تف! ئەگەر ئەم زمانە وشکە ئاوی دەبوو مەگەر دڵی بێرەحم درێخی دەکرد؟

سەیرێکی پەنجەرەکەت کرد، دنیا تاریک بووبوو، چەند سەعاتێک، یان رەنگە چەند ساڵێک تێپەڕی بێت. ئایا ئەوە گرینگ نەبوو؟ گرینگ نەبوو مێژوو چەندە پیاوانی وا تینوی بەخۆیەوە بینیوە؛ ئادەمانێک کە لەسەر ئەم عەرزە گەرمە لێویان وەک لێوی ماسی دەیوت ئاو، لە تینیوێتیدا وەختەبوو بێن بەلادا و ئاوی دەریاکانیش سوێر، جۆگە ئاوێکیان دەویست کە لە کەناریدا گوڵی نیلۆفەر رووابێت.

پیاڵەت پڕ لە مەشروب و کرد و هەڵت دا. ئایا حەزت نەکرد کەسێک

ئۆکـۆردیۆن بژەنـێ و بەئاوازێکی خـەمگین بچـریکێنـێ «ئەی رۆژگـاری نەخش و نیگاران، ئەی دڵی خـەوتوو، ئەی خـەوی شـیـرین..» ئەوی تری چی بوو؟ بیرم نەماوە، لە زەینمدا وتم " دێیت پێکەوە قسە بکەین؟"

سـەرت بەرز کـردەوە من نەبووم، رۆیشـتـبـووم و دەنگی شـەمـەنەفـەر دووردوور هاتە گوێ، هەرچەندە دوورتر دەکەوتمەوە زیاتر یادی تۆ دڵمی تەنگ دەکرد و هەناسەمی قەپات، وەکو ئەشکێک کە هەرگیز نەتوانم لە چاوانمەوە بۆت بڕێژم، لە گـۆشـەی زینـمـدا بـووی و دڵۆپەت کـرد. وەکـو بوغزێک کە لە قورگمدا مابووەوە، ئاوا مایتەوە.. ئەی رۆژگاری نەخش و نیگاران!

پیاوە نابیناکەی تەنیشت دەرگەی قاوەخانەی فیردەوسییت لە بیرە؟ پاڵی دەدا بە دیوارەکـەوە و ئۆکـۆردیـۆنی دەژەنی، جـارجـار کـەسـێک ئەسکەناسێکی دەخستە گیرفانییەوە. قیافەیت بیر دێتەوە؟ شێوەی لە کـەس نەدەچوو لە خـۆی نەبێ، چاویلکەیەکی رەشی لە چاو دەکـرد کـە سەری لووتی بەزەحمەت لە ژێرییەوە دەبینرا، شێوەیەکی بازاڕی هەبوو، غـەبغـەدار، سـەری مـاش و برنجی، قـژی لوول و شـانە کـراو، پاک و خـاوێن، کاتێک کە لێوە سوورەکەی دەجولا ئیتر بونیام تێ دەگەیی کە دەیەوێت بچـریکێنـێ «ئەی رۆژگـاری نەخش و نیگاران» چاکـەت و پانتـۆڵەکـەی هەمـیـشـە رەسـاسی بوو، قۆپچەکـانی داخـراو، ویقـاری پیـاوێکی هەبوو کـە سـەرەتا مـن ترسـام ئەگـەر پارەیەک بخـەمـە گیرفانییەوە، دەست لە ئۆکۆردیۆنەکەی هەڵگرێ و چاویلکەکەی داکەنێ و بەشێوەیەک سەیرم بکات کە یانی، کارێکی باشت نەکرد.

"ببورە بەڕێز.. چەند جوان دەیژەنیت، کاتێک کە تۆی لێ نەبێت ئێمە شتێکمان ون کردووە، دەنگ و سەدای ئەم شەقامە بێ تۆ هەر قسەی

قـۆرە، دەزانیت؟ من زۆر سـوپاسی تۆ دەکـەم.. یانی هەمـوومـان" بۆ نەمدەتوانی قسە بکەم و لە کاتی سەرکەوتن بە قادرمەکاندا هەڵدەنوتام، هەمیـشە بەمـجـۆرە کـاتێک بونیـام لەسـەر خـۆی نەبێت هەڵدەنوتێ، جانتاکەی لێ دەکەوێت و هەرچی تێدایە هەڵدەرێژێت. چ مەرگم بوو کە وا دەترسـام دووبارە ئەم ئاهەنگە بوەسـتـێنێ، بەرەو ڕووم بێت، پەلم بگرێ و جانتاکەم بداتەوە دەست و تاسەر و قادرمەکانەوەم بگەیەنێ و بپرسێ "خۆ هیچت لێ نەهاتووە؟"

بۆ وا سـەیرم لێ بەسـەرهـاتبـوو، زۆر بێ تاقـەت بووم بۆی، بەدەنم ئازاری دەهات، ئێسـقـانەکـانم لە گشت لایەکەوە هاواریان دەکرد و ئەژنۆم دەلەرزی، کە چوومە قـاوەخـانەکە دیسـانەوە ئەو لەوێ نەبوو. قـورسـایی دنیـا کـەوتە سـەرشـانم و ڕێی هەناسـەمی قـەپات کـرد، بۆ ساتێک لەو ناوەڕاستەدا سەرگەردان بووم، نەمزانی بۆ لەوێ وەستاوم، بۆچی هاتووم و چیم دەوێت و چ مەرگم بوو؟

چوومە شوێنە هەمیشەییەکەی خۆم و لای پەنجەرەکەوە دانیشتم، بەڵام هیـچم بانگ نەکـرد، جگەرەیەکم پێ کـرد و دڵم سـپـارد بە ئۆکـوردیۆنـەکـە. جـێگەی من لە کـۆتاییی قـاوەخـانەکـەدا لە شـوێنێکی لاپەنادا بوو، پاڵم دەدایە و بە دیوارەوە و هـەموو قاوەخانەکەم دەخستە ژێر چاوەوە. بەڵام ئێـسـتـا نەمـدەویست سـەیری هـیچ شـتێک بکەم، دەمویست گوێ لەو مۆسیقایە بگرم و لە خۆم بپرسم کە ئایا ئەویش بیر لە من دەکاتەوە؟ ئەسڵەن منی لە یادە؟ چەند جارێک سـەلامم لێ کرد، کڵاوەکەی بەرز دەکردەوە و دەنوشتایەوە و بەڕێزەوە زەردەیەکی دەگرت، ئایا لەگەڵ هەموو کەسێکدا هەروابوو یان تەنیا بۆ من ڕێزی دەنواند؟ تۆ لە بیرتە چاوی دەبڕییە من و بەدەستی چەپ یان ڕاست یاری بە سمێڵی

دەكــرد، بێ خــەیاڵ و رەحـــەت مـنی دەخــســتــە ژێر ئەو نیگایانەی و دەیتــواندمـــەوە، خــۆشی بە زەردەخـــەنـەیەكی نـهــێنی ئـامــێــزەوە بۆ پەروەردگاری من درودی دەنارد.

گارسـۆنێک کە کراسێکی سەوزی لەبەردابوو لە منی پرسی کە هیچم دەوێت، من گـوتم نا، دواتر سێ پیـاو هاتنە سـەر مـێـزەکـەم، دووانیـان مەست بوو، یەکێکیان قژبژێک بوو.

"دەبێت زۆر ببوریت.. هاا!.. هەڵبەت جەنابت شاعیریت"

مـژێکی خـەستم لە جگەرەکەم دابوو، دووکەڵەکەی لە قورگما پەنگی خواردەوە، سـەیرم دەکرد، لاواز و درێژ و بێ جـورم، کاکـۆڵی هـێنابوویە سـەرچاوی، دوکــەڵەکــەم کـرد بـە سـەروچاویدا و هـەنگاوێک بۆ دواوە لەترێکی دا، بەڵام نـەیدەتوانی هاوســەنگی خـۆی رابگرێت، بەمــلاولادا دەکـەوت. عارەقـیـان لە شـوێنی تر دەخـواردەوە و دەهاتنە قـاوەخـانەی "فیردەوسی" یان قاوەخانەی "نادری" قاوەیەکیشی بکەن بەسەردا.

قژ بژەکەیان کـورسییەکی راکێشا و لەسـەری دانیشت، ددانەکانی دەســتکرد بـوون و کـاتێک بەچاوە شـینەکـانی تێی دەڕوانیم، هەســتم دەکرد سـەیری دوو هەڵماتی شووشـە دەکەم، وتی "زۆر حەز دەکەم گوێم لە شیعرەکانی تۆ بێت" روو بەهەرسێکیـان وتم "من ئەهلی شیعر نیم.. ئەهلی نیگاری سەربەرگی قەڵەمدانم"

"نەمگوت جەماعەت؟ من دەمزانی ئەمە پێوەندی بەمیرزا قەڵەمدانەوە هەیە"

"ژن چۆن جگەرە دەکێشێت"

"من دەیکێشـم"و ناوچەوانم دابەیەکدا، سێیـەمـیان لـووتێکی قـەوس و

قژێکی لووسی هەبوو، مژی هەڕەمەکی لە جگەرەکەی دەدا و وادەهاتە پێش چاو لە دووانەکەی تریان حەرامزادەتر بێت، بەدەست ئاماژەی بۆ کورسیە خاڵییەکەی ئەو کرد و وتی"من حەزم لەو پیشانە نییە کە کۆتاییەکەیان "کێش" بێت"

وتم "مەبەستت؟"

"ویستم بپرسم لەو جەنابی نیگارکێشە هیچ هەڵدەکرێ؟"

نەمتوانی بەربەخۆم بگرم، بەری دەستم کێشا بە مێزەکەدا و هەستام" هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نییە"

"بۆ دەیکەیت بەهەرا؟"

"دەمانەوێت بزانیت تامی چۆن بوو؟"

"هەر ئەوەندە" هەرسێکیان پێکەنین.

بۆنی شیرینی دێت.

دەمویست بەجانتاکەم وەها بکێشم بەدەموچاوی ئەو سەرسەریەیانەدا، کە پەرچەمی بنوسێنم بەناوچەوانییەوە، دەمویست بڵێم قوڕ بەسەرتان. لەبەر ئەمەیە کە ئێمە بەم حاڵەوە شانازی نەتەوایەتیمان نییە؛ هەستی هەرەوەزیتان نییە، مرۆڤەکان بەمرۆڤ نابینن، لەبری کار بەتاڵە لێ دەدەن و لە بەیانییەوە تا ئێواری چەنە دەدەن.

ڕەجاڵی خەسیوانە، ناپیاوانە، ئەگەر ڕاست دەکەن بۆ جێیەک نییە داکۆکی لە مافەکانتان بکات؟ بۆ چوار کەستان ناتوانێت پێکەوە هەڵبکات؟ بۆ هەرکەسێک دێت یەکسەر بەئاسانی دەچێتە مێشکتانەوە، قوڕ بەسەرتان، کەچی تەنیا وتم "ڕەجاڵەکان، بێدەنگ" قیژاندم و بە

هەردوو دەست گوێیەکانم گرت تا دەنگی خۆم نەبیستم، گڕم گرتبوو، بۆ چرکەیەک هەستم کرد یەکێک لەوان لە دواوە زنجیرەکەی کردمەوە کراسە رەشەکەم کەوتە خوارەوە و من رووتبوومەوە.

نەمزانی چەند زەمەن تێپەڕی، تەنیا بیرمە کە دەستەکانم لەسەر یەک لە رووی مەمکەکانم دانابوو، رووت لە بەرامبەر ئەو هەموو شمشێر بەدەستە وەستابووم، قاقایان لێ دەداو من ئەم جارەم رێی دەربازبوونم نەبوو کۆمەڵێک لە مێشکما دەستیان بۆم رادەوەشاند، دەموچاویان دیار نەبوو.

وەکو باڵۆنێک سووک بووم و لە بێکێشی زەمەندا رۆدەچووم، وەکو بڵێیت دنیا وەک میزەڵانێک وابێت و چووبێتە مەکۆ، من لە کاتێکدا چنگم بەپەتێکی ئاشکراوە کردبوو تێکەڵاو لە رەنگەکانی سوور و سپی جێ دەمام، بۆڕەی مانگا دەهات، زایەڵەی دەنگی کارمەندانی پزیشکی دادوەری، دەنگی کەسانێکی تێکەڵوپێکەڵ کە من هیچیانم نەدەبینی، دەنگی زەنگی تەلەفۆنێک لە سالآنی دواتردا؛ گوشییەکەم هەڵگرت و گوتم "فەرموو"

"سلاو"

"سلاو لە تۆش"

"ببورە چەند ساڵیت؟"

پێش ئەوەی وەلامی بدەمەوە پرسی کە ناوم چییە؟ حەوسەڵەم نەبوو وتم "کوێت لێ داوە؟" یەک ژمارەی بەهەڵە وت، گوشییەکەم دانایەوە. دووبارە زەنگ لێ درایەوە، گوشییەکەم هەڵگرت و گوتم "فەرموو"

وتی "چ دەنگێک!"

وتم "ئیشت بەکێ هەیە؟"

وتی "ببوورە ئێرە کوێیە؟"

وتم "پزیشکی دادوەری"

گوشییەکەی دانایەوە، ئەو شڵەژا و من بەئارامییەکی تەواوەوە بیرم لە رابردوو دەکردەوە و بۆ قاوەخانەی فیردەوسی گەڕامەوە. قاقای پیرەمێردێکی قەمبوور دەهات و ئەوان لە دەورم کۆ بووبوونەوە، لە ناو ئەو ژاوەژاوە غەریبەدا تەنیا ژنەفتم کەسێک وتی "تۆش چوویتە ریزی مردووانەوە" بوغزم کردبوو لێوەکانم دەلەرزی و سەرم داخست، بەڵکو گوڵی نیلۆفەر بچنم و پێشکێشی پیرەمێردی قەمبووری بکەم، بەڵام کە سەرم بەرز کردەوە ئەو سێ پیاوە رۆیشتبوون، پیاوێکی تر لە بەردەممدا راوەستابوو کە چەندین جار بینیبووم، لەگەڵ ئەو شاعیرە بالآبەرزەدا دەهات و ئازاری بە مێرووله نەدەگەیاند. چاوەکانی ریپۆقی کردبوو شتهایەکی لە رەفتاری ئەو شاعیرە بالآبەرزەی تێدابوو، ئەوەی کە قۆڵی هەڵدەکردوو ئارەقاوی و لەرزیو، بەچاوەکانی لێم دەپاڕایەوە کە سرنج رۆبکەمە رەگە هەڵماوساوەکانییەوە. بە گریانەوە وتم "من ئەهلی شیعر نیم.. ئەهلی نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدانم" چاکەتەکەی خۆی داکەند و دای بەمندا، دانیشتم سەیرێکی دەوروبەرم کرد، تا بزانم کێ سەیری کردووم، دواتر ئەو پیاوە وتی کە خەریکی کاری خۆیانن، هیچ نەبووە.. چی بووە؟ لێکهەڵە تێگەیشتنێک بوو تەواو.. ئەرێ.. هەر ئەوەی کە وتم، هەڵە لێ تێگەیشتنێکی بچووک.

کراسەکەم لەبەرکردەوە و ئەو پیاوە زنجیرەکەی بۆ داخستمەوە، چاکەتەکەی لە شانم لێ کردەوە بانگی قاوەی کرد، وتم "بریا مەشروبم بخواردایە" گارسۆنەکە بۆ من قاوەی هێنا، پیاوەکە لە گیرفانی

جانتاکەیدا شووشەیەکی دەرهێنا و فنجانەکەمی لێ پڕکرد، وتی "تا ئێستا عارەقت بە قاوەوە خواردووەتەوە؟" من وتم "نا" ئەوەی لە فنجانەکەدا بوو فرم کرد، سیگارێکم پێ کرد، پشتی دەستم دەگەست و دەمویست قسە بکەم، لێ گریان فرسەتی نەدەدا، وتی "بە بڕوای من وا قورس مەیگرە، بەو شێوەیە نییە کە ئێوە دەفەرموون، ئەسڵەن مەفەرموون" دەستی کرد بە گیرفانی بەرباخەڵیدا، پۆستەرێکی دەرهێنا و نیشانی دام، فۆتۆی ئەو شاعیرە بالآبەرزەی پێوە چەسکرا بوو، لەسەری نووسرابوو «انا لله و انا الیه راجعون»، وتی "بە بڕوای من دنیا قیمەتی ئەم پەیڤانەی نییە" پۆستەرەکەی چوار قەد کردوو لە گیرفانی نایەوە، وتی "توبی خوا مەگری، من شاعیرم، حەساسم زۆر، ناتوانم بتبینم کە تۆ ئەشک بڕێژیت" وتی "حەیف نییە تۆ ئەم قسانە دەکەیت.. نا.. وا مەفەرموو" وتی "بە بڕوای من جەستەت وەک بلوورە، جوانیشی هەزار ماشاڵڵا.. بەلای کەمەوە رەحمێک بەمن بکە"

نەمتوانی قسە بکەم، فرمێسکەکانم سڕی و فنجانە خاڵییەکەم بەگارسۆنەکە نیشان دا تا دانەیەکیکە بهێنیت، بەڵام دڵم شتێکی تری دەویست، شتێک کە من لەم حاڵەتە دابڕێ و لە گوڵ و گوڵزاردا نوقمم بکات، تفت و سوێرییەک لە دەمارەکانمدا بگەڕێ و من بۆ دنیای پووچی ببات، نزیکی مەرگ، تا بەردەرگەی دەسشوییەکەی قاوەخانەی فیردەوسی، بەڵام قفڵی دەرگەکە سووربوو، وەستام تا کەسێک کە لەوێبوو بێتە دەرەوە، روانیمە باخچەی پشت قاوەخانەکە، پشیلەیەک لە ژێر سێبەری دارقۆخێکدا بەچکەکانی دەلێسایەوە، لەولاتر منداڵێک لەسەر سندوقێک دانیشتبوو سەوزەی پاک دەکرد، هەموو ئێسقانەکانم هاواریان دەکرد و دەمارم خێراخێرا لێی دەدا، چەند تەقەیەکم لە

دەرگـەکـە دا، پیـرەمـێـردێکی پاک و تەمـیـز لە کـاتێکا دەسـتـەکـانی بەدەسـمـاڵێکی سـپی پاکـدەکـردەوە، هاتە دەرەوە و من چوومـە ژوورێ، بەڵام ئیتر دەرگەکەم قفڵ نەکرد، لە بەردەم ئاوێنـەکەدا وەستـام، سرنجم پڕکردوو چەقـاندمە دەمارم. سـووتانێکی بەورووژان لەسەر رووی پێستم نیشت.

بۆنی شـیـرینیی سـووتاو دەهات.. وێنەی ئاوێنەکە کە من بوو تاریک داهات، ژنێک لە ناوەڕاسـتی نێگاری سـەر کـەمـۆڵەی نێـرگـەلەیـەکی بلووریی گەورەدا، لەسـەر کورسـییـەکی دارین دانیـشـتـبـوو، لە کاتێکدا پیـاوەکان مژیان لە نێرگەلەکەدەدا، بڵقی ئاو بەسەر لەشیـیەوە دەخزاو دەچوو بۆ ئاسـمـان، چاوم تروکـاند و دووبارە سـەیرم کـردەوە، ژنی نیوەڕووتی ناو تابلۆکە سەمای دەکرد و پیاوە مەستەکان شانیان دابووە سەر پشتیـیەکانیان، دەستێک بە جامی بادە و دەستێک لەسەر ورگیان مـەدهۆش و خـەواڵو جـارجـار لێـیـان دەڕوانی، یەکـێک رەبابی دەژەنی یەکـێک دەفی لێ دەدا، ئەو ژنەی کـە سـەمـای دەکـرد نەخـۆش بوو، حـاڵەتێکی باشی نەبوو، ئایا لە ئازاردا وا خۆی دەپێـچا یان بەراسـتی دەیویست سەما بکات؟

سرنجی خاڵیم لە دەمارم دەرکێشـایە دەرەوە، جێ سـووتانێک تێـمدا بەسرپییەکە و لەسـەر پێستمەوە نیشت، وێنەی ئاوێنەکە تاریک نەبوو، من چرچە نادیارەکانی پێستی دەموچاوم بەئاسانی دەدی، ئایا ئەو ژنە من بووم یان کـەسێکی تر؟ ژنێک بەچاوێکی کز، شـانێکی داکـەوتوو و کـوڕەوە، دەسـتـەیەک مـووی سپی سـەری لە هـەردوو لای لەچکەکـەیەوە هاتبـووە دەرەوە، دەستێک بەئەژنۆ و دەستەکەی تری بە کەمـەریەوە، لە تاو چ کـەسێک هاتبـوو کـە داوێنی سـوڵتـان بگرێت و فـیـغـان بکات؟

هاواری دەکرد، کە هەرچی دەیکێشم لەدەست تۆ دەیکێشم.

بەلوعەکەم کردەوە و دەموچاوم شۆرد لە ئاوێنەم روانی. خۆم ناسی، خەندەیەکم بۆ خۆم کرد، قاچاکانم هێواش دا بەزەویدا تا بزانم مەحکەمن، ئەوکاتە دەنگی ون و دووری ئۆکوردیۆنم بیست و تێگەیشتم دنیا زۆر گەرمە، بەقادرمەکاندا چوومە سەرەوە و خۆم گەیاندە مێزەکەم ئەو پیاوە هێشتا جگەرەکەی تەواو نەکردبوو، دانیشتم و جگەرەیەکم ئاگردا.

وتی "خۆتان ساز کرد؟"

سەرم بادا، بەڵام نەک بەنیشانەی بەڵێ، پاشان وتم "بەڵێ؟"

"پرسیم باشتری؟"

بە زۆرەکی زەردەخەنەیەکم کردوو بابەتەکەم گۆڕی"بەڵێ.. دەموچاوم شۆرد، کەمێک فێنک بوومەوە"

"ئێستا نا.. کاتی خۆی، دەبێت منیش بڕۆم دەموچاوێک بشۆم"

چ پێوەندی بە منەوە هەیە، ئەسڵەن تاقەتم لێی نەبوو، جگەرەکەم بەنیوەی خامۆش کرد و وتم "چەند گەرمە"

«بەبڕوای من، دەبێ بڕوای تۆش بپرسم، مەیلت لێیە بچینە ماڵی من، زۆر دوورنییە لە شەقامی "سیروس"ە.»

"سیروس؟ هەمان ئەو شوێنەی کە دوێنێ پیاوێک خۆی و چوار منداڵ و ژنەکەی بەبەنزین سووتاند؟ شارەزام.. یانی تا ئێستا نەڕۆیشتووم، وەلێ بیستم کە پیاوێک خۆی و خێزانەکەی ئاگر تێ بەرداوە"

فنجانە قاوەکەم بەرەوڕووی درێژ کرد تا کەمێکی بڕێژێ، دیسانەوە لە جانتاکەیدا شووشەکەی دەرهێنایەوە و فنجانەکەی لێ پڕکرد و وتی کە

لەگەڵ قاوەدا حەشر دەکات، وتی "ئەمە کۆنیاکە، بەبڕوای من کۆنیاک و قاوە پێکەوە یانی تۆپ" فنجانی قاوەکەم یەکبینە هەڵدا و گەرم بوومەوە.

وتی "بەڕێکەوت وابوو بەڵێ، لەسەری کۆڵانەکەی ئێمە بوو، دەزانێ دوێنێ عەسر کە ...." هەستام "زۆر سوپاسی لوتفت دەکەم من لەوە زیاتر زەحمەتتان ناخەمەبەر"

بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی کرد "بۆ کوێ؟"

"درەنگمە"

عاجز و خەمبار دەهاتە پێش چاو، وەک ئەوەی لە مەجلیسێکی خەتمدا، خواردنیان دابێتە هەموویان و ئەمیان فەرامۆش کردبێت، وتی "ئاخر دەزانی من شیعرێکم لەوەسفی تۆدا هۆنیوەتەوە، کە زۆر حەزم دەکرد بیخوێنمەوە و سەرنجتانی لەبارەوە بزانم، بەبڕوای من زۆر زوو دەتەوێت بڕۆیت"

وتم "ئەگەر بەپێویستی دەزانیت شیعرەکەت بخوێنیتەوە، باشە بیخوێنەرەوە" پەشۆکاوانە بەدوای شیعرەکەدا گەڕا، لەم گیرفانەوە بۆ ئەوگیرفان، لە گیرفانی بەر باخەڵەوە بۆ گیرفانی لاتەنیشت، گیرفانی دواوە، سەرەنجام دۆزییەوە، کاغەزێکی چوار قەدکراوی کردەوە و بە مژێکی قوڵی لە جگەرەکەیەوە خوێندییەوە:

"دەنک دەنکی هەنار

تۆبوویت کە لە زارمەوە دەڕژایت

کەوچک کەوچک ئێمە سوور و تەڕتر دەکەیتەوە

تۆبووی بە نیگا

ئێمەت ......"

وتم "داوای لێبوردن دەکەم"

بە پەشۆکاوییەوە وتی "هێشتا تەواو نەبووە"

"بەڵێ، دەزانم" بۆ دوایەمین جار چاوم بە دیوارەکان و جێگە خاڵییەکەی ئەودا گێڕا و جانتاکەم هەڵگرت، لە شوێنی خۆی هەستا و بەری لێ گرتم، ئێستا هەستم بەکراسە رەشەکەی و ریشە نەتاشراوەکەی کرد، وتی "بەڕاست هەواڵت هەیە کە هاوڕێکەی ئێمە مرد؟"

"مرد؟ کام هاوڕێی ئێوە؟"

بەدەست ئاماژەی بۆ گیرفانی بەر باخەڵی کرد "ئەوەی کە.... چۆن بڵێم، بیرتان نییە؟ پۆستەرەکەی بەدار و دیوارەوە هەیە"

بیرم بوو، ویستم بپرسم بۆ مرد، بەڵام وتم " هیچم بیرنایەت"

"بەهەرحاڵ، گەزازی گرت و مرد"

"خۆتان خۆش بن"

"بونیامێکی گوڵ بوو.. گوڵ.. هەمیشە خەیاڵی دەکرد لە چل ساڵیدا دەمرێ و هەرواش بوو، مرۆڤێکی زۆر باش بوو، بەڵام قسە نەدەچوو بەگوێیدا، دەچووە بەردەم دۆلابی پشت ساردکەرەوە بەرزەکان و لەوێ تەزریقی دەکرد، نامەردەکان سرنجی پیسیان لێ دابوو، بێ خوێنبازی.." یەکسەر برووسکەیەک بە پشتمدا هات، وەک ئەوەی منیان لە ئاگردا دەرهێنابێت و لە سەهۆڵیان هەڵکێشابێتم، گوتم "خوا لێی خۆشبێت، من ئیتر دەبێت بڕۆم"

وتی "دەتەوێت لەگەڵتا بێم؟"

"نەخێر" خێرا لەوێ هاتمە دەرەوە و ئەسکە ناسکێکم خستە گیرفانی

ئەو موسیقارە نابینایەوە، خۆم گەیاندە شەقامەکە، حەزم دەکرد بەنێو خەڵکەدا وەک وەرەقەی یاری بەجۆرێک هەڵبگەڕێمەوە کە کەس هەست نەکات چیم. عەسرێکی گەرم بوو، قژم سەر شانەکانمی قورستر دەکرد، پیاوێک لە قەراخ شۆستەی جادەیەک چیچکەی کردبوو، بە سەتڵێکی حەلەبی سوور شۆستەی بەردەم دووکانەکەی ئاوەڕشێن دەکرد. من زۆر گەرمامبوو، حەزم دەکرد جلەکانم دابکەنم و خۆم بخەمە بەر ئەو ئاوە، حەزم دەکرد سەرم لەو ئاوەدا نقوم بکەم و تاسەد بژمێرم، کە چی تا چلیش نەمدەتوانی، ئەگەر زۆریشیان لێ کردمایە.

ماشێنێکی پانوپۆڕی رەش هۆڕنی لێ دا و من گوێم پێ نەدا، پیاوێک بەلامدا تێپەڕی و لە ژێر لێوەوە وتی "بووخۆم" من هەروەک ئەوەی نەشمبیستبێت، بەڵام خەریک بوو سەرسام دەبووم. ئەم هەموو دوژمنەم هەیەو نەمزانیوە؟ لە دنیایەکدا دەژیم کە هیچ پەنایەکم نییە، دنیایەک کە هیچ وێکچوونێکی لەگەڵ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نییە، جێگەیەک وەک بێشە و درندە و من ناچار بووم بەرگەی بگرم و بەترس و لەرزەوە بەرێدا بڕۆم، بەترسەوە بنوم و بەپەشێوییەوە رابیم، مەگەر چەندێک دەژیام تا نیوە زیاتری تەمەنم لە پووچەڵکردنەوەی پلانی ئەوانی تردا بەفیڕۆ بدەم، بۆ کەس بەفریادم نەدەهات؟

بۆ ساتێک سەرم گێژی خوارد، بیرمکردەوە، لە کوێ بووم و بۆ کوێ دەڕۆم و لە کام زەماندا وەستاوم؟ نەمدەزانی بەردەوامبم لە رۆیشتن یان بگەڕێمەوە؟ بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟ بۆ شەمەندەفەرێک کە لەتاریکیدا بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەڕۆی؟ بۆ قاوەخانەی فیردەوسی؟ یان بۆ ماڵی ئێوە؟ تاسەتم دەکرد، گرێی سەرپۆشی خەیاڵم توند کردەوە و بۆ ماڵی ئێوە رێگەم گۆڕی، بەڵام لەپڕ ژنێک لە بەردەممدا هەڵتۆقی و

بەئاوازێکی تووڕە وتی خوشکێ.. وتم من نیم.. پەشیمان بوومەوەو بەهەمان ڕێدا کەوتمەوە ڕێ، گەرمام بوو حەزم دەکرد بیر لەوە بکەمەوە، سێ مانگ نا دوو مانگ و چوار ڕۆژ بوو کە ئەوم نەدیبوو هیچ کەس و هیچ شتێک جێی خاڵیی ئەوی پڕ نەدەکردەوە، تەنانەت ڕۆژگاری نەخش و نیگارانیش. ماوەیەک بوو نەدەهاتە قاوەخانەی فیردەوس کەس هەواڵێکی لێ نەبوو، هیچ شتێک بۆنی ئەوی لێ نەدەهات، ئایا لە من ڕەنجا بوو؟ قسەی لێ دابڕیبووم؟ ئایا ئیتر تاقەتی نەمابوو، وا خۆی نیشان نەدەدا؟

من سالانێک بەر لە هاتنم بۆ ئەم دنیایە، خۆمم لەودا هەست پێ دەکرد، لە ڕوحی ئەودا، لە خوێنی ئەودا بووم، بەدەمارەکانیدا دەڕۆیشتم و لە نیگایدا هەردەم نیشانەیەک لە من بوونی هەبوو، کاتێک دەهاتە خەونی تۆوە بەڕوونی دەمدی کە دەستی دەکاتە گەردنتانەوە بۆ خالقی من درووود دەنێرێ. سەیری تابلۆکانی تۆ دەکات و بەگاڵتەوە دەیگوت ئاغای کۆپی دەولە، ئایا هەنوکە لە یادتدا بووم؟ حەزم دەکرد یەک جار، تەنیا جارێک ئەو ببینم و سلاوی لێ بکەم، لە بەردەمیدا بەڕێزەوە بوەستم کە کلاوەکەی لە سەری دابگرێت و بڵێت هەوا چەند بۆگەن بووە، یا بۆ نموونە تۆ ناوت چییە و چەند ساڵیت، تەنانەت حەزم دەکرد بە تووڕەییەوە بڵێ "بۆ دێیتە ئەم قاوەخانەیە، لە کونجێکی ماڵەکەتدا داکەوە وا هاتوو سەرێکم دا " تا من بڵێم " ئەم شەو دێیت؟" دەیتوانی لە شتێکی تر تووڕە ببێت و لە خولقەتی من گلەیی بکات و بەگرژییەوە بڵێ "بۆچی هاتویتە ئەم دنیایەوە؟" من بڵێم "بۆ سەرلێتێکدانی تۆ" پاشتر ببم بەدووکەڵ و لە بەرامبەر ئەو چاوڕەش و بریقەدارانەیدا هەڵبێم. ئارەزووم بوو یەک جار، تەنیا یەک جار، چاوەکانی بدرەوشێتەوە و

زەردەخـەنە لە روخـسـاریدا نەخش ببـەسـتێ و بەمن بڵـێت "یاهو.... دیدارت بە قیامەت"

بۆ بەدبەختبووم، بۆ هەرگیز پێی نەدەگەیشتم و ئەگەر بشگەیشتبام وەکو مێشـهەنگ لـە روحی مندا پورەی دەدا و لە چاوتروکانێکدا تەرکی خانەو لانەی دەدا؟ ئایا لەبەرئەوەی چوارپارچە ئێسقانی ئەم جەستە بێ خوێن و روحەی بدات بەسـەرمدا؟ چەند بەدبەختـبووم و نەمـدەزانی.. چەند سـەرم کرد بەیانە و قاوەخانەکاندا، چەند لە بەرامبەر ماڵیانەوە رۆیشـتم بەڵکو ئەمـەخوایە شـوێنەوارێکی ئەو ببینم و نەمبینێ، چەند شەو بەیادی ئەو نوستم و کە چی تۆ هاتیتە خەونم، ئایا تۆ ئاستەتەنگی نێوان دیداری من و ئەو بویت؟

ئیتر نەمدەزانی.

گەرمام بوو، بە شـەقامێکدا سورامـەوە، کە پڕدرەخت بوو سێبەرێکی زۆرتری هەبوو، لە خـێـراوێک ئاوم خـواردەوە، خـۆم بەدوکـانی وێنەکێشەکانەوە و خڵەفاند. ئەوێ گوزەری قەڵەمدانییەکان بوو، هەموو نیگارەکـانیـان لەبەر خـۆرەکـەدا دانابوو تا وشـک ببنەوە، یان رەنگە بۆ تەماشاکردنیش دایان نابێت، تابلۆکان هەریەکەیان چیرۆکێکیان هەبوو؛ دوو کۆتر لەسـەر ستارەیەک هەڵنیشـتبوون و بە ماتییەکەوە بیریان لە درەختـەکانی ئەولای تەلارێک دەکردەوە، ژنێکی بالآبەرز گۆزەیەکی پڕی لەسەر شـان نابوو، درەختێک پڕبوو لە قەلەڕەش، هەڵۆیەک بە ئاسـماندا دەسـوڕایەوە، درەختـێکی تر ئەوەنـدە گەورە بووبوو کـە لە چوارچێـوەی تابلۆکە چووبووە دەرەوە. چوومـە پێشـتر هەندێک لە تابلۆکان مرۆڤیان بۆ لای خۆیان رادەکێشا، هەندێکیان تەنیا ئیشی ئاوی بێمانا بوون، چەند ماسیگرێک عارەقیان دەردابوو تۆڕیان رادەکێشا، ژنێک منداڵێکی

له باوەش گرتبوو، پشیلەیەک خەریکبوو بەگڵۆڵە شلیلەیەک یاری دەکرد، لە تابلۆیەکی تردا پیاوێکی مووبۆر سەیری من، یان کەسێکی لە پشت منەوەی دەکرد، ئاوڕم دایەوە کەس لە دوامەوە نەبوو، دووبارە سەیرم کردەوە، وتم من؟ بزەیەکی کرد، دەستێکی بەمووە بۆرەکانیدا هێنا و بە دەستەسڕێکی سپی عارەقی ناوچەوان و سەرلێوی سڕی، سەعاتەکەی بەرەو رووی من گرت و دەستی نایە ژێر چەنەیی و وەک خۆی وەستایەوە. چومە پێشتر سەیری سەعاتەکەیم کرد، بەڵام نەمتوانی بزانم سەعات چەندە. منیش بزەیەکم بۆ سەندەوە و سەرێکم بۆ لەقاند، یانی کە چی بووە؟! چاوی تروکاند، لێوی جوڵانەوە بێ حەوسەڵانە وتی"پزیشک بووم هەر لە خۆت و خوڕای نەخۆشکەوتم و مردم، هەربەو ئاسانییە، زۆر قۆڕیاتە.. کەس تەکلیفی ئەمە نازانێت، تۆ ئەمە ناو دەنێیت ژیان؟"

دەستی چەپم بەحاڵەتی پرسیار بردەپێشێ، وەکو گوڵ کردمەوە، جارێکی تر سەرم راوەشاند یانی کە هیچ ناکرێت و بەتەنیا لە چوارچێوەکەیدا جێم هێشت و رۆیشتم.

ئەسپەهایەک بێ ئەوەی حیلە بکەن هەڵیان دەخستەوە، لە تابلۆیەکی تردا تیزە جارێک هەم پێ دەکەنی و هەم دەگریا، لەپڕ چاوم کەوت بە پەردەیەک کە بەدیواری بەرامبەر دووکانێکدا هەڵواسرابوو، پەردەیەک کە لە ناویدا کانیاوێک وردە شەپۆلی دەدا و نەسیمێکی فێنک دەهات، پەلوپۆی شۆڕەبییەک لەسەر تاشەبەردێکی بەرزەوە سێبەری رژاندبوو بەو ناوەدا و هیچ کەسێکی لێ نەبوو، تەنیا خاوەنی دووکانەکە نەبێت کە لە پشتی ئەو تابلۆیەوە دانیشتبوو تەرمیمی تابلۆیەکی تری دەکرد، کە وێنەی گوڵدانێک بوو.

چوومە دووکانەکەوە، ساتێک سەیری ئەو پەردەیەم کرد، چەند ئاشنا بوو، من ئەم دیمەنەم لە کوێ بینیبوو؟ بیرم لەوە دەکردەوە جلەکانم دابکەنم و خۆم لە ئاوەکە هەڵکێشم، گەرمام بوو، حەزم کرد بگەڕێمەوە، جانتاکەم لەلایەکەوە دانا و کراسەکەم داکەند و بێ ئەوەی دەنگم لێوە بێت چومە ئاوەکەوە. ئاوەکە سارد بوو هەرجارێ کە دەچوومە ناوی شتێک دەڕژایە دڵم.

خاوەن دووکانەکە هەروا کە تابلۆیەکی تەرمیم دەکرد، لەپڕ ئاوڕی دایەوە، فڵچەکەی فڕێ دا و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، من خێرا خۆم کرد بەژێر ئاوەکەدا و کاتێک سەرم دەرهێنا، بینیم کە خەڵکی لە بەردەم دووکانەکەدا کۆبونەتەوە و بەسەرسوڕمانەوە سەیرم دەکەن، دووبارە خۆم کردەوە بەژێر ئاوەکەدا و ئەمجارە کە سەرم دەرهێنا ئەو پیاوە ئیشەکەی وازلێهێنابوو، رووەو ئەو لایە سەرگەردان وەستابوو، گرینگیم پێ نەدا، سەیری تاشەبەردەکەم کرد بەڵکو پەیکەری فەرهادی لەسەر ببینم، بەڵام کەس لەوێ نەبوو، نەمزانی بۆ ئەوەندە چاوەڕێ بووم تا بەڵکە کەسێک لەسەر ئەو تاشەبەردەوە سەیرم بکات.

بیستبووم هەرکاتێک لەسەر کانی و ئاوێک بم کەسێک لە شوێنێکەوە سەیرم دەکات، کەچی هەرچەند لەملا و لام دەڕوانی کەسم نەدەبینی، دڵم پەلەپەل لێی دەدا و شتێک لە ناخمەوە دەڕژا، ژێرە مەلەیەکم لێ دا، بەدەستی کراوە بەسەر رووی ئاوەکەدا و زەردەخەنەیەکی وەنەشەیی کە وابزانم لەبەر ساردی ئاوەکە یا رەنگە لەبەر نەبینینی پەیکەری فەرهاد بووبێت، بەقژی رەشی خوساو، چاوی چاوەڕوانییەوە هاتمە دەرەوە.

چەند حەزم دەکرد ساڵانێک لە چاوەڕوانیدا بمێنمەوە، تا بەڵکو کەسێک لەسەر ئەو تاشەبەردەوە سەیرم بکات، یان بزانم ئەو پەیکەرەی

روحی خـۆی داوە بـەو بەردە لە کـوێیـە؟ پەیکەرێک کـە رۆژانێک منداڵی بەرگدرووبوو بۆ داخوازی کچی پاشا دەچوو.

لەپڕ خاوەنی دووکانەکە ئاوڕی دایەوە و بینیمی، وەک ئەوەی سەیری درەختێکی گڕگرتوو بکات، یان وەک ئەوەی کە دڵی ئیتر توانای لێدانی نەمابێت، دەستی تا سەر سنگی هێنا و ناڵەیەکی بچووکی کرد.

وتم "مەترسە"و پێکەنیم

وتی "تۆ لێرە چی دەکەی؟"

وتم "گـەرمـام بوو" سـەرم گـێـژی دەخـوارد و دڵم توند لێی دەدا، وتی "حـاڵتـان بـاش نیـیـە"و بەرەو ڕووم هـات کـە لەسـەر زەوییـەکـە هـەڵم سێنێتـەوە، وتم هیچ نییە، خـۆم دەتوانم، دانیشـتم و عارەقی ناوچەوانم بەلەپی دەسـتم سـڕی و وتم "ئاو" بەدەسـتی لەرزۆکی پەرداخـێک ئاوی دامێ و من یەکـبـینە چۆڕبڕم کـرد، کـە پـەرداخـەکـەم لـە سـوچێکی دووکـانەکـە دانایەوە ئیـمـزای تۆم لە خـوارووی تابلۆکـەوە بینـی، خێـرا هەستام، جلەکانم تەکاند و بەزەردەخەنەیەک ماڵئاواییم لە پیاوەکە کرد.

ڕوخسـارێکی تکاکارانەی هەبوو، هەسـتم کرد ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکات و لەوێ گلم بداتەوە، بیری خـاوەن ماڵەکـەمانم کـەوتەوە، بەو جیاوازییەی کە ئەمیـان دوچاری سـەرسـوڕمان بـووبوو، چاوێکی لە من کـردوو چاوێک لە تـابلۆکــە و ســەرئەنجــام خــۆی نـەگــرت و وتی "چ لێکچـوونێک" چەند هەنگاوێکی ناو بەدەورمـدا سـوڕایەوە، وتی "تۆ لە کوێوە هاتوویت؟"

من بێدەنگ بووم و خـۆش خـۆش پێ دەکـەنیـم، وتی"خـەریکیت بۆ کوێ بچیت؟ دیسانەوە قسـەم نەکرد و خۆم بە تابلۆکانی ترەوە خەریک کرد،

وتی "تۆ ناوت شیرین نییە؟" چاوێکم بەسەرتاپایدا گێڕا هیچی بەفەرهاد نەدەکرد، هێواش جانتاکەم هەڵگرت و لە دووکانەکەی هاتمە دەرەوە.

لە ژێر سێبەری درەختەکانی شەقامەکەدا راستەڕێم گرت و بێ سەرنج لە دەوروبەر خێرا دەڕۆیشتم، بریا بمتوانیبا لەو تابلۆیەدا بمامایەتەوە و تۆم لەوێ ببینیبا، گوڵی نیلۆفەرم لەو کەنارە بچنیبا و پێشکێشم کردیتایە. خۆزگە لەبەر خاتری لێکچوون لەگەڵ جەماعەتدا خۆت کۆم دەکردەوە بەشێوەیەک لە دوورەوە وا بهاتیتایە پێش چاو کە تۆش پیرەمێردێکی قەمبووریت، جۆگە بەلای پێتا رەوانە و درەختی سەرووش سێبەری بۆ تۆ کردووە، کە هەر کەسێک بیبینێت بڵێت لە ژێر سێبەری سەرووەکەدا، ئەگینا خۆ هەتاوێک لە گۆڕێ نەبوو، تۆش بەدڵنیاییەوە سەرقاڵی پاککردنەوەی فڵچەکانت بوویت.

"ئەم هەموو تابلۆیە بۆ تۆ بەس نییە؟ کەواتە تۆ لە کوێیت؟"

خەمگین نییە؟ تۆ بەدوای مندا بگەڕێیت و من بەدوای تۆ؟ کحول بە دەمارەکانتا دەگەڕێ و خێرای شەمەندەفەر زیاتر و زیاتر دەبێت، گەرمی وەک پزیسکی بێ ئازاری ئاگری نیگارکێشان، لە پەنجەکانی دەست و پێت و لاگوێ و تەنانەت کەمەرت جێ دەمێنێت.

شەمەندەفەر هێندە خێرا دەڕۆیشت کە من وام دەزانی ئێستا ئیتر بەکۆتاییی دنیا دەگەم، کەچی نەگەیشتم، لەچەمەدانییەکەوە بۆنێکی توند دێت و من خۆم داوتە دەست ئەو رێگەیە. دەستم بۆ یەخەم برد کلیلی ماڵەکەی ئەو، لە نێوان مەمکەکانمدا بوو، بۆ ساتێک هەستم کرد کلیلی ماڵی قەمبوورە.. رەنگە.. رەنگە.. رەنگە.

نازانم بۆ کاغەزی قەدەری من وەکو ئەو کاغەزانە وابوو کە لە فڕۆکەوە

هەڵدەدرانە خوارێ، کاغەزانێ سەوز و سپی و سووری "جاویدشا"، من هەمیشە کاغەزە سوورەکانم دەگرتەوە و کەسانێک هەبوون کە هەموو ڕەنگەکانیان دەست دەکەوت. لە کوێوە هاتبووم وا شێوەم لە هیچ کەس نەدەچوو؟

دەهات بەبیرتدا کە ئەگەر بتزانیبایە من کێم و لە کوێم، نامەیەکت بۆ دەنووسیم.. بۆ نامە؟ ئەگەر بزانیت خۆت نایەیتە سوراخم؟ هێزێکی خۆنەویستانە تۆی لە شوێنی خۆی هەڵکەند، خێرا ڕۆیشتی بەلای جل و بەرگەکانتەوە و چاکەت و پانتۆڵت لەبەرکرد و بوینباخێکی سەوزت بەست، عەترت لەخۆت دا، کاتێک ویستت بکەویتە ڕێ، بیرت کردەوە دەبێ بۆ کوێ بڕۆیت؟ هەمووان تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، وەلێ وا خۆیان نیشان دەدەن کە بەم شێوەیە نەبووە، حازر دەبن، کڵاو دەکەنە سەریان، پێڵاو لەپێ دەکەن، بۆنی خۆشترین عەتر لە خۆیان دەدەن، هێندە سەرگەرمی خۆڕازاندنەوە دەبن، کە بیریان دەچێتەوە بیر لە ڕۆشتنەکە بکەنەوە، پاشان کە دەیانەوێت بکەونە ڕێ، دیوارەکانی ناوەوەی کە لە سەریان یەک بەدوایەکدا دادەچێت و ئەوەندە تەپوتۆز دەکات کە هیچ شتێک بەزەینیاندا نایەت، خوابکات کەسێک بەبونیام بڵێت بۆ کوێ دەچێت؟ من لەزەینتا وتم شەشت ساڵ بگەڕێرەوە دواوە و وەرە بەردەم من، بەڵێن دەدەم کە هەردووکمان لە سەرگەردانی ڕزگار ببین و تەنانەت ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بووە لەمانای ژیان تێ بگەین.

وتم"دێیت یاری یەکبین؟!" بەڵام هەرچەندت کرد نەتتوانی، مەگەر دەبوو؟ تازە ڕۆیی ئەو زەمانەی کە کەسێک مووی سیمرغی دەسووتان و دەستبەجێ سیمرغ دەهاتە بەردەرگەی، تازە ئەوە نابێت. تەنانەت ئەگەر ئەم شەمەنەفەرە بەوپەڕی خێراییش بڕۆشتایە، جارێکی تر من بەتۆ

نەدەگەیشتم، بەڕاست ئەم شەمەنەفەرە بۆ کوێ دەچوو؟

بلیتەکە لە بەینی پەنجەکانمدا مابووەوە، لەو ڕووناکییە کزەی لە سەرەوە دەهات، وا دەهاتە پێش چاوم کە شتێکی لەسەر نووسراوە، بەڵام هەرچەندم کۆشا نەمتوانی خەتەکەی بخوێنمەوە، لەپڕ دەنگی پێکەنینە ترسناک و وەحشییەکەی پیرەمێردی قەمبوورم بەسەردا ڕژا، وام زانی ئەو دەنگەم لە زەینمدا بیست، بەڵام کاتێک سەرم بەرز کردەوە بینیم لەسەر کورسی تەنیشت دەرگەکە دانیشتووە و بەدەموچاوێکی گوشراوەوە بەمن پێ دەکەنێت، بەددانی ڕەشەوەبووی، قژی چڵکن و پێکەوە نووساوی، خۆی لە عەبایەکی ئۆخراییەوە[*] پێچابوو نەیدەتوانی بەر بەپێکەنینەکەی بگرێت.

من خۆم نەدۆڕاند و هەوڵم دا بەسەر خۆمدا زاڵ بم، بەڵام گیرم خواردبوو، دەستەکانم بەگوێچکەمەوە نووساند و زریکاندم، وا کە تەواوی بەدەنم کەوتە لەرزین، بێ ئەوەی دەنگێک لە زارمەوە بێتەدەر، تەنیا ناڵەیەکی بچووکی خۆمم بیست، پاشان هەستم کرد کە کۆمەڵێکی بێشومار خەڵک بەناو سەرمدا دەڕۆن و قسە دەکەن.

وەک ئەوەی کۆمەڵێک خوێندکاری سادیستی کتێب بەدەست، بەدەنگی بەرز هاوکێشە لەبەر بکەن، لێ دەنگی هیچیان ڕوون نەبوو، ڕوومەتم ڕنی و ئەوەندە بەهێز یەکێک لە پەنجەکانم گەست کە خوێنم لێ هێنا، ئینجا پیرەمێرد بێدەنگ بوو، بەتووڕەییەوە وتی "خۆ تۆ برینداربوویت..

---

(*) ئۆخرا: ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا یۆنانییە، بەجۆرە خاکێک دەوترێت کە ڕەنگی جۆراوجۆری لێ دروست دەکرێت، خۆی ڕەنگێکی زەردی مەیلەو سوورە. و

دەسرێت بدەمێ پێی ببەستی؟" دەسرێکی چڵکنی لە گیرفانیدا دەرهێنا و بەرەو رووم گرتی.

وتم "بۆ ئەوەندە دووبارە دەبیتەوە؟ تۆ کێیت؟"

وتی "تەنیا موسافیری ئەم شەمەنەفەرە تۆیت.. هاا!؟"

وتم "یانی چی؟"

وتی "جگە لە تۆ هیچ کەسێک لەم شەمەنەفەرەدا نییە، حەز دەکەیت برۆ سەیر بکە"

وتم "بەڕاست؟"

لە شوێنی خۆم هەستام، دەرگەی کابینەکەم کردەوە و لە ڕاڕەوەکەدا دەستم کرد بەگەڕان، جێگە جیاجیاکان گەڕام و سەرم بەهەموو کابینەکاندا کرد، کەسی لێ نەبوو، جارێکی کە چوومەوە. ناوەوەم دەیقیژاند، بەڵام دەنگم لێوە نەدەهات. ئایا لە شاخێکەوە دەکەوتمە خوارەوە؟ ئایا لە بیرێکی بێ بندا نقووم دەبووم؟ ئایا خەریکە لە رەحمی دایکێکەوە بێمە دەرێ کە دەبوو بەهەنسک هەڵدان و هەراسان، یەکپارچە بمدایەتە قووڵپی گریان؟

چەند سەخت بوو! دەنگی زریکەی ناخم لە کاسەی سەرمدا هەست پێ دەکرد و هەڵدەهاتم، لە شتێکی نەناسراو هەڵدەهاتم تا پەنا ببەمە بەر نەناسراوێکی تر. بەیادی ساڵانی دوور لە کۆمەڵێک تونیی هەڵدەهاتم، بیرم کەوتەوە کە دەست بەژێر مەمکەکانمەوە بگرم نەبادا بکەوێت.

ئەستێرە چکۆلەکان رێک لە بەرامبەر چاوەکانی مندا دەسووتان و ون دەبوون، بەڵام ئەستێرە سپی و زیوییەکان بەنێو یاریی ئەستێرە

چکۆلەکاندا هێورهێور بەڕێی خۆیاندا دەڕۆشتن، پێکوتە و سەنگین لەسەروو کەهکەشانەوە وەستابووم و بەڵام دەستم لە ژێر دەسەڵاتمدا نەبوو کە بەپەلەپیتکەیەکە بتوانم ئەستێرەکان لە یاری بکەمە دەرەوە، هیچ شتێک لە ژێر دەسەڵاتمدا نەبوو، چەند سەخت بوو، چ قورساییەک بەکۆڵمەوە بوو! بۆ ژیانکردن نا، بەڵکو تەنیا بۆ زیندوومانەوە، دەبوو چ پەلەقاژەیەک بکەم، چ مەرگم بوو؟ نازانم تەنیا دەزانم کە شتێک منی هەراسان دەکرد و موگناتیسێکی نەناسراو منی بۆ دواوە رادەکێشا، ئەوەندە بۆ دواوە گەڕامەوە تا گەیشتمە کۆتاییی شەمەنەفەرەکە، بۆ دڵنیابوون دەستم لە دوایەمین دیواری شەمەنەفەرەکە دا و لە پێ کەوتم، هەناسەسوار و تۆقیو سەرم داخستبوو نەبادا چاوم بەدەرەوە بکەوێت.

ئێستا ئیتر لە پەنجەرەکانیش دەترسام، کە دەتگوت رەشایی دەرەوەی بۆشاییەکی بێ کۆتایین، ئەگەر بکەوتمایەتە راکێشانەکەیەوە، تا ئەبەد لە ناخەوە دەمقریشکاند بێ ئەوەی دەنگێک لە زارمەوە بێتە دەرێ.

وەک بڵێی پێم نابێتە دنیایەکی نەناسراوەوە کە عەردی نەبێت، من بێ ئەوەی بمرم وەک روحێکی سەرگەردان یان روحێکی گەڕیدە لە ئاسماندا تیامابووم، وەحشەتێکی گەورەتر لە مەرگ وجودی گرتبووم، بۆ ساتێک هەستم کرد تەواوی تۆقینی من لە تەنیاییە، لە تەنیا مردن نەدەترسام، لەوە دەترسام بەتەنیا بمێنمەوە، چەند لە پەستا پەستا دەمقیژاند، رق قووڕگمی گرتبوو، هەناسەم تەنگ، کاتێک فرمێسک بەچاومدا هاتە خوارێ هەستام دەستم لە خۆمەوەدا تا بزانم هەم، ئەوکاتە کەوتمەڕێ.

هەموو کابینەکان خاڵی بوون، من فیکەم لێ دەدا، دەشگریام، کەچی

ئەم دڵە ساحەب مردووەم ئارام نەدەبوو، قووڕگم گیرابوو، فیکە، گریان، فیکە، فیکە، فیکە، بریا بمتوانیایە لە جێی گریان فیکەم بکێشایە، وەک ئەو ئاوازەی کە دواتر پیاوە نابینا بەویقارەکەی بەردەم قاوەخانەی فیردەوسیی بەئۆکۆردیۆن دەیژەنی.

وتی "ئەم ئاوازەم، لەسەر فیکەی شەوانەی مەستێک داناوە"

وتم "جوانە"

"بەدڵنیاییەوە تۆش جوانیت"

"خۆزگە بتتوانیایە بیبینی"

"من ئەهلی تەماشا نیم.. ئەهلی ئاوازە خەمگینەکانم"

گریام و فیکەم دەکێشا، هیچ کەسێکی لێ نەبوو، هەموو کابینەکان خاڵی بوون، بەدوای پیرەمێردە قەمبوورەکەدا دەگەڕام پەنای بۆ بەرم، بەڵکو لە کەناریدا ئارام بگرم، بەڵام ئەویش نەبوو، لە کوێی پیرەمێرد؟

نەبوو.

چەند رۆیشتبووم؟ دیسانەوە دەستم پێ کردەوە، لە کابینەکەی خۆمان دەرچووم، بەیەکەمین فارگۆن گەیشتم، چوومە ژووری ئیشپێکردنی ئامێرەکان، دەرگەی کابینەکەم کردەوە، کە پێم خستە ئەودیوەوە ئینجا زانیم کە شەمەنەفەرەکە بێ شۆفێرە، لەوێ بوو زانیم هێزێکی پەنهانی شەمەنەفەرەکە رێنوێنی دەکات، بێ ئەوەی کەسێک سووتەمەنی تێ بکات، یان کەسێک لێی بخوڕێت.

دەنگی سەرسوڕهێنەری ئامێرەکان ئاماژەی خێراییەکی نائاسایی بوو، دوو کورسی لەوێدا بوو کە هەردووکیان خاڵی بوون، پەروانەیەک بەتەلبەندی پەنجەرەی دەستەڕاستدا وشک بووبوو، کابینەکە بۆنی دەمی

مـردووی لێ دەهات، دەمی مـردوویەک کـە بەسـەدرو کـافـور(*) دەیشـۆن و پانکەیەک بەتەواوی هێزییەوە دەخولێتەوە تا جەستەکە بۆگەن نەکات. وەها سـەرم گێـژبووبوو کـە نەمـدەتوانی بەسـەرپێـوە بووەسـتم، حـەزم دەکرد دانیـشم و گرمـۆڵەببم، وەک کۆیلـێک بخولێمەوە، سووڕاو بێدەنگ لە سـوچێکەوە بکەومـە دەرەوە، بەشـێوەیەک کـە کـەس نەمـبـینێت. وەلێ هـیچ تـوانـام نـەبوو، مـــات و بێـــدەنگ لـە بەدبەخـــتی خـــۆم دەڕوانـی، بەچـارەنووسـی شـــوومم، کـــە ئەو هـەمـــوو رێگەیـەم بەئیـــرادەی خـــۆم هەڵبـژاردبوو؟ سات بەساتیش واقی من زیاتر وڕ دەما، ئایا کـەس باوەڕ دەکـــات؟ ئـایـا تـۆ بـاوەڕ دەکـــەیت؟ دەتـوانیـت پێـم پـێ بکەنیـت، یـان بەچارەنووسی خەمئەنگێزم بەڵپبگری، بەڵام ئەگەر چاوێک بەخۆشتاندا بخشێنن، بۆتان دەردەکەوێت کە حاڵتان لـە من باشتر نییـە، بێهوودەیە کە بپرسم ئێوە بۆ؟ چونکە نەک تۆ هیچ کەسێک پەرسڤێکی نییە، مرۆڤ رۆژێک بەبینینی دووچاوی رەش ژێرەوژوور دەبێت، بیـری لێ دەکـاتەوە، هەمـوو شـەوێک خـەوی پێـوە دەبینێت، دوو مـانگ و چوار رۆژ بەدوایدا دەگەڕێت، وەختێ بەدەسـتی دەهێنیت، بۆی دەردەکـەوێت کـە تەرمـێکی بەسەردەستەوە ماوە.

نا.. تـۆش بـێ گـونـاهیت هـێندە بیــر مــەکـەرەوە و لـەســەری مــەڕۆ، بگەڕێرەوە. خـێــرا گــەڕامـــەوە کـابینـەی ژمـارەی بیـست و چوار، لە

---

(*) سـەدر و کـافـور: سـەدر دارێکە لە ناوچە گـەرمـیـانیـیـەکـاندا دەڕوێت و گـەڵاکـەی وشک دەکـرێت بۆنێکی خـۆشی هـەیە، کـەف دەکـات و لە خـۆشـۆردنـدا بەکار دێت. هەرچی کـافوریشـە؛ گیـایەکی بۆنخـۆشـە، لە پزیشکی و پیشـەسـازیدا بەکار دەبرێت. هەردووکیـان بـەشـێوەی گوڵاو بەلاشەی مردوودا دەکرێت، تا بۆنی مردووەکە بشارێتەوە. و

شوێنەکەی خۆمدا دانیشتم و ویستم وەک دەسپێکی سەفەرەکە لە ڕەشایی دەرەوە بڕوانم، بەڵام ئیتر نەمدەتوانی، سەیری ژوور سەری خۆمم کرد، چەمەدانییەکە نەمابوو، کەسێ پڕی دابوویە و بردبووی، کەسێک گاڵتەیەکی بێ تامی لەگەڵ کردبووم، دەستم گرت بەدەموچاومەوە و بیرم لەوە کردەوە کە نابێت لەوە زیاتر هەڵپە بکەم.

تێگەیشتم کە زۆر شت بەدەست مرۆڤ نییە، ژیان خەونە تێپەڕیوەکانە و تەفسیر دەکرێت، ژیان جۆلانەی خەیاڵی ڕۆژانێکە کە هەرگیز تەمەنمان پێی ناگات، ژیان دەستپێکی سەربردەکانە. دەمویست حەواسم کۆ بکەمەوە و یەک جار بەڕابردووم یان ئاییندەمدا تێپەڕم. دەزانم کاتێک بوونیام بەڕێدا دەڕوات قاچێکی پێش دەکەوێت و قاچێکی دوا، وەختێک دەوەستێت وەک پەروانە بەقوتوی ئاوێنەیەکدا بەدیوارەوە دەدورێت، بەڵام گێژ بووبووم، نەمدەزانی بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو یان بیر لە ئاییندە بکەمەوە، لەخۆوە بیرم کەوتەوە زەمانێک لەسەر چرپا چڵکنەکە نووستبووم و دوو مۆمدانی کۆن بەژوورسەرمەوە بوو کە خەرمانەی تەواونەکراویان دەخستە سەر دیوارەکە، هەرچەند پێویست بەبوونی ئەو دوو خەرمانەیە نەبوو، بەڵام بۆ پیرۆزکردنی ئەو ساتە بێگەردانە دیواری بەرامبەر وەکو میحرابی لێ هاتبوو، دوو میحراب لە توێی یەکتردا، لە ناویاندا ڕووناکییەکی سەوز دەگەڕا، لە ژێر ئەو گڕە سەوزەدا، گەنجێکی کاکڵ پەرێشان تاری دەژەنی و بۆنی شەراب لە زاری دەهات، دەیانگوت کە شێخ کۆڵان بەکۆڵان گەڕابوو تا ئەوی دۆزیبووەوە، وتبووی: کوڕە بەلارێدا مەڕۆ! لاوەکە لە حەژمەتدا وتبووی چی بکەم؟ شێخ وتبووی لەگەڵ ئێمە وەرە. تا بەیان ئەنگوتبوو شێخ موناجاتی خوێند و هوهای کێشا، گەنجە لاوازەکە زۆر برسی بوو،

خۆشی نەیزانیبوو، تاری دەژەنی و بۆنی شەراب لە هەناسەی دەهات، کە سپێدەی دابوو ئەو لە برسان گیانی سپاردبوو، شێخ فیغانی کرد کە ئێمە حەفتا ساڵ....

سەرم راوەشاند تا وێنەی ناوزەینم بگۆڕێ، شەمەنەفەر تەکانێکی توندیی دا و بەئاژێر لێدانەوە خێراییيەکەی کەم بووەوە، هەموو شتێک لەو تاریکییەدا ئارام بوو، ریتمی توندی چەرخەکانی هێواش بووەوە و شەمەنەفەر وەستا، بێدەنگییەک باڵی کێشا کە بۆنی دڵ لەسەر خۆچوونی دەدا، تامی سکەکانی عەهدی دەقیانووس لە دەمدا، تامی تفتی مەرگ.

چەند حەزم لە کانادا کردبوو، حەزم دەکرد خۆر گەرمتر بێت، هاڵاوی گەرمی لە چاوەکانمەوە بێتە دەرێ و کەس لە کۆڵان نەبێت، کەی بوو؟ تۆ بیرتە؟ کانادایەکم کڕی و لەسەر قادرمەکانی ئەودیو دەرگەی حەوشەوە دانیشتم و دەمم بەلێوی شووشەکەیەوەنا، پاسکیل سوارێک بەکۆڵاندا تێپەڕی و من دەمخواردەوە، پەپوولەیەک باڵەفڕەی بوو، لە دیواری پڕگوڵی ماڵانی بەرامبەرەوە بەرەو رووی من هات و دوورکەوتەوە، من دەمخواردەوە. سەرم بەرز کردبووەوە و بەهەردوو دەست ئەو شووشە ساردەم گرتبوو کە نەبادا بکەوێت، پاشان هەناسەیەکی نوێم هەڵکێشا، بەم سەراوسەری کۆڵاندا چاوێکم گێڕا نەکا تینووەکان بگەن، جارێکی تر خواردمەوە، دەنگی رادیۆ دەهات، هەڵبەتە دایکم نووستبوو، خەڵکی گەڕەک نووستبوون، هێشتا جەناب سەرهەنگی دراوسێمان نەگەڕابووەوە، رۆژنامە بەدەست، بەدەم عارەقڕشتنەوە، تینوو.

هێشتا "باسی" ئەو کوڕێژکە رەشتاڵەی چاوانێکی بریقەداری هەبوو، لە پەنجەرەی ماڵە بەرزەکەیانەوە چاوی دەبڕییە حەوشەکەی ئێمە،

نەهاتبوو تا لە بەرامبەرم بوەستێت و لە قاچە درێژە و باریکەکانم بڕوانێت و دواتر هێواش کۆشم هەڵبداتەوە و سەیری بکات، هەرچەند بیرم کردەوە مانای ئەم کارە تێنەگەیشتم و دوای ئەوە هەرگیز ئەو کوڕە جارێکی تر لە پەنجەرەکەیانەوە سەیری حەوشەکەمانی نەکرد، بۆ کوێ چووبوو؟ ئایا وای خەیاڵ کردبوو، کە من شتێکم لەو دزیبوو لە ژێر کۆشمەوە شاردبوومەوە؟ وتی پەروانە و پەروانەیەک دای لە باڵ و بەسەرمانەوە فڕی.

هێشتا کاناداکەم تەواو نەکردبوو کە بێدەنگییەکی سەیر سەرتاسەری کۆڵانی تەنی، لەو بێدەنگییەدا بوو من ئاگایانە خەوتم، یان رەنگە لە خەوێکی درێژ وەخەبەر هاتبم تا ئارام بگرم، کە چاوم کردەوە رۆژ بوو، من لە شەمەنەفەردا نەبووم، خۆرەکەی زۆر گەرم بوو، عەرد قڵیشی ترسناکی تێ بووبوو، بیرم نییە کە دڕکوداڵ بوو یان مێرگ، کوێرە شوێنێک بوو کە ژنانێکی بێشومار سەرقاڵی کاربوون، ژنانێکی رووت کە مەمکە شۆڕەکانیان دابوو بەشانیاندا تا بەردەستیان نەگرێت، بەداسی گەورە درەویان دەکرد و دەچوونە پێشێ، کە باش لێم ڕوانین هەموو ژنەکان خۆم بوون، خەریک بوو شاخم لێ بڕوێت.. من؟ یانی مەمکەکانم ئەوەندە کشابوون کە ناچاربووم بیاندەم بەملاولای شانمدا؟ ماندوویەتییەک لە کەللەی سەرمەوە دەستی پێ کرد کە تانوکی پێم دەهات و دەچوو. ئایا ئەم هەموو ژنە من بوو؟ مەگەر دەبوو؟

یەکێک لە ژنەکان کە منی دی لێم هاتە پێشێ و وتی "لێرە لەگەڵ ئێمە دەمێنیتەوە؟"

"من؟ نا.. دەمەوێت بگەڕێمەوە"

وەک هەویر لە ژێر ئەو گەرما بەتینەدا کشابوو، وەک دڵۆپی مۆم قەترە

قەترە تکا، نەمتوانی لێی بڕوانم، رووم وەرگێڕا، لەپڕ شەمەنەفەرێکم بینی لەولاوە وەستابوو، پیرەمێردێکی قەمبوور دەرگەی یەکێک لە فارگۆنەکانی کردبووەوە، بەدەست راوەشاندن دەیویست شتێک بڵێ، پێم هەڵگرت و بەرەو رووی رام کرد، کاتێک گەیشتمە لای شەمەنەفەرەکە وتی "خەریک بوو جێ بمێنی.. هاا!؟ ئەگەر من نەهاتمایە خوا دەیزانی چی رووی دەدا" سواربووم و خێرا خۆم گەیاندە کابینەی ژمارە بیست و چوار، لەسەر کورسییەکەی خۆم دانیشتم، بێ ئەوەی نیگایەکی دەرەوە بکەم، بڕیارم دا ئیتر لە جێی خۆم نەجووڵێم، شەمەنەفەرەکە فیکەی کێشا و کەوتە رێ، من هەستم بەئارامی کرد، بەڵام سەرتاپای گیانم هاواری دەکرد، دەتگوت لە چەند لایەکەوە رام دەکێشن و ئێسقانەکانم لەیەک جیا دەکەنەوە، دەتگوت قژم دەسکەنە دەکەن و ئەندێشەم پارچەپارچە، پارچەپارچەیەکی پەڕاگەندە کە هەریەکەی لەلایەک کەوتبوو، سەرمام بوو، موچووڕکەم پێدا دەهات، دواتر یەکبارە گڕم گرت.. چ مەرگم بوو؟

ئایا بۆ ئەوەی ئارامی بەدەستبهێنم دەبێت بیر لە سالآنی دواتر بکەمەوە؟ بۆ ناتوانم حەواسم کۆ بکەمەوە، لەرزیو و فڕەفڕ لە زەمەندا خول دەخۆم. دەنگی باسی دەژنەڤم کە دەڵێت پەروانە و من وەک پەروانەیەک لەم زەمەنەوە هەڵدەفڕم و دەچمە زەمەنێکی تر دەنیشمەوە، لەسەر ئەم قەڵەمدانەوە بۆ سەر ئەو قەڵەمدان.

ئایا دیسانەوە دڵم بۆ باوکم تەنگ بوو؟ ئایا پێویست بوو لەبەر مۆڵەتی چەند مانگێک، کۆشم بۆ خاوەنماڵەکەمان هەڵبدەمەوە و بڵێم "زۆر باشە"؟ یان دەردی من پێوەندیی بەسالآنی دواترەوە هەبوو؟ ئەوەندە پەرێشان بووم کە نەمدەزانی، لەپڕ شتێک لە زەینمەوە فڕی و دڵم

لەسەرخۆچوو، دەنگی دوورەدەستی ئۆکۆردیۆنی پیاوە نابیناکەم بیست، پیاوێک وەک ئەوەی بیەوێت مەسەلەیەکی گرینگ بسەلمێنێت، بەبڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە لە ژێر لێوەوە دەیچڕی "ئەی رۆژگاری نەخش و نیگاران" رق قورگی گرتبووم، خۆنەویستانە جانتاکەم هەڵگرت، بەقاردمەکانی قاوەخانەی فیردەوسیدا چوومە خوارێ، چوومە دەستشوییەکە، دەرگەکەم بەسەر تۆدا قفڵ کرد.

سەیرێکی خۆمم لە ئاوێنەکەدا کرد تا بزانم چەند ساڵم؟ چەند ساڵ بەسەر ئەو ساڵانەدا تێپەڕیوە کە تەرمێکم بەدەستەوە مابوو؟ ویستم ببینم ئایا دەکرێت بیری خۆم بێنمەوە رۆژێک لە رابردوودا بەسواری شەمەنەفەرێک لە تاریکیدا بۆ شوێنێکی نادیار دەرۆیشتم؟ سرنجم پڕکردوو چەقاندمە دەمارم، بەڵام دیسان دەستم رووشا و چەند دڵۆپە خوێنێک تکایە سەر عەردەکە، ئێستا بەئاسانی دەنگی ئۆکۆردیۆن دەبیسترا، من چاوم پڕی بووە دڵۆپە خوێنەکان کە نهێنی ئامێز و خۆڵەمێشی دەیانئنواند، بیرم کردەوە بۆ خوێنی من سوور نییە؟ دەستم بەلێواری دەستشۆرەکەوە گرت تا نەکەوم، قاچەکانم دەلەرزین، پاڵم بەدەرگەکەوە دا و دواتر وەک چرا داگیرسام، وتم "بۆ ئێوە؟"

بابەتی دارشتنی من وەک هەمیشە هەڵیتوپڵیت بوو، من قسەی دڵمم نووسی، نووسیم قەمبوورەکان تلیاکی بوون و ئێمەی قەڵەمدانییەکانیش هەموو عارەق خۆر، لێ زۆری نەخایاند کە ئێمەش رووماں کردە تەزریق و مۆرفین، ئێمە لە کەڵک کەوتبووین و کەس نەیدەویست گوناهمان لە ئەستۆ بگرێت، مامۆستای دارشتنمان پیرەمێردێک بوو، چاوی ئێمە بوو، هاتبووە بەر هەیوانی ژووری ئۆفیس تا لە ناو ئەو هەموو کچە سوورمەیی پۆشەدا من بدۆزێتەوە، منیش نائومێدم نەکرد، بەرەو رووی

رۆشتم و وتم "ئاغا.. بەدوای مندا دەگەڕێیت؟"

"بەڵێ.. بەڵێ گیانەکەم"

لە قادرمەکان هاتەخوارێ و وتی "ئەو دارِشتنە خۆت نووسیوتە؟"

من شـــەیتـــان بووم، چەند جـــارێک بەســـەر و قـــەڵافـەتە کـوڵەکـەیمدا هەڵڕوانی و نیگایەکی پێکەنین ئامێزم رشتە چاوەکانییەوە، ویستم بڵێم دڵسۆزی جەنابتم، بەڵام لە دەمم دەرپەڕی:

"بەچکە مراوییە ناشرینەکە"

هـەردووکمان پێکەنین، وتی "ئەی هاروهاج"

ســـەعـــاتە زیوییـنەکـــەی بەرباخـــەڵی دەرهـێنا و وتی "زۆر باشـــە.. نووسیوتە قەیدی نییە، بەڵام ئیتر لەم شتانە مەنووسە"

زەنگی وانەی ســێــیـــەم لـێ درا و من دووبارە تێکەڵ بـەســـوورمـــەیی پۆشـــەکـان بووم، تـا کـەس نەزانێت چ حـاڵێکم هەیە، وەک ئەوەی هەڵەم کردبێت.

دەنگەهایەکم بیـــست، تەق.. تەق.. تـەق.. تەق، دەنگی پێـــڵاوە پاژنە بەرزەکانی خـۆم بوو؟ لە ژوورێکی گەورەدا دەڕۆشتم و کوڕێک دەگریا و لە باوەشـمدا دەسـتم بەڕوویدا دەهێنا، کە هەناسـەی دەیدا لە گـەردنم حـاڵێکی خـۆشی دەدامێ، منیش بەهێواشی دەمکێشا بەپشـتیدا و رام دەژەند، ژێر بووەوە و خەوی لێ کەوت، منداڵی خۆم بوو، بەڵام کەی ئەوم بووبوو؟ لیکی بەســەر گـەردنمدا دەڕژا و هێـزی دەدامێ کـە دیســانەوە بڕۆم.

حـــاڵێکی خـــۆشم هـەبوو، لەو ژوورە گـــەورەیەدا بەو پێـــڵاوە پاژنـە بەرزانەوە دەڕۆشـــتم کـە لەپڕ منداڵەکـەم مـیـــزی پێدا کـردم و هـەمـوو

جلەکانمی تەڕ کرد، لە دڵی خۆمدا وتم بەخێر نەیەمەوە، بۆ بیرم چوو دایبی پێ هەڵگرم. ئەگەر ئەم شتانەم لە خەودا ببینیایە وا لێک دەدرایەوە کە میز مانای سامانی زۆرە، بەڵام چ سوودێکی هەبوو کە هەموو شتەکان لە بێداریدا روویان دەدا.

منداڵەکەم لەسەر عەردەکە راکێشا، دەرپێکەیم داکەند و بۆ ئەوەی دایبی پێ هەڵگرم. سەیرم کرد منداڵەکەم ئیتر منداڵ نەبوو، پیاوێک بوو، بەهەمان کڵاوی شاپواو بۆینباخی باریک، بەهەمان چاکەت و پانتۆڵی خۆڵەمێشی خەتخەت، کە چاوی بەمن کەوت کڵاوەکەی لە سەری داگرت و کەمێک بەفیزەوە نوشتایەوە.

گێژ و مەنگ سەیری پەڵە خوێنەکانم دەکرد، سرنجەکەم لە دەستم دەرهێنا و سووتانێک بەلەرزەوە نیشتە سەر رووی پێستم، چاوەکانم داخست دەنگی خێرا و یەک ریتمی شەمەنەفەرم کەوتە بەرگوێ. ترپەی دڵم ئاسایی بووەوە، دەنگی تەپڵی گەورە و بچووک دەهات، هەموویان پێکەوە بەسەروایەک.

کە چاوم کردەوە شەمەنەفەر لە تاریکدا دەڕۆیشت و من سەرم نابوو بەشووشەی پەنجەرەکەیەوە، دەرەوە تاریک بوو، هەستم بەئارامی دەکرد، هەمان ئەو شتەی تۆ ئاهت بۆ هەڵدەکێشا و لێی مەحروم بوویت، باش دەتزانی ئەگەر دڵت بەو ژنە نەدۆڕاندابا، ناچار نەبوویت بڕی تلیاک و مەشروبەکەت زیاد بکەیت.

ئەوەندە قەرزاری خۆت بوویت کە نەتدەتوانی لەبەر ئاوێنەدا سەر بەرز بکەیتەوە و سەیری خۆت بکەیت، ئایا ئەم قەرزارییە لە بەئاسانگرتنی تۆوە هاتبووەکایەوە؟ رەنگە وابێت و رەنگە واشنەبێت، ئایا گوناهت کردبوو کەسێکت خۆش دەویست؟ ئەویش قەحبەیەک کە شوێنێکی بۆ

غرور و کەرامـەتی تۆ نەهێشتبووەوە. وتم دەزانیت ڕێگەی کۆتایی چییە؟ تۆ سـەرت بادا یانی کە نا، گوتم بەدەرزییـەک هەمـوو مـەسـەلەی تۆ حل دەبێت، تـەزریق دەزانیت؟ ئـەگـەر ناچاربیت فـێـر دەبیت و ئـەگـەر فـێـر نەبوویت، هەر کاتێک ناچار بوویت بیوەشێنێ و تەزریق بکەیت، وریا بە دەستت نەلەرزێ، ئازار دەداتە پێستەکەت.

دەبینی کەوتوومـەتە چ ڕۆژێکەوە؟ تەزریقیی بووم، ئیتر بەکێشان ئێش ناڕوات، تـەنانەت تـەزریقـیش ئۆخـژنم نـادا. خـوێنبـازی دەکـەم. کـە سـرنجـەکـەم خـاڵی کـرد، ئینجـا کـەمـێک خـوێن دەردەکـێشـم و تێی دەکەمەوە، جارێکیکە کەمێک خوێن دەردەهێنم و تێی دەکەمـەوە. ئای.. ڕەنگە.. ڕەنگە. ئیشێکی بۆگەنە، گوێت لێیـە؟ جەسـتەم کوتراو ماندووە، دەڵێی ئێسقـانەکانم سـیمکێشی دەکەن، دەڵێی پارچە پارچەم دەکەن و سـەرلەنوێ دروسـتم دەکـەنەوە، ئەوەی کـە سـەرم دەخـەمـە نێـوان دەستـەکانمـەوە و خۆم ڕادەژەنم، تەنیـا لەبەرئەوەیـە کە ئیـتر نامـەوێت زەینم لەسـەر شـتێک کۆ بکەمـەوە، دەمـەوێت بەبەردەوامی وێنەی زەینم بگۆڕێت، لە حـاڵی خـۆم تێ نـاگـەم؟ لە برسـێتی تێ ناگەم.. نە خـەو و نە بێداری دەزانم.. ئازارم هەیە و دڵم تەنگە.

ڕۆژێک لە برسا هـاتمە دەرێ، ڕووسەرییە مـاشییـەکەم دابوو بەسـەرما و لە ژێر گـەردنمەوە توند گـرێم دابوو، مـانتـۆیـەکی ڕەشم لەبەرکـردبوو، تەکسییەکم گرت و وتم بمگەیەنە سەنتەری شار. دووکانەکان داخرابوون و دەنگی نامـۆ دەهات، خـەڵک ڕژابووە سەر جادە و منداڵ و گـەورە و ژن و پیاو هـەمـوو سنگیـان دەکوتا و حـسین.. حـسینیـان دەکرد، لە قـەراغ جادەکەدا وەستام سـەرنجم دایە کۆمـەڵێک، کە وەک مریشکی سـەربڕاو هـەڵبـەز و دابەزیـان دەکـرد، گـریـانم هـات، لە دڵی خـۆمـدا وتم بـۆ

پێغەمبەرەکەیان ئەمە ناکەن، کەچی بۆ ئەمە بزانە چی دەکەن، جوان نییە؟

چۆن گوریان دەخواردەوە، برسییان نەدەبوو؟ بۆ هیچ دووکانێک نەکرابووەوە، بۆ نانەواکان نانیان نەدەبرژاند؟ لە بەردەم مزگەوتی "شوش"ەوە تێ پەڕیم، سەوزبوو، بۆنی قیمەی ئیمام حسین دەهات، بونیامی مەست دەکرد، چوومە ژوورێ، هەموو رەشپۆشانی دنیا لەوێ بوون و قاپی پڕ لە قیمە دەستا و دەستی دەکرد. هەستم بەغوربەتکرد، وەلێ دڵم دا بەدەریاوە و چوومە پێشێ، بە پیاوێک کە لە بەردەرگەی ژناندا وەستابوو، وتم "ئاغا خواردنیش دەدەیت بەمن؟" پێکەنی سەیرێکی سەرتاپامی کرد و وتی "بۆ ناتدەمێ؟.. ئەمڕۆ نابێت کەس برسی بێت" قاپێک خواردنم وەرگرت و هاتم بڕۆمەوە بۆ کۆڵانی خۆمان، ژنێک بەردەمی گرتم و وتی:

"مەگەر نەمگوت سەرت داپۆشە"

وتم "من؟"

وتی "بەڵێ قەحبە.. تۆ"

وتم "من.. خۆ نیم!"

ئەوەندە توند دای بەژێر قاپەکەمدا کە خواردنەکە رژایە سەر زەوییەکە و دام لە پرمەی گریان و کەوتمە سەر ئەژنۆ، کە بەدەست پلی گۆشتە رژاوەکەم کۆ دەکردەوە، نەفرەتم کرد، بەڵام گازێکم لە دەستم گرت و گوتم خوانەکات. تووڕە بووبووم و شتێک لە سنگمدا قورس و قورستر دەبوو، برسیم بوو، بۆنی قیمە شێتی دەکردم، پارووەکم خستە دەممەوە، بەڵام گریان نەیدەهێشت پارووەکە قوت بدەم، تفم کردەوە. حەزم دەکرد بگەڕێمەوە، دەبوو بۆ کوێ بگەڕێمەوە؟ بۆ هەر شوێنێک

بگەڕامایەتەوە گرینگ نەبوو، گرینگ ئەوە بوو کە ئێستا نیم و نەبووم.

بەبرسێتی بۆ رۆژگاری نەخش و نیگاران گەڕامەوە، تا گەیشتمەوە ماڵەوە شەو بەسەرداهات، لە ژوورەوە لەسەرخۆ چووم، دەرگەیەک کرایەوە و من دیسانەوە لە نێوان وێنە دێرینەکاندا جێمام، قاوەخانەیەکی گەورە بەلێواری هەڵدێرێکەوەبوو کە دیوارەکانی هەمووی لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە بوو، بۆ خۆی تابلۆیەک بوو لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە. لە نێو ئەو هەموو تەونە نارێک و نائەندازەییەدا هەزار جاڵجاڵۆکە، ژوورێکی تەواویان دروست کردبوو، ژوورێکی پڕ لە تەم و خۆڵەمێشی، کە لە هەر لایەکەوە لێم دەڕوانی، دوایین خاڵی دنیام لێوە دەدی.

لە پشتی تۆڕەکانەوە پیرەمێردێکی قەمبوور پیاڵەی دەشۆرد و چای لێ دەنا و لەگەڵیشیاندا ئاوازێکی رادیۆکەی لە ژێر لێوییەوە دەوتەوە، ورتەورتێک کە روون نەبوو، چوومە پێشێ و بانگم کرد، دەنگی من لە تاڵ یان تۆڕی جاڵجاڵۆکەکەوە تێ نەدەپەڕی، بەڵام من ورتەورتی ئەوم دەبیست، قوولپەقوولپی سەماوەرەکەم دەژنەفت و کەچی هەرچەند هاوارم دەکرد ئەو نەیدەبیست، تونیم بوو، حەزم لە چا دەکرد، سەیری دەوروبەرم کرد بەڵکە رێگەیەک پەیدا بکەم، لە ناو قاوەخانەی تۆڕی جاڵجاڵۆکەدا رووبارێکی کەفکردوو تێ دەپەڕی، رووبارێکی مەرزیی لە کانییەک کە لە شوێنێکی ترەوە هەڵدەقووڵی، دەبووە حەوت لق.

پیرەمێردە قەمبوورەکە زەردەخەنەی کرد و لە ژێر لێوەوە خوێندی "عەتار حەوت شاری عەشق گەڕا... ".

من دەنگی ئەوم بەڕوونی دەبیست، هەر لەبەرئەوەش چوومە پێشەوە و دیسانەوە بەدەنگی بەرز بانگم کرد، بەڵام وەک ئەوەی لەودیو زەمانێکی زۆرەوە لە پێش کێوێک یان دنیایەکی ترەوە بانگی بکەن. رەنگە دەنگێک

له قورگمەوە دەرنەهاتبێت، نازانم. دام لە باڵ و بەسووکی پەروانەیەک چوومەوە سەر یادەوەرییەکان، لە رابردووەوە بۆ ئاییندە، هەروا بەو سادەییە.. بینیم کە لە سۆراخی تۆدا لە پزیشکی دادوەری لە مەیتخانەیەکدا دانیشتووم.

لە ژوورێکی گەورە لەسەر مۆبیلێکی ئۆخرایی دانیشتبووم، دوکتۆرێک بەسەدرییەیەکی سپییەوە لەودیو مێزەکەیەوە بوو، مردوویەک بەرامبەر من لەسەر دەستەبەرەیەک نووستبوو، زەوییەکە تەڕ بوو، راڕەو و ساڵۆنەکان تەڕبوون و لە هەر لایەکدا چەند مردوویەک خەوتبوون. زۆرم برسیبوو، هیچ رێگەیەکی تر نەبوو، من دەبا پێڵاوەکانم بخواردایە، پێڵاوەکانم تەڕبوو، من بنی هەردووکیانم بەیەکەوە چەسپاندو و نابەدڵ قەپم بەو پێڵاوە رەشانەدا دەکرد، خەریکبوو برشێمەوە، بەڵام ناچاربووم. کاتێک دوایەمین پارچەیم دەخوارد، پیاوێک کە دەستی کچۆڵەیەکی هەشت نۆ ساڵانی گرتبوو هاتە ژوورەوە، کچەکە سەر و قژی ئاڵۆسکابوو دەگریا، من قیژاندم:

"بۆ هێناوتە بۆ ئێرە؟"

وتی "ئەم کچەم نەخۆشە"

وتم "باشە.. بۆ ئێرە؟.. بیبە بۆ دوکتۆر"

وتی "نا دەیەوێت بمرێت.. هاتووە وەفاتنامەکەی بۆ دەربکەم"

وتم "خۆ هێشتا نەمردووە"

وتی "دەیەوێت بمرێت، ئەسڵەن حاڵی باش نییە، کە مرد من بەچ شێوەیەک تەرمەکەی بهێنم بۆ ئێرە؟ سەرەڕای ئەمە چی لە سەرەکە بکەم؟"

کچەکە ئەسکەناسێکی بیست تومەنیی لە دەستا بوو، حەزی دەکرد بیگۆڕێتەوە بەئەسکەناسە پێنج سەد تومەنییەکەی دکتۆر. دوکتۆر ئاوڕێکی دایەوە بۆ لای من "ئیشی چی بوو؟" وتم قەڵەمدانیی بوو، دەزانیت من لە شەست ساڵ پێش ئێستاوە بەدوایدا دەگەڕێم، تۆش دەیناسیت؟ سەرم خستە ناو دەستەکانمەوە خۆم راوەشاند تا وێنەی ناوزەینم بگۆڕێت.

گوتم بەدەرزییەک کۆتایی بەمەسەلەکە بهێنە، هەندێک کات بۆ ئەوەی شتێک بمێنێتەوە دەبێ قوربانیی بدەیت.

وتت "وازام لێ بێنە"

وتم "من؟" بەڵام تۆ نەتبیستوو من زۆر نیگەران بووم.

وتت "تکا دەکەم"

قەحبەکە پێکەنی و وتی "خۆت بکوژە تا وازت لێ بهێنم"

"چۆن؟"

"بەدەرزییەک"

تۆ لە تووڕەییدا دەلەرزێیت و وتت "لێرە برۆ"

وتی "تۆ لێرە برۆ" خێرا خێرا هێلکەی دەشکاند و چاوەکانی خڕ بووبووەوە.

وتت "تۆ قابیلی باشبوون نیت.. حەسوودیت.. بەغیلیت.. بێ ماریفەتی.. تێ دەگەیت؟ من دڵنیام بەدەستی کەسێک زەربەت خواردووە، حەز دەکەم بزانم بەدەستی کێ؟ بڵێ؟ بڵێ ئەسڵەن تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتووی؟ بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟"

"بەتۆ چی؟"

دەتویست لەکۆتاییدا لەسەرخۆ و بەئەدەبەوە قسە بکات، دەتویست پێش هەر شتێک ئینسان بێت، وەلێ رۆژ بەرۆژ دەبەنگتر دەبوو، لەسەر شان و لاملیت روانی، کە وەک ژنانی پێش مێژوو، لە پەڵە و چڵکدا گەڕ بووبوو.. بەپێکەنینەکانی.. بەجوڵەی دەستەکانی.. بەنیگاکردنیدا کە ئیتر هیچیان ژنانە نەبوون، ناسکییەتی تێدا نەبوو، لە ئاژەڵێک دەچوو کە تەنیا لەبەر بەردەوامیدان بەژیان هەرچییەکی دەست دەکەوێت دەیخوات. خوێرییەکانی دەهێنایە ماڵەکە، چونکە ئەوان پێیاندا هەڵدەدا، وایدەزانی ژنە شاهەنگە.

هەرچەند ئەو دەبەنگتر دەبێت، تۆ عاشقتری دەبیت، قەڵەمدانکێش و نیگارکێشێکی دەست زبربوویت، کە رۆژ بەرۆژ کارەکانت بێ ڕەنگتر و هەرزانتر دەبوو، بەڕادەیەک کە کۆپیکارییەکانت بەهەزار فرتوفێڵ بۆ ساغ دەکرایەوە، ئیتر هیچ کەسێک بۆ کارێک رای نەدەسپاردیت، نە وێنەیەک، نە چەمەنزارێک، نە ئەسپێک، نە گوڵدانێک، هیچ. رۆژەکانت ناخۆش تێ دەپەڕین، دەستت نەدەچووە هیچ کارێک، لە سستی هێندە راکشاندا مابوویتەوە، کە ئەگەر لەبەر تیکەیەک نان نەبوایە هەر نەدەجوڵایت، بەڵام ناچار بوویت جارجارێک کتێبێک لە کتێبخانەکەتدا هەڵگریت و بڕۆیتە دەرەوە و بەبەهایەکی هەرزان بیفرۆشی، تا نانێک.. مەشروبێک یان تلیاکی پێ بکڕیت و خێرا بۆ ماڵەوە بگەڕێیتەوە.

زەمانێکت بەبیر خۆت هێنایەوە، کە کاتێک بەیانیان لە خەو رادەبوویت، بەیادی ئەو پێ دەکەنیت، ئامادەبوویت دەست بدەیتە هەر کارێک بۆ ئەوەی خۆشحاڵی بکەیت، ئایندەت بەیادی ئەو تۆمار کردبوو، زەینت بێ ئەو ئارامی نەبوو، ئایا عاشقی سیمای جوانی بووبوویت؟

ئایا لە ناخی ئاگـایتـدا شـتـێک یادەوەریـی هەبوو کـە نەتدەتوانی فەرامۆشی بکەیت؟ ئایا دەترسایت کە ئەگەر ئەو لەدەست بدەیت، ناچار بیت لە شـاردا لە نێـوان ئەو هەرچیـوپەرچیـیـانەدا دەربەدەر بەدوای عەشقدا بگەڕێیت.

چ رووی دابوو کـە وا کەوتبـوویتـە ئەو حـاڵەوە؟ حـاڵێک کە لە خـەو و بێداریدا ترست لەو هەبوو، دەترسایت لە نووستن، کە نەبادا خەوی پێوە ببینیت و لە ترسی مـەرگ هاواری جـەرگبڕ بکەیت، دەشـترسایت بێدار بیت، کە نەبادا سەروسەکوتی دەرکەوێت، چونکە بچووکترین حسابی بۆ نەدەکردی، بێ ئەوەی سـەلامێکت بۆ بکات، هەروەک ئـەوەی ئەسڵـەن تۆ وجودت نەبێت، هەڵدەستا دەموچاوی بشـوات، ماکیاجێکی تۆخ بکات، جـانتـاکـەی هەڵگرێت و بۆ لای هێلکەفـرۆشێ.. سـەروپێـچـیـیـەک.. حـەسـحـەسـێک.. یان هەر نـەناسـێکی تر بڕوات، دەترسـایت لەودیو پەنجـەرەکەوە بیبـینیت، هەر لەبەرئەوە پەردەکـانت دادابووەوە، هەرگـیـز بەتەنیـشت پەنجـەرەکـەدا تێ نەدەپەڕیت. هەرگـیـز سـەیری جـادەکـەت نەدەکرد، بەدەنگی بەرز بەخۆت دەوت خۆزیا عـەشقـی پیاوێک ببووایە و یەک جار وەک پەڵەیەک مەرەکەب بتکایەتە ژیانی پیـاوێکی ترەوە، بەڵام مەگەر ئەم پەڵەیە لە ژیانی تۆ پاک دەبووەوە؟ ئەم هەموو تابلۆ ناتەواوەت چی لێ دەکـرد؟ دیسـانەوە دەتگوت کـەواتە بۆ نـەهات؟ بۆ درەنگکەوت؟ وای لەدەست تۆ!

ئیش و کار و زەمـان و وجود و ژیانی لـە یەک شتدا کورت بووبووەوە؛ ئەو.

ئیـتر هیچ تێ نەدەگەیشت جگە لەم ژنە، ئەم قـەحـبـەیە، ئەم سـیـحـرە کەمـەعلوم نەبوو چ ژەهرێکی لە روحی تۆدا لە وجودی تـۆدا رشتبـوو، کە

نەک تەنیا دەتویست، بەڵکە تەواوی گەردیلەی لەشت داوای گەردی لەشی ئەوی دەکرد، هاوارت دەکرد کە پێویستتە و ئاواتتە لەگەڵ ئەودا بەتەنیا لەم دنیایەدا بمێنیتەوە و هەمووشتێک لە بوومەلەرزەیەکدا وێران ببێت. بەڵام باش دەتزانی کە هەرچیوپەرچییەکانی ئەودیو دیواری ماڵەکەت، هەناسە دەدەن و بەڕێدا دەڕۆن، هەر جارێک ئەو ببینن کلکێکی بۆ دەلەقێنن و دەیخەنەوە داوەکە، ئەو ئاسان.. چەند ئاسان دەڕوات! خۆزگا لە بیرت دەچووەوە، دوو برۆی کەوانی، دوو چاوی رەش و ئیتر هیچ، یەک تۆپەڵ قژی رەشی شانە نەکراو و ئیتر هیچ، لێوی تەڕ و نیوەکراوە کە دەتگوت تازە لە ماچێک هەڵگیراوە و هێشتا تێرنەبووە و ئیتر هیچ؟

نا.. هەزاران شتی تر بوو کە لە بیرت نەدەچووەوە.

بەدوای مندا جارێکی تر کەوتیتەوە رێ، جلەکانت لەبەرکرد، کراس، پانتۆڵ، قەمسەڵە، کڵاوی کەپکەچ، هەمان جلی کۆن، ئایا دەچوویت پەروانە بگریت؟ خۆزیا سەرێکت لەو دۆستەمدەدا کە لەسەر پردی رۆمی ماڵێکی هەیە، لەپەروانەی رەنگاوڕەنگ، سڵاوت لە سەربازە کانزاییەکانی سەر کۆڵانەکان بکردایە تا هەست بەئارامی بکەیت، لە نێو کۆڵانی ئەو باخانەدا گۆرانیت لە ژێر لێوەوە بگوتبا، یان فیکەت بکێشابا!

کاتێک لە ماڵ هاتیتە دەرێ لە بیری ئەوەدا بوویت کە چۆن دەتوانرێت تۆ بەکارێک راسپێرن؛ ئەسپێک، چەمەنزارێک، بونیامێک، سروشتێکی بێگیان، هەر چییەک بێت بتوانێت سەرت گەرم بکات، پارەیەک بکات و تلیاک و مەشروبی پێ بکرێت و بەپەلە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، پێش ئەوەی کەسێک بتناسێتەوە، پێش خۆرئاوابوون؟

شـــەقـامی "مـــەنوچەهـری" جـمـــەی دەهـات و پارەگـــۆڕەکـان لـەو ناوە دەخولانەوە، پارەی ئەم و ئـەویان کاش دەکرد، شـوڕوشـەوقێکیان هـەبوو، پێکەنین لەسـەر لێویان ون نەدەبوو. قـەسـابەکـان چاوەڕێی خـۆرئاوابوون بوون تا گلۆپ لەسـەر دوگی ئاژەڵەکانیـان هەڵبکەن، ئۆتۆمـبیلەکان خـاو رێیان دەکرد و عەرەبانەکان بەبارەکانیانەوە دەهاتن و دەچوون.

چەند دەلاڵێک و دوو پاسـەوان لە بەردەم دووکـانی شـەربەتفرۆشـێکدا، شـەربەتی ئەفـلاتونیـان دەنۆشی و یەکێکیـان کۆمـەڵێک ئەسکەناسی لە دەستدا بوو بەدەم خواردنەوەوە بەدەستێک دەیژمارد. ئێمەش رۆژگارێک چووینە بازاڕ سکەمـــان خـــســتـــە دەست ئەو پارەگـــۆڕانەوە تـا بۆمـــان کاشـبکەن، هەندێک زیاتر یان هەندێک کەمتر، جیاوازی چییە؟ بەڵام تۆ ئیـتر هیـچت نییە، ئەو قـەحبـەیە چەندین جـار بەتۆی گـوتبوو "ئەسپێ لە بەخاڵتا سەوزەڵە خانم دەڵێت"

لە ئاپۆڕەی پارەگۆڕەکان تێ پەڕیت و بەئاراسـتەی قـەڵەمدانییەکـاندا رۆشـتیت. دوو کـۆتر لەسـەر سـتارەیەک بەرەو لای درەخـتەکـانی ئەوپەڕی تەلارەکـە هەڵفـڕین، ژنێکی بالابەرز گـۆزەیەکی پڕی گـەیاندبووە سـەر سـەکۆی بەر مـاڵیـان و سـەیری دواوەی دەکرد، پۆلێک قـەلەڕەش لەسـەر درەخـتـێکی وشک هەڵنیـشـتـبوون، هەڵۆیەک لـەسـەر دارێک جـێـی خـۆی خـۆش دەکرد. چوویتـە پێشـتـر، ئەو هەمـوو تابلۆیە.. کـامـەیان ئیـشی تۆ بوو؟ هیچت لە بیرە؟ رۆشتیت.. چەند بێمانا!

مـاسـیگرەکانت بینـی کە عـارەقـیـان دەردابوو، لـە دەوری تۆڕی پڕ لە مـاسی ئەڵقەیان بەسـتبوو، کـاتی دابەشکردن بوو، لەولاوە ژنێک دەسـتی منداڵێکی گـرتبـوو دارەدارەی پێ دەکـرد. پیـاوێکی مـــوو بۆر عـارەقی ناوچـەوانی دەســڕی و بـێ ئەوەی گـرینگی بـەتۆ بدات چاوی بڕیبـــووە

خێراوێک، یان ڕەنگە لە چوارچێوەیەکی قاوەییدا جێگیر بمێنێتەوە. گەیشتیتە هونەرستانی "ئیرۆمیان" و لە پێشیاندا وەستایت، ئەسپەکان بەحیلەکێشان لە چوراچێوەکەوە غاریان دابووە دەرێ و پیاوێک کە بەدوایاندا رای دەکرد، بەهەناسەبڕکێوە گەیشت، دەستی بەشێوەی چەتر لەسەر چاوەکانی گرتبوو، لە ئاسۆی دەڕوانی، لە تابلۆیەکی تردا قاپێکی پڕ لە ترێی یاقوتی بریقەدار سەرنجتی رادەکێشا. کۆتری سەر درەختی قەراخ جادەکە چاوی بڕیبووە شەقامەکە و چاوەڕێبوو تۆ بڕۆیت و چەشەی بکات، چوویتە دووکانەکەوە و سەیری دار و دیواریت دەکرد، پەردەیەکی گەورە لە بەرامبەرت بوو، کە ئاوێکی زوڵاڵی بەهێواشی لێوە دەڕۆی، لە تاشەبەردێک دوور دەکەوتەوە و بەرێی خۆیدا دەڕۆیی، پەیکەری فەرهاد لەسەر ئەو تاشەبەردە مابووەوە، دەنگی سیسرک لە دوورەدەست دەهات، بێگومان لەوێ کەیفیان لە بۆنی تۆپیو دەهات.

ئیرۆمیان لە ناوەڕاستی دووکانەکەدا لەسەر ستاندێک پشت بەتابلۆی شیرین و فەرهاد بەدیار تابلۆیەکی ترەوە چەنەی دەدا، دایکی لە سووچێکی دووکانەکەدا لەسەر کورسییەکی بچووک دانیشتبوو، بەدەموچاوێکی چرچ و لۆچ و قژە سپییەکەیەوە کە لەهەردوو لای لەچکەکەیەوە هاتبووە دەرێ، بەخاوی خەریکی ملپێچ چنینبوو، هەمان ملپێچی ئەرخەوانی کە ساڵەهای ساڵ پێیەوە خەریک بوو، دەیچنی و هەڵی دەوەشاندەوە و شلیلەکەی گلۆڵە دەکردەوە و دیسانەوە دەیچنییەوە. هەزاران جار ئەو ملپێچەی چنیبوو، دیسان هەڵی وەشاندبووەوە. ئێستا لەودیو شووشەی ئەستووری چاویلکەکەیەوە سەیری تۆ دەکات.

"سڵاو"

ئیرۆمیان سەیرکی کرد "دووبارە هاتیتەوە؟"

"ئەرێ"

"هەواڵت نییە.. دەزانی کە .. "

"ڕۆژگارم خۆش نین"

"ڕۆژگاری ئێمەش خۆش نییە.. بازاڕ نییە"

"من لە برسا دێمە دەرەوە.. سەیرێکی حاڵم بکە، من حاڵم باش نییە"

"باشە.. مەکێشە"

چەند هەنگاوێک لێی چوویتە پێشێ و لە بەرامبەریدا وەستایت "ناتوانم.. ئەگەر نەکێشم دەمرم"

"بەجەهەنەم"

"ئیتر ئەم قسانە بەسەرچوون، بەلای کەمەوە پۆترێتێ.. شتێک بدە بەمن تا بەم شێوەیە دەربەدەر نەبم"

"مەگەر خۆم دەستم نییە، پۆترێت بدەم بەتۆ بیکێشی؟!"

"ئاخر تۆ ئاگات لە حاڵی من نییە"

"ئاگام لێیە، یان دەکێشیت یان تەزریق دەکەیت.. بۆ تۆ وا دەزانی من لەسەر گەنجینەی قاروون دانیشتووم.. کەی کێشەی منە کە تۆ....."

عارەق لە ناوچەوانتەوە دەتکا و دەستەکانت دەلەرزی، وتت "کەواتە دیمەنی شتێک"

بەفلچەکەی ئاماژەی بۆ تابلۆی شیرین و فەرهاد کرد و وتی "چەندێکە ئەوەت کێشاوە؟ کە کەس نەیەوێت.. خۆ من شێت نەبووم!.. پێم وتی شیرین بکێشە، تۆ چوویت ئەم فەرهادە مردووەت کێشاوە، ئەم

هەموو ئیشە نیوەناچڵە.."

بەتەنیشت تابلۆکەدا رۆیشتی، چاوێکت بەتاشەبەردەکەدا خشاند کە فەرهاد تەشوێکەی بەرز کرد بووەوە و بەسەر وێنەی سەر بەردەکەدا دای دەهێنایەوە، بەقژی ئاڵۆزاو، ئارام نوستبوو؟ دەنگی هۆڕینێکت بیست، گەڕایتەوە، پاسێکی شین لەخوار کێوەکەوە وەستا و کۆمەڵێک خوێندکار لێی دابەزین، کە هەموویان پێڵاوی وەرزشیان لە پێدابوو، دوایەمین کەسیان کچێکی لاواز و رەنگ پەڕیوو بوو کە بەدوو دارشەقی ژێر باڵییەوە لە پاسەکە دابەزی، ژنێکی تەمەن مامنامەندی بالابەرزیشیان لەگەڵدا بوو، ئینجا هەموویان وەک گرووپێکی کەڕ بەکۆرسێکی خۆش ئەم شیعرەیان وت «ئەمشەو دەنگی تەشوێ لە بێستوون نایەت.. رەنگە فەرهاد چووبێتە خەوی شیرینەوە.. رەنگە فەرهاد چووبێتە خەوی شیرینەوە..» دواتر هەموویان چەپڵەیان لێ دا.

تۆ خۆت خستە لاوە و لەسەر تەختەیەک لە بەردەم چایخانەیەکدا دانیشتی، چایچییەکە بێ ماتڵبوون چای بۆ هێنایت و سەیری رێبوارانی کرد، کە هەموویان لە دەوری ژنە بالابەرزەکە کۆ بووبوونەوە و گوێ قولاغ بوون بزانن چی دەڵێت، وتی "زۆر باشە.. ئەمەش بێستوون، ئەوەی لە پۆلدا وتم لە بیر خۆتانی بەرنەوە، لە "تاق بستان"یش بگەڕێن، نەخشی هەڵکۆڵدراوی سەر بەردەکانی تاق بستان بەفەرمانی "خەسرەو پەروێز" نەخشاوە، دوو بەشی ناوەوەی ئەشکەوتەکەتان ئاسایی لەیادە؟ نەخشەکانی دەرەوە؟ خەسرەو پەروێز سوار "شەبدیزی" ئەسپی خۆی بوو. لە دەستەڕاست نێچیرگەلێکی دیت، کە کۆمەڵێک دەیانویست راوی بکەن، بەلەمێک کە ژنانێکی مۆسیقار تێیدا بەجۆرەها ئامێر ئاوازی رۆژگاری نەخش و نیگاریان دەژەنی، لە دەستەچەپدا خەسرەو پەروێز

خەریکی راو بوو، بەڵام دواتر "قەتحعەلی شای قاجار" دەستووری دا نەخشی سەر بەردەکان دەستکاری بکەن و کردیان، نەخشی ئاغایان ئاخنییە ناو وێنەکەوە، یان بابڵێین خستیانە جێگەی خەسرەو پەروێزەوە ئەوی تری بەبێ دەستکاری وەک خۆی مایەوە، هەموو ئەمانە واز لێ بێنن، ئێستا ئیتر ئێوە خۆتان بێستوون ببینن.. ئەمە تەنیا کێوێک نییە.. ئەمە پەیکەری فەرهادە.. لەسەر ئەم دیوارە لووسە بڕیاربوو کە نەخشی فەرهاد بکێشن، بەڵام نەخشی شیرین و فەرهاد تەنیا لە "فقرگاهی" مەهاباد ماوەتەوە».

دواتر رووەو ئەو کچەی بەدوو دارشەقەوە لە بەرامبەر کێوەکەدا وەستابوو وتی "تۆش لە چیرۆکەکەتدا فەرهاد مەکوژە، فەرهاد لە ئەدەبیاتی فارسیدا سیمایەکی هێجگار شیرینی هەیە.. هێجگار خۆشەویست.. سیمبولی عەشقە.. هەرگیز لە دەمی هیچ کەسێکەوە بەفەرهاد مەڵێ بڕۆ بمرە"

ژنە باڵابەرزکە بەڕوویەکی زۆر تامەزرۆوە، وەک ئەوەی بیەوێت هەموو ئەم کێوە لە چاوەکانیدا جێ بکاتەوە، چووە پێش و هەموویان بەدوایدا، بەڵام ئەو کچەی دارشەقەکانی پێ بوو دوادەکەوت، ئەوان چاوەڕێیان دەکرد تا دەیانگەیشتێ، دەڕۆشتن و ئەو دیسانەوە دوادەکەوتەوە، دەنگی لە عەرددانی دارشەقەکانی لێدانێکی لەسەر یەک بوو کە کێوەکەی دەلەراندەوە و زایەڵەکەی دەهاتەوە.

تۆ چا ساردەوەبووەکەت هەڵقوڕاند و پێش ئەوەی هەستی چایەکی تر خرایە بەردەمت، چایچییەکە وتی "نان دەخۆیت؟"

"نا"

"دوو هێلکەت بۆ بکەمە رۆنەوە"

تۆ هیچت نەگوت و سەیری خوێندکارەکانت دەکرد، گوێت لە دەنگی سروودیان بوو لە دوورەوە دەهات، دەتخواست پێیان بگەیتەوە، بەڵام نەتدەتوانی، چایچییەکە سینییەکی نایە پێشت، چەند لەتێک نان، سێ هێلکە، خوێدانێک و تەواو، چەند برسیت بوو! فەرموو لە دەمت دەکەوتە خواریێ، حەزم کرد منیش لەگەڵت بخۆم، زۆرم برسی بوو، بەڵام نەمتوانی.

هێواش هێواش نانەکەت خوارد، چات خواردەوە و جگەرەت کێشا، ئیتر خۆر ئاوا بووبوو، ترسێکی سەیر سێبەری خستبووە سەر هەوا، خوێندکارەکان هێشتا نەگەڕابوونەوە، بێدەنگی تێکەڵ بەترسی ئێرە دەبوو، هەوا وردەوردە سارد دەبوو، هەر چەند سیگارت دەکێشا نەتدەتوانی بەر بەلەرزت بگریت، چایچییەکەش لە چایخانەکەیدا گوێی لەڕادیۆ دەگرت و قاپ و پیاڵەکانی دەشۆرد، جار جارەش ئاوازی رادیۆکەی لە ژێر لێوەوە دەگوتەوە، دنیا بەتەواوی تاریک بوو، کەچی خوێندکارەکان نەگەڕانەوە، تۆ جگەرەیەکیترت پێکردوو روانیتە کێوەکە کەسەری کردبوو بەئاسماندا، ئەو کاتە لە ناو تاریکییەکەوە پیرێژنێک دەرکەوت کە ملپێچی ئەرخەوانی دەچنی، یان رەنگە خەریکبوو بێت چنینەکەی هەڵوەشێنێتەوە، وەها پیرێژنێکت سالانێک پێشتر لە سەرمای وێرانکەری شارێکی دووردا دیبوو، بەدیار ئاگرێکەوە دانیشتبوو شلیلەی ئەرخەوانی لە شیشی چنینەکەیدا یان نا لە دەستە قایمەکانیدا ئەسیربوو، گلۆڵە شلیلەکەی لە گیرفانی چاکەتە کراوەکەی نابوو، هەروا دەیچنی و بەرەو لای تۆ دەهات، کاتێک بەتەواوی لە بەردەم رووناکی پەنجەرەی چایخانەکەدا وەستا، وتی "شیرین مرد"

پەنجەی دەستت لەخۆوە بۆ قژی سەرت رۆیشت و چنگت پێدا کرد،

من فرمێسکم لەسەر گۆنای تۆ لا پەسەند نییە، حەز دەکەم پێ بکەنیت، پیاو ناگری، ئایا چی دەبێت ئەگەر پیاوێک بگری، تۆ چەند ئازارت هەیە؟

چایچییەکە لەودیو پەنجەرەکەوە سەری دەرکێشا و هەروا کە سینییەکەی بەدەسماڵ دەسڕی وتی "لێی گەڕێ" بەپەنجەی ئاماژەی بۆ مێشکی کرد، تۆ سەرنجت نەدا، چایچییەکە هاتەدەرێ و لێت نزیک بووەوە، بەئەسپایی وتی "وازی لێ بێنە.. شێتە.. عەقڵی لەدەست داوە.. تێ دەگەیت؟"

لەپڕ دەرگەی دووکانەکە کرایەوە و پیاوێک کە دەستی منداڵێکی گرتبوو وتی "ئاغا.. پزیشکی دادوەری لە کوێیە؟"

ئیرۆمیان وتی "بڕۆ لە پێشترە"

تۆ بەئاشکرا دەلەرزیت و چنگت کردبوو بەقژتا، شتێک لە سنگتا پەلی دەکوتا کە بۆنی تەنیاییەکی منداڵانەی لێ دەهات، وتی "ئێستا من چی بکەم"

"هیچ.. بڕۆ بمرە"

"هەر ئەوەندە"

پیرێژن هەروا ملپێچە ئەرخەوانییەکەی دەچنی و ئیرۆمیان چاوی بچووک کردەوە و سەری خست بەدوادا، لە تابلۆی سەر ستاندەکەی دەڕوانی. ئیتر نەتزانی چۆن بۆ ماڵەوە گەڕایتەوە، تەواوی ڕێگەکەت چۆن بڕی، هیچت بیر نییە، چوویتە چێشتخانەکەوە، کەوانتەرەکەت کردەوە، خرتکە و پرتکەت هێنایە دەرێ، قەحبە وتی "بەدوای چیدا دەگەڕێیت؟"

کۆمەڵێک حەب و دەرمانی کۆن بێ ئەوەی سەیری ناو و بەروارەکەیان بکەیت خستتە دەست و گەڕایتەوە ژوورەکەت، وتی "دێیت پێکەوە قسە بکەین؟"

دەستت بەخێرایی راوەشاند تا سەعاتەکەت بچێتە سەر مەچەکت، کەچی سەعات لە دەستتا نەبوو، کەی بێ ئاگەداری من ئەوی فرۆشتبوو؟ چراکەت کوژاندەوە و لە بەرامبەریدا دانیشتی، ئەو لەسەر چرپاکە و تۆ لەسەر عەرد، ئێستا ئیتر چڵکی جێگەکە دیار نەبوو، چەند تاڵە رووناکییەک کە لای پەردەکەوە دەڕژایە سەردیوارەکە، پەڕ و باڵی کردبووەوە، بەڵام نەک وەک هەڵۆ. وەکو دیواری بەرزی قەڵای شارێکی کۆن، کە قەڵا و شوراکان پشت بەپشتی یەک، هەتاویان بەسەر دەستەوە دەبرد، وەکو چەپکێک رووناکی و سێبەر، کە سەریان کێشاوەتە گەردوون، تا گەردەکان بۆ پێ ماچکردن بگەیەننە عەرش.

جووڵەی بەدەن و نووری چاوەکانی تۆ بەرەبەرە کەم دەبووەوە، وەک هەتاوێک کە ئارام ئارام لەسەر دیواری رۆژئاوای ئاسمان نوقم دەبێت، وەک کە شتییەکیی جەنگی زەبەلاح کە نەرم نەرم لە کۆتاییی دەریادا ئاوا دەبێت، سات بەسات بێ هەستتر و خاڵیتر دەبیت، بەڵام ئەو نازانێت لە شێتییەکی کتوپڕدایت، خڕکەیەک حەپت لە بەردەمتدا داناوە، ئەو هەموو حەپە رەنگاوڕەنگت بەجارێک لە مشت ناوەوە بەپەرداخێک ئاوەوە قووتی دەدەیت، دەبینی رەنگت پەڕیوە و هەستت دەکرد دنیا بەسەرسەرتا دەخولێتەوە، وەک ئاگردانێک تۆ پێیەوە پێوەست بوویت، شتێک لەسەرتەوە پزیسکی دەهاوی.

وتی "خراپ کەوتمە داوت.. بۆ هەر پیاوێک دەبوو بەجۆرێک بچەمێمەوە، بەڵام بۆ تۆ بەهەموو شێوەیەک، ئاخر من جگە لە تۆ کەسی

تر شک نابەم، هەر بەڵایەک کە من دەمەوێت بەسەر پیاودا بیهێنم، هەر ئارەزووییەکم لە پیاوان هەبێت، هەر فکرێک لە بابەتی پیاوەوە دەکەوێتە گیانم، هەمووی کۆ دەکەمەوە و لە یەک شوێن.. بەڕاست تۆ حاڵت باش نییە؟!"

جگەرەکەی کردە تەپڵەکەکەوە و سەری لە تۆ نزیک کردەوە، دووکەڵی جگەرەکەی کرد بەدەموچاوتدا و دووچاری پەشێوی و لەرزینی کردیت، هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا و داتەوە، هێڵنجت هات و رشایتەوە، نوزەیەکی لێوەهات و لەشوێنی خۆی هەستا "دەک بمرم.. حاڵی تۆ باش نییە"

دڵت تیواڵ تیواڵ دەبوو، دەستەکانت دەلەرزین و هیچ هەستێک لە قاچەکانتدا نەبوو، لێفەکەی بەخێرایی لەسەرت راکێشا و جل و دەست و دەمتی پاک کردەوە، لە بەردەمتدا کەوتبووە سەر ئەژنۆ و نەیدەزانی چی بکات، رەنگە قسە بکات، رەنگە بەقوربان و بەساقەت ببێت، رەنگە جوێن بدات، بەڵام تۆ نەتدەبیست، بەلاچاو ئەوت دی لەودیو دیوارێکی دووکەڵاوییەوە دەستەیەک حەبی فڕێ دا و لە ماڵ رای کردە دەرێ.

بەدەم مردنەوە پێکەنیت، بەو خەیاڵەی کە ئیتر ئاسوودە دەبیت، بۆ دوایەمین جار سەیری وێنەکەی منت کرد، تەواوی هێزی پاشەکەوتی خۆتت خستە گەڕ، تاببینیت چاوەکانم لە چ حاڵێکدان، بۆ ئەمە بەزەینتا هاتبوو؟ ئایا ئاماژەیەکی خۆکوشتنت لەودا دەبینی؟ لە هەمان ساتدا ئەوت دی کە بەدوو پیاوی کەتەوە گەڕابووەوە ماڵەوە، یەکیان قاچت و ئەوی تریان ژێر باڵت، بەرزیان کردیتەوە و ئیتر هیچت تێ نەگەیشت، چەندە زەمەن رۆشتبوو، رۆژێک، ساڵێک، نا، رێک بیست و چوار رۆژ تۆ کەوتبووی، شتێکت لە نەخۆشخانە بیر نایەت، جگە لە بۆکس و

پیاکێشانێ کە دوکتۆر و پەرستارەکان تێیان دەسرەواندی، جوێنیان پێ دەدایت "خوێڕی، ناتەواو، گەناڵ، لاشەخۆر، بۆگەن، بۆگەن، بۆگەن، بۆگەن"

بیست و چوار رۆژ تێپەڕی و ئەو وەک پەروانە بەدەورتا هەڵدەفڕی، جێگەی دەگۆڕیت، خواردنی لێ دەنا، گسکی دەدا، دەیشۆردیت، لەخوار هەمان تەختی تۆوە دەنووست، هەڵدەستا و دیسانەوە قسەی دەکرد، جارجار لە ماڵ دەڕۆییە دەرێ و پاش چەند سەعاتێک دەگەڕایەوە، تۆ کە بێ ئازار و ئارام لە نێو جێگەدا نوستبووی ئەو ماچی دەکردی، وازی دەهێنا ئاوها سەریری من بکەیت، دەزانی مەسخەرەترین شتی دنیا رووی دابوو؟ تۆ نەمردبوویت، بەڵام نەشدەژیای، تەنیا زیندووبووی، بونیامێک کە تەنیا دەبیستێت، بەگران قسە دەکات، پێ دەکەنێت، دەگری، بەڵام ئەسڵەن ناتوانێت بەپێوە بوەستێت، ناتوانێت قەڵەم بەدەستەوە بگرێت، تەنیا لەبەرئەوە هەیە تا بڵێن من هێشتا نەمردووم.

بەداخم.

سوپی لێ دەنا، بەریەخەی بۆ دەبەستیت، کەوچک کەوچک خواردن دەکات بەدەمتەوە و جارجاریش دەست دێنێت بەقژتا، بەخەندەیەکی نەرم بەتەواوی روخسارییەوە، بەنیگایەکی میهرەبان، تەراشی بۆ دەکردی، لەگەنی دەهێنا و بەئاوی شلەتێن سەر و ملی بۆ دەشۆردی، دیسان قسەی دەکردەوە، رۆژێک کە خەریکبوو نینۆکەکانی بۆ دەکردی وتی "دێیت پێکەوە زەماوەند بکەین؟"

"ئا"

هەمان رۆژ مەلای هێنایە ماڵەکە و بەفەرمی بووە ژنی تۆ، دوای ئەوەی ژیانی تۆ گۆڕا، ئیتر هیچت لەدەست نەدەهات، تەواوی رۆژت

لەسەر چرپا دەگوزەراند. دەخەوتیت هەڵدەستایت، جێگەکەت تەڕ دەکرد و لە تەڕی بەردەوامی جێگەکەت بێزار بوویت. هەندێک کات کە ئەو قەحپەیە سەرخۆش دەبوو، پەرداخێک مەشروبی دەدایە دەستت و لەلایەکی چرپاکە دادەنیشت و دەیگوت "ئۆخەیش.. سەرەنجام بووی بەمۆڵکی من"

شەوێک خەوت بینی کە دەتوانیت بەڕێدا بڕۆیت، قاچەکانت لە ژێر دەسەڵاتتدا بوو، لە کۆڵانێکەوە پێچت دەکردەوە بۆ شەقامێک کە کۆمەڵێک خەڵکی جەنازە بەشان رێیان لێ گرتی، بۆ هەر لایەک بڕۆشتیتایە ئەوان پێشیان لێ دەگرتی، نەیان دەهێشت دەرچیت، هەرچەندە ئەملاولات دەکرد بێ سوود بوو، ئەوەندە هەوڵت دا شەکەت بوویت، شەلاڵی عارەق بووی و لەسەرخۆچوویت، لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدا وەستایت و لە نیوە خەو و نیوە بێداریدا هەستت کرد کە ئەوان جەنازەکەیان خستە سەر شانی تۆ، لاشەیەکی گەرم کە پارچەیەک قوماشی سەوزی تێوە پێچرا بوو، گەنجێکی پانزە ساڵ، هەستت کرد گەرمی کەوتە سەر ناوچەوانت، وادەهاتە پێش چاو ئەوەی کە لەو پارچە سەوزە پێچراوە نەمردووە، گەرم و زیندووە، رەنگە تای لێ هاتبێت، جەماعەت بەیەک دەنگ دەیانوت لا اله الا الله، جەنازەکەیان خستە سەر شانت و دووبارە بەرزیان کردەوە، ئیتر ترست شکابوو، پێکەنیت، چاوەکانت هەڵگلۆفت و سەیرت کرد پیرەمێردێک ناوچەوانت ماچ دەکات، قەحبەکە وتی "تات لێ هاتووە.. ئازیزم.. بەلام هیچ نییە"

پارچەیەکی لە لەگەنێکدا شۆرد، چۆڕاندییەوە، قەدی کرد و دیسانەوە خستییەوە سەر ناوچەوانت "تۆ وەکو منداڵ وایت، ئەگەرچی حەزم دەکرد لە تۆ منداڵێکم ببێت، بەلام کە نەبوو، ئیتر خۆت وەکو منداڵێک بەخێو

دەکـەم.. بەهەمـوو ئەوانە رازیم، دەزانی مـن لە شـوێنێکی جـەنجـاڵەوە هاتوومـەتە ئەم شـوێنە بێدەنگە.. یانزە خـوشک و برابـووین، یەک لەیەک بەدبەختـتر، لە ژوورێکی رووتـەڵدا دەژیایین کە هـەمیشـە بۆنی نەوتی لێ دەهات، بۆنی نـەوت و میـز.. چوزانم. باوکم حـەسـحـەسـێکی تەڵەکـەباز بوو، شـەوان بەسـەرخۆشـی دەهاتەوە و ئەوەندەی نەڕەنەڕ دەکرد کە ئێمە لەترسـاندا لە ناو پێخەفەکانماندا دەمیزاین، دوایی هـەرکەس نەیزانی لە کوێ گوم و گوڕبوو وەکو هـیتلەر، خۆی مـرد؟ کوشـتیان؟ ئێمـە هیچـمان نەزانـی و هـەر بەو جـۆرە گـەورەبـووین، دە سـاڵان بـووم کـە بەقـاڵێکی نێرەکەر مـنی دەربردە پشـتـی دووکانەکـەیەوە و دەسـتـی بۆ دەبردم، درۆم کـرد کـە پێم گـوتی تۆ چاو و گـوێت کـردوومـەتەوە، تـۆ زۆر بـاشـی.. بەڵام حەیف، حەزم دەکرد جوانترین کوڕی دنیات بۆ بخەمەوە.

من باش نیم، هیچ کاتێک باش نەبووم، لە دە ساڵییەوە هەموو شـتێک تێ دەگـەیشـتم، دەچوومـە پشـتـی ئەو دووکـانە نەفـرەتیـیـەوە و کـاڵەکم دەخوارد، سێوم دەخوارد، میوەهایەکم دەخوارد کە حەزم لێیان بوو، ئەو نێـرەکـەرە دەسـتـی بـۆ دەبردم، تا رۆژێک دەسـتم کـرد بەگـیـرفـانیـدا و رەسـمـی ژنێکم تێدا بینییەوە، من لە منداڵییەوە حەسـوود بووم، ویسـتم بزانم ئـەو ژنە کـێـیـە، بـەڵام ئەو نـەیدەویست بەمـن بڵـێ، دوایی زانـیم ژنێتی، سـەیرم کـرد مـانەوەم لەوێ سـوودێکی نەمـابوو، لەگەڵ لۆرییـەکی بارهـەڵگردا رۆشـتـم بۆ باشـوور و لە بەردەسـتـی ئەم شـۆفـێـر و ئەو شـۆفێردا گەڕام، ماوەیەک لە "سـەلەفـچگان" سـەرگەردان بووم رێم ون کردبوو نەمدەزانی بۆ کوێ بچم.

ماوەیەک لە هەڵدێرێکدا مامەوە، بەفر بوو، خەریکبوو لە سەرمادا رەق ببـینەوە، لە بەیـانییـەوە هەتا ئێـوارە عـارەقی جـوولەکـەمـان خـواردەوە،

لەوانەی کـە دەست ئاسـمـانیش نەدەکەوت، پیـاڵەکـانمان پڕ کـردبوو تا هـاتین بیـخـۆینەوە نیـوەی تێدا نـەبوو، وتم "زوو بیـخـۆنەوە تا پەریان نەیان خـواردووەتـەوە" پەریان لەخـۆوە لـە سـەرمـای دەورووبەردا دەخـولانەوە، ئێـمـە ئەوانمان نەدەدی، کـاتێک پیـاڵەمـان خـاڵی کـرد، زانیـمـان ڕێگە کراوەتەوە و ئێمـەش ڕۆشـتین، مـاوەیەکی زۆر لە باشـوور بووم، سـەمـای بەندەریش فێر بووم، بێچـاووڕووبووم، دەمپیس بووم، دەمـویست هەر لە ڕوو پۆرتی پیاوان بشکێنم، بەڵام هیچ کاتێک نەمتوانی.

خۆم دەڕازاندەوە، دڵم دەبرد، یەکێک دەبوو بەتۆڕەکەمەوە و لەگەڵیدا دەڕیشـتم، ژەهـرم بۆ دەڕژاند کـەچی بێ سـوود بوو، ڕۆژان و سـاڵان تێپەڕین و من گەورەتر بووم، ئەو ڕۆژانە هەموو شتێک وەک یەک بوون.. لێگەڕێن.. تا لە نۆزدە ساڵیدا هەر لەم تارانە چوومە سـەر کـارێک، لە عیادەی دکتۆرێکی مووبۆردا ئیشم دەکرد، کە هەمیشە بەقژییەوە خۆی دەخـلافاند، ئەوەندە عارەقی دەکردەوە کە ناچار بوو بەدەستـمـاڵێکی سپی عارەقی ناوچەوانی بسڕێت، هەمان ئەو دکتۆرەی لەخوتوخـۆڕایی مرد، دواتر تۆم بینی، خوا بەنەفرەتت بکات.

بەنووکی پەنجەکانم دەمکێشا بەدەسکی کورسییەدارەکەدا و هەوڵم دەدا هاوئاواز بێت لەگەڵ دەنگی چەرخە ئاسنەکانی شەمەنەفەرەکەدا، جـووڵەی دەسـتم خـێـراتر کـرد، خێـرایی شـەمـەنەفـەرەکـە زۆر بوو... خێراتر... خێراتر... خێراتر.

ئەوەندە بەم کـارە بێ مـانایە درێژەم دایـە کە سـەرم گـێژی خـوارد و پەنجەکانم ئیتر لە ژێر دەسەڵاتمدا نەمابوون، جووڵەکەم هێواش هێواش کـردەوە و دەسـتم بەهێـواشی لەسـەر دەسکی کـورسـییـەکـە دانا، شـەمـەنەفـەر وەسـتـا، چاوەکـانم نوقـاند، یان ڕەنگە چاوە نوقـاوەکـانم

کردبێتـەوە، بیرم نییـە، تـەنیا بیرمـە لە وێسـتگەیەکی شـینـی تەمـاویدا دەڕۆشـتم و بەدوای کـەسـێکدا دەگـەڕام، کـەسـێک دەهـات یـان کـە سـێک دەڕۆشت؟ نازانم بەدوای کـێـدا دەگـەڕام، بـەهـەرکـەسـێک بگـەیشـتـمـایە بەدیقـەتێکی تەواوەوە لێم دەڕوانی و هیـچ کـەسـێک ئـەو نەبوو، بـەهـەر لایەکدا دەڕۆشتم پەشـیمان دەبوومـەوە کە بۆ بەلاکـەی تردا نـەڕۆیشـتووم، سـەیری هـەر کەسێکم دەکرد، ئەفسووسم دەخـوارد کە بۆ سـەیری ئەوانی ترم نـەکـردووە. ئەوان باڵایەکی سـەیر و نـامـۆیـان هـەبـوو، وەک ئەوەی پێـڵـوی چاوەکـانیـان هەڵگەڕابێـتـەوە، سـووریی ناو پێـڵـوەکانیـان وەک "تەراخـومـا" ترسـناکی دەکردن، من بەدوای کەسێکدا دەگەڕام کە پێڵوی چاوی هـەڵنەگـەڕابێتـەوە. هـەموویـان دەچـوون بـەیەکدا، گـومـەزەکـانی شـین بوون، دەنـگی فـیـغـانی چـەند ژنێک لەلایەکـەوە دەگـەییـیـە گـوێ، لە پیرەمێردێکی قەمبـوور کە سەری بردبووە ناو عەباکەیەوە پرسیم "بۆ ئەم بونیـامـانە بـەم شـێـوەیەن؟" وتی "ئەمـانە هەمـوویان گـونـاهـبـارن.. گوناهێکیـان کـردووە بۆیە چاویـان هـەڵگەڕاوەتەوە "وتم "چ گوناهـێ؟" کە سـەری بـەرز کردەوە بینیم پێڵوی ئەویش هـەڵگەڕاوەتەوە و خوێنێکی رەش لە جـەناگەیەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێت، لـە ترسـا قـریشکاندم، بەڵام دەنگ لە قـورگمـەوە دەرنـەهـات، دەنگدانـەوەی هـاوارەکەم لە کەللەمدا دەسـوڕایەوە، چەند کـەسـێک لە سـەرمـا دەسـتیان بـەڕاکردنکرد و من هێڵنجم دەهـات وەک ئەوەی شـتـێک دڵۆپ دڵۆپ لە زەینـمـەوە بـڕژێ، دیوارەکـانـی کاسـە سـەرم درزیان دەبرد، دەسـتەکانم بەهـەردوو لای سـەرمـەوە گرت و پاڵم دا بەکورسییەکەوە، دەنگی شـەمەنەفەرەکە ئیتر بەردەوام نەدەهـات، وەک لە باوە پێچرابێت گاهێ دەهـات و گاهێ نەدەهـات.

قـەحبـە وتی "مـاوەیـەک گـرم گـرتبـوو، ئێسـتـاش هـەروام، رۆژێک

سەردەکەم بەشوێنێکدا و دەڕۆم، ئەوکاتە دەبینی کە ئیتر نیم کەچی خەیاڵ دەکەیت هەم، دەزانی ئەگەر باوکم سەرخۆش نەبایە و لاقەی نەکردمایە رەنگە هێجگار وا دەرنەچوومایە"

"زینا لەگەڵ مەحەرەمەکانی خۆی؟!"

"ئۆف.. ئا.. ئا.. ئا"

دەنگی خەمگین و کوژەربوو، دوو سێ مژی قووڵی لە جگەرەکەی دا و وتی "تاکەت دابەزیوە ئێستا "ئەستامینوفن"ێکت دەدەمێ کە ئاسان بنویت.. ئەدی.. ئازیزم"

حاڵت باش نەبوو، کەسێک لە چاوێکی نائاگاوە بەشەلاق کەوتبووە گیانی تۆ و هەر لێی دەدای، عەجەب چ دنیایەکی بۆگەنە! پیاوێک دڵی دۆڕاندبووە ژنێکی قەشەنگ تەنیا لەبەرئەوەی یەک تابلۆی هونەری لە سیمای، ئەندامی، پەنجەی باریک و ئەو نیگا ئاگراوییەی بکێشێت. بەڵام بێ هیـــوا بوو وەک من، کـــە بەدوای ئەم چاوانەدا هاتم، لە ژێر داروپەردووی جەستەی خۆیدا مابووەوە، تەرمی مەعشوقەکەی بەسەر شانەوە بوو نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت، تا بەرەبەیان دەنگی گریانەکەشم لە پشت ئەو هەموو ساڵەوە دەبیست، دەمبیست کە پیاوێکی شەست ساڵە دوای نیوەشەوێکی تاریک لە تەنیاییدا دەگریا و هیچ پەنایەکی نەبوو، ئەو پیاوە تۆ بوویت، بەڵام من لە کوێ بووم؟

چاوت بڕییە وێنەکەی من کە رەنگە هەستم و لە کەنارتدا ئارام بگرم، یان ئارام بگری، سەربخەینە سەرشانی یەکتر و فرمێسک هەڵڕێژین، بەدوو دەستی شل و شۆڕ و ماندوێتییەکی خەوهێنەرەوە، کە پاش ئەو هەموو هیلاکییە دێنە سۆراخی مرۆڤ، بۆ تۆ پەنا بهێنم. لەکاتێکدا توند

باوەشت پێدا کردووم و گەرمایی لەشی خۆتم پێ دەبەخشیت، گاهێ بەدوو پەنجە لە نێوان دەستەکاندا نەوازشم بکەیت و پەراسووەکانم بژمێریت، تا بزانیت کامەیاکەیان کەمە و گاهێ کە دێتەوە هۆش خۆت بەئارامی بەبەری دەستت بە پشتمدا بکێشیت، بێ ئەوە قسەیەک بکەیت، یان بەزەینتدا ختورە بکات کە من بۆ دەگریم و چ مەرگمە؟ بێ ئەوەی بپرسی من کێم و لە کوێوە هاتووم و بۆ هێندە دڵتەپەمە و بەگومانم، وەک چۆلەکەیەکی خوساوی ژێر باران؟

نا ئیتر نەمدەویست.

کە چاوت کردەوە، قەحبەکە پێکەنی و پەرداخێک چای لە بەردەمتدا دانا.. سەربەندەکەی لە دواوە گرێ دابوو. خێرا خێرا فلچەکانتی دەشکاند و دەیکردە سەتڵێکەوە و رەنگە وشکبووەکانی دەکردە کیسەیەکی خۆڵەوە، چوارچێوە تەواونەبووەکانی بەپەتێکی ناسک بەیەکەوە بەست و گەنجێکی کەتە کیسەکانی لە قادرمەکە بردە خوارێ و لەودیو دەرگەکەوە بەجێی هێشت. ویستت راست بیتەوە، نەتتوانی، قەحبەکە هاتە هاوکاریت، گۆشەیەکی خستە ژێر سەرت تا بتوانی چاکەت بخۆیتەوە.

وتی "ئیسراحەتمان کرد.. وا نییە؟"

چووە چێشتخانەکەوە و هاتە دەرێ، دیسانەوە کیسەیەکی پڕ پاشماوە رەنگ و قەڵەم و قەڵەمدان کە لەوێ مابووەوە هێنایە دەرێ، وتی "سبەینێماڵەکێشەکان دێن.. دەمەوێت دار و دیواری ماڵەکەمان ساف بکەین.. رەنگێکی پەمەیی کاڵی بکەین، کارەباچی بهێنم چەند گڵۆپێکی رەنگاورەنگ راکێشم.. دواتر چەرچییەکان بێن ئەم هەزارپیشەیە فرێ بدەنە دەرەوە، تۆش هەر لەبەر ئەم خرتکە و پرتکەیەیە دڵت گیراوە، بەڵام

وا دەزانی نەخۆشیت. ئێرە بەپەردەی مەنگۆلەدار دەکەم بەدوو بەشەوە تا چاوت بەسەرو بیچمی هێلکەفرۆش و ئەوانە نەکەوێت کە پێیان دەڵێیت غەریبە"

دوو جگەرەی پێ کرد و دانەیەکیانی دایە دەست تۆ، وتی "دەگریت؟ خۆ من شتێکی خراپم نەوتووە، باوەڕ بکە هەرچیم کردووە و هەرچیم وتووە لەبەر تۆ بووە، بۆ کێ ئەم هەمــوو رەنگەت رژاند بەســـەر ئەو تابلۆیانەدا؟ بۆ ناوبانگی دوای مردن؟ مردووشۆر.. دەمەوێت ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەم، کارێک دەکەم کە بمانکاتەوە بەتۆپ"

دەستی خستبووە قژتەوە و لە ڕووی تواناوە تێکەڵەیەک لە سۆزێکی دایکانە و لاواندنەوەی یەکەمین ژنی جیهان بۆ ئاژەڵێکی ماڵی، بەردەوام بوو "ئاخ ئەگەر سەرت لەو کونە دەهێنایە دەرێ و دەتزانی کە دنیا بەدەست چ کەسانێکەوە دەگەرێت.. رۆژێک دەتبەمە تەنیشت پەنجەرەکە و نیشانت دەدەم؛ وێرانەکانی دەوروبەر گۆڕاون بۆ تەلاری گەورە گەورە، سەتەلایت بەردەوام بەرنامەی خۆش پەخش دەکات، ئیتر مرۆڤەکان نامە بۆ یەکتر نانووسن، فاکس دەکەن. لەم کاتەدا تۆ دادەنیشی رەنگ دەرێژیت بەسەر تابلۆدا! باوەڕ بکە ئەوەی کە دەیلێم قسەی بەتاڵ نییە، راستییەکی روونە، بەدوو ساڵ ئێرە دەکەم بەکۆشک، تەلارێکی جوان.. ئیتر من کار ناکەم، پۆلێک کچی ناساک دەخەمە ئیشەوە، ئەو کاتە رەنگە خۆشم جارێکی تر ببمەوە بەسۆزانی.. چوزانم"

چاوی بڕییە سوچێک و لە خەیاڵاتی خۆیدا ون بوو، تۆ سەیری وێنەی منت دەکرد و نووکی پەنجە شادەت دەکرۆژت، حەزت لە جگەرە بوو، لە چا، لە بیستنی فیکەی سەرخۆشێک لە نیوەشەوێکی باراناویدا، مەیلی کانادای سارد، نازانم ئەوکاتە بیری باوکیشت دەکەوتەوە؟

وتی "ئەم هەزارپیشەیە زۆر جێ دەگرێت، فڕێی دەدەمە دەرەوە و دەڕۆم دیکۆرسازێک رادەسپێرم کە دیکۆرێکم بۆ بکات، هەر بریقەکەی چاوی مشتەری کوێر بکات.. دەبینی ئازیزم کە تەواوی تەمەنت هەڵەت کردبوو.. بیرتە بەقایشێک تێم دەکەوتی و شین و مۆرت دەکردمەوە؟ دەتویست لە من مۆدیلێکی کەڕ و کوێر دروست بکەیت، بۆ؟ کە ببم بە پەیکەرێک! لەبەر چی، چی لە سەرتا بوو؟ بەڕاست بیرتە؟"

بیرتە من دەربەدەر بەدوای ئەودا دەگەڕام و هیچ شوێن پێیەکیم چنگ نەدەکەوت؟ ئیتر نەدەچووە قاوەخانەکان، هیچ شەقامێک بۆنی ئەوی لێ نەدەهات، هیچ کەسێک شێوەی ئەو نەبوون.. من هەر بەدوایدا دەگەڕام، سەرەنجام شەوێکی بەهار دڵم سپاردە دەریاوە و هەموو قاوەخانەکان یەک یەک گەڕام، قاوەخانەی فیردەوسیی، قاوەخانەی نادری، قاوەخانەی لوقانتە، هەموو شوێنێک قەرەباڵغ بوو، بونیامەکان دەچوون بەیەکدا و بۆ من، هیچ کەسێک ئەو نەبوو. چوومە بارێک بەنێوتوانج و پەنجە راکێشان و قسەی ناخۆشدا تێ پەڕیم، دوو پێک عاراقی فەلم خواردەوە و هاتمە دەرێ، چوومە قاوەخانەی فیردەوسیی، قاوەیەکم بانگ کرد، بەقادرمەکاندا چوومە خوارێ بێ ئەوەی بیرم بێت دەرگەکە دابخەم، سرنجم لە جانتاکەم دەرهێنا و پڕم کرد و چەقاندمە دەمارمەوە، کە تەواو بوو هەندێک خوێنم دەرهێنا و دیسانەوە تێم کردەوە، دەرم کێشا و تێم کردەوە، سەیری خۆمم لە ئاوێنەدا کرد، چەند تێکشکاو و پیربووم! لە دەنگی ئۆکۆردیۆنی کابرا نابیناکەی بەردەرگەوە زانیم باران بەخوڕ دەبارێت، گەرمام بوو، بەقادرمەکاندا سەرکەوتمەوە و بەسەرڕێوە قاوەکەم هەڵدا، ئەسکە ناسێکم کردە ژێر پیاڵەکە و هاتمە دەرێ، دەستم کرد بەجانتاکەمدا، چەند ئەسکەناسێکم لە تاریکیدا

دەرهێنا و خەستەمە گیرفانی ئەو مۆسیقارەوە و لەگەڵ دەنگی ئۆکۆردۆنەکەیدا هاوئاواز دەمگوتەوە "ئەی ڕۆژگاری نەخش و نیگاران.. هەرچی بوو خەون بوو.. خەیاڵ بوو.. ئەی دڵی نووستوو.. ئەی خەوی شیرین"

باران بەخوڕ دەبارێت، وەک ئەوەی ئاسمان تەڕم بکات. خۆم ڕەها کرد بە تاریکایی شەو و بارانی بەخوڕ کە دەیشۆردمەوە و مەستتری دەکردم، هەموو مەستییەکانم بەخۆشی ئەوە، من بەخۆشی ئەوەوە دەمخواردەوە. بەشەقامی فیردەوسیدا هەڵگەڕام و بەشەقامەکەی ئەودا پێچم کردەوە، لە بەردەمماڵەکەیدا وەک سەربازێکی ئێشکگر دەهاتم و دەچووم، لە تەنیشت ژورەکەیەوە چەندین جار هاتم و چووم و زانیم کە نییە، چرای ژوورەکەی خامۆش بوو، بۆنی قاوەی چاکەت و پانتۆڵەکەی لە هەوای باراناویدا حاڵی بەحاڵم دەکرد، ئەگەر بهاتایە و منی لەوێدا ببینیبا دەیگوت "مەگەر تۆ ئاوکێشی نهێنییەکانی خەڵکیت؟"

میلی پەنجەرەی ژوورەکەیم بەهەردوو دەست گرت و سەرم بەشێلمان و خشتی ماڵەکەیەوە نابوو، وتم ئەی ڕۆژگاری نەخش و نیگاران، ئێمە خوامان دەوێت، ئێمە ون بووی بێ بەلەمەکان، ئێمە منالانی قوتابییەکانی سەربەڕێ، ئێمە کوڵەفڕی خوساوەین لە داسی جووتیار دەترسین، ئێمە گوناهێکمان نەکردووە، بێ پەنا ماوین، دەغڵ و دان لێ دوراو، لانە تێکچوو، ماڵانی ئاوەدانی سێ نهۆمی.

بێچارە دڵم. باران خوڕ خوڕ دەبارێ و من سەرمامە، من سەرمامە و هیچ کەسێک نییە، هیچ وەڵامێک نییە، ژوورەکە بۆنی مەرگی لێ دەهات، بۆنی جەستەیەکی ئاوساوی ناوچەمەدانییەک بەکوڵی ژنێکەوە، ئەو ژنە من بووم. نازانم بۆ تۆم بیر کەوتەوە، هەوای تۆ کەوتبووە سەرم،

دەمــویست ســەرێکت لێ بدەم، مـیلی پەنجـەرەکـەم بەردا، دووبارە لە بەرامــبــەر ئەو مــاڵە کـۆنە هاتم و چووم، دەنگی هـاوئاوازی منداڵانی بچـووکم بیست، ســەیرێکی ســەر دەرگەکـەم کرد، ئەو هـەمـوو نەخش و نیگارەی سـەر ئەو کاشـیـیـە شینە دێرینانە! چ حـاڵێکم هـەبوو؟ هیچ تێ ناگـەم، دەنگی باران لە نێو چەرخـی شـەمـەنەفـەرەکەدا ون دەبـوو. لەپڕ مــاشـێنێک لە دوامــەوە وەســتــا، پیـاوێک جـامــەکـەی دادایـەوە و وتی "دەتوانین ئەمشەو لە خزمەتدا بین؟"

پشــتم لەرزی، ئاوڕێکم دایەوە لە تـاریک و ڕووندا ســەیرم کـرد چـەند کەس بوون؟ نەمدەزانی.

وتم "من؟"

وتی "ئا تۆ.. قەحبەی هـەرزە"

وتم "من.. خۆ نیم"

وتی "بێ دایک و باوک"و ویسـتی لە مـاشـێنەکـە دابەزێت کـە من رام کرد، کۆڵانە و کۆڵان، باشـە ئاسک لە دەشـتدا چۆن دەتوانێت رابکات و هیلێکی غوبار لە دوای خۆی جێ بهێڵێ؟ قژم لە هـەوادا پەرێشان دەبوو، مـەمکەکـانم بەدوو دەست گـرتبـوو تا نەکـەوێت، دەنگی هـەنکەهانکیـانم دەبیست و رام دەکـرد. بۆ سـاتێک سـەرم خـسـتـە ناو دەسـتـەکانمەوە و خۆم راوەشـاند، ویستم وێنەی زەینم بگۆڕێ، ویسـتم بۆ رۆژگاری نەخش و نیگاران بگەڕێمــەوە، ویســتم لە شــەمــەنەفــەرێکدا دانیــشــتم و بەرەوشوێنێکی نـەزانراو لە تاریکی بێ کۆتایی ئەو تونێلە دووکەڵ گرتوو یان ئاســمــان رەشــەدا، تەرمـێک بـەکـۆڵمـەوە بێت و بەڵام کـەس لە من نەپرسێ بۆ هەم.

له شـهمـهنهفهرهکهدا بووم؟ لهسـهر چرپاکه نووسـتبـووم؟ هیـچم له یاد نییـه، تهنیـا ئهوهم لـه یاده که دوو مـۆم له مـۆمـدانێکدا بهلای سـهرمـهوه دهسووتـان و ئهو بهتاسـهیهکی سـهیرهوه چاوی بریبووه من، من مـردبووم و ئهو مـــهراســـیــمی زیندووکـردنـهوه "ژیاندنـهوه"ی منی بـهجێ دههێنا، بهدهورمـدا باڵهفـڕهی دهکـرد، من دهنگی هـهناسـهی لهرزیویم دهبیـست، شلهیهکی تفت و شیـرینم له دهممدا ههست پێ دهکرد، که بهنێوان ددانه داخراوهکانمهوه بۆ گهرووم سهرهوخواردهبوو، وهک قورقـوشمێکی تواوه که ئاگری له گیانم بهردهدا. له رهحمی دایکێکهوه پێم دهخسته دنیاوه، دنیـایهک کـه له یهکهمـین سـاتهوه دهبـوو سـازی گـریانم کـۆک بکردایه و بهتهواوی وجودمهوه له ناخی دڵمهوه شینم بکردایه.

ههسـتم کـرد شـهمـهنهفـهرهکـه له تاریکی تونێلهکـه دهچێـتـه دهرێ، رووناکـــیـــیـــهکی کــــهم له دوورهوه دیاربوو، دهنگی چهرخـــهکـــانی شـهمـهنـهفـهرهکـه هێـواش.. هێـواش دهبڕاو وهکـو لهنگهری سـهعـاتێکی پوکـاوه دهجـولاَ و ئهو چـهرخـانهی دههاڕی، ئایا بـهیان ئهنگوتبـوو، ئایا ئهوه ههتـاوبوو کـه رووناکی رشـتـبـووه ناو چاوه مـاندووهکـانی من؟ بۆ سـاتێک کرژبووم و ههڵلـهرزیم، ساردی کێردێکم له لهشـمـدا ههست پێ کرد، شتێکی بڕی که من قیژاندم و بۆ یهکهمین جار دهنگی قیژهی خۆمم بیست، وهک ئهوهی پۆلێک راوچی پهتێکی گـهوره له دهریادا گرێ بدهن، بهلاَم شهپۆلی خێرا وهک مقهستێکی دهسکرهش پهتهکهی دهبڕی، تۆڕ و مـاسـیـیـهکان دهگهڕانهوه بۆ دهریا. بهزهحـمـهت له نێوان پێڵـوهکانمهوه چهمهدانییه قاوهیییهکهم بهژوور سهرمـهوه بینی و بۆنێکی بێزارکهری له سـهرمـا ههڵکرد، بۆنی دهریایهک بـوو که هـهموو مـاسـیـیـهکان مـردبوون، کوڕه گـهورهی پاشـا شـای مـاسـیـیـهکانی راو کـردبوو و مـاسـیـیـهکان

هەمـــوویان مـــردبوون، دەریا بۆنی مـــردارەوبووی لـێ دەهات، بـۆنێکی نەفرەت ئەنگێز کە رێی هەناسەمی دادەخست.

ئەوکاتە شـەپۆلێکی خێرا لە جەستەمەوە هەڵکشا و هەموو ئەو بۆنە بێزارەی داشۆرد و هەموو شـتەکانی لە بیر بردمەوە، دەنگگەلێکی نوێ هات، هەندێک پـێ دەکـــەنین و هەندێک چەپڵـــەیان لێ دەدا، ژنێک دەینالاند، ئایا ئەو ژنە من بووم؟

"کچە؟"

کەسێک چەمەدانییەکەی لەلای سەرمەوە هەڵدەگرت و رای کرد و دوور دەکـەوتەوە، ئایا ئیـتـر تەرمـێک بەکـۆڵمـەوە نەبوو؟ دەسـتـم بۆ یەخـەمـبرد لای مـەمکەکانم گـەڕام، هیچ کلیلێک نەبوو، سـەگـەکـان لە دوورەدەست حەپەحەپیان دەکرد و پیرەمێردێکی قەمبوور لە قەراغ جۆگە ئاوێک، لە ژێر دار سـەرووییەکدا، پەنجەی حیرەتی بردبوو بۆ دەمی و لە ژێر چاوەوە چاوەڕوانی دەکـێشـا، تا گوڵی نیلۆفەر بچنم و پێشکێشی بکەم.

ئەمە خەمگین نییە؟

کۆتایی

## له نیگارکێشەوە بۆ نیگار

### دیالۆگ و دانووستانی دوو دەق

عەتا نەهایی

وتوویژ و دیالۆگی نێوان مرۆڤەکان، بەتایبەت مرۆڤی بیرمەند و داهێنەر، دوو ئاست و ئاراستەی هاوزەمەنی و ناوزەمەنی، یان هەنووکەیی و مێژوویی هەیە. بەو مانایە کە مرۆڤی بیرمەند و داهێنەر وێڕای وتوویژ لەگەڵ هاوسەردەمەکانی، بەردەوام لە حاڵی دیالۆگ لەگەڵ مرۆڤی سەردەمانی رابوردوو، تەنانەت داهاتووشە. ئەو بەردەوام خەریکی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی پێشینان و گەڵاڵەکردنی پرسیار بۆ نەوەکانی داهاتووە. پێشکەوتن و پەرەسەندن لە هەموو بوارە فکری و ئەدەبی و هونەرییەکاندا بەرئەنجامی ئەم پرسیار و وەڵامە بێپسانەوە و ئەم دانووستان و دیالۆگە نەقرتاوەیە. لە هەموو بوارەکان و بە تایبەت لە بواری داهێنانی ئەدەبیدا دەقەکان مەیدانی ئەم دانووستانەن، یان بە واتایەکی تر، ئەم دانووستان و دیالۆگە لە دەقەکاندا خۆی دەردەخات. ئەوەی دەقێکی سەرکەوتوو لە دەقێکی تێکشکاو یان زڕەدەق جیا دەکاتەوە سەردەمیانە بوون و لە هەمان کاتیشدا دەستەویەخە بوون یان "چالنج" لەگەڵ باشترین دەقەکانی بەر لە خۆیەتی. هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەم دەستەویەخە بوون و چالنجە بە دابڕان و پشت هەڵکردنی دەقێک لە دەقەکانی رابوردوو بزاندرێت. «کارێک کە زڕەدەقە بەناو ئاوانگاردەکان دەیکەن». لەوەش هەڵەتر ئەوەیە کە دەقەکان لە هەموو بارێکەوە یەکتر دووبارە بکەنەوە.

لێرەوە دەچمە سەر بابەتی نووسینەکە کە خوێندنەوەیەکی بەراورد

کـارانەی ڕۆمـانی پەیکەری فـەرهاد، بە قـەڵەمی "عـەباس مـەعـرووفی" نووسـەری ئێـرانییـە. بەر لە هـەمـوو نرخـاندنێکی پێشـوەخت، عـەباس مەعرووفی لەو نووسەرانەیە کە بەردەوام لە حاڵی وتووێژ و دانووسـتانی ڕۆشنبـیـری و ئەدەبی لەگـەڵ نووسـەرانی بـەر لە خـۆیەتی و، بـەرهـەمـە داستانییەکانی لە دەوامەی لۆجیکیی چیرۆک و ڕۆمانی ئێرانیدایە. لەم میانەدا ڕۆمانی پەیکەری فەرهاد نموونەی دیاری بەرهەمێکی داستانییە کە ڕاسـتـەوخۆ لە هەناوی بەرهەمـێکی ترەوە سـەری هەڵداوە و لەسـەر زەمینەی واقـیـعێکی داسـتـانییـەوە هاتووەتە بوون. ئەم ڕۆمـانە دەقێکە نەوەک هەر لە پێـوەندی و دانووسـتـان لەگـەڵ دەقـێکی تری داسـتـانی، بەڵکو دەقێکە کە نمایشی ئەم پێوەندی و دانووستانە دەکات. ئەم ڕۆمانە ڕەوایەتیکی ئـاڵۆزی زەهنییە لە زمانی کەسـایەتییەک کە لە ڕۆمـانێکی ترەوە هاتووە.

ڕاوی یان بێژەری ڕۆمانی پەیکەری فەرهاد، لە ڕاستیدا کەسایەتی ڕۆمـانی "کوندە کـوێرە"، بە ناوبـانگترین ڕۆمـانی سـادق هیـدایەت و لە هەمـان کاتیشدا بە ناوبانگترین ڕۆمانی فـارسییە کە زیاتر لە حەفتا سـاڵ بەر لە ئێستـا و شـەست ساڵ بەر لە نووسینی پەیکەری فەرهاد نووسراوە. من گومانم لەوە نییە کە هەموو کەسایەتییە چیرۆکییەکان «تەنانەت کەسایەتی فانتاستیکترین چیرۆک و ڕۆمانەکانیش» پێیان لە ناو دنیای واقیعدایە و، بە شێوەیەک لە دنیای واقیعەوە دەچنە ناو دنیای مەجازی چیرۆک و ڕۆمانەکان. ئەوەش دەزانم کە گوێزانەوەی کەسایەتی لە چیرۆک و ڕۆمانێکەوە بۆ چیرۆک و ڕۆمانێکی تر بابەتێکی تازە و غـەریب نییـە و، لەخـۆیدا بەها بە بـەرهـەم نابەخشـێت یان لە بەهاکـانی کـەم ناکـاتەوە. ئەوەی لەم ڕۆمـانەدا بەلای منەوە سـەرنج ڕاکێش و جێی ڕامان و تێفکرینە ئەوەیە کە مەعرووفی لەم ڕۆمانەیدا

ئیـمکانی گـوتن و گـێـڕانەوە بـە کـەسـایـەتیـیـەک دەبەخـشـێت کـە لە ڕۆمـانەکـەی پـێـشـوو، واتە لە ڕۆمـانی کـونده کـوێرەدا هـیچ دەرفـەت و مـەجـالێکی بـۆ گـوتن و گـێـڕانەوە پـێ نەدراوە. نووسـەر، خـۆی لە دوو لاپەڕەی کۆتاییی کتێبەکەیدا پاش ئەوە کە باسی چۆنیەتی نووسینی ئەو ڕۆمـانەی دەکات دەڵێ: «بە پێچـەوانەی نـووسـینەکانی پێشـووم بۆ خـۆم دەورێکی ئەوتۆم لە نـووسـینی ئەم ڕۆمـانەدا نەبوو. کـاتێک دەسـتـم بە نووسین کرد، وەک ئەسپێکی وەحشـی هـەوساری پساند و ڕووی لە کێو و بیـابان کـرد. ژنی قـەڵەمـدانەکـەی کـونده کـوێرە دەیگێـڕایەوە و من واسـیتـە بووم تا ئەم شێوازە غـەریزییـە دوور لە عەقڵـە خۆی دەربخات.» پاشـان دەڵێت: «ئەزموونی ئیـقـاع و زمانی کونده کوێرە و، گەڕان بە ناو نیگاری قەڵەمدانەکاندا شێتییەک بوو. شێتییەک کە هێور هێور ڕوحمی دەجوو. ژنی ڕۆمـانی کـونده کوێرە دەسـتی بە گوتن کردبوو، لە خـەو و بێداریدا وازی لێ نەدەهێنام... من هیچ گەڵاڵە و پلانێکم بۆ چیرۆکەکە نەبوو، نەمدەزانی ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن.»

دیارە پێـویست ناکـات گـومـان لەم گـوتـەی نووسـەر بکەین، چونکە شێوازی گێڕانەوەکە ئەو ڕاسـتییـەمـان بۆ دەردەخـات کـە نووسـەر هیچ گـەڵاڵە و پلانێکی لەوە پێش داڕژاوی بۆ نـووسـینی ڕۆمـانەکـەی نەبووە. ژنی ڕۆمانی کونده کوێرە، یان وا باشترە بگوترێت، نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدانـەکان کە ئێمە پێشتر لە زمانی ڕاوی و بێژەری ئەو ڕۆمانەوە لە گـەڵ هۆویەت و کـارەکـتـەرەکـەی، یان بـا بڵـێم لەگـەڵ بێـهۆویـەتی و بێ کـارەکتـەرییدا ئاشنا بووین، پاش شـەست سـاڵ لە ڕۆمـانەکـەی عـەباس مـەعرووفـیـدا دەردەکـەوێتـەوە و، ئەم جـارە لە زمـان و ڕوانگـەی خـۆیەوە، چیرۆکی ژیان و سـەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە.

لەبەرئەوە کە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی ئەم کورتە خوێندنەوەیە گرینگیدان بە پێوەندی نێوانی دەقی ئەم رۆمانە و رۆمانی کوندە کوێرەی سادقی هیدایەت و، چۆنیەتی دیالۆگ و دانووستانی فەرهەنگی و ئەدەبی نێوان ئەم دوو نووسەرەیە، ناچارم ئاوڕێکی زۆر کورت و راگوزاری لەو رۆمانەش بدەمەوە و سووکە بەراوردێکیش لە نێوان هەندێک لایەنی ئەم دوو دەقە بکەم.

کوندە کوێرەی سادق هیدایەت گێڕانەوەی دوو چیرۆک یان دوو رەهەندی چیرۆکێکی ئاڵۆز و قووڵ و کراوەیە. گێڕانەوەیەکی زهنییە کە سنوورەکانی نێوان خەون و بەئاگایی، واقیع و خەیاڵی شێواندووە. کوندە کوێرە چیرۆکێکی عاشقانەیە کە لە زمانی پیاوێکی تەنیا و خەمۆک و مالیخولیاییەوە، لە دوو بەشی سەرەکیدا دەگێڕدرێتەوە. راوی یان بێژەری ئەم رۆمانە ئەگەرچی ناوی نییە، بەڵام تا ئێستا و پاش حەفتا ساڵ، هێشتا بەناوبانگترین کەسایەتی چیرۆک بە زمانی فارسییە، زۆربەی هەرە زۆری خوێنەوارانی پیر و گەنجی ئێرانی دەیناسن و یەکەم پاراگرافی گێڕانەوەکەیان لەبەرە: «لە ژیاندا زامگەلێک هەیە کە وەک خۆرە، بە هێوری و لە تەریکیدا روح دەخوات و دەیتاشێت. ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم زام و ئازارانە بکەیت، چونکە هەموو کەس بە پێی عادەت ئەم ئازارە بڕوا پێنەکراوە بە رووداو و پێشهاتی سەیر و دەگمەن دەزانێ، ئەگەر کەسێک بیڵێت یان بینووسێت خەڵک بە پێی بۆچوونی باو و بۆچوونی خویان هەوڵ دەدەن بە بزەیەکی پڕ لە گومان و گاڵتەجاڕی وەری بگرن. چما مرۆڤ هێشتا چارە و دەرمانێکی بۆ ئەم زام و ئازارانە نەدیوەتەوە و تاکە هەتوانیش فەرامۆشی بە شەراب و خەوی تلیاک و مادەی سڕکەرە.»

ئەم ئازارە کە بێژەری رۆمانی کوندە کوێرە لە دەسپێکی

گێڕانەوەکەیدا بەم شێوە باسی دەکات، بەرئەنجامی عەشقێکی ماخۆلیانە. ئەو لە دەوامەی گێڕانەوەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە درزی تاقی ژوورەکەی، لە پشت کووپەیەک شەرابی کۆنی حەوت ساڵەوە چاوی بە دیمەنێک دەکەوێت کە لەو دیمەنەدا کچێکی جوان بەسەر شیوەڵێکدا نەویوەتەوە و، گوڵێکی نیلوفەڕ پێشکێش بە پیاوێکی کووڕی ئەوبەر شیوەڵەکە دەکات. بێگومان ئەم دیمەنە سەدان ساڵە کە بۆ هەموو ئێرانییەک و، تەنانەت بۆ زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچەیەش دیمەنێکی ئاشنایە. دیمەنێکی مینیاتۆڕی کە لەسەر هەموو شتێک، هەر لە کاسە و دەورییەوە بگرە تا بەرگی قەڵەمدانەکان کێشراوەتەوە. راوی یان بێژەری گێڕانەوەکە شەیدای ئەو کچە نیلوفەڕ بە دەستە دەبێت و لێی دەبێتە ژنی خەون و خۆزگە دوور و درێژەکانی و، وەک مرۆڤێکی خەیاڵی و فریشتەیەکی ئاسمانی باسی دەکات. فریشتەیەک کە دواتر دێتە ژوورەکەی و بێ هیچ قسە و گفتوگۆیەک لەسەر قەرەوێڵەکەی رادەکشێت و هەر لەوێش دەمرێت. ئەوسا کابرا کە لە هەموو هەوڵێک بۆ ژیاندنەوەی نائومێد دەبێت، لە ئەنجامدا بۆ ئەوەی دەست و چاوی هیچ پیاوێکی تر سیمای بان زەوینی ئەو دڵدارە فریشتە ئاسایە نەشەمزێنێت، جەستەی ناسکی لەت و کوت و پارچە پارچە دەکات و لە ژێر خاکدا دەیشارێتەوە. پاشان تا هەتا هەتایە لە فیراقی دوو چاوی رەشی ئەو دڵدارە خەیاڵ کردە، خۆی بە کێشانەوە نیگاری ئەو ژنە لەسەر بەرگی قەڵەمدانەکان خەریک دەکات. ئەمە کورتەی بەشی یەکەمی رۆمانەکەیە کە بێژەر بە خەو دەیبینێت و دوا ئەوە کە بەئاگای دەبێتەوە، لە بەشی دووەمدا بڕیاری نووسینەوەی ئەو خەونە دەدات. بەڵام ئەوەی کە بێژەر لە بەشی دووەمدا دەینووسێت روویەکی تری ئەو خەونە، یان ئەو چیرۆکەیە. گێڕانەوەی بەشی دووەمی رۆمانی کوندە

کوێرە، دیسـان خەونێکی تر، بەڵام ئەم جارە خەونێکی گەلێک ناخۆش و کـابووسـێکی گەلێک ترسناکـە. لەم بەشـەدا راوی یان بێـژەر چیـرۆکی شـەیدایی خـۆی بۆ ژنێک دەنووسـێت کە بە پێچـەوانەی ژنـە فریشـتـە ئاسـاکـەی بـەشی یەکـەم، نەوەک ژنی خــەون و خـەیاڵات، بەڵکو ژنی خـویەتی. ژنێکی سـۆزانی و لەیلەدۆنـەیەکی دەرپێ بە کـۆڵ کە بێـژەر لە ئەنجامدا ئەویش دەکوژێت.

من نامــەوێ لەم نووسـینەدا رۆمـانی کـونده کـوێرە بخـوێنمــەوە کـە لەوپەڕی ئاڵۆزی و فرەڕەهەندی و قـووڵیدایە، بەڵکو دەمـەوێ بڵێم ئەو ژنە فریشـتە ئاسـا و مینیـاتۆرییە کە خوێنەر تەنیا لە زهن و زمانـی بێژەری پیـاوی چیـرۆکـەکـەوە لەگـەڵی ئاشنا دەبێت، ئەو ژنە کـە لـەو رۆمـانەدا فرسـەتی گوتنی تاکە وشەیەکیشی نەبووە و، لە پاش مردنیشی ئەسیری سـەر بـەرگی قـەڵەمـدانەکـان بووە، لـە پاش شـەست سـاڵ و لـە پاش سـەفـەرێکی دوورودرێژ بە سـەر بەرگی قـەڵەمـدانەکانەوە، لە رۆمـانی پەیکەری فــەرهـاددا دەردەکــەوێتــەوە و، ئەم جــارەیان خــۆی بڕیاری گێڕانەوەی ژیان و سەربوردەکانی ژیانی خۆی دەدات. ئەگەر لە رۆمانی کونده کوێرەدا بێژەری پیاو نیگار کێشی سەربەرگی قەڵەمدانەکان چیـرۆکـەکـەی بۆ سـێبـەری خـۆی دەگـێـڕێتـەوە، لە رۆمـانی پـەیکەری فەرهاددا بێژەری ژن نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدانەکان چیرۆکەکە بۆ پیاوێکی نەقاش کەسێکی وەک بێژەری رۆمانەکەی پێشوو دەگێڕێتەوە. پیـاوێک کـە لە ناخ و دەروونی خـۆیدا شـەیدای ئەو ژنە فـریشـتـە ئاسـایە یان ئەو نیگارە مـینیـاتۆرییـەیە، بەڵام تووشـی بە تووشـی ژنێکی هەرزە و بەرەڵاوە بووە. کـەواتە بە رواڵـەت هیچ جـیـاوازییـەکی ئەوتـۆ لە مـابـەینی چیرۆکی ئەم دوو رۆمـانە نییـە، جگە لەوە کە لە رۆمـانی کونده کوێرەدا رووداوەکــە لە روانگەی زهـن و زمــانـی نەقــاش و نیگارکـێــشـــەوە

گـێـڕدراوەتەوە، بـەڵام لە رۆمــانی پەیکەری فــەرهاددا رووداوەکــان لە روانگەی زهن و زمـانی نەقش و نیگارەکەوە دەگێڕدرێنەوە. ئەڵبـەت ئەمە تەنیـا جیـاوازی نێوان ئەم دوو رۆمـانە نییە. گرینگترین خـاڵی جیـاوازی نێـوان ئەم دوو رۆمـانە لایەنی سـەمبـولیک و هێمـایینی هەمـوو توخم و رەگەزەکانی رۆمانی کوندە کوێرە و پێوەندی ئەم توخم و رەگەزانە لەگەڵ قـووڵتـرین لایەنـەکـانی زهنی مـرۆڤ، بە تایبـەت زهنی راوی و بێـژەری گێڕانەوەکەیە. کوندە کوێرە خـەونێکە کە هەمـوو کـون و کەلەبەرەکانی ناوشیار "ناخـودئاگای" زهنی مرۆڤ، لەسەر بەستێنی مـێژوو، فەرهەنگ و زمـانی ئێرانـی، نمایش دەکات. ئەمـە قـووڵاییـیـەکی وەهای بەم دەقـە کراوەیە بەخشـیوە کە تا ئێسـتا سـەدان وتار و دەیان کتـێبی بە زمـانی فـارسـی و تەنانەت زمـانە رۆژاواییـیـەکـانیش لەسـەر نووسـراوە و، بە هەموو جۆرە مەنهەجێکی ئەدەبی "زمانناسـی، کۆمەڵناسـی، دەروونناسـی و..." خوێندراوەتەوە.

بێگومـان پـەیکەری فـەرهادیش گـێـڕانەوەیەکی سـەرکەوتـوو، ئاڵۆز و چێژبەخشـە، بەڵام ئەم رۆمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە گێڕانەوەیەکی زهنییە، زیاتر لـەوە کـە ئـاوڕی لە دەروون و ناوشـیـاری زهنی مـرۆڤ دابێـتـەوە، داڵغەی نواندنەوەی کێشە و گرفتە کۆمـەڵایەتییەکـان و، بەتایبەت کێشە و گرفتـەکانی ژن لە کۆمـەڵگەی پیـاوسـالاری هەیە. ئەوەندە کە رۆمـانی کوندە کوێرە سـەروکاری لەگەڵ هێمـا و سـەمبـولـەکانە و دەیهـەوێت بە بۆنـەی ئەوانەوە پـەردە لەســەر بوونی مــرۆڤ و رازە دەروونیــیــەکــانی هـەڵبــداتـەوە، پەیکەری فــەرهـاد بە خــەمـی کــێــشــە و گــرفــتــە کۆمەڵایەتییـەکانەوەیە و دەخوازێت رەگوریشـەی مێژوویی ئەو کێشـە و گرفتـانە شـی بکاتەوە. بۆیە ئەگەر لە رۆمـانی کوندە کوێرەدا بە گوتەی "رێنە لانو"ی فــەرانســەیی «گــرینگی هونـەر بـە مــانـای ئەوپـەڕی

شـەرەفـمـەندیی وشـەکـە، لە بەرچاوی خـوێنەر بە شـێـوەیەکی ئـاشکرا دەردەکـەوێت.» ڕۆمـانـی پەیکەری فـەرهـاد بـە گـوتـەی "ڕۆلف ئێـشـپـنلەر" ڕەخنەنووسـی گـۆڤاری "تاگ ئشپیگڵ"ی ئاڵـمـانی «دەنگ و جەستە و سۆز و پلەوپایەی ژن بۆ ژن دەگەڕێنێتەوە.»

ئەگەر شـێـوازی گێڕانەوەی ڕۆمـانـی کـونـدە کـوێرە بـازنـەییـیـە و، ڕاوی یان بێـژەر لە شـوێنێکەوە دەست بەگێـڕانـەوە دەکات و لەسـەر ڕەوتێکی بـازنـەیی دەگـــاتەوە بـۆ هـەمـــان شـــوێن و هـەمـــدیس لـەوێوە دەست پێ دەکـاتەوە و وەک هـەڵگەڕان بـە پەیژە یـان پێـپلیکانێکی خـڕ و بـازنـەیی بەرەو ژوور هەڵدەکشـێت، ڕۆمانی پەیکەری فـەرهـاد تاکبێژییەکی دوور و درێژ و پچـڕ پچڕی کـەسـایەتی سـەرەکی چیرۆکـەکـە، واتە ژنـی تابلۆی نەقـاشـی، یان نیگاری سـەر بەرگی قـەڵەمـدانە. تاکـبـێـژی ژنێک کـە لە کەسنەزانی(*) زهـنی ڕاوی و بێژەری ڕۆمـانـەکەی سـادق هیدایەت دەرباز بووە و چووەتە خـەونی پیـاوێکی نیگارکێـشی تر و لە خـەونی ئـەو پیـاوە نیگارکـێشـەدا چیـرۆکەکەی دەگـێـڕێتـەوە. کـەواتە دەبێ بڵـێـم پەیکەری فـەرهـاد ئەگـەرچی بەرواڵەت تاکبـێژییـەکی دەروونی ژنـە، بەڵام لە ناخی خـۆیدا وتووێژی ژن و پیـاوە. دیالۆگی نیگار و نیگارکێش. دانووسـتـانی شـاعی و سرووش، هونەرمەند و ئیلهام.

***

بێگومان لە خوێنەری ئەم چەند لاپەڕە شاراوە نییە کە هـەموو پیـاوێک، بە تایبەت پیاوانی هونەرمەند و داهێنەر، لە زهـنی خـۆیاندا سیمای لێڵی ژنێکی فریشتە ئـاسـای بان زەوینییـان هـەڵگرتووە. ژنێک کە سـەرچاوەی ئیلهـامی شـاعـیـرانە و هونەرمـەندانەیە. ژنێک کـە بـە درێژاییی مـێـژووی

(*) کەسنەزان = ناشوێن "ناکجا اباد"

ئەدەب و هونەر، هەر شاعیرێک بە شێوەیەک وەسف و مەدح و پەسنی کردووە و هەر نەقاشێک بە شێوەیەک نیگاری کێشاوەتەوە و هەر مۆسیقاژەن و دەنگبێژێک بە شێوەیەک بە گوێیدا چرپاندووە. پیاوانی هەست ناسک بە درێژایی تەمەنیان "وشیارانە یان ناوشیارانە" بە شوێن ئەو ژنە ناسکە خەیاڵییەدا دەگەڕێن. ئەوان کاتێک عاشق دەبن پێیان وایە ژنی خەون و خەیاڵەکانیان بینیوەتەوە، بەڵام کاتێک بە دڵدارەکەیان دەگەن، ئەو وێنە زهنییە وردە وردە لە مێشکیاندا کاڵ دەبێتەوە و ئەو عەشقە ئەفلاتوونییە لەسەر قەرەوێڵە و لە ناو جێی خەوتنەکەیاندا دەمرێت. ئەوسا هێور هێور دڵدارەکەیان لێ دەبێتە ژنێکی ئاسایی و لە هەندێک حاڵەتی دەگمەنیشدا ژنێکی هەرزەی دەرپێ بەکوڵ. چیرۆکی کوندە کوێرەی سادق هیدایەت لە رووکەشیترین لایەنیدا، نمایشی ئەم دۆخە دەکات. بێژەری پیاوی رۆمانەکە پاش مردنی ژنی فریشتە ئاسای خەیاڵەکانی لەسەر قەرەوێلەکەی و، پاش ئەوە کە دڵدارەکەی لێ دەبێتە ژنێکی هەرزەی دەرپێ بە کوڵ، تووشی خەمۆکی و نائومێدییەکی کوشەندە و هونەرمەندانە دەبێت و پاشماوەی تەمەنی خۆی بە کێشانەوەی روخساری ژنی فریشتە ئاسای خەیاڵەکانیی، لەسەر بەرگی قەڵەمدانەکان، خەریک دەبێت. ئەم چیرۆکە لە پەیکەری فەرهادیشدا دووبارە دەبێتەوە. جیاوازییەکە لەوەدایە کە ئەمجارە نیگاری سەر بەرگی قەڵەمدان، یان با بڵێم ژنە ناسکە خەیاڵییەکەیە کە دەچێتە خەونی پیاوێکی نەقاش و بەمشێوە دەست بە گێڕانەوە دەکات:

«نازانم ، ئایا دەتوانم سەر بنێمە سەر شانەکانت و فرمێسک بڕێژم؟ بە دوو دەستی شۆڕ و داکەوتوو، سڕی خەوی پاش هیلاکییەکی زۆر کە هەڵدەکوتێتە سەر گیانی مرۆڤ، پەنات بۆ بهێنم؟ لە کاتێکدا توند لە

باوەشت گرتووم و گەرمای لەشی خۆتم پێ دەبەخشی، جارێک بە دوو قامکی ناوەڕاستی هەر دوو دەستت دەملاوێنیتەوە و پەراسووەکانم دەبژێریت تا بزانی کامیان یەکی کەمە و، جارێک کە وەخۆت دێیتەوە بەرە دەستت بە پشتمدا دەکێشیت، ئارام، بێ ئەوەی بپرسیت من کێم، لە کوێوە هاتووم و بۆ ئاوا دوودڵ و دڕدۆنگم، وەک چۆلەکەی تەڕی بەر باران؟...» پاشان بەمشێوە درێژەی پێ دەدا: «نا، ئیتر نەمدەتوانی دوای ئەو سەفەرە دوورودرێژانە، پاش ئەو هەموو ساڵە تەنیاییە و دووری لەو چاوە رەش و بە بریقانە کە بە نیگایەکی پشت دەلاقەی ماڵەکەی ژیانی بەئاگرەوە نام، ئیتر نەمدەتوانی سەرگەردان بم...»

ئەمە گوتنی نەقش و نیگارێکی بێ پرسپێکتیوە کە لە بێ هۆویەتی و بێ کاراکتەری خۆی وەرس بووە و، بەندی دەیان و بگرە سەدان ساڵەی سەر بەرگی قەڵەمدانەکانی پساندووە. ئەمە گوتنی ژنێکە کە هێڵی سووری بێدەنگیی لە مێژینەی بەزاندووە و چیرۆکێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە پێشتر نەمانبیستووە.

نەمانبیستووە؟

چیرۆکی پەیکەری فەرهاد گێڕانەوەیەکی ئاڵۆز و فرە رەهەندە، کە لە رەهەندێکیدا دووبارە بوونەوەی چیرۆکی کوندە کوێرەیە و، زۆربەی کەسایەتی و رووداوەکانی ئەو رۆمانەی تێیدا دەردەکەوێتەوە. پێشتر ئاماژەم بەوە کردووە کە رۆمانی کوندە کوێرە لە رواڵەتیترین و رووکەشیترین دەرکەوتنیدا چیرۆکێکی دوو پاڵوو، یان با بڵێم دوو چیرۆکە کە لە هەر کامەیاندا لایەنێک، یان سیمایەکی ژن لە روانگەی پیاوەوە دەردەکەوێت و دەگێڕدرێتەوە. ئەم دوو چیرۆکە، یان ئەم دوو پاڵووی چیرۆکەکە، لە رۆمانی پەیکەری فەرهاددا بەهەمان شێوە و ئەم

جـاره له روانگه و لـه زمـانـی ژنهکـهوه دووباره دهبێـتـهوه. لهم ڕۆمـانهدا ژنهکـه شــهیدای وێنـهی زهنی و بـان زهوینی پیـاو دهبێت. پیـاوێک کـه دهمرێت و ژنـهکه پهیکهرهکـهی دهخـاته جـانتـایهکـهوه و بۆ ههمیـشـه به کۆڵی خـۆیدا دهدات و لهگـهڵ خـۆی دهیگێڕێت. له لایهکی تریشـهوه ههر ئهم ژنه دهچێـتـه خــهونی پیـاوێکی نهقـاش کـه لهگـهڵ ژنێکی ههرزه و بهرهڵادا دهژی و ئازاری دهدات. تا ئێره ڕهنگه بگوترێت پهیکهری فهرهاد لاسـایی و دووباره نووسینـهوهی کونده کوێره، یان له باشـترین حـاڵهتدا خـوێندنهوه و ســادهکـردنهوهی ئـهو ڕۆمـانهیه. ڕهنگه بگوترێت عــهباس مــهعـرووفـی نهک ههر کــهســایـهتی و ڕووداوهکـان، بـهڵکو زۆربهی تێم و موتیـڤـهکانیـشـی له ڕۆمـانـهکهی سـادق هیـدایهت وهرگرتووه و، بێـجگه لهوهش، ههر لـه روانگهی هیـدایهتهوه ســهیری ژنی کـردووه و، وهک ئهو ژنی له دوو سـیمـای دژوازی فـریشـتـه ئاسـا و ههرزهدا بینیـوه. ڕهنگه بگوترێت مـهعرووفی نهیتوانیـوه  وهها که له سـهرهتای ئهم نـووسـینهدا ئامـاژهی پـێ کـرا  وتووێژ و دیالۆگێکی ڕۆشنبـیـرانهی ئهدهبی لهگـهڵ هیـدایهت سـاز بکات و، دهقـهکهشی نهکهوتووهته کێشـه و چالنج لهگـهڵ دهقــهکـهی هیـدایـهت. ڕهنگه بگوترێت پهیکـهری فــهرهاد نهک ههر هـیچ وهڵامێکی ئهمڕۆییانهی به پرسیارهکانی کونده کوێره نهداوهتهوه، بهڵکو هیچ پرسیارێکی تازهشی بهرههم نههێناوه.

بێگومـان ئـهم بۆچوونه و ئهم نـرخـانـدن و قـهزاوهت کـردنـه، بۆچوون و نرخــاندنێکی به پهله و یـهک لایهنهیه. حــاشـا لـهوه ناکـرێت کـه نیگا و روانینی نووسـهری ڕۆمـانی پهیکهری فـهرهاد بۆ چهمکگهلێکی وهک ژن، عـهشق، مـهرگ و ژیان، به شـێـوهیهک دووبارهکردنهوهی نیگا و روانینی سادق هیدایهت و ڕۆمانی کونده کوێرهیه. بهڵام خودی سادق هیدایهت و ڕۆمـانهکـهشی، لـه ڕووبهڕووبوونهوه لهگـهڵ ئهم چهمکانـه، له شـاعیـران و

داستانبێژانی کۆنی ئێرانی، لە کەسانێکی وەک "نزامی" و دەقە عاشقانەکانی وەک لەیلی و مەجنوون و شیرین و فەرهادی تێ نەپەڕاندووە.

عەباس مەعرووفی لە دوا لاپەڕەی کتێبەکەیدا دەڵێت: «هەستم دەکرد کە پێوەندییەکی قووڵ لە مابەینی هیدایەت و نزامیدا هەیە، بەڵام هەرچی بیرم دەکردەوە نەمدەتوانی پێناسەی ئەو پێوەندییە بکەم. هیدایەت چ پێوەندییەکی بە نزامییەوە بوو؟» ئەوەی کە مەعرووفی نەیتوانیوە پێناسەی بکات، بوونی فکرێکی هاوبەش و خوێندنەوەی چونیەکی هیدایەت و نزامی و زۆر شاعیر و داستانبێژی تر بۆ چەمکگەلێکی وەک ژن، عەشق، مەرگ و ژیانە. فکر و خوێندنەوەیەک کە لە رۆمانەکەی مەعرووفیشدا بە بێ هیچ گۆڕانێک دووبارە دەبێتەوە.

راستە دەقە ئەدەبییەکان مەیدانی دیالۆگ و دانووستانی رۆشنبیرانەی نێوان شاعیر یان نووسەر لەگەڵ شاعیر یان نووسەرانی ترە، بەڵام پێویست ناکات ئەم دیالۆگ و دانووستانە حەتمەن بە ئاراستەیەکی فکری و فەلسەفیدا بڕوات. رۆمانەکەی سادق هیدایەت لەگەڵ ئەوەدا کە نیگا و روانینێکی رۆژهەڵاتی و ئێرانی و بێگومان نەریتی بۆ ژن و عەشق و مەرگ و ژیان هەیە، بەڵام بە مۆدێرنترین شێوە نمایشی کاریگەری ئەم شێوە روانینە لەسەر هەست و هزر و سایکۆلۆجی مرۆڤ دەکات و بە مۆدێرنترین شێوە زاڵبوونی ئەم نیگایە و کاریگەری لەسەر وشیار و ناوشیاری زهنیی مرۆڤ دەگێڕێتەوە. هەروەها پەیکەری فەرهادیش کاریگەری ئەم شێوە روانینە رۆژهەڵاتی و نەریتییە بۆ ژن و عەشق و... لەسەر فەرهەنگ و مێژوو، رووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان دەگێڕێتەوە. ئەم دوو رۆمانە، وێڕای توانا و

بەهای هونەری و ئەدەبی جیاوازیان، لە راستیدا تەواوکەری یەکترن. یەکەمیان بە سەرسامکەرترین شێوە پەردە لەسەر نەدیوترین سووچەکانی ناخ و دەروونی پیاوی رۆژهەلاتی و ئێرانی هەڵدەداتەوە و، دووەمیشیان ئامادەیی ژن لە رووداوە مێژوویی و کۆمەڵیەتییەکانی ئەم هەرێمە دەنوێنێتەوە. راوی یان بێژەری ژنی رۆمانی پەیکەری فەرهاد، نیگاری سەرگەردانی سەر قەڵەمدانەکانە کە لە رابوردووە هاتووە، لە خەیاڵ و واقیعی رابوردووەوە، لە ئەفسانە و مێژووەوە هاتووە. مەعروفی نەک هەر لەم رۆمانەیدا بەڵکو لە هەموو رۆمانەکانی تریشیدا چاوێکی لە ئەفسانە و چاوێکی تری لە مێژووی ولاتەکەیەتی. کەسایەتییەکانیشی هاوکات لە دڵی ئەم دووانەوە سەرهەڵدەدەن. رووداو و کارەساتەکانیش هاوکات لایەنێکی خەیاڵی و ئەفسانەیی و لایەنێکی تری واقیعی و مێژوویییان هەیە.

راوی یان بێژەری پەیکەری فەرهاد، نیگاری ژنێکی گەنج و جوان کە دەیان و سەدان ساڵ ناچار کراوە کە لەسەر بەرگی قەڵەمدانەکان روو لە پیرەپیاوێکی کوور و قەمبوور بکات و گوڵی نیلووفەری پێشکێش بکات، ئێستا نەک هەر بریاری هەلاتن و خۆدەربازکردن لە بەندی قەڵەمدانەکانی داوە، بەڵکو بە تەمایە لە بەندی پیرە کوور و قەمبورەکەش هەڵبێت. لە بەندی هەموو ئەو پیاوانە هەڵێت کە خۆی واتەنی «دەیانویست دامان پۆشن و بمانشارنەوە. یان هەوڵیان دەدا جلمان لەبەر دابدرن. ئێمە "نیگاری سەر هەموو قەڵەمدانەکان" فێر بووین کە هەڵێین، بەلام بۆ کوێ؟ سنووری نێوان ئەم دووانە کوێ بوو؟ دەبوو لە کوێ بوەستاینایە کە نە ئەسیری بانگبێژان و جارچیانی ئەخلاق بین و نە بە دەستی درندە بێ ئەخلاقەکان پەر پەر بکرێین؟ من کە تا ئەو رۆژە هیچ کارێکم جگە لە بەنیگاربوونی بەردەوام لەسەر

قەڵەمدانەکان نەدەزانی، ئێستا فێر بووم کە لە پەردەی نەقاشی یان بەرگی قەلەمدانەکان بێمەدەر و لە کاری دنیا سەرم سوور بمێنێت. شوێن ئەو چاوانە بکەوم کە مانایان بە ژیانم بەخشیبوو»

لێرەوە ئیتر ئەم ژنە بە هەر دوو رێچکەی بەرهەست و نابەرهەست، ئەفسانەیی و مێژوویيدا سەر رێ دەکەوێت و لە پێناوی دۆزینەوەی دڵدارەکەی، نەقاشی سەر بەرگی قەڵەمدانەکان، خۆی بە خەونی نەقاشێکی تردا دەکات و لە خەونی ئەودا و لە گۆشە نیگای ژنانەی خۆیەوە، چیرۆکی ژیانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە.

لێرەوە دەبێ بڵێم هەروا کە شێوازی گێڕانەوەی بازنەیی ئەو دەرفەتەی بە هیدایەت بەخشیوە کە وەک چەرخە مەتەیەک بە ناخ و دەروونی خەونەکانی بێژەری رۆمانەکەیدا رۆ بچێت و، قووڵترین سووچی زهنییەتی هەڵبکۆڵێ و، پەردە لەسەر هێما و وێنە زهنی و ئەزەلی و ئەبەدییەکان هەڵبداتەوە، عەباس مەعرووفیش بە سوود وەرگرتن لە شێوازی تاکبێژی دەروونی ئەو هێما و وێنە زهنییانە دەهێنێتە گۆ و، لە زمانی ئەوانەوە واقیع و رووداو و کارەساتەکانی کۆمەڵگەیەک دەگێڕێتەوە کە هێشتا ئەو هێما و وێنە زهنییانە زۆرترین دەور و کاریگەرییان لەسەر ژیان و گوزەرانی هەیە. بێگومان من نامەوێ سەرلەنوێ بەو رووداو و کارەساتانەدا بچمەوە و دیسان بیانگێڕمەوە. بەڵکو دەمەوێ بڵێم ئەوەی کە راوی یان بێژەری رۆمانی پەیکەری فەرهاد بەوپەڕی وردبینی ژنانە و لە ریتمێکی توند و خێرادا دەیگێڕێتەوە، کۆی ئەو رووداو و کارەساتانە، کۆی ئەو کێشە و گرفتانەیە کە کۆمەڵگەی ئێرانی لە کۆنەوە تا ئێستا بەتایبەت ئێستا لەگەڵیدا رووبەڕوو بووەتەوە و بەدەستیانەوە دەناڵێنێت.

لەم چوارچێوەدا، یەکێک لە جوانییەکانی گێڕانەوەکەی عەباس مەعرووفی ئەوەیە کە لە لایەکەوە خەونەکانی راوی رۆمانی کوندە کوێرە و رۆمانەکەی خۆی "پەیکەری فەرهاد" تێ هەڵکێش دەکات، لە لایەکی ترەوە رووداوە واقیعییەکان و کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی سادق هیدایەت بە رووداو و کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم سەردەمەوە گرێ دەدات. ئەو بەم کارە پێمان دەسەلمێنێت: هەروەها کە رۆمانەکەی و خەونی کەسایەتییەکانی رۆمانەکەی، لە هەناوی رۆمانەکەی هیدایەت و خەونی کەسایەتییەکانی هیدایەتەوە سەریان هەڵداوە، بە هەمان شێوە رووداو و کارەسات و کێشە و گرفتە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمەکەشی "ئەم سەردەمە" درێژ کراوەی رووداو و کێشە و گرفتەکانی سەردەمی هیدایەت و بەر لە ئەویشن.

بە دڵنیاییەوە تێ هەڵکێش بوون و لێکدرانی رووداو و کەسایەتی و تێم و موتیڤەکانی ئەم دوو رۆمانە لە ئاستێکدایە کە خوێنەری پەیکەری فەرهاد بە بێ خوێندنەوەی رۆمانی کوندەکوێرە ئیمکانی پێوەندی و چێژبردن و تێگەیشتن لە ماناکانی نییە. یان با بڵێم رێگەی نزیکبوونەوە و گەیشتن بە دنیای داستانی پەیکەری فەرهاد، لە دنیای داستانی کوندە کوێرەوە تێ دەپەڕێت. ئەگەرچی خودی مەعرووفی بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و پێی وایە وێڕای ئەو هەموو نزیکایەتییەش، رۆمانی پەیکەری فەرهاد بەرهەمێکی سەر بەخۆ و لەخۆیدا تەواوە و، بەبێ ئاگەداری خوێنەر لە رۆمانەکەی سادق هیدایەت و بەبێ خوێندنەوەی ئەو رۆمانەش ماناکانی خۆی بەدەستەوە دەدات و چێژ بەخوێنەرانی دەگەیەنێت.

بێگومان مەعرووفیش وەک هەموو ئەو خوێنەرانە کە رۆمانی کوندە

کـوێرەیان خـوێندووەتـەوە و لەگـەڵیـدا ژیاون، ناتوانێت بۆ سـاتێکیش کەسـایەتی و ڕووداو و تێم و موتیڤەکانی ئەو ڕۆمانە فـەرامۆش بکات و، لە ڕوانگەی کەسێکەوە کە ئەو ڕۆمانەی نەخوێندووەتەوە قـەزاوەت لەسـەر سـەربەخـۆیی و ناسـەربەخـۆیی ڕۆمـانی پەیکەری فـەرهـاد بکات. من پێم وایە ڕۆمـانەکـەی سـادق هـیدایەت بە هـەمـوو ڕەهەندەکـانییـەوە وەها تەندراوەتە ڕۆمـانی پەیکەری فـەرهـاد کـە هیچ خوێنەرێکی بێ ئاگا لەو ڕۆمـانە ناتوانێت پێوەندیی قایمـی لەگەڵ بگرێت و، چێژی پێـویسـتی لێ وەربگرێت. من لەگـەڵ ئەوەدا کـە پێم وایـە هیچ چیـرۆک یان ڕۆمـانێکی سەربەخۆ نابێت بۆ بە دەسـتەوەدانی هەموو مانا و جوانییەکانی داوا لە خـــوێنەر بکـات ئاوڕ لـە دەرەوەی خـــۆی، واتـە مـــێـــژوو یـان ڕووداوە کـۆمـەڵایەتیـیـەکـان یان دەقـێکی تر بداتـەوە. بەڵام پێم وایە ڕۆمـانی پـەیکەری فـــەرهـاد بـێ ئەو ســـەربەخـــۆییـــیـــە تەواوەش ڕۆمـــانێکـی سـەرکەوتووە. چونکە ئەگەرچی ئـەم ڕۆمانە وەک هـەمـوو دەقێکی ئەدەبی و داهێنەرانەی تـر لە دیالۆگ و دانووسـتـان لەگەڵ دەقـەکانی تردایە، لە هەمـان کـاتێـشـدا نمایشی ئەم دیالۆگ و دانووسـتـانـە دەکـات. ئەم نمایشکردنە بابەتێکی جیاوازە و تایبەت بەم ڕۆمانەیە. ئێمە دەزانین کە نمایش و نواندنـەوەی هـەمـوو دیالـۆگ و دانووسـتـانێک پێـویسـتـی بە ئامادەیی هەردوو لایەنی دانووسـتـانەکەیە. مـن نامـەوێ پاسـاو بۆ هیچ یان بۆ کـەس بهێنمـەوە. خۆشحـاڵم بەرلەوە کە پەیکەری فـەرهـاد بکرێت بە کوردی ڕۆمانی کوندە کوێرە کراوە بە کوردی و، خۆشحاڵتریش دەبم ئەگەر پەیکەری فـەرهـاد خوێنەرەکانی ناچار بە خوێندنـەوەی ڕۆمانەکەی سادق هیدایەت بکات.

بابەتێکی تر کـە دەمـەوێ لەم خـوێندنەوە کـورتەدا ئـامـاژەی پـێ بکەم بابەتی زمانە. بە دڵنیاییەوە زمـانی گێڕانەوەی پـەیکەری فەرهـاد لایەنی

هەرە بەهێز و سەرکەوتووی رۆمانەکەیە. مەعرووفی لە هەمان لاپەرەی کۆتاییی کتێبەکەدا دەڵێ «ئەزموونی لەحنی "ئیقاع" کوندە کوێرە و گەڕان لە نەقاشی قەڵەمدانەکان شێتییەک بوو...» من گومانم لەو شێتییە داهێنەرانە نییە، بەڵام ئەگەر مەبەستی نووسەر ئەوە بێت کە زمان و لەحنی رۆمانەکەی هەمان زمان و لەحنی کوندە کوێرەیە، پێم وابێت بە هەڵەدا چووە.

ئەوە راستە کە لە مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی فارسیدا زمان و لەحنی داستانی کوندە کوێرە دەور و کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری لە گۆڕان و تازەکردنەوەی پەخشان و نەسری نڤیساری فارسی هەبووە و، بەشێکی زۆری لە توانا و قابلییەتەکانی ئەم زمانە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی مۆدێرن ئاشکرا کردووە. بەڵام سرووشتییە کە ئەم زمانە دواتریش لەسەر دەستی چەند نەوە لە شاعیران و نووسەرانی تازەگەری ئێرانی زیاتر پەرەی سەندووە و، تواناکانی بۆ گێڕانەوە، بە تایبەت گێڕانەوەی چیرۆک و رۆمانی زەنی زیاتر بووەو، ئیمکاناتی بۆ ئاشکراکردنی قووڵایی زەنییەتی مرۆڤ بەربڵاوتر بووە. عەباس مەعرووفی وەک نووسەرێکی نوێخواز کە داڵغە و کەڵکەڵەی زمانی هەیە، نەک هەر میراتگری زمانی داستانی سادق هیدایەت و، تۆن و ئیقاعی سەمیمانەی بێژەری رۆمانی کوندە کوێرەیە، بەڵکو ئاگەداری ئەزموونە ئەدەبی و زمانییەکانی شاعیران و نووسەرانی پاش هیدایەت و، تۆن و ئیقاعی شاعیرانەی چیرۆک نووسانی بەر لە خۆشییەتی. ئەو لە دەوامەی تەقەلای نووسەرانی بەر لە خۆیدا توانیویەتی ئەزموونە زمانییەکەی هیدایەت بۆ نزیک خستنەوەی زمانی گێڕانەوەی داستانی لە ئاخافتنی خەڵک قووڵتر بکاتەوە و، لەحن و ئیقاعی گێڕانەوەکەی لە زەنییەتی کەسایەتییەکان نزیکتر بخاتەوە. کەواتە ئەزموونی زمان و

لەحن و ئیقاعی گێڕانەوەی پەیکەری فەرهاد نەک هەر دووبارەکردنەوەی زمان و ئیقاعی کوندە کوێرە نییە، بەڵکو تازەتر و قووڵتر و بەهۆی نزیکبوونی لە ناخی زهنییەتی بێژەرەکەی سەمیمیتریشە. ئەم زمان و تۆن و ئیقاعە ئیمکاناتێکی زیاتری بۆ وەسف و نواندنەوەی زهنییەتی کەسایەتی چیرۆکەکە هەیە.

یەکێک لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم زمان و تۆن و ئیقاعە داستانییە، لایەنی شاعیرانەیەتی. راستە زمانی کوندە کوێرەش لە زۆر شوێندا زمانێکی شاعیرانەیەو، نەک هەر نووسەران، بەڵکو شاعیرانی تازەگەری پاش هیدایەتیش سوودیان لە زهنییەت و زمانی شاعیرانەی ئەو رۆمانە وەرگرتووە(*)، بەڵام زمانی شێعری پەیکەری فەرهاد بە هەموو رۆمانەکەدا بڵاو بووەتەوە. «لە زەینیدا بەخۆمم گوت ئەمە واتە ژیانی هەتاهەتایی. ئاسوودە بنوو، من سەیرت دەکەم. من خەوتم. لەشم بە پێخەفەکەوە درووو، لە قووڵایی بۆنی پیاوانەیدا نوقم بووم. وەها نوقم بووم کە ئەو ناچار بوو هەموو هەستی بینینی لە پشت قاپووری چاوانییەوە بخوازێت و، وەک دەرزی لەشم بە پێخەفەکەوە بدروێت. لە دڵمدا گوتم ئازیزەکەم بە نیگات بمدروو، بەهەر شوێنێکەوە کە حەز دەکەیت بمدروو. بە ژیان، بە مەرگ، بە عەشق و بە هەرچی کە دڵت دەیخوازێت. لە بەرامبەر نیگاتدا دەبم بە هەور، دەبم بە دووکەڵ کە بتوانی وەک با یاریم پێ بکەیت. بە هەناسەی گەرمت فوو لە لەشم بکە، بزانە چۆن ون دەبم.»

---

(*) بۆ نموونە شاملوو رستەگەلێکی شێعری "وەک: بزەیەک لەسەر لێوی لەرزی، وەک سەمای ئاو لە بنمیچەکان، کە رەنگدانەوەی خۆرەتاو بوو." راستەوخۆ لە زمانی کوندە کوێرە وەرگرتووە.

## له کۆتاییدا

بێگومان وەرگێڕانی ڕۆمانێکی وەک پەیکەری فەرهاد کە تاکبێژییەکی دەروونی و گێڕانەوەیەکی پچڕ پچڕی زهنییە، بۆ هەموو وەرگێڕێک کارێکی گران و ریسکێکی گەورەیە. زمانی ئەم بەرهەمانە «هەروا کە ئاماژەی پێ کرا» کارکردێکی شێعری هەیە و، بە پێچەوانەی زمانی ئینشایی زۆر چیرۆک و ڕۆمانی تر کە تەنیا ئەرکی ڕاگوێزانی مانا و پەیامی لە ئەستۆیە، خۆی داهێنەری مانا و پەیامە. بەشی زۆری ڕووداوەکانی ئەم جۆرە چیرۆک و ڕۆمانە وەک شێعر ڕووداوێکن کە لە زمانی نووسەرەکانیاندا ڕوو دەدەن و، کەم وەرگێڕ دەتوانێت بە تێر و تەواوی لە زمانێکی تردا دووبارەیان بکاتەوە. ئەمە لە لایەک و، لە لایەکی تریشەوە بە داخەوە چیرۆک و ڕۆمانی کوردی تا ئێستاش ئەزموونێکی ئەوتۆی لەم شێوە مامڵەکردنە لەگەڵ زمان و گێڕانەوەی زهنی نییە و، چیرۆکنووسانی کوردیش بێجگە لە چەند کەسێکی دەگمەن بەهایەکی ئەوتۆیان بە جیاوازی نێوان زمانی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ زمانی چیرۆک و ڕۆمان و، شێوازی ئاخاوتن و لەحن و ئیقاعی جۆراوجۆری بێژەر و کەسایەتی چیرۆک و ڕۆمانەکانیان نەداوە. ئەڵبەت بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردیش بە شێوەیەک بووە کە پێویستی گێڕانەوە و نواندنەوەی واقیعە عەینی و بەرهەستەکان، دەرفەتێکی بۆ ئاوڕدانەوەی نووسەران لە داڵغە و کێشە و گرفتە زهنییەکانی کەسایەتییە داستانییەکان نەهێشتووەتەوە.

نووسەرانی کورد بە زۆری تا ئێستاش ماناخواز بوون و بە قەدەر پێویست گرینگییان بە زمان و ئیقاع و سەبک و ستایلی جیاوازی

گێڕانەوەکەیان نەداوە. هەروەها زەمینەی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی پێویستیش بۆ ئاوڕدانەوەیان لە کێشە و گرفت و داڵغە زهنییەکان لە ئارادا نەبووە. ئەمانە بەگشتی کاریێکیان کردووە کە زۆرینەی خوێنەری کوردیش ئامادەییەکی ئەوتۆیان بۆ چێژبردن و پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەم جۆرە دەقە زهنییانە نەبێت.

من دڵنیام کە توانا ئەمین، وەرگێڕی ئەم رۆمانەش ئاگای لەم راستییانە و، لە ترسناکی و ریسکی کارەکەی بووە، بەڵام وەک وەرگێڕێکی بەجورئەت لەبری ئەوە کە بیر لە ریسکی کارەکەی بکاتەوە، وەک نووسەری رۆمانەکە سەرشێتانە خۆی تەسلیمی سۆزی بێ سنووری راوی یان بێژەری رۆمانەکە کردووە.

ئەگەرچی دەبێ بە راستگۆییەوە دان بەوەدا بنێم کە بە داخەوە من بە هۆی هەندێک گرفتی شەخسییەوە تەنیا توانیومە نزیکەی بیست لاپەڕەی ئەم دەقە لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا بەراورد بکەم، بەڵام بە پێوانەی ئەو بیست لاپەڕەیە پێم وایە کاک توانا بەوپەڕی جیدییەتەوە هەوڵی داوە بەقەدەر توانای خۆی و مەجالی خۆ بەدەستەوەدانی رۆمانەکە بۆ بوون بە کوردی، لە ریسکی کردەکەی کەم بکاتەوە. ئەو ماندوو نەبێت و خوێنەریش سوود لە وەرگێڕانەکەی وەربگرێت.

سوپاسی تایبەتیم بۆ:

* کاک جەبار سابیر کە نوسخەی فارسی ئەم کتێبەی لە تارانەوە بەتایبەت بۆ هێنام.

* کاک عەتا نەهایی و کاک مەسعوود ئەحمەد، کە بە پێداچوونەوە و سەرنجەکانیان، ئەم وەرگێڕانەیان دەوڵەمەند کرد.